

# سەید قوتب

## پەڕگیری هەمیشەیی!

■ نووسینی: محەمەد هەریری

■ چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: ئایاری 2024

# سەید قوتب پەڕگیری هەمیشەیی!

نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: ئایاری ٢٠٢٤

دیزاینی بەرگ و ناواخن: هادی هونەر

# پێشەکی

سەید قوتب تا ئەمڕۆش زیندووە لەناو ئیخوان، ئیخوان لە ڕووکەش جاروبار وا نیشان دەدەن کە پەیڕەو لە بیروڕایە توندەکانی سەید قوب ناکەن، بەڵام لەناوەخۆدا هێشتا هەر قارەمانی پلە یەک و موڵهیم و سرووشبەخشیانە. کاردانەوەی توندی ئیخوانەکان، دژی بیروڕا کانی قەرزاوی دەربارەی سەید قوتب، کە موفتی و شێخ و باوکی ڕوحی ئیخوانە، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر پەیڕەوەکردنیان لە بیروڕا کانی قوتب، هەرچەندە بە پێچەوانەشەوە گووتار بدەن!

تۆ بڕوانە دوا مورشیدی ئیخوان محمد بدیع، کە قوتبیەکی ناودار بوو و یەکێك بوو لەوانەی حوکمکرا بە کەیسی تەنزیمی ١٩٦٥ ، کە سەید قوتب دامەزرێنەر و ڕابەری بوو، محمد مورسی سەرۆک کۆمار، هەتا بەر لە بوونە سەرۆک لە بەرنامەیەك گووتی: من ئیسلامی ڕاستەقینە لە سەید قوتب فێربووم لە کتێبی معالم في الطريق، کە هەرە کتێبە زبر وتەکفیری و توندەکانیەتی!

جێگری مورشید محمود عزت یش بەژدار بوو لە تەنزیمی ١٩٦٥، بە مانایەکیتر قوتابی سەید قوتب بوو.

خەیرەت شاطر، ناسراوە کە وانەکانی سەید قوتبی لە دەرخەوە دەگووتەوە، بڕگە سەرەکییەکانی کتێبەکانی سەیدی لەبەر دەگووتەوە!

بەڕای من هێشتا سەید قوتب نەمردووە، چونکە ئەمڕۆ هەزارەها ئیسلامی بیری جیهادی سەید ئیلهامبەخشیانە، سەدەها حزب و گرووپی ئیسلامی لە جیهان پەیڕەو لە بنەما ئُسوڵییەکانی سەید قوتب دەکەن. هێشتا ئیخوان کە بانگەشەی میانڕەوی دەکات، نەیتوانیوە

بیروڕاکان و جیهانبینی سەید قوتب تێپیڕێنێ، جا چۆن حیزب و گروپەکانیتر دەتوانن تێپەڕێنن؟!

تەنها گروپێك توانیبێتی بیر وبنەما فیکرییەکانی سەید تێپەڕێنێ مەدخەلییەکانن، ئەوانیش بە دنەدانی دەسەڵات و موخابەراتەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان، نەك بە قەناعەتی فیکری تەواو، نەك بە بوونی بیرێکی بەدیلی باشتر. چونکە ئەوەی سەلەفییەکان پێشکەشی دەکەن لە مەیدانی جیهاد دا، زۆر مەترسیدارتر و توندوتیژترە لەوەی سەید قوتب، بەڵکو فیکری سەلەفی جیهادی لە ڕێگای مەودودی و هەندێ سەرچاوەی سەلەفی کە لە في الظلال ئاماژەی پێکردووە، ئیلهامبەخشی سەرەکی سەید قوتب بووە، نەك پێچەوانەکەی!

نامەوێ نەخشەی کتێبەکە هەمووی باس بکەم، چاوێك بە پێڕستی کتێبەکە بخشێنە و باشترە ئەگەر دەتەوێ سوودی لێ ببینیت، شارەزای مێنتاڵیتی توندڕەوان بیت، کە ئەمڕۆ کۆمەڵگاکەمانی تەنیوە، بە تەواوی بیخوێنیتەوە، یان وازی لێ بهێنیت. دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو کتێبە هیچی تێدا نەبێ، ئەوەندەی تێدایە، کە خوێندنەوەیەکی کوردییە بۆ سەید قوتب و سەرجەم بەرهەمەکانی.

ئەو چەند لاپەڕەی بەردەستت خوێندنەوەیەکە بۆ فیکر وبیری سەید قوتب، کە چڕکراوەی دەیان کتێب و سەدان وتار وبەرنامە وڤیدیۆیە، ویستم کچان و کوڕانی نیشتیمان سوودی لێ ببینن، ببێتە سەرەتایەك بۆ خۆ ناسین و خەڵك ناسین، تا هیچیتر چەواشە نەکرێین بە بانگەوازی چەواشەکاران لە ژێر پەردەی عاتیفی دینیدا.

هیوادارم سوودی هەبێت

٢٠٢٤/٥/١٧

# بەشی یەکەم

# ئەزموونی نووسین لە نووشتەی گوندەوە بۆ قوتابخانەی عەقاد

## باگراوندێکی ژیانی سەید قوتب

سەید قوتب لە گوندێکی ئەسیوت ی سەعیدی میسر بەناوی موشا لە ٩/١٠/ ١٩٠٦ لە دایك بووە. گوندێك وەك هەر گوندێکی تری میسر پڕ لە هەژاری ونەداری و دواکەوتوویی وخوڕافات، ئەگەرچی هەندێ لە گوندەکانی ناوچەکە باشتر بوو لەبەر دەوڵەمەندی ڕێژەیی خەڵکەکە. هەتا خانوو بەرەو خەڵکەکەی گوندەکە بە بەراورد لەگەڵ گوندەکانیتر پاکتر و پۆشتەتر بوون، ئەوەش هەستی جیاوازی لای هەموو خەڵکی گوندەکە ڕواندبوو.

ئینجا باوکی حاجی قوتب ئیبراهیمیش، وەك گەورە و ڕدێن سپی کەسوکار و خەڵکی گوندەکە بوو، ڕۆژنامە وکتێبیشی دەخوێندەوە، وسەر بە حزبی الوطني یش بوو، بۆیە زۆر ناودار بوو لەلایەن خەڵکی گوند! هەتا بنەماڵەی دایکیشی ناودار و دەوڵەمەند بوون، دوو خاڵیشی نێردرا بۆ خوێندن لە ئەزهەر، خوێندن لە ئەزهەریش، ئەو کاتانە زۆر گرنگ بوو لەناو خەڵکدا پایەکی کۆمەڵایەتی گەورەی پێدەدای.

سەید قوتب لە یاداشتنامەکەی بەناوی [طفل في القرية] دەڵێت ئەو جیاوازیەی ئەوان مایەی ئێرەیی پێبردنی خەڵکی گوندەکە بوو: " ئەوان ئێرەییان پێ دەبردرا، ئێرەیی لەبەر زۆر شت بەتایبەتی ئاستی گوزەرانیان، ئەوەش گەورەترین ئێرەیی لەناو خەڵکدا دەوروژاند لەگوندەکە...بەسە خەڵك بڕی گۆشت و ڕۆن و میوە ببینن کە دەچێتە ماڵێك تا زۆرترین خەڵکی هەژار هەستی ئێرەییان ببزوێت." ل ١٥[١]

ئینجا سەید چونکە تەنها کوڕی ماڵ بوو لەگەڵ دوو خوشکی، دایکی هەمیشە ئاگاداری دەکردەوە، کە نابێت جلەکانی پیس بکات یان تێکەڵاوی منداڵە بێ ئەدەبەکانی گوندەکە بکات.! ل ١٦

منالێکی ڕێزلێگیراو بوو، لەماڵەوە کەس لێی نەدەدا، بە دڵی خۆی لە جیاتی بچێتە بەر دەستی مەلای گوند بۆ فێربوونی خوێندەواری، چووە قوتابخانە، دوایی کە مەلای گوند لە باوکی ڕجای کرد کە سەیدی بنێرێتە لای، باوکیشی ناردی، بەڵام سەید لە یەکەم ڕۆژەوە قێزی لە خوێندنی بەر دەستی مەلا بوەوە، و بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانە، کە شوێنێکی پاك وچاکتر بوو لای سەید، هەتا سەرسام بوو بە جل وبەرگی ئەفەندیانەی مامۆستاکانی، بە بەراورد بە جوبە وکەوای مەلای گوند، بەڵکو هەستێکی هەبوو بۆ ئەفەندیەکان، جۆرێك بوو لە هەستی پەرستن! وەك لە یاداشتنامەکەی هاتووە![٢] ل ١٧

---

[١] **- سید قطب و ثورة يوليو، حلمي النمنم، ميريت للنشر و المعلومات، قاهرة ١٩٩٩. لەمەودوا هەر ژمارەی لاپەڕەکە دەنووسین.**

[٢] - طفل من قرية، سيد قطب، منشورات الجمل، كولونيا المانيا. ل٣٤ ... "كان يكن للافنديات نوعا من الشعور يشبه العبادة" لەمەودوا تەنها ئاماژە بە ژمارەی لاپەڕەی ئەوکتێبە دەکەین، لە باسکردنی ژیانی منداڵی سەید قوتب دا.

ئەو سەرسامیەی بە پۆشاکی خۆرئاوایی، دەتوانین بڵێین یەکەم گرێی دەروونی سەید قوتب بوو، بەردەوام لەگەڵیدا بوو لە پێش و پاش ئیسلامیبوونیشی. هەستێك بوو لە نێوان ڕق و سەرسامی و گرێی هەستی کەمایەسی.

بۆ قەرەبووی خوێندنی لای مەلای گوند، دەستی کردە قورئان لەبەرکردن، لە ١٠ساڵی قورئانی لەبەرکرد.

سەید دەڵێ: " ئەفەندیەکانی مامۆستاکانی زۆر ڕێزیان لێدەگرت، متمانەیان پێی بوو، ئەگەر شتێکیان لە ژورەکانیان بویستبا، کلیلی ماڵەکانیان دەدایە دەست سەید قوتب، بۆ ئەوەی شتەکانیان بۆ بێنێ! هەر پاش قورئان لەبەرکردنی هەستی دەکرد ئیتر بۆتە پیاو، و چاکەت وپانتۆڵی لەبەر دەکرد لە مزگەوتەکان وەك پیاوان بە جەماعەت نوێژی دەکرد! ل١٧-١٨

شۆرەتی سەید لەناو گوند دەنگی دایەوە، وەك منداڵێکی پیاو! پەیتا پەیتا بەژداری لە کۆبوونەوە سیاسیەکانی ماڵەوەیانی دەکرد، وهەندێ جار لە جیاتی باوکی ڕۆژنامە وبەیاننامەکانی دەخوێندەوە. کە سەید بوە ١٢ساڵ شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ هەڵگیرسا، سەید قوتب لەو تەمەنە حەماسەتی هەستا بوو، وتار وشیعری شۆڕشگێڕانەی دەخوێندەوە بۆ خەلك لە جادە ومزگەوتەکان! ل١٩

هەر زوو لە منداڵییەوە لەو گوندە حەزی بە دەرکەوتن کردوە لە ڕۆڵی دین و جادوو و سیحردا! خەریکی خوێندنەوەی کتێبی جادو سیحر بوو!

# نامەنووسی دڵداران!

هەست دەکەم زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان ئیبن حەنبەل و سەید قوتب هەیە، لێرەدا باسی شتێک لەو وێکچوونە دەکەم. کە بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی دینی توند لە منداڵیەوە. لە مناقب احمد بن حنبل ی ابن الجوزی هاتووە کە ئەحمەد لە منداڵیدا خەتی زۆر خۆش بووە، نووسینیشی باش بووە، بۆیە ژنان داوایان لێدەکرد نامەیان بۆ بنووسێ، ئەویش هەر لەو منداڵییە نەیدەڕوانیە ژنەکان، و ئەگەر داوای نووسینی شتێکی خراپ یان مونکەریان لێکردبا بۆیانی نەدەنووسی! نازانم داوای نوشتەی دڵنەرمکردن و ئەو شتانەشیان لێکردوە، چونکە زۆر ئافرەتانی ئەو سەردەمەی مەدەنیەت و زانست و ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیایە، باوەڕیان بەو نوشتە و موشتەیە هەیە، دەبێ ژنانی سەردەمی دینی ئیمام ئەحمەد چۆن بووبن؟!

لە بەشێک لە بیروەریەکانی سەید قوتب لە کتێبی طفل في القرية، باسی ئەوە دەکات کە قورئانی هەر بە منالی لەبەر کردووە، نووسەرێکی چاکی نامەی ژنان و کچان بووە، هەتا نامەی دڵداری وشتیشی بۆ دەنووسین، بەڵام زۆر شەرمن بووە، چاوی قەت لەو ئافرەتانە نەبڕیوە!

هەتا دەڵێ نوشتەی حەزلێکردن و خۆشیرینکردنیشی بۆ کردوون، پاش ئەوەی هەندێ کۆنە کتێبی سیحر وجادوو لە دێوەرەیەکی گوندی دەکڕێت، چاک دەیانخوێنێتەوە، دەبێتە نوشتەچی گوند!

لە هەردوو حاڵەتەکە، جۆرێک لە حەزی دەرکەوتن و بوون بە شتێکی تێدایە، هەرچەندە نکوڵیش بکەن کە حەزیان لە سەرکردایەتی بوون نەکردبێت، چونکە هەردووکیان ئەحمەد وسەید تۆمەتبار کراون بەو تۆمەتە. هەر باپیر وباوکی ئەحمەد یەکەمیان والی بووە لای عەباسییەکان و دووەمیان سەرکردەیەکی عەسکەری بووە! دەکرێ ئەو حەزەی سەرکردایەتی پەڕیبنەوە بۆ ئەحمەدیش لە فۆرمی دینیدا!

ڕاستە شتێکی سەردەمی منالآنەیانە، بەڵام ئەوەی حەزی لە ڕیاسەت وسەرۆکایەتی بێ هەر لە منداڵییەوە لێی دەردەکەوێ، بۆ نمونە عەلی باپیر دەڵێ ئەمن لە فلان و فیسار مەلاش بچوکتریش بووم لە گەڕەکێ بەڵام هەر برا گەورە و پرس پێکەر و کاپتنی فەریقی تۆپێنی گەڕەکیش بووم!

یانی لەو منداڵیە بەو جۆرە گوزارشی لەو نەزعەیەی حەزی سەرۆکایەتی کردووە!

ئەحمەد و سەیدیش بە موحتاجبوونی ژنان وکچان وبە ساقەبوونیان بۆ نووسینی نامەیەک ڕەنگە گوزاریشیان لەو حەزە بەراییە کردبێت!

دوایی لەبەر خەرجی زۆری باوکی، کە وەك سەرۆک هۆزێك هەمیشە ماڵیان جمەی هاتوە، ناچاربوونە زەوی وزاریان وردە وردە بفرۆشن، تا ڕادەی ئەوەی ئاستی گوزەرانیان زۆر دابەزیوە لەچاو جاران.

دایکی هیوایەکی زۆری لەسەر سەید قوتب هەڵچنیبوو، ببێتە کارمەندی میری وڕزگاریان بکات لەو بارە داراییە خراپەی کە تێکەوتبوون! ئەوەبوو سەید قوتب لە ١٩٢١ چووە قاهیرە لای خاڵی: ئەحمەد حسێن عوسمان، ناسراو بە ئەحمەد موشی، کە مامۆستا بوو و

هەروەها لە ڕۆژنامەگەریش کاری دەکرد. سەید کەوتبووە ژێر کاریگەری خاڵی وڕێچکەی ئەوی گرت، لەلایەك بووە مامۆستای قوتابخانە، و لەلایەکیتر ببوە هەڵەچن واتە مصحح، ڕاستکەرەوەی زمانەوانی لە هەندێ ڕۆژنامە. ل٢٣

سەید بەردەوام بوو لە خوێندن لەگەڵ کار کردنیشدا. لە ساڵی ١٩٢٩ خانەی مامۆستایانی تەواو کرد، چووە دار العلوم کە لە ساڵی ١٩٣٣ تەواوی کرد. ل ٢٣

ئینجا محمد و ئامینە و حمیدە ی خوشک وبرای هاتنە قاهیرە تا سەید قوتب بەرپرسیاریان هەڵگرێت وبەخێویان کات.

# بەشی دووەم

# سەید قوتب چۆن حەسەن بەنا و ئیخوانی دەدیت؟!

## پەیوەندیەکی لێڵ و گرژ!

### سەید قوتب چۆن حەسەن بەنا و ئیخوانی دەدیت؟!

سەد قوتب و حەسەن بەنا، هاوتەمەن بوون، هەردووکیان لە ئۆکتۆبەری ١٩٠٦ لە دایکبوون بە جیاوازی ٥ ڕۆژ سەید قوتب گەورەترە ١٠٠٦/١٠/٩، لە حەسەن بنەنا ١٩٠٦/١٠/١٤!

قوتب و بەنا باش یەکتریان دەناسی لە دووربەدەورییەوە، چونکە هیچ سەرچاوەیەك باسی بەیەک گەیشتنی سەید و بەنا ناکات، نە لە سەرچاوە ئیخوانییەکان، نە لەو سەرچاوانەی لەبارەی ئیخوانەوە نووسراوە. بەڵام دکتۆر عبد الخالق الشريف بەرپرسی بەشی دەعوەت لەناو جەماعەتدا، لە هەڤپەیڤینێك لەگەڵ کەناڵی [مكملين] ئیخوانی سەر بە تورکیای ئەردۆگان لە ئایاری ٢٠١٩ گووتی: سەید قوتب حەسەن بەنای دیتبوو، لەگەڵیشی دانیشتبوو، چونکە هەردووکیان لە کۆلێژی دار العلوم بوون - كلّية دار العلوم- بەنا لەساڵی خوێندنی دووەم بوو، سەید قوتب لە ساڵی یەکەم بوو. چونکە هەردووکیان یەکەم بوون لەسەر قۆناغەکەی خۆیان. بە دڵنیایەوە بەرخوردیان هەبووە لەگەڵ یەکتر، لە سایەی کەمی قوتابیانی کۆلێژەکە

ئەو کاتە... ڕەنگە قوتب لەگەڵ بەنا بە سیفەتی مورشیدی عامی جەماعەتی دانەنیشتبێ، یان هاوڕێیەتی نەکردبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە یەك گەیشتوون."[٣]

من پێموایە ئەگەر بەیەکیش گەیشتبن لەو کۆلێژە، دیارە سەید قوتب لە یەکەم نیگاوە حەسەن بەنای نەکەوتۆتە بەردڵی، دەنا هێشتا هۆکاری حزبیش نەبوو بۆ خۆش نەهاتنی قوتب لە حەسەن بەنا، کە لە ١٩٢٤ وەرگیرا لەو کۆلێژە، ئیخوانیش لە ساڵی ١٩٢٨ دامەزرا.

وەك زانراوە هیچ ئیخوانیەک نییە دەستی قەڵەم بگرێ و دەربارەی حەسەن بەنا بە بەردەوامی قسە نەکات و ئاماژە بە بیروڕا و وتەکانی نەدات، تەقدیسی نەکات. هەتا ئەوانەی لە ئیخوان جیادەبنەوە، زۆربەی هەرە زۆریان هۆکارەکانی جیابوونەوەیان دەگەڕێنەوە بۆ لادانی ئیخوان لە ڕێ و پرنسیپەکانی حەسەن بەنا!

حەسەن بەنا هێندە تەقدیس دەکرێ تا ڕادەی ئەوەی نامیلکەیەکیان بۆی دەرکردووە لەسەر شێوازی حەدیس بە ناونیشانی **«المأثورات»** کە هەندێ بیروڕا و قسە و مەواعیزی حەسەن بەنا بەخۆوە دەگرێ. زۆربەی سەرکردە و کادیرە گەورەکانی ئیخوان ئەو «المأثورات»ەیان لەبەر کردووە وەك حەدیسی شەریف، لە بۆنە حزبییەکان بە نموونە دەیهێننەوە، وەك چۆن موسڵمانی ئاسایی بەڵگە بە حەدیسەکانی پێغەمبەر دەهێنێتەوە! داوا لەو گەنجانەی کە

[٣] مقال الوجه الاخر لعلاقة سيد قطب بالاخوان...حارب الجماعة و رفض حسن البنا، معاذ سعد فاروق. موقع الرصيف.

دەچنە ناو قەوارەی ئیخوان دەکرێت ئەو «المأثورات» لەبەر بکەن، وەك چۆن قورئان و حەدیس لەبەردەکەن!

سەید قوتب وەك ناودارترین نووسەر و بیرمەندی ئیخوان ڕیزپەڕە، لە سەرلەبەری نووسینەکانی نابینیت ئاماژەی کردبێت بە وتەیەك یان هەڵوێستەك یان کارێکی حەسەن، نە پێش بوونی بە ئیخوان و نە دوای بوونی بە ئیخوان بە ڕەسمی لە ۱۹۵۳!

هەست دەکەیت شتێك نییە لە جیهانی سەید قوتب بەناوی حەسەن بەنا. هەست دەکەیت سەید قوتب لەپاش هاتنیشی بۆ ناو ئیخوان، هەر حەسەن بەنای بۆ هەرس نەکراوە، لەناخەوە پرینگانەوە ونەفرەتێکی هەیە لێی، ئەگەرچی پاش بوونی بە ئیخوان زیاتر لە ٥ ساڵ بە داوای ڕەسمی ئیخوان، داوای لێکرا وتارێك بنووسێ لەسەر بەنا لە ساڵیادی تیرۆرکردنیدا! سەید قوتیش وەك نەجیب مەحفوز دەڵێت، جاروبار زۆر هەلپەرست بوو بۆ بەرژەوەندی خۆی، وتاری نووسیوە لە ستایشی خاوەن گۆڤارێك کە لێی دەنووسی، کە لە پێشوودا بە بەردەوامی زەمی دەکرد! بۆیە پاش بوونی بە ئیخوان، وتارێك دەنووسێ لە یادی ڕەشکوژکردنی حەسەن بەنا، وەك تەکلیف و زۆر لە خۆکردن.[٤]

هەست دەکەیت سەید قوتب بەو هەموو باگراوانده مەعریفیە و خوێندنەوەیە زۆرە، خۆی پێ گەورەتر بوو، لە حەسەن بەنایەکی ئاست مام ناوەندی لە بواری ڕۆشنبیریدا، ساویلکە لە ڕەفتاریدا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم. ئەگەر ڕاستیشت دەوێ هەروا بوو، سەید

[٤] حلمي النمنم "سيّد قطب: سيرة التحولات"، ص ١٤٨، الصادر عام ٢٠١٤

قوتب زۆر خوێندەوارتر و مەوسوعی تر و ڕۆشنبیرتر بوو لە حەسەن بەنایەکی لادێیی و پڕ حەماسەتی دینی لە منداڵییەوە.

هەتا لەڕووی خێزانیشەوە سەید لە ماڵێکی سیاسی وخوێندەوار و خواپێداو هەڵقوڵا بوو، بەردەوام ماڵیان جمەی دەهات، لە کۆبوونەوەی خەڵکی ڕۆشنبیر بۆ باسی ئەدەب وسیاسەت کردندا. کەچی بەنا لە ماڵێکی هەژار لە ڕووی مەعرفیەوە، جگە لە مەعریفەتی زانستی حەدیس و دیندا سەری دەرکردبوو. بەڵام ناکۆکیەکە هەر ڕۆشنبیری نەبوو، بەڵکو شەخسیش بوو تاڕادەیەك! لەسەر ئاستی کەسێتی پەیوەندیەکی باش لە نێوان سەید قوتب و حەسەن بەنا نەبوو، چەندین ڕووداو لەو بارەیەوە دەگێڕنەوە.

لەوانە مێژوونووسی ئیخوان محمود عبد الحلیم، خاوەن کتێبی «الإخوان المسلمون: رؤیة من الداخل - أحداث صنعت التاریخ» دەگێڕێتەوە کەوا لە ساڵی ١٩٣٤ کاتێ سەید قوتب وتارێکی لە الاهرام نووسی بەناونیشانی: «خواطر مصیف.. الشواطئ المیتة» کە ئیخوان ئەو وتارەیان دیت وەك بانگهێشکردنیك بۆ ڕووتی وقووتی، هەرچەندە لە هەقیقەتدا وانەبوو، بەڵکو تەنها ڕەخنەی لە خاو وخلیچی کەرتی گەشتیاری دەگرت، و بەکەمتەرخەمی دەزانین بەرامبەر فەرامۆشکردن و چۆڵبوونی کەنارەکانی دەریا لە گەشتیاران، هەروەها ڕەخنەی لەو ئیسلامی و موحافیزکارانە دەگرت کە دژی لەبەرکردنی مایۆ بوون لەسەر کەنارەکانی دەریا، و دەیگووت: "ئەوانەی وێنای ڕووتی لەسەر کەنارەکان بە شێوازێکی دزێوی ئاژەڵی ترسناك دەکەن، زۆر واهیمن، ئەوانە یان قەت نەچوونەتە سەر کەنارەکان، بەڵکو وێنەیەکیان لە ڕۆژنامەکان دیوە، یانیش کاتێك چوون، بە نیازی ڕەخنەوە چوون، لەو وێنەیە خەیاڵیە شێواوەی ناو زەینی خۆیان ژیاون، لەناو کەنار و شەپۆڵەکان

نەژیاون...چونکە وێنەیەکی ڕووتی بچووکی ناو ڕۆژنامەکان، خەیاڵ زۆر زیاتر دەوروژێنێ و فیتنەی زیاترە لە کەنارێکی تەواوی پڕ لە جەستەی نیمچە ڕووت، چونکە وێنەی بچووك ئەندێشەی مرۆڤ دەوروژێنێ بۆ گەورەکردنی و بینینی هەقیقەتی دوای وێنەکە، ئەوە مەترسیەکەیە، بەڵام خودی جەستەی ڕووت، هیچی تێدا نییە ئەندێشە بوروژێنێ، چونکە ئاشکرا و بێ پەردەیە.!"[٥]

محمود عبد الحلیم بڕیاری دا وەڵامێك بۆ سەید قوتب بنووسێت، هەر لە ڕۆژنامەی الاهرام وەڵامەکە بڵاوکاتەوە، بەڵام بەرلەوەی بینێرێ نیشانی مورشیدی خۆی حەسەن بەنای دا، کە چاوێکی بە وتارەکە خشاند، و دەستخۆشیشی لێکرد، بەڵام داوای لێکرد بڵاوی نەکاتەوە، نەك لەبەر ئەوەی سەید قوتب هەڵەی نەکردووە، بەڵکو هەتا لەناو خوێنەرانی الاهرام ناوبانگ دەرنەکات، هەمووی بچن وتارەکەی بخوێننەوە!

لەوەش خراپتر پێیوابوو ئامانجی قوتب تەنها ناو دەرکردن بوو! بۆیە گووتی بە بڵاوکردنەوەی وەڵام لە دژی ئەو وتارەی سەید قوتب "ئێمە کارێك دەکەین بەبێ قەسد بۆ جێبەجێکردنی مەرامی خاوەن وتار، لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك بۆی، ناو هێنانە ناو ناوان![٦]" یانی بەنا بەبێ خوێندنەوەی وتارەکەی قوتب، تۆمەتەکانی محمود عبد الحلیم ی سەلماند. ئەوەی لای مێژوونووسی ئیخوان گرنگە لەو باسەدا، (پێشبینییەکی) حەسەن بەنایە کە دەڵێ:

---

[٥]" إن الذين يتصورون العري على الشاطئ في صورته البشعة الحيوانية المخيفة، جد واهمين، وهم إما لم يذهبوا إلى الشاطئ ولكن قرأوا أو رأوا الصور منشورة في الصحف، وإما ذهبوا وفي نيتهم أن ينتقدوا فعاشوا في هذه الصورة الخيالية المشوهة في أذهانهم، ولم يعيشوا على الشاطئ والأمواج (...) أن صورة واحدة عارية مما ينشر في الصحف أفتن من شاطئ كامل يموج بالعاريات، لأن الصورة المصغرة تثير الخيال الذي يأخذ في تكبيرها والتطلع إلى ما وراءها من حقيقة، وهذا هو الخطر، أما الجسم العاري نفسه فليس فيه ما يثير الخيال، لأنه واضح ومكشوف."

[٦] «وتكون بذلك قد عملنا – من حيث لا نقصد – على تحقيق مأرب صاحب المقال من جذب الأنظار إليه وجعل اسمه على الألسنة»

" تۆ چووزانی ڕەنگە ئەو گەنجە لە خەوی غەفڵەت بێدار دەبێتەوە، بۆ ڕاستی دەگەڕێتەوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەعوەتەکەمان سوود لە هەوڵ وکۆششی دەبینێ!"[٧]

نازانم چ پێشبینییەکی گرنگ لەوەدایە، ئایا ئەگەر سەید بەرەو ئیسلامیبوون نەهاتایە، کەس بەنای تۆمەتبار دەکرد بە گووتنی پێشبینییەکی ناڕاست؟! ئەو هیوا و دوعای هیدایەتە ئیسلامی فێرن بۆ هەموو کەسێکی نەیاری دەکەن، جاروبار پاش بە جوێن شوشتنەوەش!

## سەید قوتب حەسەن بەنای بەراورد دەکرد بە ناودارترین تیرۆریست لە مێژوودا، سەباحی حەشاشەکان!

هاوڕێ و هاوشار وخزمی سەید قوتب، دمرداش العقالي بۆ ڕۆژنامەنووس سليمان الحكيم ی دەگێڕێتەوە، کە سەید قوتب بە بەردەوامی گاڵتەی بە حەسەن بەنا و جەماعەتەکەی کردووە، دەڵێ، هەر کاتێ سەید سەردانی گوندەکەیانی [موشا] کردبایە، کاتێ خوشکەزا ئیخوانیەکەی أحمد محمد سالم و هاوڕێیانی دەدیت، بە ئەنقەست لە حزوریان ڕەخنەی لە بەنا و ئیخوان دەگرت، جارێکیان بە گاڵتە پێیگووت:

---

٧ «وما يدريك لعل هذا الشاب يفيق من غفلته، ويفيء إلى الصواب ويكون ممن تنتفع الدعوة بجهوده في يوم من الأيام»

حەسەن بەنای دامەزرێنەری ئیخوان، حەسەن الصباح ی دامەزرێنەری حەشاشەکان چیان بە ئێوە کردووە؟!"[٨]

کەوابوو سەید قوتب، حەسەن بەنای دامەزرێنەری ئیخوان، و حەسەن الصباح ی دامەزرێنەری حەشاشەکانی وەك یەك دەدیت، کە هەردووکیان حەشیشەچی و تیرۆریست و هەڵخەڵەتێنەرن بۆ شوێنکەوتەکانیان، کۆنترۆڵیان دەکات بە حەشیشەی وەهم وخەیاڵ!

## بیرکردنەوەی باڵی چەکداری ئیخوان لەکوشتنی سەید قوتب!

ئەو هەڵوێستانەی سەید قوتب لە ئازادییە گشتییەکان ودژایەتی بۆ خودی ئیخوان و حەسەن بەنا هانی ڕێکخراوی تایبەتی، باڵی چەکداری ئیخوانی دا، بۆ بیرکردنەوە لە ڕشکوژکردنی سەید قوتب! بەڵام دەڵێن حەسەن بەنا ڕازی نەبووە لەو بڕیارە وەك جمال قطب لە کتێبێکی زنجیرەی "أهم الكتب التي أثّرت في فكر الأمة في القرنين التاسع عشر والعشرين" دەڵێت: "بەر لە موبایەعەتی سەید قوتب بۆ جەماعەتی ئیخوان پاش مردنی ڕابەری حەسەن بەنا لە شوباتی ١٩٤٩، نووسینگەلێکی هەبوو لە دژی جەماعەت، کەلکەڵەی ڕەشکوژکردنی خستە بیری ڕێکخراوی تایبەتی ئیخوان، کاتێ حەسەن بەنا پێیزانی، ئەو بیرۆکەیەی ڕەتکردەوە، بە گەنجە حەماسییەکانی گووت، کە نووسینەکانی قوتب دژی جەماعەت، بە دوژمنایتی حسێب ناکرێ، بەڵکو نەزانییە بە ناسینی هەقیقەتی جەماعەت. هەروەها

---

[٨] «ماذا فعل بك حسن البنا مؤسس الإخوان وحسن الصباح مؤسس الحشاشين» حلمي النمنم "سيّد قطب: سيرة التحولات"، ص ١٥٠، الصادر عام ٢٠١٤

مورشیدی ئیخوان گووتی: ئەو هەست بە نزیکی هاتنەناوەوەی سەید قوتب دەکات بۆ ناو جەماعەت، دەبێتە سەربازێکی دڵسۆزی"[٩]

## چۆن بەنا گۆڤارێکی سەید قوتب دادەخات!

کێشەیەکی تر شێخ محمد الغزالي بۆ لێکۆڵەر شریف یونس لە ٢٣ی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩٩٣ باسی دەکات، لە کاتی ئامادەکردنی ماستەرنامەکەی کە دوایی وەك کتێبیش بڵاویکردەوە بە ناونیشانی: «سيد قطب والأصولية الإسلامية».

سەید قوتب گۆڤاری «الفكر الجديد» دەردەکرد، وتارە چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی لەو گۆڤارەدا بڵاودەکردەوە، کە پێش بوونە ئیسلامیش، لەسەر بنچینەی ئیسلامی دایدەڕشت، خودی الغزالي لە نووسەرانی گۆڤارەکە بوو، پەیوەندیشی تووندوتۆڵ بوو بە سەید قوتب، ئەو گۆڤارە خاوەن ئیمتیاز و بودجەی دەرکردنی لەلایەن محمد حلمي المنياوي بوو، کە خاوەن چاپخانە و خانەی بڵاوکردنەوە بوو. بەر لە هەرشتێکیش ئەندامێکی ئیخوان بوو، دوایی سەید قوتب دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵی و تۆمەتباری دەکات بە بەکرێگیراوی موخابەراتی بەریتانی!

**محمد الغزالي دەڵێت:**

---

[٩] https://raseef22.net/article/1082694-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%AC%D9%87-
الوجه الاخر لعلاقة سيد قطب بالاخوان...حارب الجماعة و رفض حسن البنا

حسن البنا سەرسام بوو بە گۆڤارەکە، پێیوابوو لەسەر هەمان هێڵی دیاریکراوی، بانگەواز بۆکراوی ئەو دەڕوات. بۆیە وتارێکی بۆ گۆڤارەکە نارد بۆ ستایشکردنی ڕێچکەکەی، بەڵام سەید قوتب ڕازی نەبوو وتارەکەی بڵاوکاتەوە، بەنا تووڕە بوو لێی، غەزالی پاکانە بۆ سەید قوتب دەکات، دەڵێ: " لەوانەیە پێی وابێت ئەگەر بڵاویکاتەوە، لە سەربەخۆیی خۆی و گۆڤارەکە کەم دەکاتەوە، خەڵك لەسەر ئیخوان حسابی دەکەن."[10] ئەوەش ڕاستە

دوایی بەنا لە ڕێگای محمد الغزالي بانگی سەید قوتبی کرد بۆ هاتنە ناو ئیخوان، بەڵام سەید قوتب بە توندی ڕەتیکردەوە.

الشنبري وەرگێڕی کتێبی "الاتجاهات الدينية والسياسية في مصر الحديثة" لە نووسینی هیوارت دەن، دەڵێ: بەنا کەسێکی ئێرەیبەر یان بەکوردیەکەی حەسوود بوو، مونافەسەی سەید قوتبی بۆ هەرس نەدەکرا لە بواری چاکسازی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنچینە ئیسلامییەکان، دەیویست خۆی کاهینە هەرە مەزنەکەی ئەو بوارە بێت، نەیدەویست [موسەیلەمەیەکی] تر لە میسر وەدەرکەوێت![11]

ئەو هەموو بەرخورد و ڕووداوانە دەیسەلمێنن، کە سەید قوتب پەیوەندیەکی جێگیر و باشی نەبووە بە کەسایەتی بەنا، حەزی بە چارە و بیریشی نەکردووە، دەنا لەوە ئاسانتر نەبوو لە ڕێگای قوتابیانی بەنا، و کەسانی وەك محمد الغزالی، سەید دەیەها جار حەسەن بەنا ببینێت.

---

[10] "لعلّه رأى في نشرها ما ينتقص من استقلاليته ويحسبه على جماعة البنّا"

[11] " سبب التضييق على قطب ومجلته، إلى أن البنّا "كان إنساناً غيوراً، فلم يستسغ منافسة سيّد قطب له في مجال الإصلاحات الاجتماعية على أسس إسلامية"، مؤكداً أنه "كان يريد أن يكون هو (الحبر الأعظم)، وأن لا يكون ثمة (مسيلمة) آخر في مصر".

# بەشی سێیەم

# هۆکارەکانی ئیسلامی بوونی سەید قوتب

## یەکەم: ژیانی منداڵی لەگوند

سەید قوتب هەر زوو لە منداڵییەوە لەو گوندەی کە لێی دەژیا حەزی بە دەرکەوتن کردوە لە ڕۆڵی دین و جادوو و سیحردا! لە ١٠ ساڵی قورئانی لەبەر کرد، ئەوەش پایەکی دینی لەناو خەڵکدا پێدا، ولەو مناڵیەوە وەك شێخێك لێیان دەڕوانی! ئەو بە گەورە و پیرۆز تەماشا کردنە کاریگەری درێژخایەنی خۆی هەیە.

پاش ماوەیەك کە دەستی کردە خوێندنەوە لە ژێر کاریگەری باوکی و خاڵی، ئەوەی دەستی کەوتبا دەیخوێندەوە. مام سابیرەکی دێوەرە هەبوو ساڵێ جارێ بە گوندەکەیان گوزەری دەکرد، کۆنە کتێبی پەڕزەردی دەفرۆشت، زۆربەی کتێبەکانی توراسی ودینی بوون، سەید دوو کتێبی لێی کڕی، یەکێکیان کتێبی [ابي معشر الفلكي] ی تایبەت بە فەلەك وتەنجیم بوو، ئەویتریان کتێبی [شمهورش] بوو کە تایبەت بوو بە نوشتە وجادوو ودڵ نەرمکردن و نوشتەی خۆشەویستی، ئەوەش بووە هۆی ناوداربوونی سەید لەلایەن ژن وکچ و کوڕانی گوند وەك لەوەو پێش ئاماژەمان پێیدا!

وای لێهات سەید لە ماڵانەوە داوا دەکرا، وخەڵکیان دەنارد بەدوای! ل١٩

ئەو تێڕوانینە سەرسامیە ساویلکانە و لادێیانەی خەڵك، و ئەو پێویستی بوونەیان بە سەیدی منداڵ لەبەر شارەزایی لە نوشتە ودوعا وجادوو و تێوان خۆشکردنی عاشقان، ودوعای بەیەك گەیشتن، هەستێکی دینی بەرایی لای سەید دروست کردبوو، بە گرنگی نهێنییە دینییەکان و ئەو ڕێز و دەسکەوتانەی لەو ڕێگایەوە دەستی دەکەوێت.

خۆی لە یاداشتنامەکەی [طفل في القرية] ئاماژە دەکات بەو هەستە: " هەستی بە نەشئەتێکی سەیر دەکرد لە سۆنگەی ئەو هەموو داوا کاریە و کرانەوەی هەموو دەرگاکان بە ڕوویدا، هێشتا بچوك بووغەریزەی سێکسی نەجولابوو، پەروەردەی ماڵەوەشی زۆر حیشمەت وحەیای لێ چاندبوو، هەتا ئەگەر هەندێ لەو هەستانە بوروژابانیش" ل ٢١

ئیتر ئەو هەستي تێکەڵ بوون لەگەڵ دین و غەیبیات لەگەڵی گەورە بوو، گۆشەیەکی لە مێشکی داگیر کردبوو، هەروەك لە کتێبی: مذكرات سائح في الشرق العربي، أبوالحسن الندوي، دەڵێت سەید قوتب لە ساڵی ١٩٥١ پێی گوتوە:

"دەروونم هەمیشە ڕووەو ڕوح و بابەتە پەیوەستەکانی بووە، من لە منالیەوە عاشقی خوێندنەوەی هەواڵی پیاوچاکان وکەراماتەکانیان بووم، ئەو سۆزە بەبەردەوامی لە دڵم گەشەی دەکرد لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا. ئوستاد عەقادیش پیاوێکی فکری ڕەها بوو. ناڕوانێتە بابەتێك و لێی ناکۆڵێتەوە تەنها لە ڕێگای فیکر و عەقڵدا. بۆیە چووم تێنوتی خۆم شکاند لە کانیاوی تر، کە نزیکترن بۆ ڕوح. ئینجا بایەخم دا بە تویژینەوەی شیعری ڕۆژهەلاتیەکانی وەک تاغور وئەوانیتر."

لە ١٩٤٠ بەرلەوەی باسی ئیخوان لە کولەکەی تەڕیشدا بێت! یەکەم وتاری نووسی داوای دەستوەردانی دینی کرد لە ژیان بەناوی [الوعظ الديني وظيفة اجتماعية قبل كل شئ.]

لەو وتارە دەڵێت: ئێمە ستەم لەو دینە دەکەین و ئەرک وئامانجە سەرەکیەکەی دەشێوێنین کاتێک وەک دینێکی ئاخیرەت لێی دەڕوانین، وئەرکی دەکەینە خەڵک ئامادەکردن بۆ ئاخیرەت و ڕۆڵی بچوک دەکەینەوە لە دنیا! لەو وتارەوە هەست بە نەزعەی ئیسلامی سیاسی بوونی دەکرێت.

## دووەم: فەرامۆشکردنی لەلایەن گەورە بیرمەندان وئەدیبانی سەردەم

بەڕای من بێ بازاڕی سەید قوتب لەناو نووسەرانی ناوداری میسردا، دەستنەگرتنی لەلایان، یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکاری لە ساڵی ١٩٣٥ کتێبی دیوانی الشاطئ المجهول ی دەرکرد کە هیچ بایەخی پێ نەدرا لەلایەن ڕەخنەگران. ئەوەش زۆر خراپ کاری کردە سەر مەعنەویاتی سەید بۆ دەساڵ هیچ کتێبیتری دەرنەکرد.

لە ١٩٤٦ و ١٩٤٨ کتێبی "کتب و الشخصيات" و "النقد الادبي" بەدوای یەکدا دەرکرد، بەڵام لەلایەن چەند ڕەخنەگرێکی ناوداری وەک خليل الهنداوي و شوقي الضيف و علي شلش، بە توندترین شێوە ڕەخنەی لێگیرا، وگوتیان ئەو پیاوە بەبێ مامۆستاکەی العقاد هیچ نییە، لاساییکەرەوەیەکی عەقادە، بەڵام بە قەد ئەویش قوڵ نییە، وشێوازی خیتابی و هەرانانەوە و زەخرەفەی لەفزی زاڵە بەسەر نووسینەکانی، هەتا علي شلش گووتی: سەید قوتب سەربەخۆ لە مامۆستاکەی نرخی دابەزی، و نەیتوانی شێوازێکی تایبەت بەخۆی بنیات بنێ، وهەرانانەوە بەرجەستەیە لە ڕەخنەکانی تاکۆتایی، شان بە شانی خۆنمایشکردن و دوژمنکارانە!

ئینجا دوو ڕۆمانی دەرکرد یەکەمیان لە ١٩٤٦ بەناوی "المدينة المسحورة" و دووەم لە

ساڵی ١٩٤٧ بە ناونیشانی "الاشواك" ، ئەو دوو ڕۆمانەش بەدەردی کتێبەکانیتری چوون، زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی هەر ئاوڕیان لێ نەدانەوە، و ئەوانەشی ئاوڕیان لێیان دایەوە ڕەخنەیەکی زۆریان لێگرتن!

ئینجا یاداشتنامەیەکی نووسی بە ناوی [طفل من القرية] ئەویش لاسایی تەها حسێن بوو، بەڵام وەک هەر کتێبێکیتری بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرا، وتۆمەتبارکرا بە زیادەڕەوی ودەرچوون لە ئامانجی ژیننامە، و تێکردنی تەفاسیلی دوورودرێژی وا، کە هیچ پەیوەندیان بە ژیننامەوە نییە! ئەو یاداشتنامەیەی پێشکەشی تەها حسێن یش کرد، ئینجا تەها حسێن ئاوڕی لێ نەدایەوە، لە پێشکەش کردنەکەی لە ١٩٤٥/٧/١ دەڵێ:

پێشکەشە بە خاوەنی کتێبی الایام...دکتۆر تەها حسێن بەگ.
گەورەم ئەو کتێبەم ڕۆژانێکە وەك ڕۆژانی تۆ، منداڵێك لە گوندێکدا تیایدا دەژیێ....
ئەو فەرامۆشکردنە بەرەو نووسینی ئیسلامی برد، دەستیکردە نووسین لەسەر ئیسلامیات، بێ ئەوەی هێشتا هیچ ئینتیمایەکیشی هەبێت بۆ ئیخوان.

## سێیەم: سەرەتای نوسینەکانی دەربارەی قورئان

سەید لە ڕێگای خاڵیەوە چووە ناو بازنەی هەواداران و سەرسامانی عەباس عەقاد، وبەردەوام ئامادەی سالۆنەکەی دەبوو. قوتب لەو ماوە هەر خەریکی ڕەخنەی ئەدەبی بوو، تا لە ساڵی ۱۹۳۹ لە گۆڤاری المقتطف بابەتێکی ئەدەبی لەسەر قوڕئان بڵاوکردەوە بەناوی [التصوير الفني في القرآن]. تیایدا دەڵێ کە کاتێ قورئان بە تەفسیرەوە دەخوێنێتەوە هەمان چێژی منداڵی لە قورئان ناکات! بڵێی دوو قورئان بن، قورئانی منداڵی و قورئانی گەنجێتی، یان ڕێگای لێکدانەوەکەی هەڵەی تێدا بێت؟! ل ٢٤

ڕاستیەکەی ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ پێگەیشتنی عەقڵی و دەروونی و کلتوری سەید بێت، چونکە منداڵ کە دەبینێ گەورەکان وا تەقدیسی قورئان دەکەن وبەردەوام ماچی دەکەن و لەسەر سەریان دادەنێن، ئەویش ئەو شتەی لا پیرۆز وشیرین وترسناك دەبێت!

سەید قوتب هۆکارەکەی چێژوەرنەگرتنی لە قورئان دەگەڕاندەوە بۆ موفەسیر و تەفسیرەکان، گوایە نەیانزانیوە تەفسیری کتێبی خوا بکەن! یانی لەو کاتەوە هەستی بە زەرورەتی تەفسیرێکی نوێی قورئان کردوە! بۆیە پڕۆژەیەکی قورئانی جاڕدا بەناوی [مكتبة القرآن الجديدة.]

لەو ڕێیەوە زۆر کتێبی دەرکرد لەسەر بواری هونەری قورئان، وەک التصوير الفني و مشاهد القيامة في القرآن وچەندین کتێبی تر. ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا لەبەر بەکارهێنانی وشەی الفني لە قورئاندا، بەڵام سەید زۆر بە توندی بەرگری لەخۆی کرد، وگووتی مەبەستم لە الفنی دروستکراو نییە، بەڵکو مەبەستم داهێنانە لە خستنە ڕوو، و جوانکارییە لە هارمۆنیەت، وبەهێزییە لە ئەداکردن. ئەوەش هەرگیز مانای تەلفیق ودروستکردن نادات ئەگەر دەروون و تێگەیشتنمان دروست بن![12] ل٢٥

[12] سيد قطب و ثورة يوليو، حلمي النمنم، ميريت للنشر و المعلومات، قاهرة ١٩٩٩.

## چوارەم: باوەشکردنەوەی ئیخوان و ئیسلامییەکان بۆ سەید قوتب

هەر کە سەید قوتب دەستیکردە نووسینی دینی، جەماوەری ئیخوان پێشوازیەکی زۆر گەورەیان لێکرد، بە تایبەتی سەید خاوەن شێوازێکی ئەدەبی بالاَ بوو لە نووسیندا.

ئەو باوەشکردنەوەیە زیاتر هانی سەید قوتبی دا، بە تەواوی دابڕان بکات لەگەڵ ئەدەب، بەڵکو ئەو قۆناغەی لەناو ئەدەبیاتدا بە قۆناغی جاهیلیەت ناوزەد بکات، وەك نجیب محفوظ لە کتێبێکی ئاماژەی پێدەکات.

ئیسلامییەکان هەتا ئەمڕۆش، کاتێ نووسەرێکی نیمچە ناودار شتێکیان بۆ بنووسێ، زۆر بە گەرمی باوەشی بۆ دەکەنەوە ویارمەتی دەدەن و ناوداری دەکەن. شەلاتی وا هەیە لەناو کورد لە ژیانی دوو کتێبی نەخوێندیتەوە، ئێستا دەستی داوەتە قەڵەم، و وەك زێراب جوێن و وشە لە دەمی دەردێت، کەچی هێندە گەورە کراوە لەناویان، دەڵێیت حەیفە ئەوە خەلاَتی نۆبلی وەرنەگرتووە.

جا بینە بەرچاووی خۆت سەید قوتب بەو باگراوەندە دەوڵەمەندەی خوێندنەوە و نووسینەوە، بێتە ناو دنیای نووسینی ئیسلامی، چۆن نایفرێنن بە ئاسمانا؟!
چەندە ئیسلامییەکان پێویستیان بە قەڵەمێکی وەك سەید قوتب بوو، سەیدیش دوو هێندە پێویستی بەو بایەخە و ئاوڕلێدانەوەی جەماوەر بوو، ئەو ئاوڕ و بایەخەی کە لە دنیای ئەدەبدا بە دەستی نەهێنا، وەك فاشیلێك لە بواری نووسینی ڕۆمان وچیرۆك و شیعر و هەتا وتار و ڕەخنەی ئەدەبیش، مامەڵی لەگەڵ دەکرا. پێویستی بە تۆڵەسەندنەوە هەبوو بۆ کەرامەتی ڕژاوی.

## پێنجەم: عەقاد وەك هۆكارێكی سەرەكی بۆ وەرچەرخانی سەید قوتب بەرەو ئیسلامی سیاسی!

گەورەترین هۆكاری دووركەوتنەوەی سەید قوتب لە عەقاد و دابڕانی سەرتاسەری لەگەڵ ئەدەبدا، فەرامۆش كردنی عەقاد بە تایبەتی و كەڵە نووسەرانی ئەو سەردەمە بوو بۆ سەید قوتب، وەك پێشتر ئاماژەم پێكرد.

وەك نزیكەكانی عەقاد دەڵێن نووسەری گەورە عەقاد، قەت سەید قوتبی بۆ قوت نەدەدرا، سەرەڕای خۆشەویستی وبەرگری سەید لێی! سەید قوتب لای "سلێمان فیاض" ی نووسەر دانی پێداهێناوە كە خەمێكی زۆری خواردوە، كاتێ عەقاد ڕەتیكردۆتەوە پێشەكی بۆ كتێبی: "التصوير الفني في القرآن الكريم ." سەید بنووسێ!

هەتا سەید لە نووسینێكیدا لە وەڵامی احمد امين دا دەڵێ: خەمێكی زۆری خوارد وتاڵاوی لە دڵیدا كرد، چونكە عەقاد و ئەدیبە گەورەكانی ئەو سەردەمە ڕەتیان كردەوە ستایشێك دەربارەی كتێبی "التصوير الفني في القرآن الكريم." بنووسن، سەرەڕای بەرگری بە ڕۆح وگیانانەی سەید لە عەقاد!

بەڕای من ئەوە هەڵەیەكی كوشندەی عەقاد بووە، بە تەواوی نازانم هۆكارەكەی چییە، بەڵام ڕەنگە وەك هەندێ دەڵێن ترسی ئەوەی هەبوو بێت سەید قوتب لەو شوهرەت زیاتر بە دەست بهێنێ، ئەگەر ئەو زیاتر بە خەڵكی بناسێنێ! هەرچەندە من باوەڕنا كەم ئەوە هۆكار بێت.

عەقاد كە توابوەوە لەناو توراسی ئیسلامیدا، دەزانێ بوونی قوتابی زیرەك چەندە گرنگە بۆ گەورەبوون وناوداربوونی مامۆستا! بۆ نمونە باسی فەقیهێكی گەورە دەكرێ وەك الليث بن

سعد، کە دەڵێن لە زۆربەی خاوەن چوار مەزهەبەکەی ئیسلامی سوونی بلیمەتتر بوە، بەڵام بە چارەگی ئەوان ناودار نەبوو و خەڵك شوێن مەزهەبەکەی نەکەوتن، ئەو لە مالك بن انس زاناتر بوو، بەڵام قوتابیەکانی هەڵنەستان بە تۆمارکردنی فیقهەکەی و برەوپێدانی وەك ئیمامی شافیعیش دەڵێت: لەیسی کوڕی سەعد لە مالیك فەقیهتر بوو بەڵام هاوەڵەکانی هیچیان بۆی نەکرد! [اللَّيْثُ أَفْقَهُ مِنْ مَالِكٍ إِلاَّ أَنَّ أَصْحَابَه لَمْ يَقُوْمُوا بِهِ]

لەبەر گرنگی ئەو باسەی نێوان عەقاد و سەید قوتب، پێمباش بوو تەواوی بەشی داهاتووی بۆ تەرخان بکەم.

# بەشی چوارەم

## پەیوەندی سەید قوتب بە عەقاد و قوتابخانەی عەقادەوە

### عەقاد وەك یەكەم مامۆستای فیكر و ئەدەبی سەید قوتب!

ئاشكرایە كە سەید قوتب یەكێ لە دڵسۆزترین قوتابیەكانی عباس محمود عەقاد بوو، بە شانازیەوەش باسی ئەو قوتابی بوونەی خۆی دەكرد، تا ڕادەی دەمارگیری دەمارگیر بوو بۆ عەقاد!

هیچ وتارێك و لێكۆڵینەوەیەك و كتێبێك نەبوو هی عەقاد بێت وسەید نەیخوێنێتەوە!
دەیەها وتاری لەسەر نومایش و خستنەڕووی كتێبەكانی عەقاد نووسی، لە زنجیرەی عەبقەریاتی و شعر و لێكۆینەوەكانی وەك عرائس وشیاطین و هذه الشجرة كە دەربارەی ئافرەتە!
بەڵكو سەید عەقادی بە خاوەن قوتابخانەیەك دادەنا، و هەوڵی دەدا ڕوخسار و پێگەكانی ئەو قوتابخانەیە دەستنیشان بكات، وبرەوی پێ بدات لەناو نێوەندی ئەدەبی وفەرهەنگی میسری و عەرەبی بە گشتی.

سەید دەربارەی ئەو قوتابخانەیەی عەقاد دەڵێت:" قوتابخانەیەكە لە ئەدەب، هەروەها قوتابخانەیەكە لە ژیان، قوتابیانی تێدا لەسەر نەریتێكی ڕوون وئاشكرا، و بەرنامەیەكی ڕاشكاو پێك دەگەن، تیایدا مانا وتەفسیرێكی دیاریكراو دەدۆزنەوە بۆ ژیان و هونەر، جۆرێك لە هەستكردن، و ڕەنگێك لە بیركردنەوە، و شێوازێك بۆ گوزارشكردنی تێدایە، بەڵكو

سەرەڕای ئەوانەش جۆرێك لە بنەما کانی لۆژیك و ڕەفتاری تێدایە، هەروەها هەڵسەنگاندنی شتەکان و کەسەکان، ڕووداوەکان وکارەکان.
ئەو قوتابخانەیە دامەزراوە، سیفاتەکانی ئاشکرا و ڕاشکاوە، ڕەخنەگر هیچ ئەرکێك ناکێشێ بۆ دۆزینەوەی ناونیشانێکی ئاشکرا بۆی، کە گوزارش بکات لە گەورەترین ناونیشان: قوتابخانەی لۆژێکی زیندەگی الحیوي..مەبەست لە زندەگی ژیان و زیندووییە...."[١٣]

سەید وەك شعری غەزەلیات بە باڵای عەقادی هەڵدەدا، و دەیگووت ئەو پیاوە هەر کۆڵەگەیەکی ئەدەب و زمانی عەرەبی نییە، بەڵکو ئاگادارە بە هەموو ئەوەی وەردەگێڕدرێت بۆ عەرەبی لە زمانە بێگانەکان، لە چیرۆك و ڕۆمان و شیعر و لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژیە نوێکان: وەك تیۆرەکانی عەقڵی پەنهانی، و شیکردنەوە دەروونییەکان و ڕەفتارەکان. چەندین لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و زانستی بایۆلۆژی وەك تیۆرەکانی داروێن، هەروەها لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی ڕووناکی لە سروشتدا و تیۆرەکانی ئاینشتاین و ڕێژەیی، شیکردنەوەی ئەتۆم و پەیوەندی بە تیشکدانەوە."

[١٣] (1) مجلة الرسالة ، السنة الثانية عشرة ، مج٢، ع٥٥١، ١٩٤٤، ص٩١.

# سەید قوتب: من دەمارگرژم بۆ عەقاد!

وەك هەمیشە سەید باوەڕی بە شتێ با، زۆر دەمارگرژانە بەرگری لێدەكرد، و دەربارەی عەقاد دەڵێت:

"من نكوڵی لێنا كەم كە من زۆر بە غیرەم لەسەر ئەو پیاوە، زۆر دەمارگرژم بۆی، لەبەر تێگەیشتنی دروستم بۆ ئەدەبەكەی، و قەناعەتی قووڵم بە فیترە وسروشتی، هەرگیز ئەو هەڵوێستەم بە وشكبوونی جاروباری پەیوەندی كەسایەتیمان كاریگەر نابێ"
زیادەڕەوی سەید قوتب لە عەقاد، دەگاتە سنورێك كە كاتێ احمد شوقی میری شاعیران دەمرێ، ئەدیبی گەورە تەها حسێن، ویستی لەو بۆنەیە ڕێز بۆ عەقاد بنوێنێ، و نازناوی میری شاعیرانی لێنا پاش مەرگی احمد شوقی، سەید قوتب ناڕازی بوو بەو نازناوە و گووتی: بەڕای من ئەو نازناوە لایق نییە بە عەقاد! چونكە ماوەی نێوان عەقاد و شاعیرەكانی عەرەب لەو سەردەمەدا، فراوانترە ودوورترە لەو ماوەیەی لە نێوان خەڵكی بازاڕی و میرەكان! لەوانەیە نووسەری وا هەبێ لە ئاستی عەقاد نزیك بێ، بەڵام هیچ شاعیرێك لەناو عەرەب نییە لە عەقاد نزیك بێتەوە!"
ئەوە لە كاتێكدا بە ڕای ڕەخنەگرانی جیهانی عەرەبی و ڕای منیش وەك خوێنەرێكی جدی عەقاد، عەقاد نووسەرێكی زۆر گەورە ومەزنە، بەڵام شاعیرێكی هێندە پەسندكراو نییە و شیعرەكانی زۆر كەئیب و بێ گیانن، بەڵكو كەم كەسیش دەزانێ هەر شاعیر بوو بێت.!

## سەید قوتب:عەقاد لە شاعیرە خۆرئاواییەکانیش شاعیرترە!

سەید بەوەندەش ناوەستێ عەقاد پەسند بدات لە شیعردا بەسەر هەموو شاعیرانی عەرەب، بەڵکو دەڵێ حوکمی من لە پەسندانی عەقاد هەر لەبارەی شاعیرانی عەرەب نییە، بەڵکو دەقێکی شیعری زۆری بە عەرەبیکراوی شاعیرانی خۆرئاوا لە ژێر دەستمدایە لە نمونەی بایرن و شیلی و ئەلفرێد دی موسێ و فکتۆر هۆگۆ، ئەو لایەنە جوان و ڕەسەن و ڕاستگۆیانە نابینم کە لە غەزەل وشیعرەکانی عەقاد بەگشتی دەبینم"[١٤]

**علی شلش دەڵێ سەید ڕێزێکی زۆری لە عباس محمود العقاد والمازنی و تەها حسێن وتوفیق الحکیم دەنا، بەردەوام لەسەر کتێبە نوێکانی دەنووسین، بەڵام ئەوانە بە پێچەوانەوە، بە تەواوی کتێبەکانی سەید قوتبیان فەرامۆش کرد، هیچ بایەخێکیان پێ نەدا، ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ سەید قوتب کە یاخی بێت لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی وشیعر ورۆمان، و هەتا لە خودی ئەو نووسەر وئەدیب و بیرمەندانەش! هەر لەبەر ئەو هۆکارەش ڕووەو نووسینی ئیسلامی هەنگاوی نا!**

من پێموایە عەقاد هۆکارێکی گەورەیە، لە دوورکەوتنەوەی سەید قوتب لە ئەدەب و هەتا لە بیری لیبراڵیەتیش. چونکە سەید قوتب دەیان شەڕی لەسەر عەقاد کردبوو بە نووسین وبەرگری لە قوتابخانەی شیعری عەقاد [الدیوان] دەکرد، کە لەگەڵ شاعیر وئەدیب ئیبراهیم مازنی دایمەزراندبوو، هەتا جارێکیان لەگۆڤاری الرسالة ساڵی ١٩٤٤ نووسی: "من نکوڵی ناکەم کە زۆر غیرەم هەیە لەسەر ئەو پیاوە [عەقاد] و زۆر دەمارگرژم بۆی، لەبەر

---

[١٤] https://pulpit.alwatanvoice.com/articles/2011/11/09/242145.html
أثر عباس محمود العقاد في سيد قطب ومنهجه بقلم:هدى قزع

تێگەیشتنی ڕاست ودروستم بۆ ئەدەبەکەی، قەناعەتی قوولم بە سروشتی ئەو ئەدەبە، ئەو هەلوێستەشم هیچ کاری تێنا کا، هەتا جاروبار پەیوەندی کەسێتیمان ساردیشی تێکەوێ"

سەید قوتب هێندە بە دلسۆزانە بەرگری لە عەقاد دەکرد، ڕەنگە لە کاتی نزیکی عەقاد لە حزبی الوفد، بەرگری وستایشی سەید ئاسان بووبێ لە عەقاد، کاتێ عەقاد خۆشەویستی گەورەترین حزبی حاکمی ئەو سەردەمە بوو، ڕەنگە زۆر دەرگاشی بەسەر سەید کردبێتەوە، بەلام کاتێ عەقاد لە حزبی الوفد یاخی بوو، دژایەتی عەقاد گەیشتە ڕادەیەك، زۆربەی میدیای وەفد و میسر بەگشتی خۆشیان لە عەقاد نەدەهات! لەو کاتانەش سەید قوتب هەر پشتگیر و پشتیوانی عەقاد بوو، وەك خۆی دەلێ ئەو پشتیوانیەشی لە عەقاد ببوە هۆی ڕق و قینەی بەرپرسانی لە وەزارەتی المعارف، کە سەید لەوێ کاری دەکرد، هەروەها ڕق و قینە وبایکۆتی زۆربەی ڕۆژنامە وگۆڤارەکانی ئەو سەردەمە، کە دژی هەر بابەتێکی پۆزەتیڤ بوون لەسەر عەقاد بنووسرێ.

## هەلگەڕانەوەی سەید قوتب لە عەقاد!

بەلام بەداخەوە عەقاد، ئەو عیملاقەی فیکر بەردەوام بوو لە فەرامۆشکردنی سەید قوتب، بە شێوەیەکی زۆر لوتبەرزانە و ناحەکیمانە، تا لە ئاکامدا سەید قوتبیش، کەرامەتی ڕوشاوی وروژا، و دوورکەوتەوە لە عەقاد وهەتا لە ئەدەب وشیعریش! دەستی کردە ڕەخنە نووسین لەسەر شیعرەکانی عەقاد، و گووتی ئەو پێشتر لە شیعر تێنەگەیشتبوو، تازە ئەو دوو سالەی ئەخیر تێگەیشتوە کە شیعر دەبێ چۆن بێ!

**لێرەش زیادەڕەویەکی تری سەید قوتب دەردەکەوێ، چونکە لە موریدێکی تەسلیم بووەوە، وکە هەتا ڕازی نابێت نازناوی میری شاعیرانیشی بدەنە پال عەقاد، چونکە شاعیران لە ئاست عەقاد وەك خەلکی ڕەشۆکین، و عەقاد لە بایرن وشیلی و فیکتۆر هۆگۆش شاعیرترە،**

**بۆ ئەو رادەیەی کە شیعری عەقاد بێ ڕووحە و زیندانکراوی ناو چەند قالب و داڕێژگەی وشکن! ئەوە زیادەڕەوییە بێگومان، وەك چۆن ستایشەکانیشی هەر زیادەڕەویان تێدا بوو، ئەگەر نا وای لێنەدەهات هێرشی بۆ سەر عەقاد بگاتە ئەو ڕادەیەی بڵێ عەقاد و هاوڕێیانی کرێ گرتەن و تەنها لە پێناو پارە وناوداری دەنووسن، دەست وپێوەندی تاغوتەکانن!**

**لە کتێبی: مذكرات سائح في الشرق العربي، أبوالحسن الندوي، هۆکارێکی تری دوورکەوتنەوەی سەید قوتب لە عەقاد باس دەکات، کە ڕەنگە هەر بیانوو بێت، دەڵێت سەید قوتب لە ساڵی ١٩٥١ پێی گوتوە:**

"دەروونم هەمیشە ڕووەو ڕوح و بابەتە پەیوەستەکانی بووە، من لە منالّیەوە عاشقی خوێندنەوەی هەواڵی پیاوچاکان وکەراماتەکانیان بووم، ئەو سۆزە بەبەردەوامی لە دڵم گەشەی دەکرد لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا. ئوستاد عەقادیش پیاوێکی فکری ڕەها بوو. ناڕوانێتە بابەتێك و لێی ناکۆڵێتەوە تەنها لە ڕێگای فیکر و عەقڵدا. بۆیە تێنوتی خۆم شکاند لە کانیاوی تر، کە نزیکترن بۆ ڕوح. ئینجا بایەخم دا بە توێژینەوەی شیعری ڕۆژهەڵاتیەکانی وەک تاغور وئەوانیتر."

ئینجا ڕەخنەیەکی تریش لە عەقاد دەگرێت سەبارەت بە هەڵوێست لە دەسەڵات وبەرژەوەندی کەسی ودەڵێت: " من وامدەزانی کە یەکێکی وەک عەقاد بەو عەقڵە گەورەیەوە، و بەو کەسایەتیە مەزنەوە، ملکەچی پێویستیەکان نابێتەوە، وەك حکومەت و دەسەڵات، بەڵام دیم لەگەڵیان لە ئاشتیدایە!"[١٥]

---

[١٥] "إني كنت أعتقد أن مثل العقاد في عقله الكبير، وشخصيته العظيمة، لا يخضع للضرورات والملابسات، كالحكومة والسلطة، ولكنه سالَمَها."

پاش چوونی سەید بۆ ناو ئیخوانیش هێندەیتر نێوانی عەقاد وسەید قوتب خراپتر بوو، چونکە عەقاد زۆر ڕقی لە حسن بەنا و ئیخوان بوو، هەتا دەیگووت بەنا جوولەکەیە و ئیمپریالیزم دروستی کردوە بۆ تەفرەقە نانەوە لە نێوان موسڵمانان[16]، هەتا سەید قوتبیش لە ژێر کاریگەری عەقاد کاتی خۆی ڕقی لە بەنا بوو و ناوی لێنابوو حسن سەباح، کە سەرکردەی فیدایيە تیرۆرستە حەشاشەکان بوو.

عەقادیش سەرەڕای ئەوەی سەید قوتب زوو زوو ڕەخنەی لێدەگرت، بەڵام خۆی لێی فەرامۆش دەکرد وهیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە، عەقاد هەر بە چاوی قوتابیەکی بچوکی خۆی لە سەید قوتبی دەڕوانی، نە لە سەردەمی قوتابی بوون وموریدیدا ستایشێکی سەیدی کرد ویارمەتیەکی دا، نە لە دوای لێ هەڵگەڕانەوەیدا وڕەخنە لێگرتنیشی وەڵامی سەیدی دایەوە بە ناوهێنانی!

کە عەقاد زۆر پەست بوو لە سەید و تینی زۆری بۆ هات، وتارێکی ڕەخنەیی نووسی بە ناونیشانی: "إرادة الغفلة"، لە ١٩٤٦/٣/١٨ دەڵێن لە ڕەخنەی سید قوتبی نوسیوە. من وتارەکەم خوێندەوە[17] تیایدا دەڵێ ئەگەر دوو دووکاندار هەبوون لە شوێنێك، بابڵێین ناویان عەمر و زەیدە، ئەوەی ستایشی زەید بکات کە کەلوپەلەکانی باشە و سەرڕاستە، کەوابوو ناڕاستەوخۆ دەڵێ عەمر خراپە! عەقاد دەڵێ سەید کەوا دژایەتی سەرسەختی دیموکراتیەت دەکات، لەبەر چەند هەڵەیەکی دیموکراسیەت، یانی پشتگیری شیوعیەت دەکات ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێ!

---

[16] لە سەرەتای ئەو کتێبە باسێکی تایبەت بە لۆژیکی تۆمەتەکەی عەقاد بۆ حەسەن بەنای تێدایە.

[17] Attps://ar.wikisource.org/wiki/%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%A9_%D8%A7%D9%

عەقاد مەبەستی ئەوەیە ئەو دوو سیستم و ئەو دوو هێزە زاڵن بەسەر جیهان، سەید قوتب بە شێوەیەکی ئیرادی و ویستی خۆی، خۆی لە گێلی داوە، و بە ویستی خۆی رێگای بێ ئاگایی هەڵبژاردوە، کاتێ بە ناوی ئیسلامی دژایەتی ڕژێمی دیموکراتی میسر دەکات. کە دەبێتە هۆی بە هێزکردنی پڕوپاگەندەی شیوعیەت لەو سەردەمەدا! دوایی قسەکەی عەقادیش ڕاست دەرچوو، لە کاتێکدا لە سەردەمی شا فاروقدا، ڕۆژنامەی ئازاد و دەیان حزبی ئازاد و پەرلەمانێکی بە هێز و ڕەخنەی میدیایی بە هێز هەبوو، کە کودەتا کرا لەلایەن سووپا، هیچ شتێك نەما لە ڕەخنە وئازادی حزبی وسیاسی وپەرلەمان و میدیای ئازاد، هەتا سەید خۆشی بووە قوربانی ڕژێمی سەربازی نوێی میسر!

من دڵنیام کە سەید قوتب ئەگەر عەقاد کەمێك باشتر باوەشی بۆ کردبایەوە، وا لە نرخی کەمنەکردبایەوە هەتا پێی خەسار بێت پێشەکی کتێبی التصویر الفني في القران ی بۆ بنووسێ، هەرگیز ڕەنگە سەید ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی بەرەو ئیسلامی سیاسی نەدەکرد، ڕەنگە ئەدیب وبیرمەندێکی هاوسەنگی لێ دەرچووبا، کە هاوسەنگ با لە نێوان کۆن ومۆرندندا.

# گلەیی ورەخنەی سەید قوتب لە عەقاد و هاونەوەکانی!

من لە دەقێکی سەید قوتب هەستم بەو زامداریەی سەید قوتب کرد، کاتێ دەڵێ:

"لێم گەڕێن ئێستا بە ڕاشکاوی باسی ئەزموونی تایبەتی خۆمتان بۆ بکەم، کە ڕۆژێک تاڵاوی لە دەروونم کرد. لەبەر ئەو تاڵاوەش پێشتر لەسەریم نەنووسی، تا ڕوحم لێی پاك بوەوە، و تاڵاویەکەی نەما، بوە تەنها بیرەوەریەك، ڕەنگە پەندی لێ وەربگیرێ و سوودی هەبێ...

من موریدێك بووم بە هەموو مانای وشەی مورید، بۆ پیاوێك لە جیلی ئێوەدا، یەقینم هەیە دەیناسن [مەبەستی عەقادە]. من هاوڕێیەتی وراستگۆیی و خۆشەویستیم هەبوو بۆ کەسانی تریش لەو نەوەیەی ئێوە. من لەسەر بەرهەمەکانی هەمووتانم نووسی بێ هەڵاوێردن. بیروڕاتانم باسکرد، کتێبەکانتانم خستنە ڕوو، کارەکانتانم شیکردنەوە بەپێی توانام. ئینجا کاتی نۆرەی من هات... نۆرەم هات بۆ ئەوەی کتێب بڵاوبکەمەوە...بەڵێ نۆرەم هات...زۆر درەنگانێك، چونکە ویستم بەسەر منارەکە هەڵنەگەڕێم بێ پلیکانە، ولەسەرخۆ بم لە بڵاوکردنەوەی کتێب، تا هەست بە پێگەیشتنێکی هەقیقی دەکەم، ڕێگام پێ بدات لە بازاڕی کتێب بڵاوکەرەوەکان دەرکەوم... ئەمڕۆش من شوکری خوا دەکەم، کە پلانی ڕێگای خۆم بە خۆم کێشام سەربەخۆیانە، و بەکۆششی خۆم...مەزنێك دەستی نەگرتم، و ئوستادێك پێشەکەشی نەکردم بۆ خەڵك"!!![18]

ئەو گلەیی ورەخنەیە ئاڕاستەی هەموو هاونەوەکانی عەقاد کراوە تەها حسێن و توفیق الحکیم و تیمور و المازني وهتد...

[18] - مجلة الثقافة ، السنة الثالثة عشرة ، ع٦٦٣، ١٩٥١، ص٨.

# سەید و ڕووکردنە ئیسلامیات نووسی

وەك لەووپێش ئاماژەم پێدا، سەید لە ڕێگای خاڵیەوە چووە ناو بازنەی هەواداران و سەرسامانی عەباس عەقاد وبەردەوام ئامادەی ساڵۆنەکەی دەبوو. قوتب لەو ماوە هەر خەریکی ڕەخنەی ئەدەبی بوو، تا لە ساڵی ١٩٣٩ لە گۆڤاری المقتطف بابەتێکی ئەدەبی لەسەر قوڕئان بڵاوکردەوە بەناوی [التصوير الفني في القرآن].

لە پاش ئەو وتارە، لەو کاتەوە سەید ئاماژە بە زەرورەتی تەفسیرێکی نوێی قورئان کردوە! بۆیە پڕۆژەیەکی قورئانی جاڕدا بەناوی [مكتبة القرآن الجديدة.] لەو ڕێیەوە زۆر کتێبی دەرکرد لەسەر بواری هونەری قورئان، وەک التصوير الفني و مشاهد القيامة في القرآن وچەندین کتێبی تر.

ئێمە لەبەردەم مرۆڤێکین لە هەموو بوارەکانی نووسین شیعر و ڕۆمان وڕەخنەی ئەدەبی و ژیینامەش فەشەل دەهێنێ! نابێتە جێگای بایەخ و ستایشی ئەدیبان و ڕەخنەگرانی ناوداری ئەو کاتە، هیچ یەکێك لە نووسینەکانی نابێتە جێگای سەرنج و بایەخی خەڵك.

بەڵام کاتێ کتێبی یەکەمی لەسەر قورئان نوسی، وەک هەمیشە جەماوەرێکی زۆری ئیسلامی پێشوازیان لێیکرد، ئەویش وەک قەرەبووکردنەوەی لایەنەکانیتری نووسین، بە هەموو هێزیەوە بەرەو نووسینی ئیسلامی چوو، چونکە نووسەرە گەورەکانیتریش وەک محمد حسنين الهيكل و تەها حسێن و هەتا عەقادیش، لەو بوارەدا کاری زۆریان پێشکەش کردبوو، وسەرکەوتنی جەماوەریشیان بە دەست هێنابوو، کەوابوو بۆ ئەویش خۆی تاقینەکاتەوە لەو بوارە، بە تایبەتی کە جەماوەری ئیسلامی بە سروشت عاتیفین و شێوازی سەید قوتبیش وەک ڕەخنەگران دەڵێن نمایشکارانە و عاتیفیانەیە!

ئەوەبوو لە یەکەم کتێبدا سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەست هێنا قەرەبووی دەروونی فەشەلەکانیتری بۆ کردەوە، بۆیە نجيب مەحفوز لە "المرايا" دەڵێ لێیم پرسی کەی دەگەڕێیتەوە بۆ نووسینی ڕەخنەی ئەدەبی؟! دەڵێ بە گاڵتەوە وەڵامی دامەوە کە جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ ئەو جاهیلیەتە!

# بەشی پێنجەم

# ئایا سەید قوتب بیرمەندو نووسەرێکی گەورە بوو؟!

## ئایا سەید قوتب بیرمەند و نووسەرێکی مەزن بوو؟!

## ١

گەورەیی بیرمەند و نووسەر لە نووسینی داهێنەر دەردەکەوێت، داهێنان لە فۆرم و ناوەرۆکی ئەو بابەتانەی دەیاننووسیت، هەر کەموکورتیەك لە فۆرم یان ناوەرۆك دەبێتە هۆی لادانی لە پێوەرەی داهێنەران.

ئەگەر بڕوانینە نووسینە بەراییەکانی سەید قوتب، واتە نووسینی ئەدەبی وتار و ڕەخنە وشیعر و و ڕۆمان، یان ئەدەبیات بە شێوەیەکی گشتی، بۆمان دەردەکەوێت، کە سەید قوتب لەو نووسینانەدا، زیاتر لاسایی کەرەوەی ئەدیبە گەورەکانی وەك عەقاد و تەها حوسێن و کەسانیتر بووە، زیاتر لەوەی داهێنەر بێت. بۆیە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی وازهێنانی سەید قوتب لە نووسینی ئەدەب، هەستی بەوە دەکرد کە لە بواری ئەدەب ئەوەی بەدەست نەهێناوە کە خەون و ئامانجی بوو. هەستی بەوە کرد پاش بیست ساڵ لەو بوارەدا، نەیتوانی نزك بێتەوە لە ئاستی دوو نمونە بالاَکەی کە عەقاد و تەها حوسێن بوو. وەك حلمي النمنم دەڵێت زۆربەی نووسینەکانی بە پلە یەك ئینفیعالی و ئینشائی بوون!

# ڕۆمانی [أشواك]

ئەگەر بە ڕۆمانی أشواك دەست پێبکەین کە لە ساڵی ١٩٤٧ بۆ یەکەم جار بڵاوکرایەوە، قەتیش چاپ نەکرایەوە، هەتا لەلایەن ماڵباتی خۆیەوە فەرامۆش کرا، جارێکیتر چاپ نەکرایەوە.

ئەو نووسینە ئەگەر بشێ ناوی بنێین ڕۆمان، چونکە پەیڕەو لە هەموو بنەماکانی ڕۆمان ناکات، پێکهاتووە لە ١٤ بەش، چیرۆك و ڕووداوەکان لە بەشی نۆیەم کۆتایی دێت، پێنج بەشەکەی تری لەسەر شێوەی وتارە ڕەخنەییەکانی، تەرخانکردووە بۆ لێکدانەوەی ڕۆمانەکە و ڕوونکردنەوەی شتە لێڵ و ناڕوونەکانی، ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانی، کە هیچ پێویستی بەو هەموو کۆششە نەبوو، چونکە دەبێ ئەو کارە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگری ئەدەب بەجێ بهێڵرێت .

ئەگەر ئەو کارەی سەید قوتب بەراورد بکرێت لەگەڵ هاونەوەکانی لەو کاتەدا بۆ نمونە نەجیب مەحفوز، کە لەو ماویەدا [بداية و نهاية و خان الخليلي و زقاق المدق]ی نووسیوە، هەست بە جیاوازیەکی گەورە دەکەیت لە ئاستی هونەری و ئەدەبی و تەکنیکی نووسینی ڕۆماندا. لەکاتێکدا ئەو ڕۆمانانەی نەجیب مەحفوز هێندە ناودار بوون هەمووی کرانە فیلم و وەرگێڕدران بۆ چەندەها زمانی زیندووی جیهانی، کەچی ڕۆمانی اشواك ی سەید قوتب کەوتە سەر ڕەفەی بیرچوونەوە، بەڵکو لەبیرکرا لەلایەن خودی ماڵباتی سەید قوتب و بەرپرسانی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە شەستەکانەوە.

لیکۆڵەر حلمي النمنم دەڵێ ناوەرۆکی ڕۆمانەکەی قوتب، دەکرا وەك کورتە چیرۆکێك پێشکەش کرابایە، بە زۆر بە شێوەیەکی ئینشائی لاستیك ئاسا درێژکراوەتەوە، بۆ ئەوە ببێتە ڕۆمان، ثیمەی ڕۆمانەکەش زۆر دووبارەیە، باسی گەنجێکی لادێی دەکات، ناوی سامی یە، دێتە قاهیرە بۆ خوێندن و کارکردن، کچێکی قاهیری شارستانی خۆش دەوێت، باگراوندی لادێیی پیاوەکە تووشی بەریەککەوتن دەبێت لەگەڵ ژینگەی شارستانی قاهیرە، کە نیمچە کراوەیە بە جۆرێك لە خۆپارێزیەوە .

گەنجەکە دەکەوێتە گومان لە ڕەفتار و هەستی کچەکە، دووچاری قەیرانێکی دەروونی قووڵ دەبێت، پاڵی پێوەدەنێ بۆ ئەوەی بە ئەنقەست کێشە و شەڕی بەردەوام لەگەڵ کچەکە بنێتەوە. خێزانی کچەکە هەستیان پێکرد، لێی دردۆنگ بوون. کچە قاهیریەکە لە پیاوەکە وریاتر و زیرەکتر و بەهێزتر بوو، زانی ناتوانن بەردەوام بن پێکەوە، پەیوەندیەکەی هەڵوەشاندەوە. پیاوە لادێیەکە زۆر ئازاری خوارد بە تێکدانی پەیوەندەیەکەیان، لە کۆتاییدا زانی هەمووی خەتای خۆی بووە، پەشیمانیەکی قووڵ دایدەگرێت کە ئەو کچە باشە و ئەو خێزانە میهرەبانەی لە دەست دا، کە وەك کوڕێکی خۆیان مامەڵیان دەکرد. لە کۆتاییدا کچەکە توانی ئەو قۆناغە تێپەڕێنێ، و بەردەوام بێ لە ژیانیدا، و ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکیتر پێکبهێنێ. کەچی سامی تێکشکا و بووە دیلی ئەو ئەزموونە دۆڕاوەی کە هەرگیز نەیتوانی تێیپەڕێنێت.

ڕاستیەکەی ئەو چیرۆکە کتومت چیرۆکی ژیانی سەید قوتبە، کاتێ لە لادێوە هاتە قاهیرە بۆ خوێندن و دوایش کارکردن لە وەزیفەیەکی حکومی، ئینجا کچێکی خەڵکی قاهیرەی خۆشویست و داواشی کرد، هێندەی نەمابوو هاوسەرگیریش بکەن، بەڵام لەبەر کێشەکانی نێوانیان ئەو پرۆسەیە هەڵوەشایەوە!

لەو ڕۆمانە قوتب هۆکاری جیابوونەوەکەمان پێ دەڵێ، ئەویش لەبەر بەریەککەوتنی باگراوندی لادێی خۆی بوو بە باگراوندی شارستانی کچەکە. وەك دەزانین لە زۆر لە ژینگە لادێیەکان، وا باوە بە چاوێکی سووك لە ڕووی ئەخلاقیەوە دەڕواننە خەڵکی شارنشین و بەها شارستانییەکانیان، بۆیە هەمیشە ئەو واعیز و بانگخوازە لادێیانە پەلەیانە بێنە شار، تا بە مەزەندەی خۆیان بەربگرن بە داڕمانی ئەخلاق و ڕەوشت و دین، بە ماوەیەکی کەم خەڵکێکی زۆری نیمچە شارستانییەکان دەوروژێنن و لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە، تا وردە وردە زۆربەیان پاش ناشارستانیکردنی خەڵکیکی زۆر بە دژی بەهاکانی لێبوردەیی وکرانەوە و چاوپۆشی لە هەڵەکان، خودی خۆیان دەگۆڕێن و دەبنە شارستانی لە بیرکردنەوەدا، هەندێکیشیان تا دەمێنن هەر وەك مژدەدەر بە بەهاکانی لادێ دەمێننەوە!.

تۆ بڕوانە هەتا حسن البنا و زۆربەی هەرە زۆری بانگخواز و دامەزرێنەرانی حزبە ئیسلامییەکان و مەلاکانی دەعوەی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامی و هەتا کوردستانیش، لە لادێوە هاتوون وەك فریادەڕەسێکی ئەخلاق و دین !

# لاسایکردنەوەی عەقاد لە ئەدەب و لێکۆڵینەوەدا!

تەلەفزیۆنی DMC لە فلمێکی دۆکیومێنتاری، کە دەربارەی سەید قوتب بەرهەمی هێناوە، نووسەر و ڕەخنەگر سید محمود دەربارەی زمانی ئەدەبی سید قطب لە ڕۆمانی أشواك و شیعر و هەر کارێکی تری ئەدەبی دەڵێت:

زمانی سەید قطب زمانێکی وشك و بێ گیان و تێکچڕژاوە، بە زمانێکی خەشەبی تەخت ئاسا دەچێ، چونکە زمانی یەقینە، لە کاتێکدا ئەدەب لەسەر گومان بنیات دەنرێ نەك یەقین .

نووسەر و ڕۆژنامەنووس احمد سمیر لە دۆکیومێنتاریەکە گووتی: هەر کەسێ ویستبێ ڕۆمانی أشواك بخوێنێتەوە، ناتوانێ تەواوی کات مەگەر بە زۆر لە خۆکردنێکی زۆر نەبێ، بەڵکو لە بنەڕەتدا بۆی تەواو ناکرێ، هەندێ کە دەیخوێننەوە، تەنها لەبەرئەوەی سەید قوتب نووسیتی بۆیە دەیخوێننەوە، چونکە لە نەزەریان شتێتری گرنگی نووسیوە. هەروەها ئەحمەد سەمیر گووتی: هەموو ئەوانەی قسەیان لەسەر ئەو ڕۆمانە کردووە، یەك دەنگن کە ڕۆمانێکی لاوازە، هەتا خودی سەید قوتب یش دەیزانی لاوازە، قەت بیری لە نووسینی ڕۆمانێکیتر نەکردەوە.[١٩]

حلمی النمم و ڕەخنەگرانی تریش پێیانوایە ڕۆمانی اشواك ی سەید قوتب لەسەر شێوازی ڕۆمانی سارة ی عەقاد نووسراوە، بەڵام نە ئاستی فەرهەنگی و قووڵی عەقادە، و نە لە ئاستی هونەری و تەکنیکی ڕۆمانەکەی سارة یە، کە ڕۆمانێکە پڕاوپڕ لە تێڕامانی دەروونی

[١٩] elwatannews.com فيلم وثائقي عن "سيد قطب".. اقتبس روايته الوحيدة "أشواك" من العقاد - الوطن

و مرۆیی قووڵ لە خوو و ڕەفتار و ڕەوشتی مرۆڤەکان، کەچی ڕۆمانی أشواك خەریکی قەبەکردنی زاتی قارەمانی ڕۆمانەکەیە، و پڕیەتی لە خۆستایشکردن و گرنگی و بایەخدان بە وردەکارییە دەروونیەکانی، هیچ ڕووداوێکی ناوازە و گەورە لە ژیانی سامی و خۆشەویستەکەیدا نییە، واتە ڕۆمانە هەژار و نەدارە بە ڕووداو، بۆیە کارێکی لاواز و ئاست نزمە لەسەر ئاستی دەروونی و هونەریدا. ئێمە لەبەردەم پیاوێکین کە قارەمانی ڕۆمانەکەیە خاوەن کەسایەتیەکی قەیراناوی و دەروونێکی تەنگژەدارە لە یەکەم ساتی ڕۆمانە تا کۆتایی، بێ ئەوەی بزانین هۆکاری ئەو تەنگژەیە دەروونیە چییە و بێ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردن و تێپەڕدانی بدات[20].

[20] سەرنج: ئەو بەشانە بە پلە یەك پشتیان بەستووە بە بەشی چوارەمی کتێبی [سید قطب سيرة التحولات] لە نووسینی حلمي النمنم، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەیتریش، بە کەمێ دەستکاریەوە. ٢٠٢٢/١٠/٢٩

# ٢
# کتێبی [کتب و شخصیات]

لە کتێبی [کتب و شخصیات] یش سەید قوتب لاسایی کتێبی [بین الکتب و الناس] ی عەقاد دەکاتەوە، لە لاپەڕە ٢٩٨ بە ناونیشانی دراسة الشخصیات بین العقاد و هیکل و طه، ستایشی ڕێچکەی عەقاد دەکات، لە توێژینەوەی کەسایەتیەکان و پەسندی دەکات بەسەر حسین هیکل و تەها حسێن، دەڵێت عەقاد لەو بوارە داهێنەرە، ئەوانیتر داهێنەر نین، لەسەر ڕێچکەی کۆنی ابن هیشام و ابن سعد و الطبري و ابن کثیر دەڕۆن، بەڵام عەقاد وێنەی کەسایەتیەکان دەکات و کلیلی کەسایەتیەکان دەداتە خوێنەرەکانی!

هەروەها لەو کتێبەدا سەید قوتب باسی هەندێ لەو کتێبانە دەکات کە خوێندوویەتیەوە لەگەڵ باسی نووسەرانی، وەک تەها حوسێن و توفیق الحکیم و مازنی و عزیز ئەبازە و خلیل هینداوی و نجیب مەحفوز و عادل کامل و محمود تیمور و عبدالحمید جودە السحار و چەندینی تر دەکات. لە بەشێکی بە ناونیشانی جیهانی شیعر بە تایبەتی کردووە بە باسکردنی شیعری عەقاد.

وهەروەها باسی هەندێ لەو کەسایەتیە ناوەارانە دەکات کە ناسیونی یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناسیونی لە ڕێگای نووسینەکانیانەوە یان هاوچەرخبوونی لەگەڵیان.

# کتێبی [طفل من القرية]

کتێبی طفل من القرية، کە ژینامەی خۆیەتی، بە دانپێهێنانی خۆی لەسەر نەخشەی ژینامەی تەها حوسێنی [الايام] نووسراوە، لاسایی تەها حسێن بوو، بەڵام وەک هەر کتێبێکیتری بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرا، وتۆمەتبارکرا بە زیادەڕەوی ودەرچوون لە ئامانجی ژیینامە، و تێکردنی تەفاسیلی دووردوودرێژی وا کە هیچ پەیوەندیان بە ژیننامەوە نییە! سەرەڕای ئەوەی ئەو ژیننامەیەی پێشکەشی تەها حسێن یش کرد، بەڵام تەها حسێن ئاوڕی لێ نەدایەوە، لە پێشکەش کردنەکەی کە لە ١٩٤٥/٧/١ نووسراوە دەڵێ:

"پێشکەشە بە خاوەنی کتێبی الايام...دکتۆر تەها حسێن بەگ.

گەورەم ئەو کتێبەم ڕۆژانێکە وەك ڕۆژانی تۆ، منداڵێك لە گوندێکدا تیایدا دەژیێ...."

هەتا ڕۆمانی المدينة المسحورة ی سەید قوتب ئیلهامی لە کتێبی الف ليلة و ليلة ی ناودار وەرگرتووە، بەڵام لەپاش ئەوەی تەها حوسێن ڕۆمانی احلام شهرزاد ی بڵاوکردەوە کە ئیلهامی لە الف ليلة و ليلة ی وەرگرتبوو! کەوابوو کوا داهێنان لەو سێ هەولەدا؟!

# گواستنەوە بە پچڕاوی و بێ سەروبەری!

سەید لە زۆربەی کتێبە ئیسلامییەکانی ناگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ئەسڵیەکان، زۆربەی کات پشت بە سەرچاوەیەکی دەستی دوو و لاوەکی دەبەستێ، یان پشت بە کتێبێکی دیاریکراو دەبەستێ، دەیان لاپەڕەی لێ دەگوازێتەوە. ئەگەر ئەو کارەی لەگەل سەرچاوە بێگانەکانیش کردبا هەر دەکرا بۆی پینە کەین، بەڵام تۆ باشترین عەرەبی زان و ڕەخنەگری ئەدەبی عەرەبی بیت، کەچی نەگەڕێتەوە سەر سەرچاوە ڕەسەنەکان، بەراستی ئەوە کەموکورتیە.

**حلمي النمنم نووسەری کتێبی [سید قطب سیرة التحولات] دەڵێت " ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زۆربەی کتێبەکانی سەید قوتب بۆ ئەوەی بەرهەمی خۆی و ئەوەی خەڵک جیا کەینەوە، دەتوانین بڵێین: پێشەکی و کۆتایی و بەستنەوەی نێوان بڕگەکان بە ڕستە و دەستەواژەی ئینشائی، هی ئەوە کە شتێکی ئەوتۆ ناخاتە سەر ئەو بیروڕایانەی گواستویەتیەوە، هیچیش بۆ خوێنەر زیاد ناکات[21]".**

# کتێبی [نحو مجتمع إسلامي]

لە کتێبی نحو مجتمع إسلامي، بەشی یەکەم بە ناونیشانی «المستقبل للإسلام» پشتی بەستووە بە وتەیەکی برتراند ڕاسل، فەیلەسوفی ئینگلیزی ناودار، دەربارەی کۆتایی هاتنی سەردەمی باڵادەستی پیاوی سپی، دەڵێ ڕاسل دەڵێ: ئەو سەردەمەی پیاوی سپی تێدا باڵادەست

[21] وإذا عدنا – فعليًا – إلى معظم كتب سيد قطب لنحدد ماذا له منها وماذا للآخرين، لقلنا: له المقدمات والنهايات والربط بين الفقرات بجمل وعبارات إنشائية، لا تضيف الكثير إلى القارئ، ولا إلى الأفكار التي قام بنقلها.

بوو کۆتایی هات، و مانەوەی ئەو بالادەستیە یاسایەك نییە لە یاساکانی سروشت. پێوایێ پیاوی سپی هیچیتر ڕۆژگارێکی ئاسوودە بەڕێناکات کە لە ماوەی چوار سەدەی رابردوو بەسەریدەبرد.

سەید قوتب جەخت دەکاتەوە لەسەر راست و دروستی ئەو پێشبینییە، هەموو خەون و ڕادیتنەکانی لەسەر ئەو پێشبینییە بنیات نابوو، کەوا شارستانیەتی ئەوروپا و خۆرئاوا دەڕووخێت و ئیسلام جێگای دەگرێتەوە.

ئەو وتەیەی ڕاسل لە ڕۆژنامەی الاهرام ی ژمارە ٩ی ئۆگستوسی ١٩٥١ بلاوکرایەوە، بە ناونیشانێکێ رۆژنامەگەری چەواشەکەر وروژێنەر لە یەکەم لاپەڕەدا بە ناونیشانی:

**سەردەمی پیاوی سپی کۆتایی هات!**

سەید قوتب کەوتە ژێر کاریگەری ناونیشانەکە و تەنها بەشی کۆتایی لە هەواڵەکەدا گواستەوە، ئەوەی بە ئامانجی دەخوارد، باقی هەواڵەکەی فەرامۆش کرد، چونکە ڕیسەکەی لێدەکردەوە خوری!

بەوەش نەوەستا، بەلکو لە چەندین کتێبی ئەو بیرۆکەیەی دەگووت و دەجوویەوە تا سنووری بێزارکردن! جگە لە کتێبی «نحو مجتمع إسلامي» سەید قوتب باسی ئەو بیرۆکەیەی لە کتێبی «المستقبل لهذا الدين» و «معركة الإسلام والرأسمالية» یەش کردووە!

ناوەرۆکی هەواڵەکە دەلێت ڕاسل پێیوایە رۆڵی پیاوی سپی لە ئاسیادا بەرەو کۆتاییە و لە پاشەکشە دایە، دەڵێ " ڕووسەکان تەنها ئەو پیاوە سپیانەن، کە توانای بلاوکردنەوەی هەژموونی هێزی خۆیان هەبێ لە ئاسیا" لە سیاقی هەوالەکە، دیارە کە ڕاسل هۆشداری

دەدایە پاشەکشەی سەربازگەی سەرمایەداری لەبەرامبەر سەربازگەی سۆشیالیستی، ئەوەش لە گەرمەی شەڕی ساردی نێوان ئەو دوو زلهێزە بوو، کە هەردووکیان بەرهەمی پیاوی سپی ئەوروپا بوون.

باقی هەواڵەکە لەسەر زمانی ڕاسل دەڵێت: " **گەلانی ئاسیا ڕقیان لە ئیمپریالیزمی سپی خۆرئاوایە، وادەزانن کەرملین هیچ ئامانجێکی ئیمپریالی نییە چونکە تاقیان نەکردۆتەوە، لە کاتێکدا چەندین سەدە و نەوە لە ژێردەستی پیاوی سپی خۆرئاوایی بوون، بۆیە زۆر ڕقیان لەو ئەزموونەیە.**
**لەبەر ئەوە پێوایە هیچ ئایندەیەک بۆ هەژمورنی خۆرئاوایی نییە لە ئاسیادا. بەڵام پێوابێ هیند دەتوانێ بە هارمۆنیەت بژی لەگەڵ جیهانی خۆرئاوایی دا."**

ئەوە هەقیقەتی قسەکانی ڕاسلە، سەید قوتب یان چەواشەکاری کردووە، لە شێواندنی قسەکانی یانیش بەڕاستی هەر هێندەی لێ تێگەیشتووە، کە لەهەر دوو حاڵەتەکەدا قوتب موستەهەقی ڕەخنە و سەرکۆنەیە لەبەر نەبوونی ئەمانەتی زانستی و چەواشەکردنی خوێنەرانی.

**جا بڕوانە لەو ئاستە نازانستی و ناپرۆفێشناڵەتیەی، لەو خوێندنەوەیە پچڕپچڕە و شێوێنەرەی، بچیت بەشێك لە دەقێك دەرکەیت، لێکدانەوەیەکی ئایدیۆلۆژی ئامانجداری بۆ بکەیت تا لەگەڵ ئاڕاستەی بیرکردنەوەت بگونجێت و لە زیاتر لە سێ کتێب بیڵێت و بیڵێیتەوە، کەچی دەقە رەسەنەکە نە لە دوور و نە لە نزیک پەیوەندی بەو بیرۆکەیەی نەبێت وەک خستمانە بەر چاوتان .**

وەک دەبینین دەرەنجام و پێشبینییەکانی دەربارەی پاشەکشەی شارستانیەتی خۆرئاوایی و ئیفلاسکردنی، سەرکەوتن و پێشکەوتنەوەی ئیسلام بەسەریدا نەهاتنە دی، تا ئەمڕۆش ئەو بیرۆکە نامۆیانە لای ئیسلامییەکان ئامادەیی هەیە، لەگەڵ ڕوودانی هەر قەیرانێك لە خۆرئاوا، دەست بە هات و هاوار دەکەن کە شارستانیەتی ئەوروپا بەڕەو ڕوخان دەچێت، و ئیسلام دەبێتە بەدیلی! کەچی تا دێت ئەو شارستانیەتە پێشتر دەکەوێ و خۆی نوێدەکاتەوە، زۆر لە بەهاکانیشی ئێستا بوونەتە جیهانی، وەک ئازادییەکان و دیموکراسیەت و خۆشگوزەرانی ئادەمیزاد، بەلکو زۆربەی گەلانی وڵاتانی ئیسلام، سەرەرای دژایەتی ئیسلامییەکانی بۆ دیموکراسیەت و عەلمانیەت، هەموو لە ناخەوە خەون بەوەوە دەبینێ ولاتەکەی وەک وڵاتانی ئەوروپا دیموکراتیەتی هەقیقی و مافەکانی مرۆڤی تێدا بێت.

ئەو کەمە ولاتە ئیسلامیيانەشی تۆزێ پێشکەوتوون، ئەزموونیان هەیە لە گەشەپێدان و هەڵسانەوە وەک مالیزیا و ئیمارات و تورکیا تا ڕادەیەك، لە ئەنجامی تەبەناکردنی سیستمی سەرمایەداری و عەلمەنەتکردنی دەزگاکانی وڵاتە. تورکیا سەرەڕای خۆ هەڵواسینی بە دین، کەچی خەونی گەورەی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپایە، زۆریش شانازی دەکات بە چوونی بۆ ناو ناتۆ، کە وەک سەگێکی پاسەوانی سنووریش مامەڵەی دەکرێت!

هەر لە کتێبی «نحو مجتمع إسلامي» ی لە بەشێکیدا بە ناونیشانی «طبيعة المجتمع الإسلامي» باسی سروشتی کۆمەڵگای ئیسلامی دەکات، لە هەلومەرجی سەرهەڵدانی بیری مارکسیزم، لە کۆمەڵگای ئەوروپیدا دەکۆڵێتەوە. لەو بەشەش بە تەواوی پشتی بە یەك سەرچاوە بەستووە ئەویش کتێبێکی راشد البراوي یە بە ناونیشانی «النظام الاشتراكي» لاپەڕەکانی ٧٠، ٧٢، ٧٩ و تا ل ٨٢، دوایی ل ٨٤ و ٨٥ پڕ دەکاتەوە بەو کتێبە!

سەید قوتب سوودی لە کتێبەکەی راشد البراوي وەرگرتووە بۆ سەلماندنی فەشەلی ڕژێمی سەرمایەداری، و بۆ هێرشکردنە سەر ڕژێمی مارکسیش، بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت، نەك بەو شێوەیەی راشد البراوي ئامانجی بووە لە نووسینی کتێبەکەیدا، کە زیاتر ڕەخنە بووە لە سیستمی سەرمایەداری، برەودان بووە بە سیستمی مارکسیزم.

چونکە نووسەری ناوبراو لەو کاتەدا نووسەرێکی مارکسی مەوسوعی بووە. بەو شێوەیە سەید قوتب دەستی بەسەر بەرهەم وکۆششی بەڕاوی داگرت، و بۆ ئامانجی ئایدیۆلۆژی خۆی بەکاری هێنا بە شێوەیەکی تەعەسوفی، وناونیشانی خۆی خستە سەر، تا لەگەڵ ئامانجی خۆیدا بێتەوە!

جارێکیتریش کتێبەکەی «النظام الاشتراكي» ی راشد البراوي بەکاردەهێنێتەوە لە کتێبی «دراسات إسلامية».[22]

[22] ٢٠٢٣/٧/٨

# کتێبەکانی سەید قوتب بە شێوازی کۆپی پەیست!

خەڵك دەڵێ ئەگەر حوکمڕانی وەك ئەوەی ئەو گەندەڵ و دز وتالانچیانەی کوردستانی باشوور بێت، دەتوانین سەد وڵاتی وا بەڕێوەبەرین، منیش دەڵێم ئەگەر کتێب نووسینیش وەک ئەوەی سەید قوتب وابێت، دەتوانین ڕۆژێ دوو کتێبی وا بنووسین!
لە پێشەکی کتێبی «نحو مجتمع إسلامي» بڕگەی دووەم، سەید قوتب نموونە بە دەقێك دەهێنێتەوە، دەڵێ لە «ج. هـ. دينسون» ی وەرگرتووە لە کتێبی «العواطف كأساس للحضارة» دەقێکی درێژە باسی هەلوەستەی شارستانی دەکات بەر لە دەرکەوتنی پێغەمبەری ئیسلام، هەمان دەق جارێکیتر دەردەکەوێتەوە لە هەمان کتێبدا بەلام ئەوجارە ناونیشانی کتێبەکە بە ئینگلیزی دادەنێت لە تەک ناونیشانە عەرەبیەکەی .
پێمان نالێ دەقەکەی لە سەرچاوە عەرەبیەکە یان ئینگلیزیەکە وەرگرتووە!
بەڵام دوایی بۆمان دەردەکەوێت، کە نموونەی بە هەمان دەق هێناوەتەوە لە کتێبی «العدالة الاجتماعية في الإسلام» ئەوجارەیان لە پەراوێزدا ناوی سەرچاوەی هەقیقی خۆی نووسیوە کە لە کتێبی «الإسلام والنظام العالمي الجديد» مەولای ئەمیری وەرگرتووە!
ئایا ئەوە چەواشەکاری نییە لە شوێنی وانیشانی خوێنەر دەیت کە دەقەکەت لە سەرچاوە ڕەسەنەکە وەرگرتووە، دوایی دەرکەوێ لە سەرچاوەیەکی دەستی دوو و لە کتێبێکی ترت وەرگرتووە، بێ ئەوەی بزانیت ئەو دەقە بە چ شێوەیەک و بە چ ئامانجێک وەرگیراوە؟[23]!

[23] ٢٠٢٢/١١/٢

# کتێبی [الاسلام و مشكلات الحضارة]

کارەکە هەر لەسەر گواستنەوەی بڕگەیەك و دەقێك ناوەستێ لە کتێبێك، بەڵکو لە هەندێ حاڵەتدا تەواوی کتێبەکە بە ناونیشانەوە بەکار دەهێنێت، دەیەها لاپەڕەی لێ دەگوازێتەوە، وەك کتێبی «**الانسان ذلك المجهول**» ی ئەلێکسی کاریل، کە شفيق اسعد فريد وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی. لە کتێبی «الاسلام و مشكلات الحضارة» دەیەها لاپەڕیی لێ دەگوازێتەوە، نەك ئەوە هەر ناونیشانی بەشی یەکەمی بەناوی کتێبەکە کردووە: الانسان ذلك المجهول!

پاش ئەوە دەست بە گواستنەوە دەکات لە لاپەڕە ٩ تا ل ١٢ بێ وچان، ئینجا کۆمێنتێکی خێرا دەنووسێ، بۆ ئەوەی دەست بە گواستنەوە بکاتەوە لە هەمان کتێب لە ل ١٣ وە بۆ ل ١٨ بێ وەستان! تۆزێ دەوەستێ بۆ ئەوەی کۆمێنت بدات لەسەر ئەو هەموو شتەی کە گواستوویەتەوە، بێ ئەوەی هیچ شتێك بخاتە سەر ئەوەی گواستوویەتەوە، یان سەرنجێکی هەبێت، یان ڕەخنەیەك، بەڵکو دووبارەکردنەوەیەکی ئینشائی کردووە بە شێوازی خۆی! ئینجا لە ل١٩ وە تا ل ٢٤ دەگوازێتەوە، پێنج لاپەڕە بە یەك نەفەس.

دوای ئەویش کۆمەڵێ ئایاتی قورئان دادەنێ وەك بەڵگە، خەڵک واباوە ئایەتێك یان بەشێ لە ئایەتێکی کورت بە بەڵگە بهێنێتەوە بە تەفسیرکردنەوە، بۆ سەلماندنی بیرۆکەیەك، بەڵام سەید تەنها ئایات بە کۆمەڵ ڕیز دەکات، بێ ئەوەی زۆر جار هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەبێ لە نێوان بابەتەکە و ئایەتەکان، مەگەر لە زیهنی خۆی ئەو پەیوەندییە هەبێت!

تەنها لە سورەتی البقرة لە ئایەتی ٢٩ وە تا ٣٤ دەگوازێتەوە، لە سورەتی النمل لە ئایەتی ٥ وە تا ١٦! لە سورەتی تەها لە ئایەتی ١١٥ وە تا ١٢٧، لە سورەتی النساء لە ٦٠ وە تا ٦٥، لە المائدة لە ٤٤ وە بۆ ٥٠!

ئینجا ئەو بەشەی کتێبەکەی کۆتایی پێ دەهێنێت، کە سەرلەبەری گواستنەوەیە لە سەرچاوەی تر، بێ ئەوەی بچوکترین کۆششی خۆی تێدا بێت، تەنها بەستنەوەی نێوان مادە گواستروەکە نەبێ، هەتا بیرۆکەی کتێبەکەش هی ئەلێکسی کاریلی خاوەن کتێبی الانسان ذلك المجهولە، باشە دەبێ ڕۆڵ و بلیمەتی سەید قوتب وەك نووسەرێك چی بێت لەو حالەتەدا؟!

## کتێبی [المستقبل لهذا الدین]

دیسان کتێبی «الانسان ذلك المجهول» دەردەکەوێتەوە لە کتێبی «المستقبل لهذا الدین» لە بەشێکی ئەو کتێبە لە ژێر ناونیشانی: «صیحات الخطر» ٩ لاپەڕەی تەواو دەگوازێتەوە لە کتێبی: الانسان ذلك المجهول ل٧٦ تا ل ٨٥، دوایی لە کتێبێکیتر بە ناوی «حرب أم سلام» ی نووسەر «جون فوستر دالاس» دەست بە گواستنەوە دەکات لە ل ٨٨ وە تا ل٩٦! بیرۆکەی ئەو کتێبە دەڵێت باشترین ئامراز بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مارکسیزم، پشت بەستنە بە کڵێسا بۆ بەهێزکردنی لایەنی ڕوحی مرۆڤ، دوایی دالاس مزگەوتیشی پەلکێش کردە ناو تیۆرەکەی، بۆ بەربەچدانەوەی شەپۆلی کۆمۆنیزم!

**ئێمە لێرەدا لەبەردەم نووسەرێك نین، بگەڕێتەوە بۆ کتێبێك یان سەرچاوەیەکی گرنگ، ئاماژەیەك لێرە، گوزارشێك لەوێ وەربگرێت، بەڵکو بەشێك یا فەسڵێکی تەواو لە کتێبی**

**«المستقبل لهذا الدين» بە شێوەیەکی حەرفی گواستراوەتەوە لە دوو کتێبی وەرگێڕدراو، ئەو گواستنەوە دوور ودرێژانە تانە لە هێزی بیرکردنەوەی نووسەر و ئەمانەتی زانستی دەدات.**

هەر لە کتێبی «المستقبل لهذا الدين» لەبەردەم بەشی سێیەم دەوەستین، بە ناونیشانی «انفصام الفكر» کە لە ل٢٩ تا ٥٨ داگیردەکات.

ئەو بەشە دەست پێدەکات بە گواستنەوە لە کتێبی «الله»ی عباس محمود العقاد ، دوایی لە نووسەری ئەمریکی «درایر» لە کتێبی «الصراع بين الدين والعلم» ل ٣٥ بۆ ٣٦ دەگوازێتەوە، لە پەروایێزدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە کتێبی نووسەری هیندی أبو الحسن الندوي «ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين؟» دەیگوازێتەوە، ئەو گواستنەوانە تا ل ٣٦ داگیردەکەن، دوایی ل ٣٧ پڕ دەکاتەوە بە کتێبی«فتح العرب لمصر» ی نووسەر ئەلفرێد بەتلەر، دوایی تا ل ٤٠ لە کتێبی «الدعوة إلى الإسلام» ی سێر توماس ئەرنۆلد دەگوازێتەوە، ئینجا لە ل ٤١ وە ت ل ٤٩ لە کتێبی الندوي ئاماژەپێکراو دەگوازێتەوە! لەوەو بەدواوە تا ل ٥٢ دەگوازێتەوە لە کتێبی «محاضرات في النصرانية» ی أبو زهرة، ئینجا لە ل ٥٢ وەوە دەست بە گواستنەوە دەکاتەوە لە کتێبی أبو الحسن الندوي «ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين؟» ئینجا کۆتایی بەو بەشە دەهێنێت بە کۆمێنتێکی خۆی!.

**لەو بەشەدا باسی مێژووی کەنیسەی ئەوروپی دەکات، لەو سەردەمەی کە ناسراوە بە چاخی تاریکی، و هاتنی سەردەمی ڕێنیسانس و شۆڕش بەسەر کلێسادا، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی سەرەکی مەسیحی ئەوروپی، بەڵکو هەتا نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەو سەرچاوە عەرەبیە تایبەتمەندانەش لەو بوارەدا، هاتووە هەموو مادەکەی گواستۆتەوە، تەنها لە چەند کتێبێکی نا تایبەت بەو بوارەوە، بێ ئەوەی هەرسی بکات، بزانێت باسی چی دەکات، وتەنها کاری گواستنەوە بووە! چۆن نووسەری بلیمەت و بە توانا تەنها کاری گواستنەوە دەبێت؟!**

# کتێبی [هذا الدين]

لە کتێبیکیتردا بە ناونیشانی «هذا الدين» چاپی صوت الحق، ساڵی ١٩٨١، جارێکیتر سەید دەست بە گواستنەوە دەکات لە کتێبی أبو الحسن الندوي «ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين؟» لە ل ٥٤ وە تا ل ٥٧. هەر لە بەشەکەی دوای ئەوەدا سەید قوتب دەست بەگواستنەوە دەکات لە کتێبی «ضحى الإسلام»ی أحمد أمين ل٦٨ و ٦٩ پڕدەکاتەوە. لە ل ٧٠ وە تا ٧٢ دەگوازێتەوە لە کتێبی «بناء الإنسانية» ی بریڤۆلت.

ناونیشانی کتێبەکە لە پەراوێزدا بە ئینگلیزی دەنووسێ، بەو مانایەی ڕاستەوخۆ لە کتێبە ئینگلیزیەکە وەریگرتبێت! تا دوایی بۆمان دەردەکەوێت کە نەگەڕاوەتەوە سەر ئەسڵی کتێبەکە، بەڵکو لە بیرمەند و فەیلەسوفی پاکستانی محمد اقبال وەریگرتووە لە کتێبی: «تجديد الفكر الديني في الإسلام».

لە کتێبی ئیقبال دەبێتەوە، دەست بەگواستنەوەی حەرفی دەکات لە کتێبی «الإسلام دين علم خالد»ی محمد فريد وجدي، لە سەرەتای ل ٧٢ تا کۆتایی ل ٧٤! بەشەکە بە دووسێ دێر لە ل ٧٥ کۆتایی دێت، بێ ئەوەی تەنها بیرۆکەیەکیش هی خۆی بێت!

# سەید قوتب و سێ کتێب بۆ کۆپی پێست کردن!

هەڵبەتە هیچ نەنگیەکی تێدا نییە نووسەرێ پشت بەستێتە سەر کتێبێ یا سەرچاوەیێ، بەڵام بۆ ئەوەی زانیاریەك یان بیرۆکەیەکی لێ بگوازێتەوە، بۆئەوەی پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیەی بکات کە دەیەوێ بیسەلمێنێ، بەڵام دەیەها لاپەڕەی لێ بگوازێتەوە بەدوای یەکدا، ئێمە لەبەردەم کرداری دزینی زانستی و پلەیجەریزم و تالآنی فیکری داین، هەتا ئەگەر ئاماژە بە ناوی سەرچاوەشی بکات. کاتێکیش ئەو هەموو لاپەڕانە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنێت لە سیاقێکی پێچەوانەدا، ئەو کاتە ئەمانەتی زانستی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە!.

## کتێبی [خصائص التصور الإسلامي ومقوماته]

لەکتێبی «خصائص التصور الإسلامي ومقوماته» هەمان بەزمی گواستنەوەیە لەکتێبەکەی سێر توماس ئەرنۆلد لە ل ١٤ تا ل٣٣، دیسان بازدەداتەوە بۆ کتێبەکەی نەدەوی «ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين؟» ل ٣٠ و ٣١ ی پێ پڕدەکاتەوە، ئینجا دەقێکی زۆری درایەر لە کتێبی «الصراع بين الدين والعلم» لە ڕێگای نەدەویەوە دەگوازێتەوە جارێکی تر !

ئەوەی لە هەمووی خراپترە ئەوەیە لەو کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی ڕەسەنی ئیسلامی کتێبی «طبقات الأمم» ی صاعد بن احمد الاندلسي، دڵمان خۆش دەبێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی عەرەبی ئیسلامی ڕەسەن بۆ جارێکیش بێ! کەچی زۆری پێ ناچی تا بزانین کە لە کتێبی «ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين؟»ی نەدەویەوە

گواستویەتەوە! باشە کەسێکی وا ئەدیب و ڕەخنەگری عەرەبی زانێکی وا گەورە، نەنگی نییە لە ڕێگای نووسەرێکی هیندییەوە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی عەرەبی؟!

هەر لەو کتێبە «خصائص التصور الإسلامي» بەشێکی تیایە بە ناوی «الربانية» دەکەوێتە نێوان ل ٤٥ بۆ ٧٤. دەست پێدەکات بە پێشەکیەک لە کتێبی «منهج التربية الإسلامية»ی برای محمد قطب، ئینجا دەست بە گواستنەوە دەکات بۆ جاری چەندەم لە کتێبی «الانسان ذلك المجهول» ئەلێکسی کاریل ل ٥٤ و ٥٥ پێ پڕدەکاتەوە!

ئینجا چەند دێڕێک وەك کۆمێنت دەنووسێ تا سەرلەنوێ دەست بەگواستنەوەی لاپەڕەکانی ٥٦ و ٥٧ و ٥٨ بکات، لە ل ٥٩ ش دەمان نێرێ بۆ کتێبێکیتری خۆی «الإسلام ومشكلات الحضارة» کە لە بنەڕەتدا پەرگەلێکی زۆری لە کتێبی «الانسان ذلك المجهول» گواستۆتەوە بۆ ئەو کتێبەی، تا نەڵێن هەمووی هەر هی کتێبی الانسان ذلك المجهول ئەلێکسی کاریلە! یانی بە دەستی دوو ئەو کتێبە بەکار دەهێنێت!

لە ل ٦٠ دەمانباتەوە بۆ کتێبەکەی نەدەوی، لە سەرەتای ل ٦١ تا ل ٦٧ یەك نەفەس دەگوازێتەوە لە کتێبی «الفكر الإسلامي في العصر الحديث وصلته بالاستعمار الغربي» نووسەر محمد البهي! دوایی دووسێ ڕستەی سواو وەك کۆمێنت دەنووسێت پاش ئەو هەموو گواستنەوەیە، وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ کرادری گواستنەوە، دیسان لە هەمان کتێب کە لاپەرەکانی ٦٨ و ٦٩ و ٧٠ و ٧١ی پێ پڕدەکاتەوە، ئینجا کۆتایی بەو بەشە دەهێنێ بە کۆمێنتێکی کورت! ئەگەر کتێب نووسین وا بێت، هەموومان دەتوانین ڕۆژانە کتێبێك بنووسین!

له بەشی داهاتووی کتێبەکەیدا بەردەوام دەبێت لە گواستنەوەی حەرفی لە محمد البهي لە لاپەڕەکانی٨٣ و ٨٤ و ٨٥.

گواستنەوە بەردەوام دەبێت لە بەشێکی تر لە کتێبی «الإسلام على مفترق الطرق»ی لیوبۆلد ڤایس، کەسایەتیەکی نەمساوی بوو بووە موسڵمان، ناوی گۆڕی بۆ محمد اسد، کە عمر فروخ وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی، لاپەڕەکانی ٩١ و ٩٢ و ٩٣ دواپی ١١٥ و ١١٦ و ١١٧ بە حەرفی نەقڵ دەکات، بێ ئەوەی هیچ هەڵوەستەیەکی هەبێت لەسەر بیروڕاکانی نووسەر!

## کتێبی [العدالة الاجتماعية في الإسلام]

کتێبی «العدالة الاجتماعية في الإسلام»ی سەید قوتب پێویستی بە وەستانێك هەیە، چونکە یەکێکە لە گرنگترین کتێبەکانی، هەتا هەندێ نووسەری چەپڕەو پێی سەرسام بوون، بە تایبەتی لەو ڕۆژگارەدا میسر بە تەنگژەیەکی کۆمەڵایەتی سەخت تێدەپەڕی، کە دوای جەنگی جیهانی دووەم تینی زیاتر بوو. سەید ئەو کتێبەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ نووسی .

کتێبەکە ٢٢٠ لاپەڕەیە. تەنها ١٢٥ لاپەڕی پەیوەستن بە بیرۆکەی سەرەکی کتێبەکە، واتە دادگەری کۆمەڵایەتی، باقی پەڕەکانیتر پەیوەستەن بەباتگەلی مێژوویی و واقیعی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی، کە هیچ پەیوەندیەکی بە بیرۆکەی سەرەکی کتێبەکەوە نییە .

وەك بڵێیت ئەو کتێبە دوو نامیلکە بەخۆوە بگرێت، جیابن لە ناوەڕۆك و بیرۆکەدا. بەشی یەکەمی کتێبەکە پڕۆژە وبیرۆکەی توێژینەوەیەکی لەبار بە خۆوە دەگرێت، نووسەر بابەتەکەی خۆش دەوێت، بەڵام ئەوەی تێکی دەدات بێ ئاگایی نووسەرە بە کەلەپووری فیقهی و فیکریی ئیسلامی لە بواری دراوی و ئابووریدا. هیچ سەرچاوەیەکی لەو بەشەدا لا نییە جگە لە کتێبی «الخراج» ابو یوسف، و ئاماژەیەکی سەرپێیانەش دەکات بۆ کتێبی «الملکیة ونظریة العقد في الشریعة الإسلامیة»ی شیخ أبو زهرة، لە کاتێکدا کتێبخانەی عەرەبی ئیسلامی پڕاوپڕە لە کتێب لە بواری الخراج. هەندێ ئاماژەشی تێدایە بۆ دانراوە ئیسلامییەکانی هیکل، و «الفتنة الکبری» و «الشیخان» ی طه حسین.

لەو بەشەدا بە درێژی باسی کەمووکورتی کۆمۆنیزم لە بواری دادگەریدا دەکرێت، بێ گەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەك، قسەوقسەلۆکی باوی ڕۆژنامەکان و سەرزاری خەڵك دووبارە دەکاتەوە بێ هیچ سەنەدێك! هەتا لەباسی مەسیحییەت لە ئەوروپا و یاخیبوونی خەڵك، لە دژی دەسەڵاتی کڵێسا و سەرهەڵدانی سەردەمی ڕێنیسانسیش هەمان شت دەکات، سەید پشت بە قسە و بیرۆکەی زۆر گشتی و سەرزاری نیمچە ڕۆشنبیر و عەوامەکان دەبەستێ.

لەو بەشەی یەکەمەدا بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکان، سەید قوتب زۆر پشت دەبەستێت بە هێنانەوەی ئایەتگەلێکی زۆری قورئان، هەندێ جار ١٠ ئایەت بەدوای یەکدا دەگوازێتەوە، لە بەشی دووەمدا کە باسەکان تێکەڵەیەکن لە ئابووری و دراو و سیاسەت و خەلیفەکان و کێشمەکێشەکانیان، بواری تێخستنی ئایاتی قورئان و حەدیسی پێغەمبەری تێدا نییە، بۆیە پەنا دەباتە بەر هەندێ کتێبی نوێ و هاوچەرخ لێیانەوە دەگوازێتەوە. بۆ نمونە باسی ناکۆکی ڕا دەکات لە نێوان ئەبوبەکر و عومەر، دەربارەی هەڵوێست لە

سەرکردەی سوپای ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید و بابەتی مالك بن نويرة، ڕای ابوبکر خالید تەنها پەلەی کردووە لە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ژنی مالکی کوڕی نوەیرە، بەڵام عومەری کوڕی خەتاب مەسەلەکەی بە گەورەتر دەبینێ کە پێویست دەکات خالیدی کوڕی وەلید لابدرێ لە سەرکردایەتی سووپا .

لەو باسەشدا پشت بە کتێبی محمد حسين هيكل دەربارەی الصديق أبو بكر دەبەستێت، لە ل ١٣٢ وە تا ١٣٥، ئینجا هەیکەل جێدەهێڵێ بۆ صادق عرجون کە لە دوو کتێبەکەی دەربارەی خالد بن الوليد وعثمان بن عفان دەست بە گواستنەوە دەکات.. ئینجا لە کتێبی «الإسلام والنظام العالمي الجديد»ی مەولای ئەمیری دەگوازێتەوە، دوای ئەوەش لە کتێبی أحمد زكي صفوت دەربارەی عمر بن عبد العزيز دەگوازێتەوە. جارێکیتریش لە کتێبی «حياة محمد»ی هيكل و کتێبی «الإسلام على مفترق الطرق» محمد اسد دەگوازێتەوە!

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکانی سەید قوتب، تا بزانین چی هی خۆیەتی و چی هی خەڵکانی ترە، دەتوانین بڵێین پێشەکی و کۆتاییەکان وئامرازی بەستنەوەی نێوان بڕگەکان بە ڕستە و گوزارشی ئینشائی هی خۆیەتی، کە لە ڕاستیدا هیچ شتێکی ئەوتۆ ناخاتە سەر مەعریفەی خوێنەر، و ئەو بیروڕایانەی گواستتویەتەوە!

ئێستا لەوە تێدەگەین تۆ تەنها بگەڕێیتەوە بۆ سەرچاوەی دەستی دووی وەرگێڕدراو، لەبەر نەزانینی ئینگلیزی، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر لە ئەمریکا مایەوە، ئەگەر تەمەڵی فیکری نەبێت، نووسەرێکی خەمخۆری مەعریفەت، بەو زیاتر لە دوو ساڵە، دەیتوانی باشترین

ئینگلیزی فێربێت. بەڵام سەدەها سەرچاوەی وەرگێردراو بەردەست بوون، کەچی سەید قوتب تەنها پشتی دەبەستیە سێ سەرچاوەی لە هەموو کتێبەکانی کە ئەو کتێبانە بوون:

**«الإنسان ذلك المجهول»، «ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين؟»، «الدعوة إلى الإسلام»، وەك لەو بەشە ڕوونمان کردەوە!**

لەو هەمووانە خراپتر ئەوەیە، سەید قوتب بەس نەبوو کە ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەکان نەیدەگواستەوە، بەڵکو بە دەستی دوو لە کتێبی تری وەردەگرت، بۆ مەرامی ئایدیۆلۆژی خۆی دەیخستنە گەر، لەوانەش هەمووی خراپتر، ئەوە بوو سەید قوتب پشت بە وتاری ڕۆژنامەکان ببەستێت، نەك بڕگەیەك و دووانی لێ بگوازێتەوە، بەڵکو دوو وتار بەدوای یەك بگوازێتەوە لە کتێبی الإسلام ومشكلات الحضارة، یەکەمیان وتاری عائشة عبد الرحمن – بنت الشاطئ – کە لاپەڕە ١٥٦ تا ١٥٩ گرتووە، کە لە ڕۆژنامەی «الأهرام» بە ناونیشانی «جنس ثالث في طريقه إلى الظهور» هەر دوای ئەو وتارەش وتارێکیتری نووسەر موسى صبري لە ڕۆژنامەی «أخبار اليوم» کە لە ل ١٥٩ تا ١٦٤ داگیرکردووە !

هەر دوای پڕکردنەوەی ئەو بەشە بە دوو وتاری دوور ودرێژ، دووسێ قسە دەکات و جارێکیتر بۆ سەدەمین جار، دەقێکی ئەلێکسی کاریل لە کتێبی «الإنسان ذلك المجهول» دەهێنێتەوە، بە ئایەتێکیش کۆتایی پێ دەهێنێت!

# بەشی شەشەم

# ئافرەت لە ژیان و دیدی سەید قوتب

## سەید قوتب و ئافرەت

سەید قوتب لە ژیانیدا دووجار بە جیدی خۆشەویستی کردووە، یەکەمیان لە کاتی مێردمنداڵی وەك لە کتێبی طفل في القرية باسی دەکات، کە زیاتر هەستێکی هەرزەکارانە بووە، بە هۆکاری چوونی بۆ خوێندن لە قاهیرە، لەو هەستەی ساردبۆتەوە، دوایی دەزانێ کچەکەش شووی کردووە هەر بە منداڵی، وەك کلتورێکی لادێیی ئەوکات کە زۆر زوو کچیان داوەتە شوو.

دووەم خۆشەویستیشی پاش تەواوکردنی خوێندن لە قاهیرە دووچاری بووە، کچێکی قاهیری لە خێزانێکی مام ناوەندی و کراوە خۆشویستووە، بەڵام پاش ئەوەی دەزانێت، کە کچەکە بەر لە ئەو یەکێکیتری خۆشویستووە، ئیتر وەك کابرایەکی داخراوی لادێیی سەدان بیری نامۆ و خراپ بە سەریدا تێدەپەڕی، پەیوەندیەکەی ژەهراوی دەکات لەگەڵ کچەکە، دڵپیسی زۆر و هەتا بیری بۆ ئەوە چووە کە چۆن کچەکە ڕێی بە سەید قوتب داوە ماچی بکات و لەباوەشی بگرێ! کەواتە بە هەمان شێوە ڕێی بە دۆستەکەی پێشووی یان ئێکسەکەی داوە ماچی بکات و لەباوەشی بگرێت! ئەو بیرکردنەوەیە سەخیف و

دوا کەوتووانە ئێستاش لە ناو گەنجی خۆرهەڵات بەگشتی و گەنجی کورد بە تایبەتی زۆر باوە!

چیرۆکی پەیوەندی دووەمی لە ڕۆمانی [أشواك] دا تۆمار کردووە، وەك ئاماژەمان پێیدا لە ساڵی ١٩٤٧ بۆ یەکەم جار بڵاوکرایەوە، هەرگیز جارێکیتر چاپ نەکرایەوە، وەك بڵێیت هەتاماڵباتی قوتب پێیان شەرم بێت، سەید خۆشەویستی کردبێت! تیمەی ڕۆمانەکەش زۆر دووبارەیە، باسی گەنجێکی لادێی دەکات، ناوی سامی یە، دێتە قاهیرە بۆ خوێندن و کارکردن، کچێکی قاهیری شارستانی خۆش دەوێت، باگراوندی لادێیی پیاوەکە تووشی بەریەککەوتن دەبێت لەگەڵ ژینگەی شارستانی قاهیرە، کە نیمچە کراوەیە بە جۆرێك لە خۆپارێزیەوە .

وەك جارێکیتر باسمان کرد کە هۆکاری سەرەکی لە تێکچوونی ئەو پەیوەندییە، بەریەککەوتنی باگراوندی لادێی سەید قوتب بوو، بە کلتوری شارستانی ماڵی کچەکە. هەتا پاش ئەوەی سەید قوتب خۆی دەچێتە لای کۆنە دۆستی خۆشەویستەکەی و پێیدەڵێ ئامادەیە یارمەتیان بدات تا بۆ یەکتر بن! نەك وەك جەنتلمانێك، بەڵکو بۆ دڵنیابوون کە هیچیان لە نێواندا نەماوە! دۆستە کۆنەکەی ئەو هەوڵەی سەید قوتب ڕەتدەکاتەوە، دەڵێ ئەو ئەو کچەی لەبیر کردووە! سەرەڕای ئەوەش هێشتا سەید قوتب ناتوانێ لە گومان و دڕدۆنگی خۆرهەڵاتیانە و لادێیانەی خۆی ڕزگاری بێت، هەر ناتوانێ لە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچەکە بەردەوام بێت!

## تێڕوانینی سەید قوتب بۆ ئافرەت لە چییەوە سەرچاوەی دەگرت!

سەید قوتب هەتا لە پێش سەردەمی ئیلتیزامی ئیسلامییەکەی ڕێنیشاندەرەکەی بۆ ڕوانینە ئافرەت دەتوانیت بڵێی سازگار نەبوو! چونکە قوتب موریدی ئەدیبی گەورە محمود عباس العقاد بوو، عەقادیش وەك زانراوە هەندێ لە نووسەران و بیرمەندان بە دوژمنی ژنانی وەسف دەکەن، هەرچەندە بەڕای من ئەو وەسفە زیادەڕەوییە.

بەڵام عەقاد لە بیروڕاکانی دەرهەق بە ئافرەت، زۆر دینیانە و موحافیزکارانە بیردەکاتەوە، بەڵکو هەندێ جار دینیش تێدەپەڕێنێ، دەچێتە خانەی خراپترین بیروڕای فەلسەفی و هەتا ڕەشۆکی و عەوامەکانی گەلان!

عەقاد بە دوژمنایەتی لەگەڵ پرەنسیپی یەکسانی ژن و پیاو ناوبانگی دەرکردبوو، ژنی تۆمەتبار دەکرد بە "ترسنۆکی و درۆ و فێڵباز و فریودەری" کە پێیوایە لە ئەزەلەوە هەروابوون! ئەو ئاکارانە میراتێکی بیست هەزار ساڵی لە پشتە.[٢٤]

[٢٤] ماذا يبقى من العقاد، سامح كريم، بيروت، ١٩٧٨، ص٢٠٠

## عەقاد لە کتێبی "هذه الشجرة" ئەم دارە!

سەرەڕای ئەوەی باسی خۆشەویستی عەقاد بۆ نووسەر مەی زیادە و ئەلیس داغر و مەدیحە یوسری دەکرێ، کە عەقاد داغان ببوو بە خۆشەویستیان بە تایبەتی خۆشەویستی مەدیحە، بەڵام هێشتا عەقاد بە نزمی دەیڕوانییە ئافرەتان، پێیوابوو ئافرەت کەموکورتە وەك لە کتێبێ **هذه الشجرة** "ئەم دارە"دا باسی دەکات، کە تیایدا بەڵگە بە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز بایبڵ و قورئان و فەلسەفەی شۆپنهاوەر دەهێنێتەوە، ئەو شۆپنهاوەرەی کە ناسراوە بە دوژمنایەتی بۆ ئافرەتان. هەتا هەندێ جار پەنا بۆ نیچەش دەبات، کە ئەویش ناسراوە بە تێڕوانینی نزمانەی بۆ ئافرەتان.

لە سەرەتای کتێبەکەدا باسی ژن دەکات، کە چۆن لە ئەزەلەوە پیاوەکەی پاڵناوە تا لە دارە حەرامەکە بخوات و بکەوێتە گوناهەوە، ئەو ژن وەك مەحکومێك بە لاوازیەوە دەبینێت، نازکردن ونازکێشانیشی لای عەقاد، باشترین بەڵگەیە لەسەر لاوازی ژن و لەسەر ئەوەی کە بەهای ژن پەیوەستە بە کەسانی ترەوە.

تەنانەت فریودانی بۆ پیاویشی نەگەڕاندۆتەوە بۆ هێزی عەقڵی ئافرەتەکە، بەڵکو زیاتر بۆ سروشتی ئارەزوولێکردنی لە ڕۆحی پیاوەکەدا گەڕاندۆتەوە، چونکە ئارەزووی لە دڵی پیاودا هاوشێوەی هەموو ئارەزوویەکن، کە بەهۆی خوو و سروشتەوە گەشە دەکەن، وەک هەوڵی پڕ زەحمەتی وازهێنان لە جگەرەکێشان، بۆ نموونە !! تەنانەت مانای ئارامی و ئۆقرەگرتن [السکن] یشی لە هونەری ژنەکە داماڵی و هیچ کاری بەسەرەوە نییە! بەڵکو سەرچاوەی ماناکەی گەڕاندەوە بۆ سەرکەوتنی پیاو بەسەر دەروونی خۆی! ژن لە تێڕوانینی عەقاد دا نابێت داواکار بێت، بەڵکو داواکراوە! ژن لای عەقاد نزیکتر لە

کائینێکی بایۆلۆژی باسدەکرێ، وەك بڵێیت لە بیری کردبێت، کە هەردوو ڕەگەزەکە بریتین لە جەستە وڕۆح!

**ئینجا لەکتێبی "المرأة فی القرآن" پشت بە سێ ئایەتی قورئان دەبەستێ بۆ دامەزراندنی پێگەی نزمی ئافرەتان، ئەو سێ ئایەتەی کە ڕەخنەگرانی ئیسلامیش وەك بەڵگە بەکاری دەهێنن، لەسەر بە کەم سەیرکردنی ئیسلام و قورئان بۆ ئافرەتان! ئایەتی یەکەم:** "ولهن مثل الذی علیهن بالمعروف، وللرجال علیهن درجة، والله عزیز حکیم" من سورة البقرة الآیة ٢٢٨، [وە بۆ ژنان هەیە بەسەر مێردیانەوە وەکو ئەوەی کە بۆ پیاوان هەیە بەسەر ژنانەوە بەپێ ی باوونەریتی (پەسەند) وە پیاوان پلەیەکیان هەیە بەسەر ژنانیانەوە, وە خوا زاڵ و کار دروستە ][25]بۆ سەلماندنی نەبوونی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا.

ئایەتی دووەم: "ولا تتمنوا ما فضل الله به بعضکم علی بعض للرجال نصیب مما اکتسبوا وللنساء نصیب مما اکتسبن واسئلوا الله من فضله إن الله کان بکل شیئا علیما" سورة النساء آیة ٣٢. [وە ئاوات مەخوازن بۆ ئەو پلەیەی کە خوا فەزڵی هەندێکانی داوە بەسەر هەندێکی ترتاندا بۆ پیاوان بەش هەیە لەوەی بەدەستی ئەهێنن وە بۆ ئافرەتانیش بەش هەیە لەوەی بەدەستی ئەهێنن وە داوا لەخوا بکەن لەبەهرە و بەخششی خۆی بەڕاستی خوا هەمیشە بەهەموو شتێک زانایە]

[25] موسوعة القران الکریم

## بۆ سەلماندنی پەسندانی خودا پیاو و بەسەر ئافرەت!

ئایەتی سێیەم: "الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض وبما أنفقوا من أموالهم" سورة النساء الآية ٣٤. [پیاوان سەرپەرشتیارن (کاربەدەستن) بەسەر ئافرەتانەوە بەهۆی ئەوەوە خوا فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکیاندا هەروەها بەهۆی ئەوەی کە (پیاوان) لەسامانەکانیان خەرج دەکەن] لە ئایەتی کۆتاییدا عەقاد جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەسندکردنی پیاو لەلایەن خودای گەورە لەبەر سروشت و فیترەتی پیاوەکەیە نەك لەبەر توانای خەرجکردن و نەفەقکێشانی! ئەمەش پێچەوانەی دەقی ئایەتەکەیە و تەفسیرێکی تایبەتی خۆی بۆ دەکات!

عەقاد لە کتێبەکەیدا دەڵێ، ئەوانەی داوای ڕزگاری ژنان دەکەن و ئەوانەی پیاوان بە ستەمکاری تۆمەتبار دەکەن، هیچ شتێکی نوێیان نەخستۆتەڕوو، ئەوان حەقیقەتی حەتمییان سەلماند، نەك نەنگی و عەیبێک لە پیاواندا، چونکە ئەوە ڕاستییە، پیاو بە سروشتی خۆی بەهێزترە، و خودا گەردوونی بۆ حیکمەتێك دروست کردووە، کە بەهێزەکان زاڵ دەبن بەسەر لاوازەکاندا، ژنیش بێگار کراوە بۆ خزمەتکردنی پیاوان." چونکە ئەو جیاوازە لەوان و دەتوانێت ئیستغلالیان بکات بەبێ ئەوەی لۆمە بکرێت" عەقاد نموونەی بە بێگارکردنی بە هێزەکان بۆ کۆیلەکان هێنایەوە!.[٢٦]

---

٢٦ وقال العقاد أيضا فى كتابه، "إن فضل المرأة على الرجل فى الطهى والتطريز، وبكاء الموتى فقط"، كما تحدث فى كتابه عن التكوين الجسمانى الضعيف للمرأة، واصطفاء الله للرجل بالقوة البدنية، كما أنه لم يخفى أن المرأة تظل تابعا للرجل، ولا يمكنها اتخاذ قرارات فى حياتها دون الرجوع إليه، لأن الرجال هم مرجعية كل عرف تم الاصطلاح عليه فى الأخلاق سواء أخلاق الذكور أو أخلاق الإناث.

وفى الفصل الأخير من الكتاب، يذكرنا بالآية "واللاتى تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن فى المضاجع واضربوهن فإن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا"، وكأنه إنذار ووعيد وتخويف واضطهاد مقصود منذ البداية.

ژنیش تەنها بەرپرسیارە لە کاروباری ماڵ و منداڵ، و لەوەشدا کە تەواوکەری یەکترن، و شانازی ژن بە شانشینی ماڵەوەیە، و بە پەروەردەکردنی نەوەکانی "داهاتووە"، و شانازی کردنی بە دایکایەتی لە هەموو شتێک بەنرخترە.

عەقاد هیچ ستەمکارییەک یان کێشەیەکی لە پەیوەندی ژن و پیاودا نەدەبینی! لە کتێبی دووەمی تایبەت بە ئافرەتان، بەناونیشانی **(ژن لە قورئانی پیرۆزدا)**، لە ساڵی ١٩٥٩ بڵاویکردەوە، ئاماژەی بەوەدا کە پەسندانی پیاو بەسەر ژندا، سیفەتێکە "بە سروشت و فیترەت مافی پەسەندکردنی هەیە، پاشان بەو ئەرکەی بەسەر پیاواندا سەپێنراوە، لە مەسرەفکردن وخەرجکردن بۆ ژنان، پیاو خۆی لە خۆیدا پەسندکراوە، نەك تەنها لەبەر نەفەقەکێشان و خەرجکردنی پارە، چونکە ئەگەر وابوایە پەسندی پیاوەکە ڕەت دەکرایەوە ئەگەر ژنێک هەیبوایە و پارەدار بووایە، پێویستی بە نەفەقەی پیاو نەبوایە، بەڵکو ژنەکە نەفەقەی بکێشابا! (ژن لە قورئانی پیرۆزدا، ل٧).[٢٧]

سەبارەت بە ژیانی تایبەتی ژن، تەنانەت ژیانێکی زۆر تایبەتیش، بیرمەند عەباس مەحمود عەقاد بە دوو وشە کورتی دەکاتەوە، کە سێهەمی نییە، ئەویش: ئیغرا کردن و ئیغوا کردن! تاوگیرکردن و فریودان، ئەمەش کاتێک کە ئافرەت سووراو و سپیاو دەکات، ڕەنگی قژی دەگۆڕێت، قژی بەسەر شانەکانیدا بڵاوی دەکاتەوە، و خۆی لە شەقام یان لە پەنجەرەوە، لە قوتابخانە، یان لە زانکۆ نمایش دەکات، لە چاوەڕێی پیاودا، ئەو خەریکی

---

إن آراء العقاد فى كتابه ذلك تحديدا، معادية للتحرر الاجتماعى والفكرى للمرأة العربية، وخلاصة ما يرى أن الرجل مخلوق مستقل والمرأة مخلوق تابع، واللافت أنه لم يستند لشرح الآيات من أية أسانيد أو شروحات غير ما فهمه هو وفسره باجتهاده ونظرته الخاصة، ما تسبب فى الهجوم عليه واتهامه بقهر المرأة وتهميشها وإنكار دورها.

[٢٧] (المرأة في القرآن الكريم، ص٧).

ئیغرایە، ئەگەر ئەم ئیغرایە بەس نەبێت بۆ خستنەداوی یەکێک لە پیاوەکان، ئەوا ئیغوا نۆرەی دێت! ئەو هەموو ئیغرا و ئیغوایەش تەنها بۆ سەرنج ڕاکێشانی پیاوە و بەس!

عەقاد دەڵێت ڕەنگە زۆرێک لە پیاوان وا بیر بکەنەوە کە ژن گەمژەیە بە ئاسانی بۆی فریو دەدرێت، بەڵام ئەو ژنە ئەو فریو دەدات، ئافرەت لەوانەیە لەبەردەم خەڵکدا وا خۆی نیشان بدات کە گەمژەیە، بەڵام گەمژە نییە، گەمژەترین ژن دەتوانێت زیرەکترین پیاوەکان فریو بدات، هەرچەندە خۆی لەبەردەمیاندا وەک لاواز نیشان بدات، ئەگەرچی ژن لەوانەیە وەك لاواز دەرکەوێت، بەڵام لاواز نییە، بەڵام ئەگەر لاوازیش دەربکەوێت، دەزانێت چۆن لاوازیەکەی وەبەربهێنێ بۆ هێنانەدی ویست خۆی بە دوو شت کە سێیەمیان بۆ نییە: سەرکەوتن لەوەی بویسترێت، وتوانای گەورەی لە چاوەڕوانیدا.

بێگومان عەقاد هەندێ بیروڕای چاکیشی هەیە دەربارەی ژن، بەڵام بیروڕا تێکەتیڤەکانی زاڵە بەسەر پۆزەتیڤەکانی. سەید قوتب پاش دەرکەوتنی لە لادێیەکەی، بەو هەموو تێڕوانینە نێگەتیڤە لادێیانەی دەربارەی ژن، دووەم کەس کە کەوتبێتە ژێر کاریگەری عەقاد بووە، کە لەسەرەوە هەندێ لە بیروڕاکانیمان بەکورتی نیشان دا، ئەوە و دەیەها ڕای تری عەقاد هەیە، کە زۆربەیان بە دژی ئافرەتان دێتە حسێب کردن، ناکرێ لێرە لەوەندە زیاتر باس بکرێ.

وەك دەزانین کە سەید قوتب موریدێکی سەرسەختی عەقاد بوو، وشەی نەبوو نەیخوێندبێتەوە و پێی کاریگەر نەبوو بێت، بۆیەش وا بە درێژی باسی ڕای عەقادم کرد لە ئافرەت، چونکە سەید لە هەردوو قۆناغی پێش ئیسلامی بوونی ودوای ئیسلامی

بوونیش، کاریگەری موحافیزکارانەی عەقدی بەسەرەوە دیارە. لەوە دەچێت لە قۆناغی پاش ئیلتیزامی ئیسلامی، سەید لەوە قوتب کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەبو ئەعلای مەودودی، کە ئەویش زۆر سەلەفیانە لە ژنی دەڕوانی، بە بیروراکانی زیندانیك بۆ ژنان ساز دەکات! بە جۆرێك بیری ئیخوان و حەسەن بەنا دەربارەی ژن لە چاو مەودودیدا لوتکەی لیبراڵیزمییە! ڕای مەودودی لە ئافرەت بابەتێکی سەربەخۆی دەوێت.

## ڕۆڵی ئافرەت لەگۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی سەید قوتب

ڕەنگە چیرۆکی خۆشەویستی پیاوێک بۆ ژنێک تەنها بە جیابوونەوەیەک کۆتایی نەیەت، بەڵکو دەتوانێ قووڵ بچێتە ناو دەروون و نەستی و لە قووڵایی ناوەوەی بنێژرێت، برینی زیندوو بەجێبهێڵێت کە سارێژ نابێت بە ئاسانی، پاڵی پێبدات بۆ چەندین ئاراستەی نهێنی، و گۆڕینی ڕەوتی ژیانی.

ڕەنگە زەبر و کاریگەرییە کۆن و قووڵەکانی ناو دڵی پیاو، پاڵی پێوە بنێت بۆ یاخیبوون لە هەموو کۆمەڵگا، ئەگەر ژنەکە فریوی دابێت، خیانەتی لێ بکات، خۆشەویستییەکەی ڕەت بکاتەوە، یان شکۆی بشکێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەوە لە گومان یان وەهمەوە سەرچاوەیان گرتبێت .

بیرۆکەکانی سەید قوتب جێگای بایەخی توێژەران بوو. ئەو پیاوەی کە بناغەیەکی تۆکمەی وای دامەزراند، کە هەموو ڕێکخراوە تیرۆریستی و توندوتیژەکانی لەسەر دامەزرا، بەڵام کاریگەری ژنیان لە ناو دڵیدا، و ئەوەی ژنەکە لەگەڵیدا کردی، نەخستە ژێر وردبینی خۆیانەوە.

هەرچەندە خودی سەید قوتب خۆی تەواوی ڕۆمانێکی تەرخان کرد بۆ چیرۆکی ئەوینیەکەی، وەك باسمان کرد چۆن لە ئەزموونەکەیدا خۆشەویستی تێکەڵ بە گومانی کوشندە بووە، گوڵ پڕ لە دڕک بووە، و هەنگوین تێکەڵ بە تاڵیی بووە. کەچی ئەوانەی لەسەر هەنگاونانی سەید قوتب بەرەو توندڕەوی دەنووسن، کاریگەری ئافرەت و خۆشەویستی وڕق و فەشەل لە بواری ئەوینی لای سەید قوتب بە هەند وەرناگرن.

گوێ بگرە بۆ ئەو بارە دەروونیەی کە سەید لە ڕۆمانەکە باسی دەکات: "کچەکە خۆی ئامادە دەکردبوو بۆ شۆکێکی گەورە، و بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو بارگرانییە قورسەی لەسەری بوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات دڕکی لە دڵی دڵدارەکەی چەقاند. لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا بە ترس و لەرزەوە دەیگوت: "ئەو فرمێسکەی کە بینیت حەتمی بوو، من لەگەڵیداماڵئاوایم لە سەردەمێکی عەزیزم دەکرد بۆ دوا مەنزڵگای خۆی، مێلۆدی مۆسیقای دەوروبەرم مێلۆدی پرسەیە، کە بۆ دواجار تابوتەکەی لێ پڕ دەکەم، ئێستاش کۆتایی هات تەواو..."

ئینجا قارەمانی ڕۆمانەکە سامی [کە هەر سەید قوتب خۆیەتی] هەستی خۆی دوای شۆکەکە باس دەکات: "لەم ساتە کورتانەدا، هەستی دەکرد لە تەمەندا ڕۆدەچی و پیر دەبێت، بە حەزێکی زۆر توند و شێتانە خۆشیدەویست...و لەڕادەبەدەر غیرەی لێی هەبوو، هەستی هەمیشە ئامادەی هەڵچوون بوو"

ئەو (پاڵەوانی ڕۆمانەکە) توانای لێبوردنی نەبوو، وەك هەر باشوورییەکی پڕ لە غیرە، بەڵام توانای لەبیرکردنیشی نەبوو، بە هەستێکی دوای کارەساتەوە درێژە بە وەسفەکەی دەدات

و دەڵێت: "هەستی بە تانەی چەقۆ لێدانێك كرد، ... زانی كە خەونە كۆنەكەی لەدەستداوە، خەونی ئەو حۆریە هەڵاتووەی كە بە چاوی داخراوەوە بەرەو "هێلانە سیحراویەكەی" دەیبات، دوای ئەوەی دوو ساڵی تەواو لەم خەونەدا ژیا، دوای ئەوەی سیحراوی بوو پێی هەر لە یەكەم بەریەككەوتنەوە، و خۆی و هەموو هەستەكانی بۆ پێشبینیكردنی ڕۆژی بەڵێندراو ئامادە كردبوو، خۆی بینییەوە بە كوڵ دەگری، پاشان ڕەحمەتی خوای بەسەردا باری و خەو بردیەوە"

سەرەڕای ئەو بارە دەروونیەش، هەروەها سەرەڕای ئەوەش كە زۆر توێژینەوە هەن نووشستی هێنان لە خۆشەویستی و جەپاندنی سێكسی دەبەستنەوە بە مەیلی توندوتیژی و توندڕەوی، كەسانێكی زۆر هەن كە هاوسەرگیریان نەكردووە و توندڕەو بوون، وەك ئیبن تەیمیە بۆ نمونە!

بەڵام بەڕای من هێشتا ناتوانین كۆی مەیلی توندڕەوی تەنها بگەڕێنینەوە بۆ نووشستی هێنان لە خۆشەویستی ولە ئەنجامدانی سێكسدا، چونكە كەسانیتریش هەبوون بەبێ هاوسەرگیریش هێندە توندڕەو نەبوون، خەڵكیان هان نەداوە بۆ توندڕەوی. بەڵام لە حالەتی سەید قوتبدا لەوەدەچێ ئەو فەشەلەی لە خۆشەویستی و چەپاندنی سێكسیدا بەشێك لە هۆكارەكانی توندڕەوبوونی دەستنیشان دەكات.

# بەشی حەوتەم

# بیرۆکە سەرەکیەکانی سەید قوتب لە قۆناغی توندڕەویدا

سەید قوتب بیروڕای زۆری دەربڕیوە لە نووسینەکانی، بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئەو بیروڕایانە چڕکەینەوە، دەتوانین لە چەندین پەیامی سەرەکی چڕیان کەینەوە، کە لێرەدا گرنگترینیان باس دەکەین:

## یەکەم: جاهیلیەتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان/ المجتمع الجاهلي

لای سەید قوتب کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، هەموو ئەو کۆمەڵگایانەیە، کە تەنها خودا ناپەرستێت بە دڵسۆزی، لە بۆچوون وپەرستکاری و یاساکاندا.

بەپێی ئەو پێناسەیە بێت، هەموو کۆمەڵگاکانی سەرزەوی دەبنە جاهیلی بە کۆمەڵگا موسڵمانەکانیشەوە!

سەید لەوبارەیەوە دەڵێت: " یان حوکمی خوا، یانیش حوکمی جاهیلیەت. هیچ خاڵێکی نێوەند لە نێوان ئەو دووانە نییە، وهیچ ئەلتەرناتیڤێك نییە. یان حوکمی خودا لەسەر زەوی دەبێت، وشەریعەتی خوا لە ژیانی خەڵك جێبەجێ دەبێ، و بەرنامەی خودا ژیانی خەڵك

بەڕێوە دەبات...یانیش حوکمی جاهیلیەت، و شەریعەتی هەوای نەفس، وبەرنامەی کۆیلایەتی..دەی کامەتان دەوێت؟!"

**(أفحكم الجاهلية يبغون؟ ومن أحسن من الله حكماً لقوم يوقنون؟)..**

**[ئایە حوکمی جاهیلیەتیان دەوێ؟ کێ لە خودا چاکتر حوکم دەکات بۆ کەساتێک یەقینیان پێی هەبێت]**

**مانای جاهلیەت بەو دەقە دیار دەکەوێت. جاهیلیەت وەك خودا وەسفی دەکات و دیاری دەکات، بریتییە لە حوکمی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، چونکە بریتییە لە بەندایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، و دەرچوونە لە بەندایەتی خودا، و ڕەتکردنەوەی خوداوەندەی خوایە، و دانهێنانە بە خوایەتی هەندێ مرۆڤ وکۆیلاتی بۆ کردنیان جگە لە خوا.**

**جاهیلیەت لە ڕۆشنایی ئەو دەقە، بریتی نییە لە ماوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو بریتییە لە وەزعێك، وەزعێك کە دوێنێ هەبوو، ئەمڕۆش هەیە، بەیانیش دەبێ، کە سیفەتی جاهیلیەت وەردەگرێت، کە بەرامبەر ئیسلامە وهەڤدژی ئیسلامە."**

**خەڵکیش لە هەر زەمان ومەکانێك یان حوکم دەکەن بە شەریعەتی خوا و قبوڵی دەکەن و خۆیانی دەدەنە دەستەوە، کەوابوو لە نێو دینی خودان. یانیش حوکم دەکەن بە شەریعەتێکی مرۆڤ کردە، لە هەر فۆرمێکدا و قبوڵی دەکەن، کەوابوو لە جاهیلیەتدان، و لەنێو دینی خاوەن شەریعەتەکەن، بەهیچ جۆرێك لە دینی خودا دا نین. ئەوەی حوکمی خودای ناوێ، حوکمی جاهیلیەتی دەوێ، ئەوەی شەریعەتی خودا ڕەت دەکاتەوە، شەریعەتی جاهیلیەتی قبوڵە، و لە جاهیلیەتدا دەژی.**

ئەوەش دووڕیانەکەیە کە خودا خەڵکی لەبەردەم داناوە، لە دوایشدا سەرپشك کراون!"[28]

" لە کۆتاییدا ئەو کۆمەڵگایانەش دەکەونە ناو سنووری کۆمەڵگای جاهیلی، کە گوایە دەڵێن [موسڵمانن]! ئەو کۆمەڵگایانە ناکەونە ناو ئەو چوارچێوانەوە، چونکە باوەڕی بە خوایەتی غەیری الله هەیە، یان پەرستکاری غەیری خودا دەکات، بەڵکو دەکەوێتە ناو ئەو چوارچێوەیە جاهیلیە، چونکە بەندایەتی تەنها بۆ خودا ناکات لە سیستمی ژیانیدا. ئەو کۆمەڵگایانە هەرچەندە باوەڕی بە خوایەتی [الالوهیة] ی کەسێکی تر نییە جگە لە الله، بەڵام یەکێك لە تایبەتیترین تایبەتمەندی خوایەتی دەداتە غەیری خودا، کاتێ باوەڕ بە حاکمیەتی غەیری خودا دەکات، لەو حاکمیەتەدا سیستمی ژیانی و یاسا و بەهاکانی و داب ونەریتەکانی وەردەگرێت، واتە هەموو دیرەگ و کۆڵەگەکانی ژیانی"[29]

---

[28] " (أفحكم الجاهلية يبغون؟ ومن أحسن من الله حكماً لقوم يوقنون؟)..

إن معنى الجاهلية يتحدد بهذا النص. فالجاهلية -كما يصفها الله ويحددها قرآنه- هي حكم البشر للبشر، لأنها هي عبودية البشر للبشر، والخروج من عبودية الله، ورفض ألوهية الله، والاعتراف في مقابل هذا الرفض بألوهية بعض البشر وبالعبودية لهم من دون الله..

إن الجاهلية -في ضوء هذا النص- ليست فترة من الزمان؛ ولكنها وضع من الأوضاع. هذا الوضع يوجد بالأمس، ويوجد اليوم، ويوجد غداً، فيأخذ صفة الجاهلية، المقابلة للإسلام، والمناقضة للإسلام.

والناس -في أي زمان وفي أي مكان- إما أنهم يحكمون بشريعة الله -دون فتنة عن بعض منها- ويقبلونها ويسلمون بها تسليماً، فهم إذن في دين الله. وإما أنهم يحكمون بشريعة من صنع البشر -في أي صورة من الصور- ويقبلونها فهم إذن في جاهلية؛ وهم في دين من يحكمون بشريعته، وليسوا بحال في دين الله. والذي لا يبتغي حكم الله يبتغي حكم الجاهلية؛ والذي يرفض شريعة الله يقبل شريعة الجاهلية، ويعيش في الجاهلية.

وهذا مفرق الطريق، يقف الله الناس عليه. وهم بعد ذلك بالخيار!"

[29] "وأخيرا يدخل في إطار المجتمع الجاهلي تلك المجتمعات التي تزعم لنفسها أنها "مسلمة"! وهذه المجتمعات لا تدخل في هذا الإطار لأنها تعتقد بألوهية أحد غير الله، ولا لأنها تقدم الشعائر التعبدية لغير الله أيضا، ولكنها تدخل في هذا الإطار لأنها لا تدين بالعبودية لله وحده في نظام حياتها. فهي - وإن لم تعتقد بألوهية أحد إلا الله- تعطي أخص خصائص الألوهية لغير الله، فتدين

# دووەم: حاکمیەتی خوا! /الحاکمیة لله

حاکمیەت مانای ئەوەیە کە خودا تاقە حاکمێکە و خاوەن دەسەڵاتی ڕەهایە، ئەو حاکمیەتەش لەوەوە هەڵدەقوڵێ کە خودا دروستکەری بوونەوەر و مرۆڤە، بۆیە موستەهەقی عیبادەت و گوێڕایەڵییە. بەڵکو گوێڕایەڵی تەنها مافی خودایە، دەیداتە هەر کەسێك بەو مەرجانەی خۆی دیاریدەکات. بۆ نمونە پیغەمبەر و باوکان و مێرد مافی گوێڕایەڵی لێکردنیان بە مەرجەوە پێدراوە.

سەید قوتب لەبارەی حاکمیەتەوە دەڵێت:

**" ئەو دینە جاڕدانی گشتی ئازادکردنی مرۆڤە لەسەر زەوی لە کۆیلایەتی مرۆڤ، هەروەها لە کۆیلایەتی هەواوهەوەسی، ئەوەش بە جاڕدانی خودایەتی تەنها بۆ الله و پەروەردگاریەتی ئەو بۆ هەموو جیهان. جاڕدانی پەروەردگاریەتی [الربوبیة] تەنها بۆ خودا مانای وایە: شۆڕشی سەرتاسەری لەسەر حاکمیەتی مرۆڤ لە هەموو شێوە وفۆرم و سیستم و وەزعێکدا، یاخیبوونی تەواو لە هەموو دۆخێك لە زەویدا کە حوکم تێیدا بۆ مرۆڤە بە شێوەیەك لە شێوەکەدا...**

چونکە هەر حوکمێك لە دەستی مرۆڤدا بێت وسەرچاوەی دەسەڵات مرۆڤ بن، ئەوە بەخودا کردنی بەشەرە، و یەکتر بەخوا کردنە جگە لە خوا.

---

**بحاكمية غير الله، فتتلقى من هذه الحاكمية نظامها، وشرائعها وقيمها، وموازينها، وعاداتها وتقاليدها...وكل مقومات حياتها تقريبا ".!**

**ئەو جاڕدانە مانای ئەوەیە دەسەڵاتی زەوتکراوی خودا وەرگرینەوە و گێڕانەوەی بۆ خودا،** ودەرکردنی زەوتکارەکانی دەسەڵاتی خوا، کە حوکم بە یاسا و شەریعەتی خودی خۆیان دەکەن، وخۆیان دەکەنە خودای خەڵك، و خەڵکیش دەچنە پایەی بەندایەتی بۆیان، واتا تێکشکاندنی مەملەکەتی مرۆڤە و دامەزراندنی مەملەکەتی خودایە لەسەر زەوی" [في ظلال القرآن ص ١٤٣٣][30]

**لە دەقێکیتردا تەکفیری سەرتاپای ئەو کۆمەلگایانە دەکات کە حاکمیەت نادەنە خودا!**

**" ئەوەی حوکم بە دابەزانراوی خودا ناکات، واتە خوایەتی ڕەت دەکاتەوە، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی خوایەتی حاکمیەتی تەشریعییە، هەر یەکێکیش حوکم بە غەیری دابەزراوی خودا بکات، خوایەتی خودا و تایبەتمەندەکانی ڕەت دەکاتەوە لەلایەك، لەلایەکیتر ئیدیعای مافی خوایەتی وتایبەتمەندەکانی بۆخۆی دەکات. ئەی کوفر چییە ئەگەر ئەوە نەبێت؟ سوودی چییە بانگەشەکردن بۆ ئیمان و ئیسلام بە زمان، لە کاتێکدا کارەکانیان - کە بەهێزترە لە گووتن - گوزارش دەکات لە کوفر ڕاشکاوتر لە زمان"[31]**

---

[30] «إن هذا الدين إعلان عام لتحرير الإنسان في الأرض من العبودية للعباد، ومن العبودية لهواه أيضًا، وهي من العبودية للعباد، وذلك بإعلان ألوهية الله وحده – سبحانه- وربوبيته للعالمين. إن إعلان ربوبية الله وحده للعالمين معناها: الثورة الشاملة على حاكمية البشر في كل صورها وأشكالها وأنظمتها وأوضاعها والتمرد الكامل على كل وضع في أرجاء الأرض الحكم فيه للبشر بصورة من الصور، أو بتعبير آخر مرادف الألوهية فيه للبشر في صورة من الصور؛ ذلك أن الحكم الذي مرّد الأمر فيه إلى البشر ومصدر السلطات فيه هم البشر هو تأليه للبشر، يجعل بعضهم لبعض أربابًا من دون الله. إن هذا الإعلان معناه انتزاع سلطان الله المغتصب ورده إلى الله وطرد المغتصبين له الذين يحكمون بشرائع من عند أنفسهم فيقومون منهم مقام الأرباب ويقوم الناس منهم مقام العبيد، إن معناه تحطيم مملكة البشر لإقامة مملكة الله في الأرض». [ظلال القرآن ص ١٤٣٣]

[31] - «والعلة هي التي أسلفنا، هي أن الذي لا يحكم بما أنزل الله إنما يرفض ألوهية الله، فالألوهية من خصائصها ومن مقتضاها الحاكمية التشريعية ومن يحكم بغير ما أنزل الله يرفض ألوهية الله وخصائصها في جانب، ويدّعي لنفسه هو حق الألوهية

بەو شێوەیە سەید قوتب هەر سیستمێکی سیاسی و هەر کۆمەڵگایەک ڕەتدەکاتەوە کە " الحاكمية . " حاکمیەت جێبەجێ ناکات. ئەو دان نانێت بە دەسەڵاتی گەل و تاک وحزب، واتە هەموو جۆرە سیستمێکی دیموکراتیش ڕەتدەکاتەوە بە ناوەرۆکی نوێی هاوچەرخی. سەید دەڵێ شایەتومانی ( لا اله الا الله ) ناسنامەی موسڵمانبوونی مرۆڤە، یەك بەرنامەی سەرتاسەری ژیان دادەمەزرێنێت، تیایدا ئیسلام جێبەجێ دەکرێ لە ڕووی عەقیدە و عیبادە وشەریعەتەوە. لەو چەمکە و چەمکی جاهیلیەتی کۆمەڵگادا، سەید قوتب لە ژێر کاریگەری ابو الاعلى المودودي دا بوو، کە دوایی باسی دەکەین.

## سێیەم: بنیاتنانی پێشەنگێکی ئیماندار

لە پاش ناساندنی کۆمەڵگا مرۆییەکان بە جاهیلی و ڕەتکردنەوەی هەموو دەسەڵات وسیستم ورژێمێك لەسەر زەوی کە حاکمیەتی خودا زەوت دەکات، سەید قوتب بۆ جێبەجێکردنی ئەو دوو خاڵەی پێشوو دەڵێت دەبێت لە پێناو جەنگان لە دژی کۆمەڵگای جاهیلی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، تیایدا حاکمیەت بۆ خودا بێت. ستراتیژیەتی جەنگان دژی ئەو جاهیلیەتە و هێنانەوەی حاکمیەتی خودا، بە پێشەنگی ئیماندار دەکرێت. دەبێت پێشەنگێکی ئیماندار [طليعة مؤمنة] دروست بکرێت، چەکدار بێت بە عەقیدەی حاکمیەت وڕەتکردنەوەی جاهیلیەتی و حاکمداریەتی غەیری خودا. بۆیە دەبێت موسڵمان خۆی

---

وخصائصها في جانب آخر. وماذا يكون الكفر إن لم يكن هو هذا وذاك؟، وما قيمة دعوى الإيمان أو الإسلام باللسان والعمل – وهو أقوى تعبيرًا من الكلام- ينطق بالكفر أفصح من اللسان؟»

[في ظلال القرآن، ص: ٦٩٦-٦٩٧، طبعة دار الشروق]

دابڕێنێت لە هەموو پاپەندیەکی کۆمەڵایەتی، ونیشتیمانی واری یان زێدی ئیسلامە [دار الاسلام] لە هەر کوێیەک بێت مادام حاکمیەت بۆ خودا بێت.

ئەوەش جەماعەتێکی ئیماندارن، کە بەتەواوی دابڕاون بۆ خەبات وجیهاد لە پێناو هێنانەوەی حوکمی حاکمیەتی خودا. ئەو گروهەش بێگومان کەمایەتین لەناو کۆمەڵگای جاهیلیدا. سەید پێی وایە ئەو جەماعەتە پێویستە لە دابڕانێکی شعوریدا بژیت، و بەتەواوی داببڕێت لە ژینگە جاهیلیەکەی، وپابەند بێت بە ژینگە ئیسلامیەکەی. ئەو کۆمەڵە یان پێشەنگە ئیمانداره، لە کاتی گەیشتن بە خاڵێکی توانستی و تەمکین، دەبێت جیهاد بەرپا بکات بۆ هێنانەدی حاکمیەتی خودا لەسەر زەوی.

## چوارەم: پەیامی جیهادی ڕەها

سەید قوتب وەك توندڕەوترین فەقیهەکانی سەردەمی شەڕی خاچپەرستی، زۆر ئەو پەیامەی جیهادی ڕەها دووبارە دەکاتەوە، لە تەفسیری ئایەتی ١١١ سورەتی تەوبە : -﴿ إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾

[بەڕاستی خوا، گیان و ماڵی لە ئیمانداران کڕیوە بەوەی کە بەهەشت بۆ ئەوانەو بەشیانە، ئەوانە دەجەنگن لە پێناوی ئاینی خوادا، دەکوژن یان دەکوژرێن، ئەو پاداشت و بەڵێنە بەڕاستی لەسەر خوایە و باس کراوە لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا، جا کێ هەیە بە قەدەر خوا بەوەفاو بەئەمەک بێت بۆ جێ بەجێکردنی بەڵێنەکانی، کەواتە زۆر دڵخۆش و

کامەران بن بەو مامەڵەیەی کە ئەنجامتانداوە و بەو فرۆشتن و کڕینەی کە لەسەری ڕێککەوتوون، بێگومان هەر ئەوەشە سەرفرازی و سەرکەوتنی نەبڕاوە و بێ سنوور.] التوبة: ١١١

بە حەماسەتەوە گوزارشی لێدەکات، دەڵێت:

"دەقێکی ترسناکە! هەقیقەتی پەیوەندی ئیمانداران و خوا ، هەروەها هەقیقەتی ئەو بەیعەتەی کە بە موسڵمان بوونیان داویانە بەخوا بە درێژایی ژیاندا ئاشکرا دەکات، **ئەوەی ئەو بەیعەتەی دا و جێبەجێی کرد، ئەوە ئیمانداری هەقیقییە، و وەسفی ئیمانداری بەسەردا جێبەجێ دەبێت، و هەقیقەتی ئیمانی لێوە ڕەنگ دەداتەوە، دەنا هەر قسەیەکی ڕووتە ئیمانی پێویستی بە سەلماندن ولێکۆڵینەوەیە!"**[٣٢]

بەردەوام دەبێ و خەستری دەکات:

**" هەقیقەتی ئەو بەیعەتە یان ئەو کڕین وفرۆشتنە [مبایعة]، وەك خودا ناوی ناوە بە کەرەم و فەزڵ و سەماحەتی خۆی! بریتیە: خوای تەعالا نەفس ومالی ئیمانداری بۆخۆی داناوە، و هیچی ئیماندارانی تێدا نەماوەتەوە، ناتوانن تۆزێکیشی بهێڵنەوە وسەرفی نەکەن لە پێناو خوادا، هیچی تر لە دەستە خۆیان نییە، سەرفی کەن و خەرجی کەن یان بیگرنەوە.** نەخێر ناتوانن، **ئەوە سەفقەیەکە کڕاوە و بە کۆتا هاتووە، و کڕیارەکە بۆی هەیە، چۆنی بوێت وا**

[٣٢] **"إنَّه نصٌ رهيب! إنَّه يكشف عن حقيقةِ العَلاقة التي تربط المؤمنين بالله، وعن حقيقة البَيْعة التي أعطوها بإسلامهم طوالَ الحياة، فمَن بايع هذه البيعةَ، ووفَّى بها فهو المؤمِن الحق، الذي ينطبق عليه وصف (المؤمِن)، وتتمثَّل فيه حقيقةُ الإيمان، وإلاَّ فهي دعوى تحتاج إلى التصديق والتحقيق."**

**بەرخوردی لەگەڵ بکات بەو شێوەیەی دەیەوێت...فرۆشیاریش هیچی بەدەستەوە نییە، تەنها ڕۆیشتن نەبێت بەو ڕێگایەی بۆی نەخشە کێشراوە!** بۆی نییە نە ئاوڕ بداتەوە، نە هەڵبژێریێ، نە گفتوگۆ بکات، نە موجادەلە بکات، نابێت لە ملکەچی و کارکردن و خۆبەدەستەوەدان زیاتر، هیچیتر بنوێنێت، نرخەکەشی: بەهەشتە، و ڕێگاکەشی جیهاد و کوشتن و کوشتارە، و کۆتاییەکەشی: یان سەرکەوتنە یان شەهیدبوونە!"[33] تۆ سەرنج بدە بەو سوک وچروك کردنەی مرۆڤ، چۆن دەیەوێت ببێتە ئامراز وئالەتێکی بێ گیان لە دەست دەقگەلێکی دینی، تا بە ئاسانترین شێوە بەکار بێت بەناوی خوا! بێگومان خودا خۆی دانەبزێتە سەرزەوی تا ڕاستەوخۆ بە کوشتنت بدات بۆ ئامانجی خۆی، بەڵکو وەکیلەکانی خوا ئەو کارە دەکەن، چۆنیان بوێ ئەو مەخلوقاتە دینییە بێ عەقڵانە بەکار دەهێنن لە پێناو ئامانجەکانی خۆیان.!

ئینجا سەید قوتب پلەیەکیتریش لە نرخی مرۆڤی ئیماندار دادەبەزێنێت کاتێ دەڵێت: ئەوەی بەیعەتی لەسەر ئەوە کرد، ئەوەی واژۆی یا ئیمزای لەسەر ئەو مامەڵە و سەفقەیە کرد. بە نرخەکەی ڕازی بوو، وجێبەجێی کرد، ئەوە ئیماندارە، ئیمانداران خودا لێی کڕیون و ئەوانیش فرۆشتیان، **لە ڕەحمەتی خواوەیە کە نرخێکی بۆ ئەو سەفقەیە داناوە، دەنا خۆی پێدەری نەفس وماڵە، خۆی خاوەنی ژیان و ماڵە، بەڵام ڕیزی لە ئادەمیزاد ناوە بەوەی کردویەتی بە داوا کراو، ڕیزی لێناوە بەوەی ڕێگای داوە گرێبەست بکات و ئیمزای بکات - هەتا لەگەڵ خواشدا!- ڕیزی لێناوە کە پابەندی کردوە بە گرێبەست و پەیمانەکانی، بەجێهێنانیشی کردۆتە پێوەری کەرامەتی ئینسانیەتی، پەیمان شکاندیشی کردۆتە پێوەری**

---

[33] **"حقيقةُ هذه البيعة - أو هذه المبايعة كما سمَّاها الله كرمًا منه، وفضلاً وسماحة -: أنَّ الله - سبحانه - قد استخلصَ لنفسه أنفُسَ المؤمنين وأموالَهم؛ فلم يَعُدْ لهم منها شيء، لم يعد لهم أن يَسْتَبْقوا منها بقيَّة لا يُنفقونها في سبيله، لم يعدْ لهم خيار في أن يبذلوا أو يُمسِكوا، كلا، إنَّها صفقةٌ مشتراة، لشاريها أن يتصرَّف بها كما يشاء، وَفْقَ ما يفرض، ووفق ما يُحدِّد، وليس للبائع فيها مِن شيءٍ سوى أن يمضيَ في الطريق المرسوم، لا يتلفَّت ولا يتخيَّر، ولا يُناقش ولا يجادل، ولا يقول إلاَّ الطاعة، والعمل والاستسلام، والثمن: هو الجنَّة، والطريق :هو الجِهاد والقتل والقتال، والنهاية: هي النصر أو الاستشهاد."**

**ڕۆچوونی بۆ جیهانی چوارپێ وئاژەڵان، نەگریسترین ئاژەڵ:** ﴿ إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللَّهِ الَّذِينَ كَفَرُوا فَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ *الَّذِينَ عَاهَدْتَ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنْقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لا يَتَّقُونَ﴾ [الأنفال: ٥٥-٥٦][٣٤]

ئینجا سەید قوتب سەرکۆنەی موسڵمانان دەکات کە جیهاد ناکەن و ناکوژن و ناکوژرێن لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا! ئێستا ئەگەر زیندوو با دەیزانی ئاواتەکەی جێبەجێ بووە، چونکە بەس جەمسەری بەستەڵەکی باشور و باکوور ماوە موسڵمانان [جیهاد] ی تێدا نەکەن، مرحی یا سید لەو خۆشبەختیەی!

ئینجا دەڵێت:

"بەیعەتێکی مەترسیدارە -بێ گومان- بەڵام لە ملی هەموو ئیماندارێکە، توانای بەسەردا بشکێت، لەسەری لاناکەوێت تەنها بە کەوتنی ئیمانی نەبێت، ترسناکییەکەشی لەوەدایە، کە لە ساتی نووسینی ئەو وشانە هەستی پێدەکەم :﴿ إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ﴾ ]التوبة: ١١١] خودایە هاریکارمان بە، گرێبەستێکی ترسناك و ڕەهیبە، ئەوانەی خۆیان ناو ناوە [موسڵمان] لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دانیشتوون و جیهاد ناکەن بۆ بەجێهێنانی ئولوهیەت و خوداوەندی خودا لەسەر زەویدا، و دەرکردنی ئەو تاغوتانەی مافی پەروەردگاریەتی و تایبەتمەندیەکانیان

[٣٤] **"مَن بايع على هذا، مَن أمضَى عقدَ الصفقة، من ارتضى الثمنَ ووفَّى، فهو المؤمِن، فالمؤمنون هم الذين اشترى الله منهم فباعوا، ومِن رحمة الله أن جعَل للصفقة ثمنًا، وإلاَّ فهو واهب الأنفُسِ والأموال، وهو مالك الأنفس والأموال، ولكنَّه كرَّم هذا الإنسانَ فجعله مريدًا؛ وكرَّمه فجعل له أن يعقدَ العقود ويُمضيَها - حتى مع الله - وكرَّمه فقيَّده بعقوده وعهوده، وجعل وفاءَه بها مقياسَ إنسانيته الكريمة؛ ونقضه لها هو مقياس ارتكاسِه إلى عالَم البهيمة: شر البهيمة ﴿ إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللَّهِ الَّذِينَ كَفَرُوا فَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ *الَّذِينَ عَاهَدْتَ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنْقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لا يَتَّقُونَ ﴾ ]الأنفال: ٥٥-٥٦]"**

لە ژیانی بەندەکان زەوت کردوە، و نە دەکوژن و نە دەکوژرێن، نە جیهادێکیش دەکەن کەمتر لە کوشتن و کوشتار![35]

**وەک بڵێی لای سەید قوتب، تەنها ئامانجی ژیان ئەوەیە بکوژیت و بکوژرێیت تا هەموو زەوی دەخەیتە ژێر ڕکێفی الوهیەتی خوا، وادیارە داعشیش شوێنکەوتەی خاوەنی ئەو تێڕوانین ڕوئیایەیە، بۆیە لە ئێستاوە نەخشەی هەموو جیهانیان ڕەشکردۆتەوە و دابەشیان کردۆتە سەر ویلایەتەکانیان! بڕوانە ئەو مرۆڤە هەستیار وئەدیبە، پاش خوێندنەوەی ئەدەبیاتی دینی سەلەفی و ئیسلامی سیاسی، چ مرۆڤێکی ترسناك وناخ تێنوو بە خوێنی لێ دەرچووە؟!**

## پێنجەم:هاوکێشەی زانستی خۆرئاوا وبەها بەرزە ئیسلامییەکان!

سەید قوتب لە زۆربەی کتێبەکانی بیرۆکەیەک دەڵێت ودەڵێتەوە و جەختی لەسەر دەکاتەوە کە لە بواری زانست و تەکنۆلۆژیا ، جیهانی ڕۆژئاوا پێشەنگن بە سەدان ساڵ پێشی ئێمەی موسڵمانیان داوەتەوە، بەڵام لە بواری بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی مایەپووچن!
نەجیب مەحفوز لە باسی سەید قوتبدا لە کتێبی المرایا باسی ئەو گفتوگۆیە دەکات:

" [سەید قوتب] زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر زانست ، تا ئەو ڕادەیەی واقم وڕما و لێیم پرسی: - هەتا زانستیش؟!

---

[35] "وإنَّها لَبَيْعة رهيبة - بلا شكٍّ - ولكنَّها في عنق كلِّ مؤمن قادر عليها، لا تسقط عنه إلاَّ بسقوط إيمانه، ومن هنا تلك الرَّهْبة التي أستشعرها اللحظة وأنا أخطُّ هذه الكلمات :﴿ إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ﴾ ]التوبة: ١١١[، عونَك اللهمّ، فإنَّ العقد رهيب، وهؤلاء الذين يزعمون أنفسهم "مسلمين" في مشارِق الأرض ومغاربها، قاعدون لا يُجاهدون لتقريرِ ألوهيةِ الله في الأرْض، وطرْد الطواغيت الغاصبة لحقوقِ الربوبيَّة وخصائصها في حياة العباد، ولا يَقتلون، ولا يُقتلون، ولا يُجاهدون جهادًا ما دون القَتْل والقِتال."

**- بەڵێ، ئێمە ناتوانین شتێکی ئەوتۆ لەو بوارە پێشکەش بکەین، لەو بوارەدا پێشمان کەوتوون، و ئێمەش هەر وا بە بەجێماوی دەمێنینەوە هەرچەندە هەوڵمان دا و تێکۆشاین، هیچ پەیامێکی زانستمان پێ نییە پێشکەشی جیهانی بکەین، بەڵام پەیامی ئیسلام و تەنها پەرستنی خوامان هەیە، نەك سەرمایەداری و مادیەتی دیالەکتیکی.... "**

سەید پێیوایە ئەو شارستانیەتەی خۆرئاوا ئیفلاسی کردووە لە ڕووی بەهاوە! تەریك کەوتوون لە بواری بەها و ڕەوشت و مەعنەویاتدا! تەنها دەرەتان پەیامی ئیسلام و یەکتا پەرستی خوا و بەها بەرزەکانی ئیسلامە کە فەریاد ڕەسیانە، ئێمە هەمانە و دەبێ ئێمە پێشکەشی ئەو جیهانە لە بەها موفلیسەی بکەین.
لەو بارەیەوە، سەید قوتب لە کاتی سەردانە دوو ساڵەکەی بۆ ئەمریکا بۆ گۆڤاری الرسالة ٣ وتاری درێژ دەنووسێت، دەربارەی سەرنجەکانی لەسەر ئەمریکا، لە وتارێکدا هاتووە:

"ساڵێکم لەو وۆرکشۆپە زەبەلاحەی کە ناوی دەبەن بە "جیهانی نوێ" بەسەر برد، لە نیویۆرکەوە بۆ واشنتۆن بۆ دێنڤەر بۆ گریلی.. وا دیارە هەموو بلیمەتی ئەمریکییەکان لە بواری کار و بەرهەمهێناندا کۆبوونەتەوە و چڕبوونەتەوە، بەجۆرێک کە هیچی پێ نەمێنێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی شتگەلێک لە بواری بەها مرۆییەکاندا. لەو بوارەدا ئەو شتەی بەدەست هێناوە کە هیچ میللەتێکی دیکە بەدەستی نەهێناوە، ئیعجازیشی هێناوەتە ئاراوە کە ژیانی ڕاستەقینەی گۆڕیوە بۆ ئاستێک لە دەرەوەی خەیاڵ و لە سەرووی باوەڕپێکردنەوە، بۆ ئەو کەسانەی کە بە چاوی خۆیان نەیان دیتووە!
درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: بەڵام (مرۆڤ) هاوسەنگی خۆی لەبەردەم ئامێرەکەدا نەپاراست، تا ئەو ڕادەیەی کە خۆی نزیک بووەوە لە بوون بە ئامێردا. نەیتوانی بارگرانی ماندووبوونی کار هەڵبگرێت و دواتر لە ڕێگای مرۆڤایەتییەوە بەرەو پێشەوە

بچێت، دواتر ئەو ئاژەڵە شاراوەیەی ناخی ڕەها کرد، زۆر لاوازتر لەوەی بتوانێ بارگرانی کار و بارگرانی (مرۆڤبوون) هەڵبگرێت!

ئەمەش وایکرد گەلی ئەمریکا بە دیاردەیەکی ناوازە جیابکرێتەوە، بەو پێیەی لە جیهانی زانست و کاردا گەیشتە لوتکەی گەشەکردن و پێشکەوتن، لە کاتێکدا لە جیهانی هەست و ڕەفتاردا، سەرەتایی بوون و قۆناغە یەکەمەکانی مرۆڤایەتییان بەجێنەهێشتووە هێشتا. لە ڕاستیدا لە هەندێک لایەنی هەست و ڕەفتاردا کەمتر لە سەرەتاییە ![٣٦]
هەر لە سەرەتای کتێبی معالم في الطريق دەڵێت:

ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لە لێواری لەناوچووندایە ... نەک بەهۆی مەترسیی لەناوچوونەوە کە بەسەر سەریدا هەڵواسراوە، چونکە ئەمە نیشانەی نەخۆشییەکەیە نەک خودی نەخۆشییەکە ، هۆکارەکەی مایەپوچبوونیەتی لە جیهانی [بەهاکاندا] کە لە ژێر سایەیدا ژیانی مرۆڤ دەتوانێت بە باشی گەشە بکات و بە شێوەیەکی دروست پێشبکەوێت.

---

[٣٦] "وقضيت عاما في تلك "الورشة الضخمة التي يسمونها "العالم الجديد" وتنقلت من نيويورك إلى واشنطن إلى دنفر إلى جريلي".." وإنه ليبدو أن العبقرية الأمريكية كلها قد تجمعت وتبلورت في حقل العمل والإنتاج، بحيث لم تبق فيها بقية تنتج شيئاً في حقل القيم الإنسانية الأخرى. ولقد بلغت في ذلك الحقل ما لم تبلغه أمة، وجاءت فيه بالمعجزات التي أحالت الحياة الواقعية إلى مستوى فوق التصور ووراء التصديق لمن لم يشهدها عيانا. ويتابع قائلًا: ولكني (الإنسان) لم يحفظ توازنه أمام الآلة، حتى ليكاد هو ذاته يستحيل آله؛ ولم يستطع أن يحمل عبء العمل المنهك ثم يمضي قدماً في طريق الإنسانية، عندئذ أطلق للحيوان الكامن العنان؛ ضعفاً عن أن يحمل عبء العمل وعبء (الإنسان)! وهذا ما جعل شعب أمريكا يتميز بظاهرة منفردة، حيث بلغ في عالم العلم والعمل، قمة النمو والارتقاء، بينما هو في عالم الشعور والسلوك بدائي لم يفارق مدارج البشرية الأولى؛ بل أقل من بدائي في بعض نواحي الشعور والسلوك!

أمريكا بعيون قطبية، د. ليلى حمدان

https://lylahamdan.com/%D8%A3%D9%85%D8%B1%D9%8A%D9%83%D8%A7-%D8%A8%D8%B9%D9%8A%D9%88%D9%86-%D9%82%D8%B7%D8%A8%D9%8A%D8%A9/

ئەمە لە جیهانی ڕۆژئاوادا زۆر ڕوونە، کە چیتر هیچ"بەها گەلێکی"ی پێ نییە، ببەخشێتە مرۆڤایەتی ،و لەوەش زیاتر، کە چیتر هیچی نییە ویژدانی خۆی قەناعەت پێبکات کە شایستەی بوونە، دوای ئەوەی دیموکراسی تێیدا نزیکەی ئیفلاسی کرد، ئێستا دەستی کرد بە خواستن - هێواش هێواش - و لە سیستەمی سەربازگەی خۆرهەڵاتی، بە تایبەت لە سیستەمی ئابووریدا! لە ژێر ناوی سۆسیالیزمەوە![٣٧]

قوتب دەڵێ: "سەرکردایەتی مرۆڤایەتی لەلایەن مرۆڤی سپی پێست لە لێواری نەماندایە، نەک لەبەر ئەوەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا مایەپووچ بووە لە ڕووی ماددییەوە لاواز بووە لە ڕووی دەسەڵاتی ئابووری و سەربازییەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕۆڵی سیستەمی ڕۆژئاوا بە کۆتا هاتووە، هیچ ڕەسیدێکی لە (بەها کان) پێ نەماوە کە ڕێگەی پێبدات سەرکردایەتی بکات."

دەبێت سەرکردایەتییەک هەبێت، کە توانای پاراستن و پەرەپێدانی ئەو شارستانییەتە ماددییەی هەبێت، کە مرۆڤایەتی بەدەستی هێناوە، لە ڕێگەی بلیمەتی ئەوروپی لە داهێنانی ماددیدا، و بەهای تەواو نوێ بۆ مرۆڤایەتی - بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی مرۆڤایەتی زانیویەتی - و مەنهەجێکی ڕەسەن و ئەرێنی و واقیعی دابین بکات، لە هەمان کاتدا.

---

[٣٧] تقف البشرية اليوم على حافة الهاوية .. لا بسبب التهديد بالفناء المعلق على رأسها .. فهذا عَرَضٌ للمرض وليس هو المرض .. ولكن سبب إفلاسها في عالم " القيم " التي يمكن أن تنمو الحياة الإنسانية في ظلالها نموًا سليمًا وتترقى ترقيًا صحيحًا.

وهذا واضح كل الوضوح في العالم الغربي ، الذي لم يعد لديه ما يعطيه للبشرية من " القيم " ، بل الذي لم يعد لديه ما يُقنع ضميره باستحقاقه للوجود ، بعدما انتهت الديمقراطية فيه إلى ما يشبه الإفلاس ، حيث بدأت تستعير- ببطء - وتقتبس من أنظمة المعسكر الشرقي وبخاصة في الأنظمة الاقتصادية ! تحت إسم الاشتراكية!

بە تەنها ئیسلامیش خاوەنی ئەم بەهایانە و ئەم ڕێبازەیە. ڕێنێسانسی زانستی ڕۆڵی خۆی بینیوە... ئەمە ئەو ڕۆڵەیە کە لە سەدەی شەشەمی زایینی لە ڕێنێسانسەوە دەستی پێکرد، و لە ماوەی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا گەیشتە لوتکە... و چیتر ڕەسیدێکی نوێی پێ نەماوە.[٣٨]

لەم ڕوانگەیەوە قوتب پێی وابوو، ڕۆژئاوا بە ناچاری دەڕوخێ بە بیانووی ئەوەی لە ڕووی بوونی بەهای بەرزەوە مایەپووچ بووە، چیتر هیچ شتێکی پێ نییە پێشکەشی جیهانی بکات. بەو پێیەی موسڵمانان بەهای بەرزی ئامادەکراویان هەیە، و چاوەڕێی بەرەوپێدانن لە ساتەوەختی گونجاودا، ئەو هەرەسە خێرایەی شارستانیەتی بالادەست بەخۆیەوەی دەبینێت، دەبێتە هۆکارێکی بەشداربوو، بۆ ئەوەی ئومەتی ئیسلامی پێشەنگایەتی بکات لەسەر گۆڕەپانەکە، و کار بکات بۆ گشتاندنی کۆنترۆڵی شارستانی بەسەر هەموو جیهاندا.
سەید قوتب یەکەم کەس نەبوو کە باسی قەیرانی شارستانیەتی خۆرئاوای کردبێت. بەر لە سەید لانیکەم بە یەك سەدە، ئەم بابەتە لەژێر گفتوگۆ و مشتومڕدا بوو لە نێوان فەیلەسوف و مێژوونووسانی خودی خۆرئاوادا .
زۆرێکیان - کە زۆربەیان ڕۆژئاوایی بوون - پێشبینی داڕمانی نزیکی شارستانیەتی ڕۆژئاواییان دەکرد و پێشبینی مردن و لەناوچوونییان دەکرد .
من لەگەڵ نیوەی یەکەمی تێڕوانینەکەی سەید قوتب م کە زانستی نوێ هەمووی لەلایەن خۆرئاوا و چەند وڵاتێکیتری وەك ژاپۆن و کۆریا و چەند شوێنیتری کەم قۆرخ کراوە،

---

[٣٨] إن قيادة الرجل الغربي للبشرية قد أوشكت على الزوال .. لا لأن الحضارة الغربية قد أفلست ماديًا أو ضعفت من ناحية القوة الاقتصادية والعسكرية .. ولكن لأن النظام الغربي قد انتهى دوره لأنه لم يعد يملك رصيدا من "القيم" لا يسمح له بالقيادة.

لابد من قيادة تملك إبقاء وتنمية الحضارة المادية التي وصلت إليها البشرية ، عن طريق العبقرية الأوروبية في الإبداع المادي ، وتزود البشرية بقيم جديدة جدَّة كاملة - بالقياس إلى ما عرفته البشرية – وبمنهج أصيل وإيجابي وواقعي في الوقت ذاته.

والإسلام - وحده - هو الذي يملك تلك القيم ، وهذا المنهج. لقد أدَّت النهضة العلمية دورها .. هذا هو الدور الذي بدأت مطالعه مع عصر النهضة في القرن السادس عشر الميلادي ، ووصلت إلى ذروتها خلال القرنين الثامن عشر والتاسع عشر .. ولم تعد تملك رصيدًا جديدًا .

ئێمەی موسڵمان و جیهانی ئیسلام " نە زانستمان پیە و نە هیچ پەیامێکی زانستیمان پێیە پێشکەشی جیهانی بکەین" بەڵام کارەسات لەوەدایە بەشی دووەمی قسەکەشی، کە بریتیە لە پێشکەش کردنی " بەها بەرزەکانی ئیسلام و یەکتا پەرستی خوا وهتد" یش نەهاتە دی، وبەڵکو ئەو پەیامە گۆڕا بۆ سەرچاوەی نیگەرانی و شوهرەت بەدی موسڵمان، وماڵوێرانی، ومرۆڤ کوژی و دڕندایەتی ناوەوەی جیهانی ئیسلام و دەرەوەش!

ئێمە نەك هەر پەیامێکی پڕ بەهای بەرزمان پێشکەش نەکرد، بەڵکو ئیسلامێکیان پێشکەشی خەڵک کرد، کە پڕاوپڕە لە سووکایەتی بە مرۆڤ و تەسک کردنەوەی ئازادیەکانی وپێشێلی مافی ئافرەت و هەتا مافی منداڵیش! ئیسلامێك پڕە لە هونەری کوشتن و سەربڕینی وەحشیانەی، کە بۆ ئاژەڵێش گوناهە بەو شێوەیە ئەنجام بدرێت، بە کۆمەڵ خەڵك بەبەرچاوی یەکەوە و چاوی کامێراوە، بە نۆرە سەرببڕیت!
ئیسلامێك کە هەموو دنیا باسی بەهای پیرۆزکردنی ئازادیەکان دەکات، کەچی ئەو ئاوات دەخوازێت بە گەڕانەوەی بەهاکانی سەردەمی کۆیلایەتی و سبایا و جاریەچیەتی!

ئیسلامێک جیهان وەك شتێکی موقەدەس دەڕوانێتە منداڵ، کەچی ئەو بە تێکڕای ڕەها دەڵێ لە ٩ ساڵیەوە بۆت هەیە بە شووی بدەیت!
ئیسلامێك مرۆڤ تا دێ ئازادی تاکەکەسی خۆی زیاتر وەردەگرێت، کەچی ئەو بە دەستی بێت ناهێڵێ ئافرەتیش ڕوخساری دەرکەوێ!
ئیسلامێك خەڵک پاش دیتنی هەزار ڕەحمەت بۆ فاشیزم و گۆڕی مۆسۆلینی دەنێرێت!

ئیسلامێك هەر خەریکی تەکفیر وتەفسیق و ڕەجمکردن و کوشتن و دەستبڕینی خەڵکە! کە سەید قوتب خۆی پێشەنگی تەکفیرکەرانە تیایدا!

قەت بە عەقڵم داناچێت کەسێك لە ئاستی ڕۆشنبیری سەید قوتب دابێت، ئەگەر بژیا با ئەو کارەساتانەی بدیبا کە بیروڕاکانی ئەو دروستیان کردوە، پەشیمان نەبێتەوە! دڵنیام سەید پەشیمانی دایدەگرت لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو بیروڕایە توندڕەوانەی، کە ئەو کارەساتانەی لێکەوتەوە.

## خۆرئاوا هەمووی خەرابات نییە وەك ئیسلامی سیاسی و مەلای گەڕەکێ باسی دەکەن!

لە وتاری مەلا و بانگخوازی ئیسلامی و کوردیش لە نێویاندا، هەمیشە خۆرئاوا سەرچاوەی هەموو خراپەکاریەکە، هیچ دەسکەوتێکی زانستی وژیاری ئەو جیهانە لای ئەوان ئەوە ناهێنێ دوو قسەی هەقی لەسەردا بکەن.

ئەوان تەنها فیلمە ڕووتەکان و شیرازە تێکچوونی خێزان و مادەی هۆشبەر دەبینن لەو جیهانە. یان ڤیدیۆ وێنەی ئافرەتێک دەبینن کە وەک سەگ پەتککراوە!

نازانن ئەو دیاردانەش بەشێکن لە ئازادی شەخسی ئەو کەسانە، کەس بەزۆر ئەو کارانەیان پێ ناکات.

ئەوە نابینن ئەو جیهانە چۆن مامەڵەی هەژار و موحتاج و پەککەوتە دەکات، کە زۆرجار ئەوەی تەواوی ڕۆژ کاردەکات، جیاوازی داهاتی هێندە نییە لەگەڵ کەسێك کەلەبەر هۆیەکی تەندروستی کاری پێ ناکرێ.

ئەو یاسایانەی ئەو جیهانە بۆ منداڵپارێزی دایناوە، وات لێدەکات ئەو بیرە چەپەڵە توورهەڵدەیت کە دەڵێ منداڵی خۆمە وچی لێدەکەم لێیدەکەم ئازادم! یاسا توندوتۆڵەکانی دەوڵەت وات لێدەکات بزانیت ئەو منداڵە خاوەنێکیتری هەیە لەسەری بە جوابە، تا مرۆڤ بیت لە پەروەردەکردنیدا هەقی بەسەرتەوە نییە، بەڵام قوڕت بەسەر کە

منداڵەکەت ئەشکەنجەدا لە ڕووی جەستەیی و دەروونیدا، ئەویش بە مامۆستایەکی خۆی گووت! بە هەزار حاڵ ڕزگارت دەبێت لە لێساندنەوەی منداڵەکەت، ڕەنگە جارێکیتر ئەو منداڵە هەر نەدۆزیەوە!

هەمان یاسای توندوتۆڵ بۆ پاراستنی ئافرەت، "زەعیفەکانی" لای خۆمان دانراوە، نەك ئەوە بەڵکو پیاو بە بڕۆ ئازاری ئاژەڵی خۆت یان هەر ئاژەڵێکیتر بدە، بزانە چۆن لە زیندانیدا دەیخولێنیتەوە. ئەوە بەهای بەرز نییە گەورەترین پڕۆژە بوەستێت لەبەر بوونی چەند هێلانەیەکی باڵندەکان لەسەر ئەو دارانەی کە دەبوایە ببڕێنەوە؟! ئەگەر ئەوە بەهای بەرز نەبێت چییە؟!

لە بواری سیاسیدا، بزانە سیاسییەکان لە ژێر چ زەڕەبینێکی چاودێرین! بەردەوام ژمارەی حسابی بانکەکانیان لە ژێر چاودێری دایە لە ترسی گەندەڵی کردن! هەتا هەندێ سیاسەتبازی کوردو نەتەوەنیتری پەناهەندە، کە لە ئەوروپا ناوبانگ دەردەکەن، شۆرەتیان دەگاتەوە ولاتی ڕەسەنی خۆیان، دەچنەوە ئەوێ بۆ گەندەڵخۆری، چونکە دەزانن لە بەریتانیا و ئەوروپا ئەو گەندەڵییەیان پێ ناکرێ بە ئاسانی!

ئەوە و هەزاران بەهای بەرز وجوانی ئەو جیهانە هەیە کە باس بکرێ، و دانی پێدا بنرێ کە لە مێژووی مرۆڤایەتی بە دینەکانیشەوە هێندە دادپەروەری نە بووە ونە دەبێ. بەداخەوە زۆربەی خەڵکی پەناهەندەی ولاتان کە دێنە ئێرە، چاویان ئەو جوانییە و ئەو بەها بەرزانە. چاویان تەنها پارەپەیدا کردن و دەستدرێژی سێکسی و بازرگانی ناشەرعی و ئەو شتانە دەبینێت، بۆیە دێنە ئەو ولاتە مەزنانە، زۆریان بە شێوازەکی زۆر توندڕەوانە بۆ دین دەگەڕێنەوە، خەون بە دادپەروەری دینی و خەلافەتی کوشتوبڕین سزا وحدود و قامچی ودارکاری دەبینن!

ئەوە ئەو جیهانەیە کە سەید قوتب بەر لە زیاتر لە ٥٠ ساڵ دەڵێت هیچ بەهایەکی بەرزی تێدا نییە، بیانووی بوونی لە دەست داوە، جگە لە زانست و بەرهەمی زانستی نەبێت!

# بەشی هەشتەم

# ئەفسانەکانی دەوری سەید قوتب

## ئەفسانەی ئایدیۆلۆژیستەکان!

یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئایدۆلۆژی ئەوەیە کە دەمامکێک بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە باوەڕی پێدەکەن ولە باوەشی دەگرن، ئەو دەمامکە ڕێگرییان لێدەکات لە بینینی حەقیقەتی ڕەها وەک خۆی، لە جیاتی ئەوە واقیعێکی بەدیل (خەیاڵی)یان بۆ دروست دەکات کە تێیدا بژین، لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی گوتارێک کە چەندین ئامراز لەخۆدەگرێت بۆ بزرکردنی ڕاستی و خستنەجێی وێنەی خوازراو، چنین و بنیاتنانی ئەفسانە یەکێکە لەو ئامرازانەی کە بەکاری دەهێنن بۆ ساختەکردنی واقیع.

پیشەسازی دروستکردنی ئەفسانە لە دەوری سەرکردەی ئیلهامبەخش و سەرکردەی نەمر، گوزارش دەکات لە یەکێک لەو تەوەرە گرنگانەی، کە پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژی کاری لەسەر دەکات، بۆ ساختەکردنی ئەو واقیع و ڕاستییەی پەیوەستە بەوەوە. تیایدا چیرۆکی خەیاڵی دەهۆنرێتەوە، کە قارەمانێتییەکەی پیشان دەدات، و کردەوەکانی شکۆمەند دەکات، و توانای سروشت بەدەری پێدەبەخشێت، کە بەو هۆیانەوە ئەو سەرکردە مەزنە دەبێتە ئامانجی سەرەکی دوژمنان، کە تا کە ئامانجیان دەبێتە پلاندانان بە شێوەیەکی شێتانە بۆ ڕزگاربوون لە مەترسی ئەو ڕابەرو سەرۆکە مەزنە!

لەم چوارچێوەیەدا ئیخوان موسلیمین خوویان بە دروستکردنی ئەفسانەی خۆماڵی و تایبەت بە خۆیان گرتووە لە دەوری هێما و کەسایەتییە سەرکردایەتییەکانیان. لە ڕێگای پەرەپێدانی چیرۆکی ساویلکانەی کە ناگونجێت لەگەل سادەترین ڕێساکانی لێکۆڵینەوەی عەقڵانی و لۆژیکی، هەروەها کارکردن بۆ تێپەڕاندنی بەسەر خەڵك وەک هەقیقەتگەلێك کە گومان توخنی ناکەوێت، لە نێو ئەو ئەفسانە پیرۆزانەشدا هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ئیمامی ڕابەر و دامەزرێنەر حەسەن ئەلبەنا و وێناکردنی تیرۆرکردنی وەک پیلانێکی گەردوونی و جیهانی، بۆ بە ئامانج گرتنی و لەناوبردنی گرنگترین کەسایەتی جیهانی ئیسلامی لە نەزەری خۆیان! یان وەك ئەفسانەکانی دەوری سەید قوتب کە لێرەدا بە درێژی باسیان دەکەین.

## چۆن سەید قوتب بوو بە ئیخوان؟!

## ئاهەنگ گێڕانی خۆرئاوا بە بۆنەی کوشتنی حەسەن بەنا!

زۆرجار کە ژیانی پڕ لە گۆڕانی سەید قوتب م بەرچاو دەکەوێت، خاڵێك سەرنجم ڕادەکێشێت، ئەویش خێرایی بڕیار دان وگۆڕان بەولا وبەولا، ئینجا توونڕەوی لە هەر گۆڕانێکدا و جۆرێك لە ساویلکەیش هەندێ جار!

سەید قوتب تا چووە ئەمریکاش کە چەندین کتێبی لەسەر قورئان و ئیسلام نووسیبوو، کە دواهەمینیان کتێبی "العدالة الاجتماعیة في الاسلام" بوو، بیری لەوە نەکردبووەوە ببێتە ئیخوانی یان لە ڕێگای حزبی ئیسلامیەوە خەباتی سیاسی بکات.

کاتێ چووە ئەمریکا کتێبی العدالة ی لە ژێر چاپ بوو، تەنها سۆزێك بوو بۆ دەرخستنی ئیسلام بەرامبەر شارستانیەتی خۆرئاوایی، کە سەید قوتب لەبەر داگیرکاری ئینگلیز و دژایەتی بۆ شا فاروقی میسر، زۆر ڕقی لە شارستانیەتی خۆرئاوایی دەبوەوە. ئەوەش وەك ئەوە وابوو ڕقت لە دیموکراتیەت بێتەوە لەبەر پارتە دیموکراتیەکانی کورد! هەتا کە ناردیان بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی شارەزابێ لە پرۆگرامی خوێندنی ئەمریکی، تا لە میسر سوودی لێ وەرگرن، سەید نەك هیچ سوودی لەو نێردە دوو ساڵەی بۆ ئەمریکا لەسەر حیسابی دەوڵەت وەرنەگرت، بەڵکو گەڕایەوە لەجاران توندتر وئیسلامیتر و دژە خۆرئاواتر!

هەر لەگەل گەڕانەوەی چووە لای حەسەن هوزەیبی و بەیعەتی پێدا ببێتە ئیخوان!

ئەو هۆکارەی دەیگێڕنەوە بۆ بڕیاردانی سەید قوتب، زۆر ناماقوڵە و بەهیچ جۆرێ ناچێتە عەقڵەوە، چونکە یان وڕێنەی نەخۆشێکە، یان فریودانێکی موخابەراتییە، یانیش تێنەگەیشتنی سەید قوتبە! چۆن؟

محمد قطب ی برای سید قطب ڕووداوی بوونە ئیخوانی سەیدی برای دەگێڕێتەوە، ودەلێ لە نەخۆشخانە کەوتبوو، ئاهەنگێکی دانس وهەڵپەڕینی دکتۆر و پەرستارەکانی دیتبوو، بەبۆنەی کوشتنی حسن البنا لە ١٩٤٩/٢/١٢، ولەژێر کاریگەری ئەو ئاهەنگ گێڕانە و پێخۆشبوونە بڕیاری دا ببێتە ئیخوان![39]

---

[39] https://www.youtube.com/watch?v=PkHAWhlB57A

یەکێ لەوانەی ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە لە سەید قوتبەوە، شێخ عبدالله عزام ی ئیخوانییە لە کتێبی **(عملاق الفكر الاسلامي – سيد قطب)** دەڵێت:

"لە ۱۹٤۹/۲/۱۳ لە نەخۆشخانەیەکی ئەمریکا کەوتبوو – نەشتەرگەری لەوزەتێنی بۆ کرابوو- دیتی هۆڵی نەخۆشخانەکە ڕازابۆوە بە چرا و جوانکاری، مۆسیقای خۆرئاوایی لێدەدرا، ودکتۆر و نێرسەکان خەریکی دانس و هەڵپەڕین بوون! سەید لێیانی پرسیبوو: ئەوە چ جەژنێکە ئێوە دەیکەن؟ وەڵامیان دابوەوە: **ئەمڕۆ دوژمنی نەسڕانیەت [مەسیحیەت] لە خۆرهەڵات کوژراوە، ئەمڕۆ حسن البنا کوژراوە!** ئەو ڕووداوە ناخی سەید قوتبی هەژاند! کە ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی کوشتنی بەنا لە ئەمریکا، کەوابوو دەبێ ئەو پیاوە زۆر دڵسۆز بێ، و بانگەوازەکەی هێندە ڕاست ومەترسیدار بێ، خۆرئاوا بە بیستنی ناوی بکەونە لەرزین وپشێوی!"[٤٠]

**من سەرلەبەری ئەو ڕووداوە بە ڕاست نازانم و ناچێتە عەقڵم لەبەر ئەو هۆیانە لە باری لۆژیکەوە:**

جارێ سەید قوتب تا ڕۆیشت وهاتەوەش فێری ئینگلیزی نەبوو، ڕەنگە بەربەستی زمان وای لێکردبێ وا بە هەڵە لەو ڕووداوە تێگەیشتبێ، ئەوە ئەگەر ڕووی دابێت، خەیاڵی پاش

---

[٤٠] "ويشاء الله عز وجل أن يهديه سواء السبيل وأن يريه آياته ليجعله جنديا مخلصا في صف الدعوة الإسلامية ، وتحدث معه حادثتان تضطرانه للدخول تحت جناح الدعوة. أما الحادثة الأولى: فقد حصلت في (۳۱) شباط (۱۹٤۹م) يقول فيها(اي سيد قطب ) أنه كان مستلقيا فوق سريره في إحدى مستشفيات أمريكا ، فيرى معالم الزينة وأنوار الكهرباء الملونة وألوان الموسيقى الغربية والرقصات ، ما هذا العيد الذي أنتم فيه؟ فقالوا: اليوم قتل عدو النصرانية في الشرق ، اليوم قتل حسن البنا ، وقد كانت هذه الحادثة كفيلة أن تهزه من أعماقه ، حسن البنا!! يحتفل بمقتله في داخل أمريكا ، إذن لا بد أن يكون الرجل مخلصا وأن تكون دعوته خطيرة حقا ، ترجف لسماعها أوصال الغرب هلعا واضطرابا. )

بەنج لێدان نەبێت! بۆ نموونە من زۆرجار لە بەریتانیا هەندێ کەسی زمان نەزان دەبینم، زۆر خراپ لە قسەی ئینگلیزی دکتۆرەکانیان خراپ تێدەگەن، زۆرجار بە پێچەوانەوەی مەبەست! ئەگەر ئەو ڕووداوە ڕاست بێ - کە من گوومانم هەیە ڕاست بێت - ڕەنگە بە هەڵە تێگەیشتبێ!

دووەم یانیش لە ژێر بەنجی نەشتەرگەری بووە، کە مرۆڤ وڕێنە دەکات و شتەکانی دەوروبەری زۆر سەیر وسەمەرە تێدەگات! من خۆم کە نەشتەرگەریم کردبوو لە تەمەنی وابزانم ١٦ ساڵی، پانکەکانی نەخۆشخانە بە هەلیکۆپتەر تێدەگەیشتم، وا هەستم دەکرد دکتۆر و نێرسەکان گاڵتەم پێدەکەن! کەدوایی بەنج بەری دام گووتیان وات دەگووت ووات دەکرد باوەڕم نەدەکرد!

یانیش بەڕاستی موخابەراتی ئەمریکا، لە ناسینیان بۆ سەید قوتب ئەو شانۆگەریەیان بۆ ساز کردوە، تا پاڵی پێوەنێن بۆ ناو ئیخوان، لەبەر هۆکارێکی نهێنی نێوان ئیخوان و ئەمریکا، یان ڕەنگە بۆ لێدانی شیوعیەت بە قەڵەمێکی توند وتیژی وەك قەڵەمی سەید قوتب!

یانیش هەر ئەو ڕووداوە هیچ بنچینەیەکی هەقیقی نییە، یانی هەر لە بنەڕەتدا دروست کراوە! کە من زیاتر بیرم بۆ ئەو دوا ئەگەرە دەچێت! چونکە ئێستا لە سەدەی بیست ویەکدا، لە کوردستان وهەر وڵاتێکی ئیسلامی ٩٠٪ خەڵکەکە زیاتر نازانن حسن البنا کێیە، مەگەر ئیخوانیەك نەبێ، یان ڕۆشنبیرێك نەبێ، ئەی ماقولە پێش ٧٠ ساڵ خەڵکی ئەمریکا بزانن حسن البنا چییە و لە بانگەوازەکەی بگەن ومەترسیەکانی دەستنیشان بکەن؟!

چما ئێستا ئەمریکی وخۆرئاواییەکان بەو هەموو شۆڕشەی تەکنۆلۆژیای زانیاری و ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا، لە هەزاری یەکێان دەزانن حسن البنا کێیە؟! نەك لە هەزارە یەك لە دە هەزارە و سەت هەزارە یەکیشیان نازانن! بڕۆن دەیان ڤیدیۆی زانیاری گشتی ئەمریکی و خۆرئاواییەکان ببینن، نازانن عێراق وئێران لێك جیا کەنەوە! وادەزانن عێراق هاوسێی نیکاراگوایە بۆ نمونە!

وادەزانن میسر کە چەندە ناودارە، وڵاتێکی ئاسیاییە! ماقولە پێش ٧٠ ساڵ ئاهەنگ ودانس بکەن بەبۆنەی کوشتنی حەسەن البنا بگێڕن کە سەرکردەی حزبێك بوو لە نیشتیمانێك ٧٥ ساڵ بوو لە ژێردەستی ئینگلیز؟!

ئینجا بابڵێن ڕووداوەکە ڕاستیشە، ماقولە یەکەم بیرمەندی دینی ڕابوونی ئیسلامی، تەنها لەبەر ئاهەنگ گێڕانی نەساڕا بە کوشتنی حسن البنا ببێتە ئیخوان؟! خۆ سەید قوتب کە لە میسر بوو، بە حسن البنا ی دەگووت حسن الصباح کە گەورە تیرۆرستی بزوتنەوەی حەشاشەکانی باتینی شیعەی ئیسماعیلیەکان بوو! پیاوێ بوو هەموو شتێکی دەخوێندەوە، بڵێی ئەدەبیاتی ئیخوانی نەخوێندبێتەوە؟! چۆن موفەکیرێك لەبەر کاردانەوەیەکی وا نا لۆژیک بڕیارێکی وا دەدات؟!

یانی ئەگەر ئەو ئاهەنگەیان نەگێڕابا، ئێستاش سید قوتب لیبراڵی بوو، ئیخوانی نەبوو؟! مادام ئاهەنگیان گێڕا کەوابوو ئیخوان هەقە، ئەگەر نەیان گێڕابا لەسەر ناهەق بوون!

ئەگەر ئەو ڕووداوە و ئەو بڕیارە ڕاست بێت، دەبێ هەموو بلیمەتی وزیرەکی سەید قوتب بکەوێتە ژێر پرسیار وگومان! ئینجا هۆکارێکیتریش وامان لێدەکات بە سەید قوتب باوەڕ نەکەین، ئەویش بەڵگەنامەکانە، واك لە خوارەوە باسی دەکەین.

## ئایا سەید قوتب ئەو چیرۆکەی هەڵبەستبوو؟!

سەرەڕای ڕەخنەی زۆرم لە سەید قوتب، بەڵام هەمیشە وەك پیاوێکی خاوەن پرەنسیپ و ڕاستگۆ لەگەڵ بیروباوەڕەکەیم ناسیوە، بەڵام وەك پێشتر گووتم " ئەو ڕووداوەی ئاهەنگ گێڕانی نەخۆشخانەکەی سەید قوتب و ڕۆژنامەگەری ئەوروپا و ئەمریکا، هیچ بنچینەیەکی هەقیقی نییە، یانی هەر لە بنەڕەتدا دروست کراوە!" بەڵام کاتێ ئەوەم نووسی بیرم بۆ دروستکردن و هەڵبەستنی خەڵکیتر دەچوو، نەك سەید قوتب! ئێستا پاش ئەوەی بۆم دەرکەوت کە سەید قوتب وەك وتار و وەك کتێبیش باسی ئەو ڕووداوەی کردووە، پاش سێرچکردنێکی زۆر بەڵگەی حاشا هەڵنەگرم بەرچاوکەوت، کە دەیسەلمێنن ئەو قسانەی سەید قوتب ڕاست نین، نە لەسەر ئاستی شەخسی کە ئەو کاتە لە نەخۆشخانە نەبووە، هەروەها لەسەر ئاستی گشتی، کە ئەرشیفی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا و ئەوروپا هیچ ئاهەنگ گێڕانێکی تێدا نییە بە بۆنەی کوشتنی حەسەن بەنا، بگرە ٩٩٪ ڕۆژنامەکان ئامەژەیەکی ئاسایشیان بە کوشتنیشی نەکردووە! بۆیە دەتوانم بڵێم سەید قوتب ڕاست ناکات لە هەڵبەستنی ئەو ڕووداوەدا!

پاش ئەوەی سەید قوتب چووە ناو ئیخوان، لە یادی ڕەشکوژکردنی حەسەن بەنا لە فێبرایەری ١٩٤٩/٢/١٢، سەید لە مانگی فێبرایەری **١٩٥٣** وتارێکی نووسی بە ناونیشانی: "عدالة الأرض وحسن البنا" تێیدا گووتی کەوا من لە نەخۆشخانە بوم کاتێ حەسەن بەنا کوژرا، دیتم دکتۆر وپەرستارەکان وکارمەندەکان ئاهەنگ دەگێڕن، باوەش بە یەکدا دەکەن و پیرۆزبایی لەیەك دەکەن بەبۆنەی کوشتنی حەسن بەنا!٤١

وەك پێشتریش باسم کرد چۆن عبدالله العزام دەڵێ: "لە ١٩٤٩/٢/١٣ سەید قوتب لە نەخۆشخانەیەکی ئەمریکا کەوتبوو - نەشتەرگەری لەوزەتێنی بۆ کرابوو- دیتی هۆڵی نەخۆشخانەکە ڕازابۆوە بە چرا و جوانکاری، مۆسیقای خۆرئاوایی لێدەدرا، ودکتۆر و نێرسەکان خەریکی دانس و هەڵپەڕین بوون! سەید لێیانی پرسیبوو: ئەوە چ جەژنێکە ئێوە دەیکەن؟ وەڵامیان دابوەوە: **ئەمڕۆ دوژمنی نەسرانیەت [مەسیحیەت] لە خۆرهەڵات کوژراوە، ئەمڕۆ حسن البنا کوژراوە!" [تۆنی ئەفسانەکان تا دێت گەورەتر دەبێت!]**

لە کتێبی **بعثة سید قطب... الوثائق الرسمیة**،٤٢ کە لێکۆڵەری گەورە **حلمي النمنم** پێشکەشی کردووە، بە درێژایی باسی هەموو ڕاپۆرتەکانی ئەو نێردەیەی سەید قوتب دەکات، کەلەلایەن بەڕێوەبەری نێردەی فێرکاری میسری لە واشنتن نووسیویەتی، بەڕێز احمد

٤١ https://www.alhurra.com/different-angle/2021/07/07/%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%AE%D9%88%D8%A7%D9%86-%D9%88%D8%B5%D9%86%D8%A7%D8%B9%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%B7%D9%88%D8%B1%D8%A9
وتاری: :الإخوان وصناعة الأسطورة، بابكر فيصل، ٠٧ يوليو ٢٠٢١

٤٢ بعثة سيد قطب... الوثائق الرسمية :دار الكتب والوثائق القومية، **تقديم** :حلمي النمنم

نجیب هاشم، کە هەتا نرخی بلیتی قیتارەکان و مەسرەفی ڕۆژانەی سەید قوتیشی نووسیوە، ئەو ڕاپۆرتانە دووپاتی دەکەنەوە کە سەید قوتب لە کاتی کوشتنی حەسەن بەنا لە ١٩٤٩/٢/١٢ لە نەخۆشخانە نەبوو بۆ نەشتەرگەری لەوزەتێن، بەڵکو لە مانگی مارس و مەی واتا مانگی سێ و پێنج ی ١٩٤٩ لە نەخۆشخانە بووە، نەشتەرگەری لەوزەتێنی بۆ کراوە! لە خوارەوە ڕاپۆرتەکە بە ئینگلیزی دادەنێم.!

ئەو ئەفسانەیە خودی سەید قوتب بۆ ئیخوانەکانی دروست کرد، کە ئیدیعای ئەوە دەکات ئەو کاتەی کوشتنی بەنا لە ١٩٤٩/٢/١٢ لە نەخۆشخانە بوو، کەچی بە بەڵگەی ڕەسمی نێردەی دیپلۆماسی میسری دەرکەوتووە، کە سەید پاش مانگێك زیاتر لەو ڕۆژە چۆتە نەخۆشخانە و نەشتەرگەری کردووە!

## بەرهەم هێنانەوەی هەمان ئەفسانە بۆ سەید قوتب!

ئینجا خۆشی ئەو ئەفسانانە ئەوەیە، دەبێتە قالبێکی ئامادە و هەر ڕۆژەی دەدرێتە پاڵ یەکێ، ئەوەش ئەتوارێکی باوی ناو مێژووی ئیسلامە، بۆیە لە مێژووی ئیسلامیدا، دەبینیت کەرامەتێك دراوەتە پاڵ دەیان کەس لەوانەی پێیان دەڵێن پیاوچاکان!

ئەو ئەفسانەیەی کە خودی سەید قوتب دروستی کرد بۆ حەسەن بەنا، هەمان ئەفسانەیان بەرهەمهێناوە بۆ خودی سەید قوتب!

لە ٢٠١٦/٨/٢٨ چالاکوانێکی ئیخوانی بە ناوی احمد مطر (کە خۆی بە سەرۆکی ناوەندی عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری و جێگری سەرۆکی کۆڕبەندی بازرگانی نێودەوڵەتی

دەناسێنێت) لە لاپەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک) بە بۆنەی ساڵیادی ٦٠ ساڵەی لەسێدارەدانی سەید قوتب نووسیبووی:

"لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا ٥٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەندازیاری تورک نەجمەدین ئەربەکان دووچاری چورتمێ بوو بە زنجیرەیەك لە ئاهەنگێڕان لە ئەڵمانیا، پرسیاری هۆکارەکەی کرد، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: ئەمڕۆ تیرۆریستێک بە ناوی سەید قوتب لە میسر لە سێدارە درا، پرسیاری لە کتێبەکانی کرد، هەمووی هێنا و دەیانخوێنێتەوە، قەناعەتی بەو فیکرە کرد و بیرۆکەکەی پەسەند کرد، و ئەمەش سەرەتای لەدایک بوونی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو لە تورکیا، خوێندکارەکانی بوون بە سەرۆکی کۆمار و حکومەت و پەرلەمان و پارتی دەسەڵاتدار."!

بەم شێوەیە دروستکردنی ئەفسانە بەردەوامە بە هەمان ناوەڕۆک سەرەڕای جیاوازی کەسەکان!

مەترسیترین لایەنی ئایدیۆلۆژیای دینی ئەوەیە، تۆ پەیڕەو لە بەڵگە و لۆژیك ناکەیت. لۆژیکترین وتار ببینێ لە بەرژەوەندی ئایدیۆلۆژی خۆی نەبێ، زۆر بە ئاسانی تۆمەتباری دەکات بە درۆ و بە نالۆژیکی بوون! بە پێچەوانەوەش لاوازترین وەڵام ببینێ بۆ بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی خۆی، لە خۆشیان گەز گەز باڵا دەکات!

بۆیەش دەبینیت جەماوەری دینی سیاسی جوێن بە دەیان نووسەر و بیرمەندی ڕێزدار و پڕ مەعریفەت دەدەن، لە کاتێکدا ستایشی زمانپیسترین و خوێڕیترین قسەکەری ئیسلامی دەکەن.!

# ئەفسانەی توندڕەوی لە ئەنجامی ئەشکەنجەی زیندان

ئیخوانی موسلمین، هەمیشە لەبارەی بیری سەید قوتب دەڵێن هیچ توندرەوی بیری تێدا نەبوو، ئەوە خەڵکن خراپ لێی حاڵیدەبن و تێیناگەن! ئەوەندە توندیەی کە تێشیدایە، لەبەر ئەو ئەشکەنجە سەختەیە، کە توشی هاتوە لە زیندان! ئەو قسەیەم بە حەرفی لە محسن عبدالحمیدی سەرۆکی ئیخوانی عێراق گوێ لێبوو، کە پیاوێکە تەمەنێکی گەورەی هەیە لەناو ئیخوان.

لەوە دەچێت ئیخوانیەکان بە گەنج و پیریان هێشتا لە قۆناغی دەروێشیدا بن! نە گەنجیان ونە پیریان جیاوازیان نییە لە تێڕوانینیان بۆ سەید قوتب!

نوسینی گەنجێکی ئیخوانیم خوێندەوە لەسەر سەید قوتب، یەك پارچە لاواندنەوە وستایش و شیعرباران بوو. ئەو برادەرانە تا دەشمرن کتێبیکی ڕەخنەیی نەك نانووسن لەسەر ئەو سەرکردانەیان، تا هەرنەبێ لە هەڵەکانیانەوە فێربن، بەڵکو کتێبێکی ڕەخنەییش ناخوێننەوە کە لەسەریان دەنووسرێ!
سەیر لەوەدایە بەو عەقڵیەتە چەقبەستوو و کڵۆڵەوە، دەیانەوێت جیهانی ئیسلامی حوکم بکەن بە دروشمی ئیسلام چارەسەرە!

جارێ دین بەهیچ جۆرێك چارەسەر نییە بۆ کێشەکانی ژیانی هاوچەرخ، ئینجا ئەو ئیسلامەی ئیخوان تێیدەگات و دەڵێت تاقە چارەسەرە، نەك هەر چارەسەر نییە، بەڵکو خۆی لە خودی خۆیدا کێشەیە! تۆ لەلایەك لە ترسی تۆمەتی ئیسلامی وسەلەفیان بڵێی شەریعەت جێبەجێ دەکەم، بە دەستبڕین وڕەجمکردن و جەڵدە لێدان، لەلایەکیتریش بتەوێ خۆت مۆدرن نیشان دەیت گوایە پرۆژەیەکی نیمچە سێکولارت پێیە!

دەیان کتێب نووسراوە لە ڕەخنەی سەرانی ئیخوان وەك حەسەن بەنا و سید قوتب و حەسن هوزەیبی و عمر التلمسانی وهتد، هەرنەبێ چاوێکیان پێدا بخشێنن بزانن لەدەرەوەی قەفەسەکەی ئێوە خەڵکیتر چۆن دەخوێنێ!

وەك گووتم هەر گەنجەکان وانین، ئەگەر ئیخوانیەکی نیمچە کوردی پیری سەرووی ٨٠ساڵی وەك محسن عبدالحمید لەسەر سەید قوتب، بەڕوحیەتی دەروێشێکی هەرزەکاری سەرسام بنووسێ، دەیان شیعر وشانامە و پاکانەی هەتا بۆ بیروڕایە توندڕەوەکانیشی بکات. وبڵێ سەید قوتب هیچ توندرەوی بیری تێدا نەبوو، ئەوە خەلکن لێی تێنا گەن، وئەوەندە توندیەی کە تێشیدا بووە لەبەر ئەو ئەشکەنجە سەختەیە کە توشی هاتوە لە زینداندا!

منیش وەڵامم دایەوە بە عەرەبی و گووتم: بەڕێز محسن عبدالحمید پێویستە جارێکیتر سەید قوتب بخوێنیتەوە، تا هەمان قسە و پێداهەڵگووتن دووبارە نەکەیتەوە، کە ئیخوان لەو ڕۆژەوەی لە سێدارە دراوە دووبارەی دەکاتەوە! سەید قوتب کەسێکی ڕۆشنبر بوو ڕاستە بەڵام تابڵێیشی تووندڕەو بوو لە هەڵوێستەکانی...

هەر ڕۆژەی لەگەڵ لایەك بوو. ئینجا مامۆستا کە تۆ دەڵێی سەید لە ژێر کاریگەری ئەشکەنجە و زیندان ئەو بیروڕایە توندانەی دەربڕیوە، کەوابوو بیری ئەو لە ژینگەیەکی ناتەندروست لەدایک بووە، بیرەکەش ناتەندروست دەبێ، هەرچەندە ساغ بۆتەوە کە ئەو ئەشکەنجەدانەی باسی دەکەن ڕاست نییە. بەڵکو زۆربەی کتێبەکانی لە زیندان نووسیوە. زۆربەی ژیانی زیندانی لە نەخۆشخانە بەسەر بردووە لەوپەڕی ئاسایدا. بەڵام بابڵێین چیرۆکی ئەشکەنجەدانەکە ڕاستە، خۆ ماندێلا لەو زیاتر ئەشکەنجە دراو زیندانیش کرا، بۆ کاتێ بەسەر دوژمنانی سەرکەوت ئەوپەڕی گیانی لێخۆشبوون و لێبوردەیی نیشان دا بەرامبەر

سپی پێستە ڕەگەزپەرەستەکان؟! کەچی سەید قوتب تۆڵەی لە هەموو کۆمەڵگا کردەوە، بە جاهیلی وکافری لە قەڵەم دان؟!

لەوەش سەیرترئێستا سەلمێندراوە بە بەڵگە کە سەید قوتب بەرلەوەی ببێتە ئیخوانیش و بە فەرمی بچێتە ناو ئیسلامی سیاسی ئاماژەی زۆر زەقی ئەو بیرە توندانەی تێدا بووە، بە تایبەتی لە دوا بەشی ئەو کتێبە معالم في الطريق، کە لە ١٩٤٧ نووسیویەتی، بەشێکی لە کتێبی "العدالة الاجتماعية في الاسلام" گواستۆتەوە بۆ معالم في الطريق، کە لە کاتی نووسيني العدالة، هێشتا پەتای ئیسلامی سیاسی وئیخوانی بە فەرمی لێی نەدابوو!

## ئایا تەحەدای سەید قوتب بۆ مەرگ راستە یان زیادەڕەوییە؟!

سەید قوتب لە ١٩٦٦/٩/٢٩ لە سێدارەدرا، سەبارەت بەو لە سێدارەدانە وەك هەر شتێکیتری سەید قوتب، کۆمەڵێ ئەفسانەی لە دەوردا دروستکراوە. من سەیرم بەوە دێت لەو سەردەمەی نووسین و ڤیدیۆ و ڕۆژنامە و تۆماری دەنگییە، وا ئەفسانەی پڕ درۆ دروست بکرێت، دەبێ لە مێژووی ئیسلامدا چەندەها ئەفسانەیان بۆ دروست کردبین؟!

باوەڕنا کەم هیچ ئیسلامییەك سەرسام نەبووبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بەو هەڵوێستە بەرزانەی کە دراوەتە پاڵی، هەتا منیش کاتێك باوەڕم کردبوو! ڕیوایاتەکان دەڵێن کەوا سەید قوتب لە کاتی لە سێدارەداندا، داوای لێکراوە داوای لێبوردن بکات لە بیروڕا کانی، بەڵام ئەو بەو شێوەیە وەڵامی داونەتەوە:

## " داوای لێبوردن ناکەم لە کارکردن لەگەڵ خوادا!"

**گووتیان ئەگەر داوای لێبوردنیش ناکەیت، داوای بەزەیی بکە لە سەرۆك جمال عبدالناصر. گووتی: بۆچی داوای بە زەیی بکەم؟ ئەگەر بە هەق حوکم درا بم، من بە هەق ڕازیم، ئەگەریش بە ناهەق حوکم درا بم، ئەوە من لەوە گەورەترم داوای بەزەیی لە ناهەق بکەم!"** [٤٣]

سایتێکی کوردی ئەفسانەکە بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە:

"لە ئەنجامی دادگادا سزای لە سێدارەدان بە سەید قوتب درا، کاتێک بڕیاری لە سێدارەدانی درا دەمبەخەندە و خۆشحال بوو، چونکە دەگاشت لای خودا.

دوای بڕیاری لە سێدارەدانی سەید قوتب، زەلامەکانی جەمال عبدالناصر بۆ ئەوەی سەید قوتب لە ڕێگاکەی بەگەڕێنەوە لەگەڵ خوشکی سەید قوتب پەیوەندی ئەنجام دەدەن و بۆ سەید قوتب نامەیەک دەنێرن، "ئەگەر بڵێی تەواوی ئەو کارەکانی کە تا ئێستا ئەنجامت داوە هەڵە بوون و داوای لێبوردن لە سەرۆک کۆمار جەمال عبدالناصر بکەی سزای لە سێدارەدان بەتاڵ دەکرێت و سەربەست دەبی."

[٤٣] **"لن أعتذر عن العمل مع الله". فقالوا له إن لم تعتذر فاطلب الرحمة من الرئيس جمال عبد الناصر فقال: "لماذا أسترحم؟ إن كنت محكوما بحق فأنا أرتضي حكم الحق وإن كنت محكوما بباطل فأنا أكبر من أن أسترحم الباطل."**

# "من زەلیل نیم  کە داوای لێبورن لە ڕۆژئاوا بکەم"

حەمیدە قوتب  کە نەیدەویست براکەی لە سێدارە بدرێت، نامە و داوای زەلامەکانی جەمال عبدالناصر بۆ سەید قوتب نارد، لە بەرامبەری سەید قوتب ئەو ولاّمەی دایەوە "ئەگەر من سزای لە سێدارەدانی حەقم کردبێت ئەوە بە پێی فەرمانی خودا دەبێت و من ناتوانم ئیعترازی ئەو شتە بکەم، چۆن دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر ئەو شتە ناحەقیە. بەلاّم ئەگەر من بمە قوربانی ستەمی ڕۆژئاوا، ئەو کاتیش من زەلیل نیم  کە داوای لێبورن لە ڕۆژئاوا بکەم!"

ڕەسوولی خودا بە منی وت "ئەو شتەی لە سەر ئەستۆت بوو ئەنجامت دا. شەهیدی لە تۆ پیرۆز بێت."[٤٤]

هەر سەبارەت بە شایەتمان پێهێنانی چیرۆکێکی ئەفسانەئامێزی زۆرمان گوێ لێبوە، لە کاتی لە سێدارەدانی سەید قوتب، کە زۆربەی لە بەرهەمی خەیاڵە! دەیانگووت  کاتێ ئەو مەلایەی هاتبوە لای سەید قوتب لە کاتی لە سێدارەدانی بۆ ئەوە شایەتمانی پێ بێنێت و پێی گوتوە:

بڵێ اشهد ان لا اله الا الله ...

سەید قوتب پێی گوتوە:

من لەسەر ئەو شایەتمانە لەسێدارە دەدرێم، کەچی تۆ نانی پێ دەخۆیت!

---

[٤٤] ٥٧مین ساڵوەگەری شەهید بوونی سەید قوتب، ٢٠٢٣/٨/٢٩
https://ilkha.com/sorani/world/347466/%D9%A5%D9%A7%D9%85%DB%8C%D9%86%D8%B3%D8%A7%DA%B5%D9%88%DB%95%DA%AF%DB%95%D8%B1%DB%8C%D8%B4%DB%95%D9%87%DB%8C%D8%AF%D8%A8%D9%88%D9%88%D9%86%DB%8C%D8%B3%DB%95%DB%8C%D8%AF%D9%82%D9%88%D8%AA%D8%A8

ئەو لیوایەی ناوی فوئاد عەللامە دەڵێت ڕۆژی ئیعدامی سەید، خۆم بە کەلەپچەکراوی سەید قوتبم برد، کاتێ مەلا کە داوای شایەتمانی لە سەید قوتب کرد، سەید وەڵامی نەدایەوە و لەبەرخۆیەوە ورتە ورتێکی کرد!

من باوەڕ بە کەسێک دەکەم کە خۆی بەژدار بووە لە ڕێکاری لە سێدارەدانەکە، نەک کەسانێک کە نە لەوێ بوون و نە فلمێکی تۆمارکراویان پێیە، لە خۆڕا قارەمانێتی وەهمی لەلای خۆیانەوە بۆی دروست دەکەن! ئەوە نمونەیەکی بچوکی تەهویل و زیادەڕۆیی ئەدەبیات و نووسینی ئیسلامییە دەربارەی کەسایەتیەکانیان. هەتا هەست بەو زیادەڕۆیە لە هەموو مێژووی کۆنی ئیسلامییش دەکەم، داخوا چەند مێشیان لێکردوینەتە گامێش!

پاش لێکۆڵینەوەی چەندین نووسەر و مرۆڤی ئەکادیمی، دەرکەوت ئەو تەحەدای مەرگەش وەك ئەفسانەیەکی ئیخوانی لە دەوری سەید قوتب دروستکراوە، بۆ زیاتر تێوەگلانی گەنجان و بەرزکردنەوەی حەماسەتیان. دەیان مەلا و بانگخواز باسی ئەو ئەفسانەیەی سەید قوتب دەکەن، گوایە لەکاتی ئیعدامیدا، خوشکەکەی دەنێرنە لای و پێیدەڵێت؛ سەرۆك بڕیاری لێخۆشبوونی دایت، ئەگەر پەشیمان نامەیەک بنووسیت لەو بیروڕایانەی نووسیوتە!

ئینجا مەلا هاوڕێ قیامەتی ترش وخوێشی بەبەردا دەکات، دەڵێ سەید بە تەوثەوە ڕەتی کردەوە[٤٥]، دەڵێی لەوێ بووە وای دەگێڕێتەوە.

ناودارترین لێکۆڵەر لە سید قطب، حلمي النمنم لە کتێبی سید قطب و ثورة یولیو دەڵێت سەرەتای ئاشنا بوونم و سەرسامبوونم بە سەید قوتب، لەبەر ئەو هەڵوێستانەی بوو کە لە

[٤٥] Facebook

ژێر پەتی سێدارە نیشانی دابوون، بە سوقڕاتم دەشوبهاند، "دوایی کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی سەید قوتب و ئەوەشی لەسەری نووسرابوو، بۆم دەرکەوت کە ئەو گوزارشە ئەفسووناویەی، کە منی دیل کردبوو بۆ خۆی، دەربارەی هەق و ناهەق، هەرگیز سەید قوتب نەیگووتوە، هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی نییە، بەڵکو بە زۆر خستویانەتە پاڵی، و لە دروستکراوی چەند موریدێکی خۆیەتی، برەویان پێدا وەك دروشمگەلێکی سەرنجڕاکێشەر و کاریگەر"[٤٦]

## چیرۆك هەڵبەستن و زیادەڕەوی ئیسلامییەکان لەکۆنەوە!

ئەو هەڵبەستنە و درۆکردنە لەناو ئیسلامییەکان و سەلەفییەکانیش زۆرباوە، من دەیان وتارم هەیە لەسەر زیادەڕەوییەکانیان لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ابن تیمیە و الغزالي و چەندینی تر.

**بۆ نموونە ابن کثیر لە البدایة و النهایة** ٣٢٣/١٢ دەڵێت : "لە ساڵی ٥٤٢ پیاوێك لە خەونیدا یەکێك پێی گووت: ئەوەی زیارەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل خودا لێی خۆش دەبێت، کەسی تایبەت و گشتی نەما زیارەتی نەکات، لەو ڕۆژە لەوێ کۆبوونەوەیەك بەسترا، هەزاران کەس ئامادەی بوون"[٤٧]

[٤٦] حلمي النمنم لە کتێبی سید قطب و ثورة یولیو، ل ٨، میریت للنشر و المعلومات القاهرة ١٩٩٩.
[٤٧] "وفي صفر سنة ٥٤٢ رأى رجل في المنام قائلاً يقول له: من زار أحمد بن حنبل غفر له . قال: فلم يبق خاصٌ ولا عامٌ إلا زاره ، وعقدت يومئذ ثم مجلساً ، فاجتمع فيه ألوفٌ من الناس " !!

حەنبەلیەك لە خەوندا پرسیاری لە بارەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و یحیى بن معین کرد، وەڵامیان داوە: کە سەردانی خوایان کرد و سفرە و خوانیان بۆ ڕازاندۆتەو[48]!
وەك سەردانی سەرۆکەکان بۆلای یەکتر!

حەنبەلیەکی سەلەفی تر خوای لە خەودا دیوە، خوا پێی گووتوە: ئەوەی پێچەوانەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی کرد ئەشکەنجە دەدرێت[49]!

دەڵێن قەبرەکەی لە نێو چوار قەبری تردایە کە هەموو بەڵا و کارەسات لە بەغدا دوور دەکەوێننەوە!
و تەبەروك کردن بە قەبری ئەو شەرعیە![٥٠] کەچی شەو وڕۆژ بە خەڵکیتر دەڵێن قبوری و قەبرپەرست!

لەوەش خراپتر و کۆمیدی تر دەڵێن کە دوو فریشتەکەی مونکەر ونەکیر لە قەبردا پرسیاری من ربك یان لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کرد، پێیانی گووت: بە من دەگوترێت: من ربك، کێ خواتە؟ ئەوانیش داوای لێبوردنیان کرد! یانی پێیانی گوتوە ئیحترامی خۆتان بگرن[51]!

48 "وأن أحد الحنابلة سأل في المنام عن أحمد بن حنبل ويحيى بن معين فأجابه المسئول: بأنهما قد زارا رب العالمين ووضعت لهما الموائد" مناقب أحمد (٥٦٢)

49 "وأن أحد الحنابلة رأى الله في المنام فقال له الله: من خالف أحمد بن حنبل عذب" مناقب أحمد.(563)

٥٠ وأن قبره من ضمن أربعة قبور يدفعون عن بغداد جميع البلايا، مناقب أحمد.(189)
وأن التبرك بقبر أحمد مشروع،مناقب أحمد(191)

51 "وأنه غضب على منكر ونكير لما سأله في القبر وقال لهما: لمثلي يقال: من ربك؟!! فاعتذرا له!![١٠]" مناقب أحمد(549)

هەر کتێبی مناقب الإمام أحمد ی ابن الجوزي الحنبلي دا ڕیوایەتێکی زۆر سەیر و پڕ موبالەغات هاتوە، لە لاپەڕە ٤٥٤:

ئەبوبەکر کوڕی مەکارم، کە دیارە شێخێکی سالحی -جەماعەت بوە- سالێك بارانی زۆر هات و لە خەومدا وەك عادەتمە سەردانی قەبری ئەحمەدی کوڕی حەنبەلم کرد، دیتم قەبرەکەی زۆر تەنک بوە، خەریکە بە زەویەکەوە یەکسان دەبێت، گووتم لەوانەیە بە کاریگەری بارانەوە قەبرەکەی وای لێهاتبێت. کەچی گوێم لێبوو لە قەبرەکەیەوە گووتی: نەخێر، ئەوە لەبەر هەیبەتی حەقەوەیە، چونکە خودای سوبحانە وتەعالا سەردانی کردم!

پرسیارم لێکرد دەربارەی نهێنی زیارەتی من هەموو سالێك، خوای پەروەردگار گووتی: ئەی ئەحمەد!چونکە تۆ گووتەکانی منت [قورئان] سەرکەوتانت، ئێستا بڵاودەبێتەوە و دەخوێندرێتەوە لە میحرابەکان، یەکسەر قەبرەکەیم ماچ کرد، و گووتم: گەورەم نهێنی چیە کە هیچ قەبرێك ماچ ناکرێت، جگە لە هی تۆ؟ گووتی: کوڕم ئەوە لە کەرامەتی مندا نییە، بەڵکو ئەوە کەرامەتی پێغەمبەر [د.خ] ، چونکە چەند تاڵە موێکی ئەوم لایە! ئەوەی خۆشی دەوێم با لە ڕەمەزان سەردانم کات! دوو جار دووبارەی کردەوە.

ئەوە دەیەها دەقیتر کە پێویست ناکات باسی هەموویان بکەین!

هەتا لە بیرمە بابەتێکم لەسەر شێخێکی سەلەفی نووسی کە گەورەترین درۆ دەکات، لە ستایشی ئەردۆگان دا. ئەو شێخە سعودیە سەلەفیە سعید مسفر، کە بانگخوازێکی ناسراوە و بە دکتۆرا لە عەقیدەوە، دانیشتووە درۆی زل بۆ ئەردۆگان دەکات. دەڵێت: هەموو ڕۆژ بەرلەوەی بچێتە دەوامی سەرۆکایەتی، لەسەر ڕێگا لادەدات پێیەکانی دایکی ماچ دەکات، ئینجا دەڕواتە دەوام!! پیاوێکی سالحە وەك دەزانن.!

**دایکی دەڵێت: کوڕم ئەردۆ تۆ ئێستا سەرۆکی واز لەو کارە بێنە!**

**بۆ دایە گیان سەرۆك پێویستی بە بەهەشت نییە؟!!**

**بەهەشتی من لە بن پێیەکانی تۆیە!!!**

**تەکبیر بۆ ئەو درۆیە، ئەردۆگان بەر لە سێ ساڵ پێش بوونە سەرۆك دایکی مردوە.**

دەڵێ کەوا چۆن گفتوگۆیەك لە نێوان خۆی ودایکی ڕوویداوە، لە کاتی سەرۆک وەزیرانبوونی، کەچی دایکی زۆر پێش بوونە سەرۆک وەزیرانی مردووە!

ئەو جۆرە ئەدەبیات و بانگەشە ئیسلامیانە ئەمڕۆ دەیەها بانگخواز و شێخی سەلەفی و مۆدێرنی دروست کردوە لە نێو وڵاتانی ئیسلامیدا، کە جەماوەری هەژار و ساویلکەی ئیسلامییەکان فریو دەدەن لەسەر حیسابی خۆ پیرۆزکردنیان، لە ڕێگای ملسوڕاندنی مانای قورئان و حەدیس و قسەی پێشینان و درۆی ڕووت بۆ شەخسی خۆیان. من زگم بەو جەماوەرە هەژارە دەسووتێت، کە هەژاری مادی ومەعنەویشن! ڕقم لێیان نابێتەوە سەرەڕای دەمشڕیان و گەمژەییان و شەڕانگێژیان، بەڵکوو تەنها ڕقم لە سەرانیانە و بۆیە من ئەگەر کارێکم بە چەواشەکاران بێت، کارم بەو جەماوەرە هەژارە وفریوخواردوە نییە بەڵکو بە سەرانی فریودەریانە!

# بەشی نۆیەم

# سەید قوتب پەڕگیری هەمیشەیی!

## سەید قوتب پەڕگیری هەمیشەیی!

## لە شیعر گووتن بەسەر شا فاروقەوە بۆ شۆڕش لە دژیدا!

ناکرێت نکولی لە بلیمەتی سەید قوتب بکەین لە بواری فەرهەنگی و فیکری و ئەدەبی، هیچ چاوێکیش ناتوانێت ئاستی کەسایەتی ئەو مرۆڤە نەبینێت، بەڵام کەسیش ناتوانێت، هەرچەندە زمان وفیکر پاراو بێت نکوڵی لە ڕۆڵی کرداری سەید قوتب بکات، لە فۆرمەڵەکردنی زهنیەتی توندڕەوی ئیسلامی.

لە بیرمە کاتێك **(معالم في الطريق)**م دەخوێندەوە، هێشتا توانای بیرکردنەوەی دینیم سنووردار بوو، ئەو تابلۆیە خوێناویەی کە سەید قوتب بۆ جیهانی دەکێشا، لە حەتمیەتی شەڕ و لەبەرێك چوون و خوێن ڕشتن! سەرەڕای حەزی زۆری خوێندنەوەم، هەوڵی خۆدزینەوەم دەدا لەو کتێبەی کە ناوی (معالم في الطريق) ە! کە لە خوێندنەوەی بوومەوە بیروڕا کانی مێشکمی جەنجاڵ کردبوو وتووشی دڵەڕاوکێ و سەرئێشانی کردبووم، هەوڵی خۆ لێ دزینەوە و لە بیرکردنیانم دەدا!

سەید قوتب بەرلەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری **ئەبو ئەعلای مەودودی**، و ئەدەبیاتی ئیخوان بەگشتی، یەکێك بوو لە گەورەترین ڕەخنەگری ئەدەبی لە میسر، سەرەڕای سروشتی دینداری لەسەر چەندین ڕۆمانی نەجیب مەحفوز نووسیویەتی، کە دووان لەوانە [اولاد حارتنا ] و [خان الخليلي] هەرای زۆریان نایەوە گوایە پڕن لە کوفر، سەید قوتب لە

نوسینێکی ڕەخنەیی ئەدەبیدا ڕۆمانی "خان الخليلي" نەجیب مەحفوزی زۆر ستایش کردوە، هەرچەندە لەو ڕۆمانە لەسەر زمانی کەسایەتیەکان قسەی زۆر ترسناك و دژە دینی تێدا کراوە، بۆ نمونە لەسەر زمانی کەسایەتی [احمد راشد] کە پارێزەرە هاتووە: **"هەروەك چۆن دینەکان ڕزگاریان کردین لە وەسەنیەت، پێویستە زانست ڕزگارمان بکات لە دینەکان**[52]**"**
"هەروەها دەڵێت: زانایانی هاوچەرخ دەزانن ئەتۆم چی تێدایە، و دەشزانن لە دوای سیستمی خۆری ئێمە ملیۆنەها سیستمی خۆری تر هەیە، کەوابوو کوا خوا لە کوێیە؟![٥٣]

هەر ئەوەش نا دەربارەی ڕۆمانی [**اولاد حارتنا** ] کە میانڕەوەکانیش لە ئەمسالی محمد الغزالي، نەجیب مەحفوزیان تەکفیر کرد لە سەری، وخەریك بوو بە کوشتی بدەن بە دەستی نەزانێك، سەید قوتب دەربارەی دەڵێت: **ئەو ڕۆمانە ئەفسانەیەکی ئەدەبییە، موستەهەقی ئەوەیە قوتابیان لە قوتابخانەکان بیخوێنن!**[٥٤]

سەید قوتب سەرەرای ئەوەی دینداریەکی سروشتی تێدا بوو، لەگەڵ چەند تۆی ئاماژەیەکی توندڕەوی، بەڵام تا نەچووە ناو ئیخوان، نەکەوتە ژێر کاریگەری **چوار زاراوەکەی [المصطلحات الاربعة]** ی ابو الاعلى المودودي ، ئەو بیروڕایە توندانەی تەبەنا نەکرد. بڵێی سەید قوتب ژیان بواری پێدابایە، پاش قۆناغی نووسینی معالم في الطريق جارێکی تر خان الخليلي بخوێندبایەوە، نەجیب مەحفوزی تەکفیر بکردبا؟ !

---

52 **فكما انقذتنا الديانات من الوثنية ينبغى أن ينقذنا العلم من الديانات "**

٥٣ **" العلماء المعاصرين يعلمون بما فى الذره من عناصر، وبما وراء عالمنا الشمسى من ملايين العوالم، فأين الله ؟"**

٥٤ **" إنها أسطورة أدبيه تستحق انها تدرس لتلاميذ المدارس "**

چونکە نەجیب مەحفوز پاش ئەوەی سەید قوتب بوو بە ئیخوان و زیندانی کرا، سەردانی سەید قوتبی کردوە وەك لە کتێبی [المرایا] باسی دەکات، کەدوایی بەدرێژی دەیخەینەڕوو، و پێی دەڵێت:'- جێگای داخە کە تۆ وازت لە ڕەخنەی ئەدەبی هێنا.
سەید قوتب بە دەم پێکەنینەوە وەڵامی دەداتەوە: " ئەی لەو ئاواتخوازیە جاهیلیانە !"

جێگای سەرسوڕمانە ئەدیبێکی ڕەخنەگری وا گەورە لە ماوەیەکی وا کورتدا بەو شێوەیە بگۆڕێت لەوپەڕی والآیی بۆ ئەوپەڕی داخراوی! ئەوە نیشانەی سروشتێکی ڕیزپەڕی، توندڕەوی هەڵەشەیە، کە هەردەم سەید قوتبی لەوپەڕی ڕاست بۆ ئەوپەڕی چەپ جێگۆڕکێ کردوە!

**نمونەیەکی تر، کاتێ شۆڕشی یان کودەتای ١٩٥٢/٧/٢٣ جمال عبدالناصر وهاوەڵانی ڕوویدا، خۆیان ڕوویان نەبوو ناوی بنێن شۆڕش و ناویان لێنابوو حرکة، کەچی سەید قوتب هەرزوو ناوی نا شۆڕش [ثورة]!**

قوتب هەروەها پشتگیری لە شۆڕشی یۆلیۆی کرد، و ئەفسەرەکانی بە **"نموونەیەکی دەگمەن لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا وەسف کرد کە تەنها لە سەرەتای پەیامی پێغەمبەران دەردەکەون، و تایبەتمەندن بە پاکی و سازگاری."٥٥**
داوای لێکردن، بەناوی ملیۆنان کەسەوە لە جەماوەر، گوێ لە داواکارییەکانی هەندێک نەگرن بۆ گەڕانەوە بۆ سەربازگەکانیان، و داوای دیکتاتۆرییەکی دادپەروەرانەی لێکردن، تەنانەت پۆستێکی لە دەستەی بڕیاردانی شۆڕش قبوڵکرد، بەڵام وەك هەمیشە لێیان هەڵگەڕایەوە، لە ستایشکردنیان وەستا، چونکە پێیوابوو کە ئەوان بە باشی قەدریان نەزانی،

٥٥ «مثل نادر فى تاريخ البشرية كلها لم تقع إلا فى مطالع النبوات ، وتتميز بالطهارة والنقاء»

و بیرۆکەکانی ئەویان نەخستە بواری جێبەجێکردنەوە، و تەنانەت بە تاغوت و ستەمکار وەسفیانی کرد.!

ئەو شۆڕشەی یۆلیۆ هێندە سپی و ئاشتیانە دەچوو بەڕێوە، هەتا شا فاروقیان بەوپەری ڕیز وکەرامەتەوە بە تەپڵ و مۆسیقا بەڕێکرد، بە مەراسیمێکی عەسکەری و پاسەوانی شەرەف و تەقاندنی گوللەتۆپ ڕیزیان لێنا!

پاش ٢٠ ڕۆژێك لەو شۆڕشە کاتێ کرێکارانی ڕستن وچنین ناڕەزاییان دەربڕی، سەید قوتب هانی دەسەڵاتی دەدا، کە خۆی بەشێك بوو لەو دەسەڵاتە و ناویان نابوو بە [میرابۆی شوڕشی میسری] تا دوو کرێکاری بەشداربووی ئەو ناڕەزایەتیە لە سێدارە بدەن، لە وتارێکدا کە لە [الاخبار] لە ١٩٥٢/٨/١٥ بڵاویکردەوە لە ژێر ناونیشانی [ **حركات لا تخيفنا**] تیایدا هاتوە:

**"ئێمە شەڕەکەمان بردەوە بەبێ گومان، کاری خوا جێبەجێ بوو.. شەیتان هەردوو شاخەکانی دەرکردوە، با لێیان دەین، بەهێزەوە لێیان دەین، وبەخێراییەوە لێیان دەین، پێویستە گەل گۆر هەڵکەنێ و خۆڵی بەسەردا بکاتەوە"!!**

**هەر سەید خۆی لە سەرەتای شۆڕشەوە داوای قەدەغەکردنی گۆرانیەکانی ام كلثوم و محمد عبدالوهاب و چەندینی تری کرد، بە بیانووی ئەوەی دەنگی گڵاون گۆرانیان بۆ شا فاروق چڕیوە، بێ ئەوەی بزانێت ئەو حوکمە لەسەر خۆشی جێبەجێ دەبێت چونکە چەندین شیعری نوویبوو لە ستایشی شا فاروق لە گۆڤاری دار العلوم دا، لە یەکێکیان دەڵێت:**

أنت يا فاروق خير خالص

بينما الخير مشوب فى الزمان

من ضمير الشعب من يقظته

من مناه من أغانيه الحسان

صاغك الله سناء وسني

صانك الله وأعطاك الأمان

## لە شۆڕشی پەیامی پێغەمبەرایەتییەوە بۆ دژایەتی کردنی!

کە هەڵگەڕایەوە لەو شۆڕشەی پێیوابوو: "نموونەیەکی دەگمەنە لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا، کە تەنها لە سەرەتای پەیامی پێغەمبەران دەردەکەون، و تایبەتمەندن بە پاکی و سازگاری." ، لە کتێبی"معالم في الطريق "دەنووسێت :

"نیشتیمانی موسڵمان کە دڵی بۆی دەسووتێ و بەرگری لێدەکات، تەنها پارچەیەك زەوی نیە... جەنگ لە نێوان ئیمانداران و ناحەزانیان لە کرۆکیدا جەنگی عەقیدەیە، نەك هیچی تر... ئەو جەنگە جەنگێکی سیاسی و ئابووری نیە... ئەگەر شتێکی وابا راگرتنی جەنگەکە ئاسان بوو، و چارەسەری ئاسان بوو، بەڵام لە کرۆکیدا جەنگی عەقیدەیە، یان کوفر یان ئیمان... یان جاهیلیەت یان ئیسلام"[٥٦]!!

وەك گووتمان پاش جیاوازی کەوتنە نێوانیان، سەید قوتب بە دەستی هەمان هێز ئەشکەنجە و لە سێدارە درا، کە خۆی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە هاندانیان و ڕاهێنانیان بە توندوتیژی!

[٥٦] "وطن المسلم الذي يحن إليه ويدفع عنه ليس قطعة أرض... إن المعركة بين المؤمنين وخصومهم هي في صميمها معركة عقيدة وليست شيئا آخر على الإطلاق... إنها ليست معركة سياسية ولا اقتصادية... لو كانت شيئا من هذا لسهل وقفها، وسهل حل إشكالها، ولكنها في صميمها معركة عقيدة، إما كفر وإما إيمان.. إما جاهلية وإما إسلام!".

# لە بانگەواز بۆ کەناری ڕووت بەرەو نیقابکردنی خوشکەکانی!

نمونەیەکی تر لەو پەڕگیریە و گۆڕانکاریە ترسناکانەی سەید قوتب، بەرلەوەی بچێتە ناو ئیخوان، هەرچەندە بە جۆرێك لە جۆرەکان دیندار بوو، کەچی لە ١٩٣٨/٧/١٠ وتارێك دەنووسێت بە ناونیشانی: **"خواطر المصيف - الشواطئ الميتة"**

ئەو وتارە ئیخوانیەکی ناوداری وەك محمود عبدالحليم لە یاداشتەکانی بە ناوی: **[الاخوان المسلمون احداث صنعت التاريخ]** باسی کردوە، وهەوڵێکی زۆردرا بۆ شاردنەوەی وبەدرۆخستنتەوەی محمود عبدالحليم، بەڵام لە کۆتاییدا وەڵامیکی ئەو وتارە لە گۆڤاری ئیخوانی ڕەسمی [النذير] لە ژمارە ٨ ی ١٩٣٨/٧/١٨ بە ناوی **"النفوس الميتة"** لە نوسینی محمد حسين أبو سالم، دۆزرایەوە کە ڕاستی ئەو وتارەی سەید قوتب دەسەلمێنێت، کە دەربارەی مایۆ پۆشینی ئافرەتانە لەسەر کەنارەکانی دەریا، تیایدا ئەسەف دەکێشێت کە کەنارەکان مردوون لەبەر ونبوونی لەش ولار و قەد وباڵای مایۆ پۆشی جوان، و بەرگری دەکات لە کەناری ڕووت، و دەڵیت کە جەستەی ڕووتی سەر کەنارەکان، هیچ وروژێنەر نیە تەنها سەرسامی هونەری دەوروژێنێت، وئەوانەشی وای نابینن خەڵکانێکن کە وێنەیەکی شێوێنراو لە مێشکیان دایە!

ئینجا دەڵێت: "ئەوانەی داوادەکەن جلی سەرکەنار درێژ بکرێت بۆ داپۆشینی جەستە، ئەوانە لە ڕاستیدا دەیانەوێت فیتنەی خەوتوو بە ئاگا بهێنن، و شەهەواتی سڕبوو چالاك بکەنەوە، پێشیان وایە چاکخوازن"! **وهم يحسبون أنهم مصلحون!**

لە کۆتاییدا دەڵێت: " کەناری ڕووتی یاریکەر ئازاد کەن، ئەی چاکخوازانی بە غیرەت لەسەر ڕەوشت، چونکە ئەوە باشترین کارە بۆ هێورکردنەوەی شەهوەتە هەڵچوو و چەمووشەکان، چاکترین دابینکەریشە بۆ رەوشت[57]"

ببینە ئەو دەستەواژەیەی **"وهم يحسبون أنهم مصلحون"** ئەوانەی خوێنەری نووسینەکانی سەید و محمد قوتبن، باش دەیناسنەوە کە پڕی ناو نووسینەکانیانە! لێرە بۆ بانگەوازی کردن بۆ ڕووت و قووتی سەر کەنارەکان بەکاری دەهێنیت، کەچی پاش گۆڕانی بۆ ئیسلامیەت سەدان جار ئەو گوزارشە [وهم يحسبون أنهم مصلحون] بۆ بیروڕاکانی پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە بەکاری دەهێنیت!

لە ژێر کاریگەری سەید قوتب، لەو سەردەمە کراوەیەدا، کە هێشتا خوشك و کچەکانی خودی حسن البنا، مورشیدی هەموو ئیخوان حیجابیان نەپۆشیبوو، کەچی خوشکەکانی سەید قوتب بە نیقابەوە وێنەیان دەردەکەوێت!

ئەوەیە هەقیقەتی سروشتی پەڕگیر و هەڵچووانەی سەید قوتب کە هەردەم لە بازنەی توندڕەوی لە هاڤدژ بۆ هاڤدژدا دەخولێتەوە، لەوانەیە ئەگەر تا ئەو ڕۆژگارە مابا، کەس نازانێ ئێستا کەسێکی ئاشتیخواز و میانڕەو دەبوو، یانیش قۆناغێک لە دوای داعش دەبوو لە توندڕەوی!

---

57 فالذين يدعون إلى إطالة "لباس" البحر وإلى ستر الأجسام بالبرنس، إنما يدعون فى الواقع إلى إثارة الفتنة النائمة وإيقاظ الشهوات الهادئة، وهم يحسبون أنهم مصلحون". "أطلقوا الشواطئ عارية لاعبة، أيها المصلحون الغيورون على الأخلاق، فذلك خير ضمان لتهدئة الشهوات الجامحة، وخير ضمان للأخلاق."

## نەجیب مەحفوز چۆن باسی سروشتی پەڕگیری سەید قوتب دەکات؟!

وەك زۆر لە بنەما و بیروڕا هەڵەکانیان، بنەمایەك هەیە لە نێو ئەهلی حەدیس دەڵێت: کلام الأقران یطوی و لا یروی! واتە قسەی هاوپیشەکان لەسەر یەکتری دەپۆشرێت و ناگێڕدرێتەوە! یانی ئەو کەسانەی هاوکار وهاوپیشە و هاوسەردەم بوون لە شوێنێکدا!

بەڵام بەڕای من ئەو بنەمایە هەر لە بنەڕەتدا زانستی حەدیس هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە بۆ نمونە قسەی ئەهلی حەدیس دەرهەق ئیمامێکی گەورەی وەك ئەبو حەنیفە نابێت بە هەند وەرگیرێت، چونکە دەکرێت لە حەسەد و چاو پێ هەڵنەهاتن بە بلیمەتی ئیمام، یان لە تێنەگەیشتن لە ئاستی وتاری ئەودا، وا بەو شێوەیە دابەزیوون بەسەری و نەوە دوای نەوەش چاولێکەریان کردوە! بەڕای من شتەکە ڕێژەییە،هەندێك جار: قسەی هاوپیشەکان لەسەر یەکتری دەپۆشرێت و ناگێڕدرێتەوە!

وەك لە نمونەی ئەبو حەنیفە باسمان کرد، هەندێك جاریتر: قسەی هاوپیشەکان لەسەر یەکتری دەگێڕدرێتەوە و داناپۆشرێت [کلام الأقران یروی و لا یطوی] ئەگەر زانیمان ئەو کەسەی قسەکان دەکات کەسێکی دادپەروەر و بابەتخوازە، بۆ نمونە بەڕای من قسەی حەزرەتی عومەر لەسەر خالید بن ولید یان ابو هریرە زۆر گرنگترە لە هەزاران لاپەڕەی نووسراو بۆ تەقدیسکردنی ئەو دوو کەسایەتیە.

ببینە حەزرەتی عومەر چۆن مامەڵەیان دەکات وەك مرۆڤی ئاسایی و گوناهکەر وتاوانکەر، کەچی قوتابخانەی ئەهلی حەدیس دەیانفرێنێتە ئاسمانی تەقدیسکردندا! لەو بارەیەوە گەواهی نەجیب مەحفوز لەسەر سەید قوتب م لا زۆر گرنگ بوو، چونکە هێندەی من سەرنجم

دابێت، نەجیب مەحفوز کەسێکی زۆر ڕاستگۆ و بابەتخواز و پیشەوەرە، لە باسکردنی نزیکترین کەس تا دوورترین کەس، وە بە یەکێك لە ڕەخنەگرانی توندی سەردەمی جمال عبدالناصر دەناسرێت.

پەیوەندی نێوان سەید قوتب(١٩٠٦ -١٩٦٦ م ) و نەجیب مەحفوز(١٩١١ - ٢٠٠٦م )، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سییەکانی سەدەی پێشوو، بەڵام ئەو پەیوەندیە، بە پلە یەك پەیوەندیەکی ئەدەبی بوو، وەك نەجیب مەحفوز خۆی لە یاداشتەکانی باسی دەکات، و سەرەڕای یەکتر دیتنیان بە بەردەوامی، بەڵام هەرگیز ئەو پەیوەندیە نەچۆتە بواری ئینسانیەوە!

سەید قوتب چاکە وفەزڵی لەسەر نەجیب مەحفوز هەبووە، بەوەی وەك ڕەخنەگرێکی ئەدەبی، یەکەم کەس بووە نەجیب مەحفوزی پێشکەشی خوێنەران کردوە لە ڕۆمانەکەی بە ناونیشانی **کفاح طیبة**، هەروەها لە دوای ئەوەشدا لەسەر ڕۆمانی **خان الخلیلی و القاهرة الجدیدة** ی نووسیوە، بە شێوەیەکی پڕ لە حەماسەت وسەرنج ڕاکێش، مژدەی لە دایک بوونی ڕۆمان نووسێکی گەورەی داوەتە خوێنەران، کە لەکۆتاییشدا هەروا دەرچوو! وەك هەمیشە سیفەتی حەماسەت ئاسای خۆی لە وەسف کردنی ڕۆمانی کفاح طیبة سەید قوتب بە جۆش وخرۆشەوە دەڵێت:

**"ئەگەر بە دەست من بوایە ئەو چیرۆکەم دەخستە بەر دەستی هەموو کوڕ و کچێك، چاپم دەکرد و بڵاوم دەکردەوە لەسەر هەمووماڵێك بە خۆڕایی!!"** بێگومان نەجیب مەحفوز لە زۆر شوێن دا پێزانینی خۆی نیشان دەدات هەتا جارێکیان گووتی: کەسێك ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، یەکەم کەس لەسەر منی نووسیبێت سەید قوتب بوو، ئینجا دوایی أنور

المعدّاوي.. وەك دوو ئەدیبی لاو شتێکی نوێیان لا بوو، منیش گەنج بووم و شتێکی نوێم پێ بوو.

هەر لە یاداشتەکانی نەجیب مەحفوز دەڵێت: سەید قوتب یەکەم ڕەخنەگری ئەدەبی بوو کە ئاوڕی لە بەرهەمەکانی من دایەوە ولەسەری نووسی، لە ساڵانی چل دا، ئەو کات و سەردەمە ناسیم، کە سەید بە شێوەیەکی بەردەوام دەهات بۆ دانیشتن لەگەڵمان لە گازینۆی ئۆپرا..ئەو پەیوەندیەی کە دەیبەستینەوە زیاتر ئەدەبی بوو لەوەی مرۆڤایەتی بێت. بۆیە ڕای نەجیب مەحفوزم لەسەر سەید قوتب پێ گرنگە، چونکە ئەو ئەدیبە بلیمەتە زۆربەی کەسایەتیەکانی لە ژیانی واقیعیدا هەڵبژاردوە و زۆر وریایانە و بلیمەتانە بە ناخیان دادەچێتە خوارەوە، لایەنی باش وخراپی کەسایەتیەکەی دەخاتە ڕوو، بێ گوێدانە نزیکی و دووری، دۆستی ونەیاری، ئایدیۆلۆژیا و و بیری ئەو کەسە.

بۆ نمونە ڕەخنەگرێك دەڵێت: کەسایەتی "كمال أحمد عبد الجواد" لە "السكرية" دا هەر خودی نەجیب مەحفوزە، کە پڕە لە لایەنی نێگەتیف، و کەسایەتی السيد أحمد عبد الجواد [سی سەید] یش لە هاوسێەکی خوازتوە، کە باوکێکی وا دیکتاتۆرو و توندوتیژ و پڕ هەڤدژی بووە! لە [اولاد حارتنا].

دەڵێن ڕوخساری کەسایەتی باوك الجبلاوي، هەمان ڕوخساری باوکی خودی نەجیب مەحفوزی هەڵگرتووە لە ڕووی جدیەت و دیسپلین وعەقڵمەندی، هەتا چایخانەکانی ناو ڕۆمانەکەی خەڵکی ئەو ناوە دەیانناسیەوە لە ڕۆمانەکانی!

پاڵەوانی ڕۆمانی "السراب" لە کەسایەتیەکی هەقیقی دەوروبەری خۆی وەرگرتبوو، بە ناوی حسين بدر الدين، کە گەنجێك بوو دەسەپاچەی سێکسی هەبوو، دایکی زاڵ بوو بەسەر کەسایەتیدا، دەرچووی کۆلێژی ماف بوو، دەوڵەمەند بوو، ئالوودەی تلیاك بوو و چووە زیندان، دەڵێن لە ڕێگای هاوڕێیەکی نەجیب مەحفوز زانیبووی کە ئەو چیرۆکەی ئەوی نووسیوە، ئەو کەسە کون بەکون بەدوای نەجیب مەحفوز دەگەڕا بۆ ئەوەی بیکوژێت! بە ناچاری ماوەیەک نەجیب مەحفوز خۆی شاردەوە!!

وەك ئاماژەم پێدا، نەجیب مەحفوز سەرەڕای پێزانینی بە پێشکەشکردن و ناساندنی سەید قوتب بە خوێنەران لە کتێبی [المرایا] لە ١٩٧٢ یەکەم چاپی کرا، کە بریتیە لە چیرۆکی چەندین کەسایەتی ئەدەبی و فیکری و سیاسی کاریگەر و گرنگ، لە ژیانی خودی نەجیب مەحفوز و میسر بەگشتیدا، هەرچەندە نەجیب مەحفوز هەموویان بە ناوی هەقیقی خۆیان باس ناکات، جاروبار کەمێك گۆڕانکاریان تێدا دەکات بۆ شاردنەوەی!

بەڵام هەندێك لەو کەسایەتیانە لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا دەناسرێنەوە لەلایان خەڵکی شارەزا، هەندێکیان هەر نووسەر خۆی ئاماژەی بە ناویانی داوە، تێیدا زۆر بە بلیمەتانە باسی ڕەهەندی دەروونی وفیکری کەسایەتیەکانی دەکات. لەوانەیە کەسانێك بڵێن، نەجیب مەحفوز بۆیە بەو شێوەیە باسی سەید قوتبی کردوە چونکە ئیسلامی بووە، و خۆشی عەلمانیە، بەڵام هەر لە باسی کەسێکی عەلمانی ناسراوی وەك محمود درویش ی شاعیری گەورەی فەلەستینی و عەرەبدا، کە هەر بەناوی خۆی پۆرترێیەکەی لەسەریدا نووسیوە، و زۆر تاڵتر لە سەید قوتب باسی دەکات، وەك کەسێکی گۆشەگیری، بێ هەستی ، ماستاوچی، واستەچی، هەلپەرست، فاشیل لە خۆشەویستی، بەس خەریکی خوێندن، و دژی خەباتی قوتابیانی زانکۆ، تا ڕادەی تاوانبارکردنی بە ڕاپۆرت دان لەسەر هاوڕێیانی!!

لەگەڵ ئەوەشدا نەجیب مەحفوز زۆر خاڵی پۆزەتیڤی سەید قوتب باس دەکات، لە ڕووی ئاستی فەرهەنگی و ئەدەبی وڕەخنەیی سەید، بەڵام لە هەمان کاتدا باسی خاڵە نیگەتیڤەکانیشی دەکات، وەك مرۆڤێکی توند لە تێروانینیدا بۆ مەسیحیەکانی وڵات، توند و هەڵەشە لە وەرگرتنی هەڵوێستدا کە سەر بە وەفد بوو، توندترین وەفدی بوو، کە بوە حزبی سەعدیەکان، توندترین سەعدی بوو، کە بووە ئیخوان سکەی شەمەندەفەری ئیخوانی بەرەو توندترین ڕێگا پاڵ دەنا، تا ڕادەی وەڵام دانەوەی بیروڕاکانی لەلایەن خودی مورشیدی ئیخوان هوزەیبی!

## با بزانین نەجیب مەحفوز چۆن سەید قوتبی ناسیوە پۆرترێیەکەی وەك خۆی وەردەگێڕینە سەر کوردی:

ئەو ئەمرۆ وەك ئەفسانەیە، وەك ئەفسانەش لێکدانەوەی جیای بۆ دەکرێت. هەرچەندە من لە مامەڵەی برایانەی ڕیزدارانەم زیاتر لەو نەدیوە، بەڵام قەت هەستم بە ئاسودەیی نەکردوە لە بینینی ڕوخساری و تێروانینی تیژ و دوو چاوی زەق. من لە سالۆنی ئەدەبی دکتۆر ماهر عبدالکریم ناسیم لە ڕۆژگاری جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەو کاتە تەمەنی سی ساڵ بوو، وەك مامۆستای زمانی عەرەبی کاری دەکرد لە قوتابخانەیەکی ناوەندیدا، جاروباریش بابەتی ڕەخنەیی لە گۆڤارە ئەدەبیەکاندا بڵاودەکردەوە یان شیعری کلاسیکی دەنووسی.

ئەو ئەزهەری بوو، هیچ شارەزای زمانێکی تری بێگانە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی ڕاکێشام، وڕیزی خۆی لام سەپاند، بە بەهێزی لۆژیکی کاتێ گفتوگۆی دەکرد، لەگەڵ

کەسانێك کە ناسراو بوون بە فراوانی و قووڵی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریان و شارەزایی زۆریان بە زمانە بیانیەکان، وەك دکتۆر ابراهیم عقل و سالم جبر و زهیر کامل.

ئەو کەسێکی هێمن بوو زۆر پەیوەست بوو بە ئەدەبی گفووگۆ، هەرگیز بۆ جارێکیش نەمدیت توندی نیشان بدات یان هەڵچێت و یان لە بابەتخوازی لابدات، قەتیش لە ئاستی بەرزی ئەوان کەمتر دەرنەدەکەوت رۆژێك، دەتگووت هاوشانی ئەوانە بە هەموو مانای وشەوە، بۆیە قەناعەتم هێنا بە بیرتیژی و توانای گفتوگۆ و شارەزایی و زانیاری فراوانی، هەرچەندە هەموو ئیعتیمادێکی لەسەر کەلەپور [تراث] و کتێبی وەرگێڕاو بوو.

هیچ گومانێکم نەبوو کە زیرەکتر بوو لە هەموویان، لە ابراهیم عقل و سالم جبر و زهیر کامل. هەتا ڕەخنەکانیشی لە کتیبە مۆدێرنەکان لاواز و بێ ناوەرۆک نەبوون، بە بەراورد لەگەڵ ڕەخنەی کەسانێکی پسپۆری هەڵگری بڕوانامە پاریسیی و لەندەنیەکان، ئەگەر جیاوازیەکی وردیش لە نێوانیاندا هەبوو، تەنها بۆ چاوێکی وردبین ئاشکرا دەبوو. ڕۆژێکیان دکتۆر ماهر عبدالکریم دەربارەی پێی گووتم: - گەنجێکی بلیمەتە، جێگای داخە کە بۆ بەعسەی خوێندن نەنێردراوە.

دکتۆر ماهر عبدالکریم لەو کەسانە بوو کە قسەکانی بە بە تەرازوێکی زۆر هەستیار دەکێشا. هەرچەندە عبدالوهاب اسماعیل [مەبەستی سەید قوتبە] باسی دینی نەدەکرد، سەرەڕای خۆ نیشاندانی وەك کەسێکی مۆدرن، لە بیرکردنەوە و پۆشاك و پەیڕەوکردنی لە ستایلی فەرەنسی لە نانخواردندا، و چوونی بەردەوامی بۆ سینەماکان، بەڵام کاریگەری دینی لەسەر ئەو و ئیمانی و بەڵکو دەمارگرژی هەرگیز لە من شاراوە نەبوو. لەبیرمە نووسەرێکی لاوی قیبتی کتێبێکی پێدا کە چەندین وتاری ڕەخنەی ئەدەبی وکۆمەڵایەتی

لەخۆگرتبوو، ڕۆژێکیان باسی ئەو ئەدیبە لاوەی بۆمن کرد لە قاوەخانەی الفیشاوي، و گووتی: - ئەو لاوە بلیمەت و ئاگادارە و هەستیارە و خاوەن شێواز و بیرکردنەوەی ڕەسەنە.

منیش بە بەرائەتەوە لێیم پرسی، خۆشم ئەدیبەکەم خۆش دەویست:
دەی باشە کەی لەسەری دەنووسیت؟ زەردەخەنەیەکی نامۆی کرد و گووتی: چاوەڕوانبە، و چاوەڕوانیەکەت زۆر دەکێشێت!
- مەبەستت چییە؟
زۆر بە سووربوونەوە گووتی: من بەشدار نابم لە بنیاتنانی قەڵەمێك، کە بەیانی دروست بوو هەوڵی خۆی دەخاتە گەر بۆ ڕوشاندنی توراسی ئیسلامیمان، بە هەموو شێوازێکی پڕ پێچ وپەنا.

منیش بە ناڕەزاییەوە لێیم پرسی: کەوابوو لەوە تێبگەم کە تۆ دەمارگرژیت؟ بێ باکانە وەڵامی دایەوە: هەڕەشەم لێ مەکە بەو کلێشانە، چونکە کار لە من ناکات.
-بەداخەوە بۆ ئەو هەڵوێستەت
- سوودی نیە لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆ بکەیت لەگەڵ وەفدیەك [ئەندامێکی حزبی وەفد]، من ڕۆژێك وەفدی بووم، بەڵام با بەڕاشکاوی پێت بڵێم متمانەم بە غەیرە دینەکانی تر نییە!

ئەو بەڕاستی وەفدی بوو، دوایی لە وەفد جیابوەوە لەبەر دکتۆر احمد ماهر کە زۆر سەرسام بوو پێی. لە سەردەمی سەعدیەکان بەرزکرایەوە بۆ پایەی پشکنەر [مفتش].

چەند بێ سەبر ببوو، ئارامی لێ بڕابوو بە هۆی کوشتنی احمد ماهرەر، دەتگووت هەمان ئەو گولەیەی بەرکەوت کە بەر ئەو پیاوە کەوت و کوشتی! زۆر بە خەمەوە بە منی گووت: - مەزنترین پیاوی ئەو نیشتیمانە لە دەست چوو.

ئەو گلەیی لە تەندروستی خۆی دەکرد هەر هەلی بۆ ڕەخسابا، بەو بیانوەش لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژوو نەدەبوو، بەڵام باسی هەقیقەتی نەخۆشیەکەی بۆ کەس نەدەکرد، هەروەها لە ژیانیدا بایەخی بە ئافرەت نەدەدا، و هەرگیز ژنی نەهێنا، لەو بوارەوە زۆر داوێن پاك بوو. سەرەڕای جدیەتی ڕەوشتی و هەڵەتی ڕاستگۆیانەی لەدژی لادەرەکان، لایەنێکی بۆ من دەرکەوت، کە قەت باوەڕم نەدەکرد ئەگەر بەخۆم لێیم نەدیتبا. ئەویش ئەوە بوو نووسەرێک هەبوو خاوەنی گۆڤارێك و چاپخانەیەك بوو، کە زنجیرەیەک کتیبی مانگانەی دەردەکرد.

عبدالوهاب زۆر بە سووك سەیری دەکرد و دەربارەی دەیگووت: ئەگەر گۆڤاری خۆی نەبا، کەس یەك وشەشی بۆ بڵاونەدەکردەوە. چەندە تووشی سەرسوڕمان بووم، کاتێك وتارێکیم بینی لە گۆڤاری الرسالة دەربارەی خاوەن گۆڤارەکە، کە بەرزی کردبووەوە بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان! نەمزانی چۆن ئەو شتە لێکدەمەوە، تا زانیم کە لەگەڵی پێك هاتووە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبێکی، بە مە بلەغێکی باش کە هیچ نووسەری تر وەری نەگرتبێت!

یەکسەر هەڵوێستی کوێرانەیم بیرکەوتەوە لە نووسەرە قیبتیەکە، زۆر بێزار وجاڕس بووم بە ئاشکراکردنی ئەو لایەنە هەلپەرستەی لە کەسایەتی ئەودا، بۆیە گومانم کەوتە ڕاستگۆیی و ئەمانەتی. لەوەو بەدواوە لە دەروونمدا جۆرێك لە چارەنەویستی و نفوری بەردەوامم هەبوو بەرامبەری، سەرەڕای هاوڕێیەتیمان.

بەردەوام بوو لە کارکردن وەك پشکنەر و نووسەر، هەتا وەزارەت کەوتەوە دەستی وەفد لە ساڵی ١٩٥٠، دوایی ناڕەحەت بوو لە مامەڵەکردنی لەلایەن وەزیرەکەی وەفد، بۆیە نامەی دەست لە کارکێشانەوەی پێشکەش کرد، و خۆی دابڕاند بۆ کاری ڕۆژنامەگەری. لەو ماوەیەدا ناسراو بوو بە هێرشکردنی بەردەوامی بۆسەر حوکمەتی وەفد، لە هەمان کاتدا دەستیکردبوە نووسینی کتێبی هاوچەرخ دەربارەی ئایینی ئیسلام، کە بە شێوەیەکی بێ وێنە سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو.

ئەوەبوو شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٠ هەڵگیرسا، لە کاتێکدا ئەو سەرقاڵی هێرشکردنە سەر وەفد و بەرگریکردن بوو لە ئایینی ئیسلامدا، بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵ تێپەڕی کەقەت یەکترمان نەبینی و هەواڵی تایبەتی لەمندا بڕا. ڕۆژێکیان لە سەردانی مامۆستا سالم جبر بووم و پێی گووتم:

لەوەدەچێت بەوزووانە ئەستێرەی بەختی عبدالوهاب اسماعیل [سەید قوتب] بدرەوشێتەوە..

بە بایەخەوە لێم پرسی: - مەبەستت چییە؟

- ئەو بۆتە موقەرەبەکان [نزیکەکانی دەسەڵات]

- وەك نووسەرێکی سیاسی یان وەک نووسەرێکی ئاییني؟

- بەڵکو وەك یەکێك لە ئیخوانی موسلمین.

بە سەرسوڕمانەوە گووتم: - ئیخوان؟! بەڵام من دەمناسی وەك سەعدیەکی توندڕەو.

بە تەوسەوە گوتی: - پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو خوایەی شتەکان دەگۆڕێ و خۆی ناگۆڕێت!

دوایی لە پاش نزیکەی سالێك چاومان بەیەك کەوت لەبەردەم باڕی ئەنگلۆ زۆر بە گەرمی تۆقەمان کرد، پێکەوە بە دەم قسەوە هەنگاومان دەنا تا باسی شۆڕش هات، کاتێ زۆر بە تەحەفوزەوە گووتی:
- شۆڕشێکی پیرۆزە، بەڵام زەحمەتە بزانیت چیيان دەوێت.. لە قسەکانی هەستم بە تاڵاویەك دەکرد نهێنیەکەیم پێ هەڵنەهێنرا و نەشی درکاند. توانای پاراستنی نهێنیەکانی هەبوو کە بە دەگمەن ئەو توانایە لە ناو میسریەکان دەست دەکەوێت.

پێیم گووت: - زانیومە بوویتە ئیخوانی موسلمین؟

زەردەخەنەیەکی لێڵی کرد و گووتی: - هەر موسڵمانێك چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت! اي مسلم عرضة لذلك!

- جێگای داخە کە تۆ وازت لە ڕەخنەی ئەدەبی هێنا.
بە دەم پێکەنینەوە گووتی: - ئەی لەو ئاواتخوازیە جاهیلیانە!
لێرەدا جیا بووینەوە و هەستم دەکرد لە ئایندەدا پێك ناگەینەوە، تەنها بە ڕێکەوت نەبێت لە ڕێگادا. لە یەکەم بەریەك کەوتی شۆڕش و ئیخوان دا، یەکێك بوو لەو ئەندامانەی جەماعەت کە دەستگیر کران، پاش دادگایی کردن بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم درا. ساڵی ١٩٥٦ ئازادکرا لە زیندان، پێمباش بوو سەردانی کەم بۆ پیرۆزبایی، چووم بۆ ماڵەکەی لە شەقامی خەیرەت.
لە ڕاستیدا زۆر نەگۆڕا بوو، سەری سپی ببوو، وەك چاوەڕوانە بۆ هەر پیاوێکی تەمەنی پەنجا و حەوت و پەنجا و هەشت دا، کێشیشی زیادی کردبوو تا ئەو ڕادەیەی وا هەستم کرد تەندروستی لە جاران باشتر دیاربوو.

پاش چاك وچۆنی، پرسیار کردن لە حاڵ و ئەحواڵ، ئەو هێشتا وەك هەمیشە سەنگینی و ساردی دەماری دەگمەنی خۆی پاراستبوو، بەبێ پێشەکی هاتە سەر باسە گشتیەکان، و بەو پەڕی متمانەوە بیروڕا کانی دەردەبڕی..

**- پێویستە قورئان شوێنی هەموو یاسا هاوردەکان بگرێتەوە. دەربارەی ئافرەتیش گووتی: پێویستە ئافرەت بگەڕێتەوە ماڵەوە، قەیناکا بخوێنێت، بەڵام بۆ ماڵ نەك وەزیفە، هیچی تیدا نیە کە دەوڵەت گەرەنتی مووچەیەکی بۆ بکات لە حالەتی تەڵاق یان لەدەستدانی بە خێوکەر.** بە توندی گووتی: سۆشیالستی و نیشتیمانی و ژیاری ئەوروپی شتی پیس وقێزەونن، پێویستە لە دەروونماندا ڕیشەکێشیان بکەین..

**زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر زانست ، تا ئەو ڕادەیەی واقم وڕما و لێیم پرسی: - هەتا زانستیش؟!**

**- بەڵێ، ئێمە ناتوانین شتێکی ئەوتۆ لەو بوارە پێشکەش بکەین، لەو بوارەدا پێشمان کەوتوون، و ئێمەش هەر وا بە بەجێماوی دەمێنینەوە هەرچەندە هەوڵمان دا و تێکۆشاین، هیچ پەیامێکی زانستمان پێ نییە پێشکەشی جیهانی بکەین، بەڵام پەیامی ئیسلام و تەنها پەرستنی خوامان هەیە، نەك سەرمایەداری و مادیەتی دیالەکتیکی....**

زۆر گوێم بۆ ڕا گرت و بە سەرکوتکردنی هەڵچوونەکانم تا ئەرکی موجامەلە پێشێل نەکەم، دوایی هەڵسام بۆ ڕۆیشتن ولێیم پرسی: - ئەی چی دەڵێی دەربارەی ئایندە؟ - هیچ پێشنیارێکت پێیە؟ - بەڵێ پێشنیارێکم پێیە، بەڵام دەترسم نەفامی وجاهیلی بێت، ئەویش ئەوەیە بگەڕێیتەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی! لەسەرخۆوە گووتی: - ئۆفەرێکی کارکردنم پێگەیشتوە لە دەرەوەی وڵات.

**- ئەی چیت بڕیاردا؟ - بیری لێدەکەمەوە..**

ماڵئاوایم لێکرد و ڕۆیشت. لە پاش تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەو یەکتربینینە، ڕۆژنامەکان هەواڵی پیلانێکی نوێی تری ئیخوانیان بڵاوکردەوە، ئەو کاتە هیچم نەدەزانی دەربارەی چارەنووسی عبدالوهاب ئیسماعیل [سەید قوتب]، کە پێوابوو وڵاتی جێهێشتووە بۆ کارکردن لە دەرەوەی وڵات. بەڵام هاوڕێم قەدری رزق بۆی دووپات کردمەوە، کە ئەو دەستی لە پیلانەکەدا هەبووە، و بەرەنگاری ئەو هێزەی کردۆتەوە کە بۆ دەستگیرکردنی ڕۆیشتوون، لە ئاکامدا گوللەیەکی کوشندەی بەرکەوتوە و جەستەی بێ گیانی کەوتۆتە سەرزەوی.[٥٨]

[٥٨] - المرايا، عبدالوهاب اسماعيل، ل ٢٥٧، نجيب محفوظ

# بەشی دەیەم

## سەید قوتب و سەلەفیەت کێ کێی بەرەو توندڕەوی برد؟!

### موزایەدەی سەلەفیە توندڕەوەکان بەسەر سەید قوتب دا!

سەرەڕای پەرگیری و گۆڕانی سەید قوتب، لە ئەوپەڕی توندڕەوی بۆ ئەوپەڕی توندڕەوی بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە. بەڵام دەتوانین بڵێین سەید قوتب سەرەڕای هۆکاری خودی خۆی، لە ڕێگای کتێبەکانی ئەبو ئەعلای مەودودی و سەرچاوە کۆنە ئەسەری وسەلەفیەکانەوە بەرەو توندڕەوی دینی پەلکێش کرا، نەك سەید قوتب ببێتە دامەزرێنەری بیری توندڕەوی داعشیەتی سەلەفیەت!

بۆیە سەرەڕای ئەوەی نکوڵی لە توندڕەوی سەید قوتب ناکرێت، بەڵام هەر دەبێ ئەو هەقیقەتە بزانین کە داعش پەروەردەی باوکانی سەلەفیەتن، نەك سەید قوتب، کە بە بەراورد بە سەلەفییە داعشیەکان بە حەوت ئاو شوراوەتەوە!!

خۆشترین شت کە لە بەرنامەیەکی تیڤی کوردی گوێم لێبوو ئەو بڕگەیە بوو کە عەبدولەتیف سەلەفی گووتی: "داعش پەروەردەی قوتابخانەی ئەو گرووپ و حیزبە ئیسلامییانەن، کە کاریگەرن بە کتێبەکانی سەید قوتب"، دەشڵێت "داعش بەرهەمی بە سیاسیکردنی ئیسلامە."

ئەوەی ژیانی سەید قوتب بخوێنێتەوە دەزانێت، ئەو نوسەرە لە چ ئاستێکی بەرز بوو لە بیرکردنەوە و تێڕامانی شارستانی، کاتێك دوور بوو لە میکرۆبی سەلەفیەت، کە لە ڕێگای کتێبەکانی مەودودی و چەند تەفسیرێکەوە بۆی گوێزرایەوە.

چونکە پێش گەیشتنی ئەو ڤایرۆسە بە سەید، سەید نەفەسێکی جوان و دینداریەکی لیبوردەی میسری وعەقڵێکی سەلیم و جوانی مابوو، وەك دەزانین دژی مانەوەی سیستمی کۆیلایەتی و جزیە وسەرانە بوو، کە ئەوە کوفری ئەکبەرە لای سەلەفیەکان وموسڵمانانی پابەند بە گشتی!

ڕەخنەی سەلەفیەت لە سەید قوتب، وەك هەر ڕەخنەیەکی ئاسایی نیە، وەک هەر کەسێ لە کەسێکی تری دەگرێت، بەڵکو هەوڵدانی ماستاوکردن ومەیلداری کردنی دەعوەی سەلەفیە، بۆ فەرمانڕەوا ئیستبدادیەکانی کەنداو و شوێنی تر، دژی هەر هێمایەکی شۆڕش و ڕاپەڕین و گۆڕان.

ڕەخنەی سەلەفیەکان لە سەید قوتب، ڕەخنەیەکی زانستی ڕووت و دوور نیە لە هەوا وئارەزوو ومەرامی پەنهانی، بەڵکو بۆ درێژەدانە بە ژیان لە ژینگەیەکی هاووێنەی مەملەکەتی بەنی ئومەیە، و لەڕێگای ئەو ژیانە دوو نیشانە دەپێکن، کە یەکەمیان ژیانە لەناو مەسەلە ساردوسڕەکانی ئەسما و سیفات و قەبر وبیدعە، و دوەمیش ژیان بەسەر بردنێکی دوورە لە بڤەکانی دەسەڵاتەوە و باسنەکردنیەتی بەهیچ شێوەیەکی نێگەتیف.

عبد اللطیف و شوێن کەوتوانیشی لە سەلەفیەکان، وەك چۆن کێشە ڕوکەشیەکانی سعودیە وەك گوێڕایەڵی وەلی ئەمر، و حەڕامکردنی ڕاپەڕین یان خروج، و تەحریمی خۆپیشاندان، و قەدەغەکردنی ئافرەت لە سەیارە لێخوڕین، بەبێ هیچ پێویستیەك ئەو باسانە بۆ کۆمەڵگای کوردی دەوروژێنن، بە هەمان شێوە دەیەوێت ئەو هەڵمەتەی لە کەنداو و سعودیە دەکرێتە

سەر سەید قوتب بۆ ئێرەی بهێنێت، گوایە داعشیەکان بەکتێبی سەید قوتب پەروەردەبوون، بۆ ئەوەی لەبەرپرسیارەتی ئەو هەموو توندڕەوییە وکارە تیرۆرستییە خۆیان بدزنەوە، دەستە پیسەکەیان بە سەید قوتب بسڕنەوە!

ئەگەر سەید قوتب هێندە بێزراو بێت لەلایەن سەلەفیەت، چۆن:

## جیهادییەکان و داعشیەکان هەمووی سەلەفی ڕێچکەن؟!

سەید قوتب لەلایەن هەموو، یان زۆربەی هەرە زۆری زانایانی سەلەفی وەهابی سەرکۆنەکراوە، و لە چاکترین حاڵدا کەسێکی نەزان و فەقیرحاڵ وجاهیلە بە ئەحکام و ئُسولی ئیسلام، نە زانا بووە و نەهیچ، بەڵکو تەنها ئەدیبێك بووە! هەرکەسەی ئیدانەش کرا لەلایەن سەلەفیەت بێگومان لە نێوەندی سەلەفی گاڵتەیان بە بەرهەمەکانی دێت .

هێشتا ئەگەر بڵێیت حەماسی فەلەستینی پەروەردەی کتیبەکانی سەید قوتبن، لەبەر ئیخوانیەتی حەماس، ڕێی تیدەچێت، بەڵام ئەو دڕندایەتیەی جەماعاتی سەلەفیەتی جیهادی بدەیتە پاڵ سەید قوتب، کە سەرەڕای هەر ناکۆکیەکان لەگەڵ هەندێك لە بیروباوەڕی توندوتیژی، ئەوە ئیفترایە و هەڵەیەکی زانستی وبابەتیانەیە!.

دەبا داعشیەکان ئەگەر پەروەردەی سەید قوتبن با هێندەی بەگوێ بکەن، کە سەید قوتب پێی وایە سەردەمی سەرانە و جزیە و کۆیلایەتی تیپەڕیوە و کاتیان بەسەر چوە؟! بەڵام شێخێکی سەلەفی وەك ساڵح فۆزان بە توندترین شێوە ڕەخنە لە سەید قوتب دەگرێت لەسەر ئەو ڕایە جوانانەی دەربارەی کاتی بەسەرچوونی کۆیلایەتی و سەرانە!

ئەو وەحشە بەشەریانەی داعش و جەماعاتی سەلەفیەتی جیهادی، و سەلەفیەتی بانگەوازیش، لە ژێرکاریگەری کتێبەکانی ئەحمەد بن حەنبەل و ئیبن تەیمیە و محمد بن عبد

الوهاب، و لە ژێر دەستی ابن باز و ابن عثیمین و الالباني و صالح الفوزان و حماد الانصاري و عبد الله بن عبد الرحمن و هادي بن ربیع المدخلي و کەسسانی تر دەرچوون. کە هەموویان فەتوای زۆر توندیان هەیە لە دژی سەید قوتب، و قەدەغەکردنی خوێندنەوەی کتێبەکانی، وتاوانبارکردنی بە جۆرەها تۆمەتی سەیر وسەمەرەی وەك دژی توحید و وحدة الوجود و گاڵتەکردن بە پێغەمبەران، ناکرێت بلێیت ئەوانە پەروەردەی سەید قوتب ن!

هەرچەندە ئێمە سەید قوتب یش بە دوور ناگرین لە توندڕەوی، بە تایبەتی لە قۆناغی دووەمی ژیانی پاش چوونی بۆ ناو ئیخوان و خوێندنەوەی مەودودی وزیندانی و ئەشکەنجەدانی وەك ئاماژەمان پێدا، لە قۆناغی یەکەمدا ئەو سەید قوتبەی کە العدالة الاجتماعیة في الإسلام ١٩٤٨م، و معرکة الإسلام والرأسمالیة ١٩٥٠م، و السلام العالمي والإسلام ١٩٥١ نووسی، سەرەڕای کەمێ ئاماژەی نێگەتیڤ، بەڵام بە گشتی هەست بە فکرێکی تارادەیەك میانڕە وکراوە دەکەیت، لە بەراوردا لەگەڵ کتێبە کانی قۆناغی دووەمی ژیانیدا وەك هذا الدین، المستقبل لهذا الدین، و الإسلام ومشکلات الحضارة، و معالم في الطریق کە دوایی نووسی، هەتا سێ جار دەستکاری جوانترین کتێبی خۆی کردوە، کە العدالة الاجتماعیة في الإسلامە، کە هەرجارەی توندتری دەکردەوە لەوەی پێشووتر!

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سەید قوتب ناکرێت بکرێتە سەرچاوەی ئیلهامی سەلەفیەکان، چونکە خۆی هیچ ئاشنایەکی ئەوتۆی بە سەرچاوەکانی فیکر وئەدەبیاتی سەلەفیەت نەبووە، هەندێك لە بیروڕا توندەکانیشی وەك ئەوەی لە سورەتی التوبة دەریان دەبڕێت، دەربارەی باڵادەست بوونی ئایەتەکانی شمشێر [السیف]، هەر لە کتێبەکان و بەتایبەت کتێبی جهاد في سبیل الله ی ابو الاعلی المودودي و لە تەفسیرە ئەسەریە سەلەفیەکان بۆی پەڕیوەتەوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری فەقیهەکانی سەردەم، وەک محمد عبدة و رشید رضا و محمد

الغزالي و محمود شلتوت وچەندینی تر پێچەوانەی ئەو ڕایەن، هەتا یەکیکی وەك شێخ رشید رضا کە سەر بە مدرسەی سەلەفیشە!!

یانی ئەو جۆرە بیرکردنەوە شارستانیە زاڵبوو بەسەر بیری دینی لە میسر، بە پێچەوانەوەش لەوبەر دەریای سوور لە سعودیە چەتەکانی محمد بن عبدالوهاب وەك داعشی ئەو سەردەمە خراپتریش، خەڵکی شار و شارۆچکەکانیان دەکوشتن و ژنەکانیشیان بە ملک الیمین و جاریە دەبردن! یانی هێشتا داعش کەمێك باشترە لە محمد بن عبد الوهابی شێخی عبداللطیفی سەلەفی، کە دەستیان لە ژن وکچی موسڵمانانیش نەدەپاراست، چ جای بیپارێزن لە مەسیحی و ئێزدی و دورزی و ئیسماعیلی وهتد!!

## ڕەخنەی شێخانی سەلەفیەت لە سەید قوتب!

لەناو سەلەفیەکان کە کەسێك ڕەخنەی عەقیدەیی لێگیرا، هەتا میانڕەوی سەلەفیەکانیش گوێی بۆنا گرن، چ جای توندڕەوانیان!

سەید قوتب لە دەیەها بابەتی عەقیدی بە بەردەوام سەرکۆنە دەکرێت و ئیدانە دەکرێت لە لایەن زانایانی سەلەفی. با ئێستا چەند هەڵوێستێك لەو هەڵوێستانەی شێخانی ناوداری سەلەفیەت باس بکەین:

لە فەتوایەکدا شێخ وموفتی گشتی سعودیە. عبد العزیز بن باز دەربارەی وەسفێکی سەید قوتب لە کتێبی "التصویر الفني في القرآن" دەربارەی حەزرەتی موسی دەلێت:

دەربارەی ئەو ئایەتە: [فأصبح في المدينة خائفاً يترقب] کە سەید دەیەوێت باس لە وێناکردنی هونەری جوانی قورئان بکات و دەڵێت: "ئەو گوزارشێکی وێنەکراوە بۆ هەیئەتێکی ناسراو، کەسێکی تۆقیو و چاوەڕوانیکەری شەڕ لە هەموو بزاوتنێك، ئەوەش سیفەتێکی خەڵکی عەسەبییە"[٥٩]

کاتێک ئەو قسەیە بۆ شێخ عبد العزیز بن باز دەخوێندرێتەوە دەڵێت: گاڵتەکردن بە پێغەمبەران هەڵگەڕانەوەیەکە بۆخۆی] !الاستهزاء بالأنبياء ردة مستقلة] المرجع: (درس لسماحته في منزله بالرياض سنة ١٤١٣ - تسجيلات منهاج السنة بالرياض).

هەر پرسیاری لێدەکەن: ئایە نابێت خەڵک دووربخرێتەوە لەو جۆرە کتێبانە کە قسەی وای تێدایە؟

شێخ عبد العزیز بن باز لەوەڵامدا دەڵێت: پێویستە ئەو کتێبانە بدڕێنرێن! ينبغي أن تمزق.

شێخ ئەلبانی لە فەتوایەکدا دەربارەی کتێبیکی هادی المدخلي لەسەر سەید قوتب دەڵێت: ئەوەی وتووتە دەربارەی سەید قوتب ڕاست وهەقە! -سەرەڕای ئەوەی مەدخەلی زۆر سوکایەتی دەکات بە سەید قوتب و دەیەها تۆمەتی پێدەکات -!! کە بۆ خوێنەر ئەگەر کەمێك فەرهەنگی ئیسلامی هەبێت دەردەکەویت، کە سەید قوتب شارەزا نەبوو بە ئُسولْ و فروعی ئیسلام. خوا پاداشتت داتەوە بە چاکترین شێوە ئەی براکەم [ربیع] بۆ هەڵسانت بە ئەرکی نیشاندان و ئاشکراکردنی نەفامی و لادانی لە ئیسلامدا!!"

[٥٩] :"وهو تعبير مصور لهيئة معروفة، هيئة المتفزع المتلفت المتوقع للشر في كل حركة وتلك سمة العصبيين" (التصوير الفني "

## ابن عثمین دەربارەی سەید قوتب دەڵێت:

"ئەهلی عیلم وەك الدویش و الالباني باسی چەند سەرنجێك دەکەن لەسەر ئەو کتێبە [في ظلال القرآن] کە لەبەردەستدایە، تەواوی ئەو کتێبەم نەخوێندۆتەوە، بەڵکو تەفسیری سورەتی ئیخلاس م خوێندەوە، بەڵگەیە کە بە قەولی یەکێتی بوون، وحدة الوجود دەڵێت"!!..

کە پرسیاری لێدەکەن دەربارەی خوێندنەوەی کتێبەکانی سەید قوتب، دەڵێت: ئەوەی ئامۆژگاری بۆ خوا و پێغەمبەر و برا موسڵمانەکانی بوێت، خەڵك هاندەدات بۆ خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکان، بەڵام تەفسیری سەید قوتب کارەساتی تێدایە [ففیه طوام]، بەڵام ئاواتەخوازین خودا لێی ببەخشێت، وەك تەفسیری بۆ الاستواء و قل هو الله احد!!

ابن باز یش لەبەر تەفسیری ئایەتی [الرحمن علی العرش استوی] کە سەید قوتب وەك چەندین موفەسیری تر دەڵێت: "والاستواء علی العرش کنایة عن غایة السیطرة والاستعلاء:] ئیستوا لەسەر عەرش کینایەیە لە زاڵبوون و بەرزبوون یان باڵابوون..

دەڵێت" :إنكار الاستواء المعروف وهو العلو على العرش وهذا باطل يدل على أنه مسكين ضائع في التفسير" نکولی کردن لە ئیستواو دانیشتنی زانراو کە باڵابوونە لەسەر عەرشدا، ئەوە کارێکی پوچەڵکراوە و بەڵگەشە لەسەر ئەوەی فەقیرێکی گومبوو بووە لە تەفسیردا!![٦٠]

وەك دەبینین ڕاستە سەید قوتب لە بەشی دووەمی ژیانی ئاڕاستەیەکی زۆر توندوتیژی گرتەبەر، بەڵام هەر توندڕەویەکەی لە سەلەفیەتەوە وەرگرتووە، سەلەفیەتیش بە گشتی کەیفی بە چارەی سەید قوتب نایەت، کەوابوو ئەوان پەروەردەی ژێر دەستی احمد بن

[٦٠] [من شريط أقوال العلماء في مؤلفات سيّد قطب: تسجيلات منهاج السُنة بالرياض].

حنبل والبربهاري و ابن تيميه و محمد بن عبدالوهاب و ابن باز و الالباني و ابن عثيمين و ربيع المدخلي و کەسانی ترن لە قوتابخانەی توندڕەوی سەلەفیزم.. ڕقیشیان لەو پیاوە لەبەر ئەوەی سەید قوتب لە دراسات اسلامية، بە تێڕوانینی دووربینانەی بلیمەتانەی خۆی، وەسفی حوکمی سعودی دەکات بەوەی "کە وێنەیەکی ساختە و دزێو و بێزێنراوە لە حوکمی ئیسلام" بۆیە هێرشی دەکەنە سەر.

ئەو مەدرەسەیەی توندڕەووەی هەتا وەڵامی شتە جوان و مرۆییەکانی سەید قوتب یش دەدەنەوە، کاتێ سەید دەڵێت بەندایەتی بە سیستمێکی جیهانی بەسەرچوو وەسف دەکات، و دەڵێت بەندایەتی هیچی تر نابێت بمێنێت، و دەبێت قەدەغە بکرێت، کاتێ جیهان فێری سیستمێکی تری غەیری کۆیلایەتی دەبن "

شێخ صالح بن فوزان الفوزان دەڵێت: ئەو قسەیە ناهەق وبەتاڵە- پەنا بەخوا - هەرچەندە زۆر لە نووسەر و بیرمەندان دەیڵێن و دەیڵێنەوە، نەك زانایان، بەڵکو بیرمەندان وەك ناویان دەنێن !!! (هذا كلام باطل - والعياذ بالله - رغم أنه يردده كثير من الكتّاب والمفكرين ولا نقول العلماء، بل نقول المفكرين كما يسمونهم."

داعش و توندڕەوەکانی تر پەیڕەو لەو سەلەفە ناودار وپیرۆزکراوانە دەکەن، کە کاتێك هشامی کوڕی عبدالملك، غیلانی الدمشقي کوشت، رجاء بن حيوة ی تابیعی، کە سەلەفیەکان دەڵێن خەڵک بارانی بە دوعای ئەو دەباراند! نامەیەکی بۆ خەلیفە هیشام دەنووسێت و دەڵێت: ئەی ئەمیری موسڵمانان پێم گەیشتۆتەوە، دڵت شتێکی کردوە لەبەر کوشتنی غیلان و صالح، سوێندت بۆ دەخۆم میری موسڵمانان کوشتنی ئەو دوانە چاکتر و خێرترە لە کوشتنی دوو هەزار لە [سەربازە کافرەکانی] ڕۆم و تورك!!

یانی هێشتا خەلیفە کەمێك مرۆڤتر بووە، و هەستی بە ئازاری ویژدان کردوە، بە کوشتنی ئەو دوو زانایە! کەچی کاکی تابیعی باران بارێن، نایەوێت خەلیفە ویژدانیشی بهەژێت بۆ کوشتنی زانایەکی موسڵمان چونکە بیدعەچی بووە! بەڵکو کوشتنیان بە خێرتر دەزانێت لە دوو هەزار سەربازی کافری موحاریب!! ئەو ڕیوایەتە بە شانازیەوە لە کتێبی [العواصم مما في كتب سيد قطب من القواصم] ی شێخی گەورەی عبداللطيف ی سەلەفی، هادي بن ربيع المدخلي دا هاتووە ل ١٠!

ئەو داعشانە کەی گرنگیان داوە بە سەید قوتب، تا شوێن کەوتەی ئەو بن؟! ئەوان شوێن کەوتەی ئەحمەد بن حنبل ن لە کتێبە ترسناکەکەی بە ناوی: رسالة الرد على الجهمية والزنادقة، کە تیرو توانج و تۆمەتی دنیای نامێنێت ئاڕاستەی موسڵمانانی جیاواز لە مەزهەبی خۆی دەکات! کە لەسەر بنچینەیدا هەموو بزاڤتە توندڕەوەکان دامەزران. هەر لە نامیلکەیەکی تری کوڕی حەنبەل [كتاب الصلاة] نوێژ نەکەر بەکافر دەزانێت، و دەڵێت نابێ نوێژی لەسەر بکریت و لە گۆڕستانی موسڵمانان بنێژرێت!! کە بەو قسەیە بێت، دەبێ زیاتر لە نیوەی ئومەتی ئیسلامی بە کافر بکریت و تۆبەدار بکریت، و ئەگەر نویژی نەکرد بکوژریت!!

ئەو داعشانە پەروەردەی ئیبن تەیمیەن، کە پێی وایە کافر یانی هەر غەیرە موسڵمانێك، هیچ شتێکی حەڵالیان بۆنیە هەتا بیخۆن، چونکە خوا تەنها بۆ ئیمانداارانی دروست کردوە تا چێژیان لێوەرگرن!!

وەك دەڵێت: " بە نسبەت کافرانەوە خودا ئیزنی نەداون هیچ شتێك بخۆن و هیچ شتێکی بۆ حەڵاڵ نەکردوون، چونکە دەفەرموێت: [يا ايها الناس كلوا مما في الارض حلالا طيبا] مەرجی داناوە لەوەی دەیخۆن حەلال بێت، کە لەلایەن خوا و پێغەمبەرەوە ڕێگای پێدرابێت، خوداش تەنها ئیزنی بە ئیمانداران داوە بیخۆن، هیچ ئیزنی بەوان نەداوە شتێك

بخۆن تا باوەڕی پێدەهێنن، بۆیە ماڵ وسامانیان موڵکێکی شەرعی خۆیان نیە، چونکە مولکی شەرعی بریتیە لە توانای بەکارهێنان و تەسەروف پێکردنی شتەکان، لەوەی شەرعدانەریش واتە پێغەمبەر ڕێگای پێداوە، شەرعدانەریش ڕێگای نەداون بە تەسەڕوف کردن بە ماڵ وسامانیان تەنها بە مەرجی ئیمان نەبێت"

لە شوێنێکی تر دەڵێت:" هەروەها ئەگەر موسڵمانێك خۆیان و منداڵیانی ڕفاند ودزی یان زاڵ بوو بەسەریان بە هەر ڕێگایەك، ئەوە نەفسی کافری شەڕکەر و ماڵ وسامانیان حەلاڵە بۆ موسڵمانان، ئەگەر دەستیان بەسەردا گرت بە ڕێگایەکی شەرعی دەبێتە موڵکیان"!! مجموع الفتاوی ٧:٣٤ نقد الفکر السلفي

نوسەری ئەو کتێبە دەڵێت: لەوانەیە ئەگەر ئەو فەتوایەم دیبا بە خێرایی بەسەریدا تێپەڕیبام، بەلاَم کێشەکە لەوەدایە گەنجانێک ئەمڕۆ ئەو قسانە وەك هەقیقەتێکی سەلمێندراو باس دەکەن، یەکێك لەو گەنجە حەماسیانە [وەك داعشەکان] بەڵگەی پی هێنایەوە لەبەردەمم بۆ تەقینەوەکانی ئیسپانیا، و دەیوت ئیسپانیا دار الحربە، و خەڵکەکەی ماڵ و خوێنیان حەلاڵي، ئەوەشی لەوێ ڕوویدا ڕێپێدراو بووچونکە خەڵکەکەی موسڵمان نین !!!!...

ئەگەر ئیبن تەیمیە ئەو قسانە دەرهەق کافری شەڕکەر بکات، هەرچەندە جیاوازی ناکات لە نێوان جەنگاوەر و مەدەنی، بەلاَم ئیبن عثێمین کە عبداللطیف سەلەفی بە مامۆستای دووەمی خۆی دەزانێت لەپاش ربیع المدخلي، دەڵێت:

"جەنگ دژی کافران لە پێناو بەرژەوەندی یا مەسڵەحەتی ڕاجیحەیە تا بە زۆر بکرێنە موسڵمان، هەروەها شیرك و کوفریان خوێنیانی حەلاَل کردوە، نەك تەنها شەڕ و

دوژمنکاریان، وپێیوایە کافری شەڕکەر ئەو کافرانەن کە بەڕاشکاوی جاڕی کوفری خۆیان دەدەن"!!![٦١]

وەك دەبینین سەید قوتب لەگەشتە فیکری ودینیەکەی، لە وێستگەی توندڕەوی گیرسایەوە، بەڵام هەر وەك قوتابیەکی فکری توندڕەوی سەلەفی حسێبی بۆ دەکرێت. سەید قوتب لە چاو باوکانی توندڕەوی سەلەفیزم کۆتری سپی و شێنەی با بووا!

[٦١] مجموع فتاواه ورسائله ج٧ :١٦، هەروەها ج١٠ : ١٠٦٨، شرح باب الجهاد في كتابه الشرح الممتع!

# بەشی یازدەهەم

# کورد و بەرەودان بە فکری سەید قوتب

## بیروڕا و کەسایەتی سەید قوتب لە ژیانی دینی وسیاسی کوردستان دا

فکر وبیری سەید قوتب زۆر دەمێکە لە کوردستان بایەخی پێ دەدرێ، دەتوانین بڵێین لە کۆتایی پەنجاکانەوە. هەر لەگەڵ فێربوونی خوێندنەوەیەکی سەرەتایی، من خۆم لە ماڵەکەی خۆمان، چەند نامیلکەی سەید قوتب و محمد قوتبم لە ناو باوڵە دارینە کەسکەکەی باوکم دۆزیەوە، کە وابزانم باوڵی چەکەمەنی بوو، باوکم ئەوراقە گرنگەکانی تیادا دەپاراست. بە مەرجێ باوکم تەنها دیندارەکی پاك و دەروێشانە بوو، بە دەگمەن نەبێ نەمدیتووە جگە لە قورئان و دلائل الخيرات زیاتر بخوێنێتەوە.

لە بیرمە یەکێ لەو نامیلکانەی دۆزیمەوە هی محمد قطب بوو، بە ناونیشانی [ملامح الجاهلية الحديثة] بوو، کە وابزانم بەشێك بوو لە کتێبی جاهلية القرن العشرين، ئەو کاتە لە شەشی ئامادەیی بووم، تازە بەرەو بیری ئیسلامی هەڵدەکشام و زۆرم دەخوێندەوە.

چاکم لە بیرە ئەو کاتە زۆرچێژم لە خوێندنەوەی وەرگرت، هەتا وەرمگێڕایە سەر کوردی، بە دەستنووس دەمدایە برادەرانی گەڕەك ومزگەوت.

لەوەتی ئیخوان لە بەغداوە گەیشتە کوردستان، و شانە ئیخوانییەکان لێی دروست بوو، نووسین و بیری سەید قوتب لەسەر ئاستێکی بەرتەسکیش بووبێ لە سەرەتاوە، دەناسرا و ناوێکی نامۆ نەبوو بۆ نوخبەی خوێندەواری کورد.

یەکەم بەرخوردی سیاسی کەسایەتی سەید قوتب، ئەوەیە کە ئیخوانەکان دەیگێڕنەوە، کە کاتێ جمال عبدالناصر بڕیاری لە سێدارەدانی سەید قوتبی دا، دیارە لە سەرتاسەری جیهان هەوڵیان داوە ڕزگاری کەن لەو چارەنووسە، بۆیە ئیخوانەکان لە وڵاتەکانی خۆیاندا، داوایان لە سەرۆك و سەرکردەیەکی زۆر کردووە، هەوڵی ڕزگارکردنی سەید قوتب بدەن لە پەتی قەنارە. ئەویش لە ڕێگای داوا کردن لە جمال عبدالناصری سەرۆکی میسر تا ئیعدامی نەکات. وایاندەزانی چۆن جاری پێشوو عبدالسلام عارفی سەرۆکی عێراق ڕزگاری کرد، ئەوجارەش ڕزگاری دەبێ.

بۆیە ئیخوانەکان دەڵێن تەکلیفیان لە ڕابەری شۆڕشی کوردستانی عێراق، مەلا مستەفا بارزانی کردووە، کە نامەیەک بۆ جمال عبدالناصر بنێرێ داوای لێخۆشبوون لە سەید قوتب بکات، وەك لە ڕووداو لەسەر زمانی سەرکردەیەکی ئیخوانی کورد محسن عبدالحمید هاتووە:

"د.موحسین عەبدولحەمید، ئەمینداری پێشووتری حیزبی ئیسلامی عێراقی و یەکێك لە سەرکردە باڵاکانی ئیخوان لە عێراق بە(تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند:" ساڵی ١٩٦٦ لە بارەگای تایبەتی خۆی لە حاجی ئۆمەران شاندێکی باڵای ئیخوانی عێراق کە پێکهاتبوون لە نیزامەدین عەبدولحەمیدی برام و بەڕێز شێخ نازم عاسم سەردانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانییان کرد، داوایان لێ کرد کە پەیامێك بۆ جەمال عەبدولناسر،

سەرۆککۆماری میسر بنێرێت و داوای لێبکات کە بیرمەند و موفەسیری قورئان سەید قوتب لە سێدارە نەدات"

ئەمینداری پێشووتری حیزبی ئیسلامی عێراقی لەبارەی هەڵوێستی مەلا مستەفای بارزانی گوتی" جەنابی بارزانی رەحمەتیش کاخەزێکی سپی خستە بەر دەم شاندەکەی ئیخوان و واژۆی کرد، پێیگوتن: ئێوە چیتان پێ باشە بینووسن، لە پۆستەی هەولێریشەوە بۆ قاهیرە رەوانەی بکەن."

د.موحسین عەبدولحەمید گوتی:" بارزانی لە نزیکەوە ئاگاداری ناوبانگ و کاریگەری سەید قوتب بووە زۆر سەرسامبووە بە تەفسیرەکەی، ئەو هەڵوێستەشی بەرامبەر سەید قوتب لە نێوان ئیخوانەکانی عێراق جێگای رێزە، بە تایبەتی بارزانی پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ جەمال عەبدولناسڕ هەبووە کاتێك لە سۆڤیەت گەڕاوە عێراق سەردانی میسری کردبوو لەوێ ئاشناییەتی پەیدا کردبوو، بۆیە ئیخوان بەرێزەوە سەیری ئەم هەڵوێستەی کوردو سەرکردایەتی شۆڕشەکەی دەکەن[62]."

من باوەڕدەکەم کە مەلا مستەفا پێیانی گووتبێ کاغەزی سپیان بۆ واژۆ دەکات، چونکە ئەو ڕەفتارە باوە لەناو سیاسییەکانی کورد بە عەلمانی وئیسلامییەوە، بەڵام ئەو قسەیەی د.موحسین عەبدولحەمیدم بۆ قووت نادرێ کە دەڵێ: " بارزانی لە نزیکەوە ئاگاداری ناوبانگ و کاریگەری سەید قوتب بووە زۆر سەرسامبووە بە تەفسیرەکەی" من باوەڕناکەم بارزانی

---

[62] https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/290820154

نە سەید قوتبی ناسیبێ و نە ئاگاداری تەفسیرەکەی بێ، نە سەرساميشی بێ! ئەو کارەشی ئەگەر کردبێ، هەر وەك موجامەلەیەکی سیاسی کردویەتی، یان تەواوی چیرۆکەکە هەڵبەستراوە، بۆ وەبەرهێنانی سیاسی هەنووکەییە.

هەروەها لە کتێبی " لە هەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەک" کە "ئیدریس سیوەیلی" ئامادەی کردووە، دیداری کۆمەڵێک کارەکتەری دیاری ڕەوتی ئیسلامییە لە کوردستان سەبارەت بە مێژووی ئیخوان لەعێراق و کوردستان.

سوبحی داودی لەو کتێبەدا باس لە هەڵوێستی مەلا مستەفا بەرانبەر بڕیاری لە سێدارەدانی سەید قوتب دەکات و دەڵێت:

**"لەو کاتەدا کە بڕیاری لە سێدارەدانی سەید قوتب درا، ئیخوانی بەغداد پەیوەندییان پێوەکردین کە شتێک بکەین تا مەلا مستەفا بروسکەیەک بنووسێت بۆ میسر"**

سوبحی داوی دەڵێت:" ئێمە وەکو بەرپرسانی کەرکوک وەفدێکمان پێکهێنا لە چوار برا، کە بریتیبوون لە " شێخ نازم ئەلعوبێدی، نیزامەدین عەبدولحەمید، سلێمان محەمەد ئەمین قابلی و سف دقی"، چوونە لای مەلا مستەفاو نوسخەیەکی " فی ظلال القران" یان بە دیاری بۆ بردو بۆیان باسکرد کە سەید

قوتب نوسەرو موفەسیرێکی ئاوهایە، مەلا مستەفا کاغەزێکی سپی بۆ ئیمزا کردبوون و پێیوتبوون بڕۆن بەناوی منەوە چی بە باش دەزانن بینووسن[63]."

جا نازانم چ ڕادەیەك ئەو هەڵوێستە بە وردی باسکراوە، چونکە کە دەڵێن مەلا مستەفا زۆر سەرسام بووە بە سەید قوتب! من باوەڕ ناکەم مەلا مستەفا لاپەڕەیەکیشی لە کتێبەکانی سەید قوتب خوێندبێتەوە، بەڵام ئەو کاتە خەڵك زۆر ئاگادار نەبوون بە ئیسلامی سیاسی، مەلا مستەفاش ڕەنگە هەر لەبەر ئەو هەستە دینیە تەقلیدیەی هەیبووە، پێی چاك بووە کاریکی وا بکات وداوا لە جمال عبدالناصر بکات لە سەید قوتب خۆشبێ.

## کتێبەکانی سەید قوتب لەکتێبخانەی کوردی

کتێبەکانی سەید قوتب تا بەر ڕاپەرینی ١٩٩١ یش بە کوردی لە بازاڕ نەبوون، هەتا بە عەرەبیش، تەنها خەڵکێکی کەم لە ماڵە ئیخوانییەکان هەیان بوو، وە گەنجینەیەکی پیرۆز دەستاودەستی پێدەکرا. لە بیرمە لە شەشی ئامادەیی بە مەوعید و ئامادەکاری بەرگێکی في ظلال یان نیشان دام!

بەدەستهێنانی کتێبیکی سەید قوتب وەك ئاواتێك بوو، زۆربەی زۆری خوێندەوارە ئیسلامییەکان خەونیان پێوە دەبینی!

---

[63] https://diplomaticmagazine.net/detail/3987

هەندێجار هەتا کاتێ کتێبەکی سەید قوتب و محمد قوتبت دەکەوتە لای کەسێك، بە ئاشکرا لێیدەبردی وبێ گوێدانە حەلال وحەڕام، وەك لە خودی من ڕوویدا، مەلایەکی ناوداری یەکگرتووی هەولێری، خاوەن بەرنامە لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، دەستی بەسەر چەند کتێبێکی من داگرت، چەندین ساڵ داوام دەکردەوە هەر دەسی دەسی پێدەکردم، تا ڕۆژێ بە ئاشکرا گووتی تازە ناتدەمەوە تەواو!

**بەو بۆنەوە ڕوداوێکی هەقیقیم بیرکەوتەوە، ببینە لە پێناو بەدەستهێنانی کتێبی سەید قوتب، چۆن ڕیسکیان بە ژیانی خەڵك کردووە!**

## کتێبەکانی مەلا قوتب زادە!
## ڕوداوێکی هەقیقی

لە کۆتایی هەشتاکان بوو، ماڵمان چووە برایەتی ماڵێکی باش بەرامبەر ماڵمان بوو، پیاوەکەی زۆر گەنج بوو، شوفێری لۆری بوو، هاتووچۆی دەرەوەی عێراقی دەکرد بۆ گواستنەوە وهێنانی بار. ڕۆژێك هاتنە لامان بۆ بەخێرهاتن، دیتم پیاوێکی ڕوح سووکی شەرمن و بەریئ و نەخوێندەواریش بوو. کاتێ کۆمەڵێ کتێبی منی دیت لە ژوورەکە و دوایی چاوی بە کتێبخانەکەشم کەوت، گۆتی: کاک محەمەد ئەو هەموو کتێبەت لۆ چییە؟

گۆتم لۆ خوێندنەوە!
گۆتی ئەو کتێبانە چ نەوعەکن؟
گۆتم: زۆربەیان دینین و بەڵام سیاسی وئابووری وئەدەبیشی تێدایە!

گۆتی: کتێبی مەلا قوتب زادەت هەیە؟!

منیش گووتم: ناوەڵلا نازانم مەلا قوتب زادە کێیە؟! تۆ ئەو ناوەت لە کێ هێنایە؟!

گۆتی: وەڵلا ئەمن هاتووچۆی ئوردن دەکەم، جارێکی کابرایەکی زۆر بەدین دەرێن حەموو قوڕئانیشی لەبەرە، بە ناوی ع ع (ناوی خۆی وباوکی بەو دوو حەرفە دەست پێدەکات، ع.ع ئەوە کابرایەکی سەلەفی زۆر توندڕەو بوو، وابزانم بەس پێغەمبەر لە دەستی ڕزگاری ببوو لە تەکفیرکردن!) گۆتیە من دەتوانی پێنج شەش کتێبی مەلا قوتب زادەم لۆ بینی لە ئوردن! ئەمنیش گۆتمێ: مەلا قوتب زادە چییە وکێیە؟!

گۆتی: ئەوە مەلایەکی عەرەبە حەزم لە کتێبەکانیتی!

ئەمنیش گۆتم ئەگەر بەس مەلایە و کتێبەکانی موشکیلەیان نییە لۆتی دەکڕم بەسەرچاو!

ئەویش گۆتی: نا هیچ موشکیلەیان نییە بەران باشترە کتێبەکان تەقەت کەی نەکوو نەخوێندەوارێك بیبێنی و تێنەگا مەحتەلت کا!

وەڵا ناوی کتێبەکانی لەسەر پارچەك کاغەز لۆی نووسیم، و ئەمنیش لە گیرفانم نا، پاش دوو ڕۆژ بەرەو ئوردن بارم برد، و مەجالەکم وەرگرت و پیاسەکەم کرد لۆ ناو سەنتەری عەمان، زۆریشم برسی بوو، بەس گۆتم هەتا ئەو کتێبانە نەکڕم، ناچمە مەتعەم!

وەڵلا بە پرسیاران کتێبخانەکم دیتەوە، چوومە ژورێ وکاغەزەکەم دایە دەستی، کابرای خاوەن کتێبخانە گۆتی تەنها یەك کتێبمان نییە لەو لیستە!

ئەمنیش گۆتم زۆرباشە ئەوەی هەیە دەیبەم، موشکیلە نییە. کابرا کتێبەکانی بۆ پێچامەوە و پارەکەیم دا و ڕۆیشتم نانێکم خوارد، بۆ بەیانی بەڕێکەوتمەوە بەرەو عێڕاق، کتێبەکانم لەبەرچاوان بزر کرد، بەڵام نەموێراش خراپ بیشارمەوە لە شوێنی گوماناوی، گۆتم نەکوو بڵێن شتێکی خەتەر دەشاریتەوە!

کە گەیشتمە خاڵی سنووری عێڕاق، هاتن لۆریەکەمیان پشکنی و گۆتیان هیچت پێیە مەمنوعات؟ گۆتم ناوەڵلا بە کەیفی خۆتان تەفتیشی کەن!
وەڵلا هەندەم زانی یەکێك لەوانەی تەفتیشیان دەکرد، دووسێ کتێبی بەدەستەوە بوو هاتە لام بە تووڕەیی گۆتی: ئەو کتێبانە ئی کێیە، لای تۆ چ دەکەن؟!

لە ترسان گۆتم، نەکوو وابزانی من شاردیتمەوە، گۆتم دووسێیەکی تریشم کتێب پێیە، ئەوە کتێبی مەلایەکییە ناوی مەلا قوتب زادەیە، لۆ کەسێکم کڕییە!
کابرا بانگی یەک دوو پیاوی ئاسایشی مەدەنی کرد، گۆتی سەیدی ئەو کتێبانەمان دیتەوە لەناو لۆری ئەو پیاوەی، دەڵێت هی منن و لۆ کەسێکم کڕییە!

کابرا مەدەنیەکان منیان داپاچی بە پرسیار، بەرە بەرە هەستم کرد ئەو کتێبانە خەتەرن! دوایی یەکێکیان پێی گۆتم ئەتوو گێلی یان خۆت لە گێلی دەدەی ئەوە کتێبی سید قوتب ن کە لە هەموو عێڕاق قەدەغەن، ئەوە دژی حزب و شۆڕشە!

وەڵلا ئەمن چۆکم شکا وگۆتم بەخوای ئەمن نایناسم، ئەو کابرایەی داوای لێکردم لۆی بکڕم گۆتی کتێبی دینی مەلا قوتب زادەیە، گۆتیشی هیچ خەتەر نییە، هەر باسی قوڕعان و قسەی پێغەمبەرە، دەنا ئەمن نەمدەهینا!

هەر ئەوەم گۆت کابرای ئاسایشە مەدەنیەکە شەقێکی لێدام چاوم لەگەڵی تاریك بوو! گۆتی گەواد درۆ نەکەی، بەڕاستی پێمان بڵێ سەر بە چ جەماعەتێکی موخەریبی؟!

گۆتم بەخوای ئەمن ئەو دەساڵە لەو ڕێیە هاتووچۆ دەکەم، بڕوانن یەك ڕۆژیش موخالەفەکم نەبووە!

کابرای ئەمن گووتی: باشە ئەو کەسە کێیە؟ وەڵلا ئەمنیش درم نەهات ناوی بدەم، لە خۆڕا ناوەکم گۆت، عینوانی شوقەکم دانێ، گۆتم ئەو کابرایە وای بەمن گۆتیە لەوێ دەژی هەر لە خۆڕا !گۆتم ئەوانە وا لە من بکەن خۆ ئەو بگرن هەر دەیکوژن! وەڵلا پاش دە سەعات لەوێ ئەمنیان هێشتەوە دوایی گۆتیان، ئێمە چوین بەدوای ئەو ناو و عینوانە، بۆمان دەرکەوت تۆ درۆمان لەگەڵ دەکەیت، ئەو ناوە وجودی نییە و لەو عینوانەش قەت کەسیکی وای لێ نەبووە!

ئەمنیش گۆتم هەر هەندەی لێدەزانم! وەڵلا جارێ قسەم تەواو نەکردبوو تێمکەوتن بە شەق و پێلەقە تا ماندوو بوون لێیان دام، ئەها کەپووم خوار بووە پاش ئەوەی شکاندیان!

دوایێ یەکێکیان کەمەك هێمن بوو هاتە لام گۆتی: ئەمن دەزانم ئەتوو نەخوێندەواری وئیشت بەو کتێبانە نییە! بەلام دەبێ ناوی ئەو کەسەمان پێ بدەیت، نەك لەبەر قەدەغەیی کتێبەکان، بەڵکو لەبەر ئەوەی ویستویەتی سەری تۆ بخاتە قوڕ، وخیانەتی لەتۆ کردییە و پێی نەگووتی ئەو کتێبانە ئیعدامی لەسەرە!

ئەمنیش گۆتم بەخوای سەیدی نەمزانییە ئەو کتێبانە وا خەتەرن! بەخوای ئەو کەسە وا خۆی پێناساندم و عینوانی دامێ، ئەگەر ناو و عینوانی هەقیقیم بزانیبا حەتمەن پێمدەگووتن، هەر نا لەبەر تۆڵەی خۆم!

وەڵلا ئەمنەکە دیاربوو زگی پێسووتام و گۆتی ئەگەر ئازادت کەم، چیم بۆ دەکەی؟

گۆتم ئەو دیاریانەی هێناومن بۆ ژن ومنداڵم هەمووی بۆ خۆت و هەتا مردن مەمنونت دەبم و چیشت دەوێ ڕاوەستام!

گۆتی: نا هەرجاری هاتیە ئێرە چیم لێ داواکردی بۆمی بێنە، وپارەکەشت دەدەمەوە!

گۆتم سەیدی بەس کتێب وحەشیشە نەبی چت دەوێ لۆتی دەینم هەر لەسەر حیسابی خۆشم!

کابرا زۆر پێکەنی و گۆتی نانا کتێب وحەشیشەم ناوێ، دەباشە برۆ دەمووچاوت بشۆ و ئەوەش سویچەکەتە الله ویاك!

بە خوای کاک محەمەد هاتمەوەش خەبەریشم لۆ نارد کە چم بەسەر هاتیە لەسەر کتێبەکانی ئەو کە داوای لێکردبووم، بەخوای هەندە نامەرد بوو، ئێستا وئێستاش نەهات درم بداتەوە بە دوو قسان، خۆ دەشم تانی سەری بابیشی لە قوڕێ نێم، لەسەر ئەو پەندەی بەمنی کرد!

گۆتم بەخوای زۆر نامەرد بووە، خۆشی پێ زانا وحافیزی قورئانە، وئەتووشی پێ جاهیلە ئێستا، بەڵام هەڵوێستی مەردانە وپیاوانەی تۆ بە خۆی و مامۆستاکانیشی ناکرێ!

ئەوە ئەوپەڕی گزی وخیانەتە کتێبی وات لێ داوا بکات، بێ ئەوەی پێت بڵێ چەند خەتەرە، وداوای لێبوردنیشت لێ نەکات!
کابرا گۆتی خوا کاری ڕاست بینی، دایمە خوای تۆڵەی ئەو ئەزیەتدانەی منی لێبکاتەوە![٦٤]

بەڵام لە پاش ڕاپەڕینەوە، ئەو ڕاپەڕینەی ١٩٩١ وابزانم تەنها خێری بۆ دوو دەستە هەبوو، دەستەی دەسەڵاتدارانی بە دزی و گەندەڵی و تاڵانی، دەستەی دووەم خێری بۆ ئیسلامییەکان هەبوو، چونکە گەورەترین ڕووبەری ئازادیان قۆستەوە، لە غیابی نەبوونی عەقڵیەتێکی دەوڵەتدار و دڵسۆز بۆ گەل و نیشتیمان، توانیان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش بیت، گەورەترین گەشە بکەن.

کتێبەکانی سەید قوتب وەك جاران نەمان، هەزارەها کتێب لە وڵاتانەوە دەکڕا ودەهێنرا، هەر لەو ماوەیە ئیسلامییەکان توانیان زۆرترین کتێبی ئیسلامی وەرگێڕن وچاپ بکەن، هەتا ئەو کتێبانەی کە لە وڵاتانی ئیسلامی دەیەها وەڵام و وەڵامکاری و ڕەخنەشی لەسەر نووسراوە، واتا سەلاحیەتیشیان بەسەرچووە.

لەکاتێکدا ئەوەی ناوی ڕابوونی ئیسلامییە لە وڵاتانی عەرەبی لە پایزی تەمەنیاندان، بە هەوڵی ئیسلامیانی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە کتێبخانەی تەفسیر، کە هەر لە پاش چەند ساڵێك لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دامەزرا، ڕابوونی ئیسلامی بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەی، زیاتر لە ڕەهەندە سیاسیەکەی، ئێستا لە تافی لاوێتی و بەهاری

[٦٤] ٢٠١٩/٧/٢٣

تەمەنیدایە..[٦٥] لە وتاری "قوڕی ئیسلامیەکان بۆ دەوڵەتی فشۆڵی کوردایەتی!" ئاماژەیەکم بە کتێبخانەی تەفسیردا بوو.[٦٦] ونووسیبووم: "ببینە سیمنارەکە لەلایەن کتێبخانەی تەفسیری هەولێر پێشکەش دەکرێ، کەتەنها ناوی کتێبخانەیە، کە لەلایەن کۆنەئیخوانیەکی تورکمانی هەولێری ناودار خاوەنێتی لێدەکرێ، بەناوی کاك موخڵیس یونس کە بەشێوەیەکی شەخسی دەیناسم و بۆ ماوەیەك مامۆستای دینیشم بووە لە سەردەمی ئیسلامی بوونمدا.

[٦٥] لە وتاری قوڕی ئیسلامیەکان بۆ دەوڵەتی فشۆڵی کوردایەتی!" لەبەر گرنگی ئەو بابەتە، ئەوە بەشێکی گرنگی ئەو وتارە لێرە دادەنێم.

"ببینە سیمنارەکە لەلایەن کتێبخانەی تەفسیری هەولێر پێشکەش دەکرێ، کەتەنها ناوی کتێبخانەیە، کە لەلایەن کۆنەئیخوانیەکی تورکمانی هەولێری ناودار خاوەنێتی لێدەکرێ بەناوی کاك موخڵیس یونس کە بەشێوەیەکی شەخسی دەیناسم و بۆ ماوەیەك مامۆستاشم بووە لە سەردەمی ئیسلامی بوونم.

ئەو کتێبخانەیەی تەفسیر، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی ئیسلامی سیاسی ئیخوانی و سەلەفی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، ڕاستە تا ڕادەیەك خزمەتی بڵاوکراوەی کوردیشی کردوە، بەڵام ٩٩% بڵاوکراوەکوردیەکانیشی بە ئامانجی برەودان بەئیسلامی سیاسی بڵاوکردۆتەوە، من خۆم کاتی خۆی کتێبی: ئەدیب و گزیری پۆلیس م لەوێ بەچاپ گەیاند بەڵام چونکە کتێبێکی ئیسلامی نەبوو، لەسەرحیسابی خۆم چاپم کردو بێ یارمەتی ئەوان! کەچی داوایان لێدەکردم کتێبی ئیسلامیان بۆ وەرگێڕم تا بە خۆڕایی چاپیکەن!"

ئامانجی ئەحمەد میران لەوسیمنارە ئەوەیە کە ئەوەندە ئازادیەی ماویشە لەکوردستان کە مەلاو مزگەوت و ئەحزابی ئیسلامی کۆنتڕۆڵیان نەکردوە کۆنتڕۆڵی کەن، بەناوی پڕۆژەی بە ناوەندیکردنی دین لەناو هەموو کایەکانی یاسایی و داب ونەرێت و ڕەوشت و هونەر هتد....

جارێ نازانم ئەگەر تەعریبی فەرهەنگی نەبێت، بۆ دەبێت سیمنارێك لەناو هەولێری پایتەختی قەوارەی کوردی بەعەرەبی پێشکەش دەکرێ؟! ئەوەتەعریبی خۆبەخشانەیە، وەرە منداڵێکی گوندی حسن سیساوەی بێ ئەوەی لەتەلەفزیۆنێکی عەرەبی داوەت کرابێ، یان لە کۆنگرەیەکی عەرەبی داوەتکرابێ، بە عەرەبی سیمنار بکات؟!چونکەخوێندنەوە وعیبادات وتەفکیریان بە عەرەبییە، چونکە عەرەبیان لا زمانێکی پیرۆزە، وەك ئینگلیزی نییە هەتا قۆپیەکردنیشی جائیز بێ بە پێی فەتوای کرێکار، وەك کوردیش نییە کە زمانی عەلمانی و قەومیەکانی کوردە! بۆیەزۆریان لا ئاسانترە بە عەرەبی گوزارش لەخۆیان بکەن تاکوردی!

هەتا کاتێ ناوی مورسی سەرۆکە ئیخوانیەکەی میسر دەهێنێ دەڵێ فك الله اسره، یانی خوا لەدیلی ئازادی بکات،بەڵام کەناوی پەکەکە دەهێنن دوعا بۆئازادبوونی ئۆجەلان نەك ناکەن، بەڵکو بەگەورەترین دوژمنی ئیسلام وەسفی دەکەن !!! محەمەد هەریری ٢٠١٨/٩/١٦

ئەوەش لینکی سیمنارەکەیە:

**https://www.facebook.com/Tafseer.../videos/2017297781618372/**

[٦٦] https://youtu.be/1IQDUzpSQR8?si=KRH5Zb8M_UF8L5H8

ئەو کتێبخانەیەی تەفسیر، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی ئیسلامی سیاسی ئیخوانی و سەلەفی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، ڕاستە تا ڕادەیەك خزمەتی بڵاوکراوەی کوردیشی کردوە، بەڵام ٩٩% بڵاوکراوە کوردیەکانیشی بە ئامانجی برەودان بە چەمکەکانی ئیسلامی سیاسی بڵاوکردۆتەوە، من خۆم کاتی خۆی کتێبی: ئەدیب و گزیری پۆلیس م لەوێ بەچاپ گەیاند، بەڵام چونکە کتێبێکی ئیسلامی نەبوو، لەسەرحیسابی خۆم چاپم کردو بێ یارمەتی ئەوان! کەچی داوایان لێدەکردم کتێبی ئیسلامیان بۆ وەرگێڕم تا بە خۆڕایی چاپیکەن، پارەشم لەسەر بدەنێ"!

هاوڕێیەکی نزیکم داوای لێکردم زیاتر تیشك بخەمە سەر ڕۆڵی کتێبخانەی تەفسیر لە بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەو لەکوردستاندا، لە غیابی بوونی دەسەڵاتێکی سەرخۆش وبێ ئاگا بە تلیاکی گەندەڵی و بۆنی نەوتی دزراو. منیش چونکە لەو بازنەیە ئیسلامییەی ئیخوان و خاوەن کتێبخانەکە، بۆ ماوەیەکی چاك نزیك بووم، دەمەوێ لەو وتارە ئەو تۆزەی دەیزانم بیڵێم بەبێ زیاد وکەم.

نزیکی من لە قیاداتی ئیخوان و یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە، بۆ هەر کەسێ من باش بناسێ جێگای مشت ومڕ نییە. من نەمویست ئەو نزیکییەم بۆ دەسکەوتێکی شەخسی وەبەر بێنم، دەنا هەموو سەرکردە ئیسلامییەکانم لە نزیکەوە ناسیوە، چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون، بە کرێکاریشەوە، کاتێکی زۆرم بە گفتوگۆ لەگەڵیاندا بەڕێکردووە، زۆربەشیان یان هەموویان پێشنیاری پایەی زۆر باڵاشیان بۆ کردووم، بەڵام هەمیشە حەزم بە پابەندبوونی حزبی و گرووهی نەبووە، تا بوارێك بۆ ئازادی وعەقڵی خۆم جێبهێڵم، نەوەك بەرژەوەندی و پایە و پارە، ناچار بە دەستبەرداربوونم بکەن لە قەناعەتە فیکرییەکانم.

بە نیسبەت کاک "مخلص یونس مصطفی" ش، کە سەرسام وشەیدایەکی فکری سەید قوتب بوو، وەك ئاماژەم پێکردووە لە سەرەوە، تازە قەناعەتم بە ئیسلامی سیاسی هێنابوو، لە پۆلی پێنجەمی دواناوەندی ساڵانی هەشتاکان، کاک کمال یك هەبوو، برا گەورەی ئەو مەلا هوشیارەی بوو، کە لە هەولێر تیرۆر کرا. ئەو کاک کەماله ئیخوان بوو، منی ناساند بە کاک موخلیس. ڕۆژێکی ساڵانی هەشتا پاش تەواو بوونی قوتابخانە، کاک کەمال و من بە پێشنیاری ئەو چووینە سەردانی کاک موخلیس، بە شێوەیەکی نهێنی و پۆلیسی، کە من سەرم سوڕما لە شێوازی چوونمان بۆ لای. دوایێ زانیم کە کاک موخلیس داوا کراوە لەلایەن ئەمنی حوکمەت بە تۆمەتی ڕێکخراوی ئیخوان.

چەندین جار وا دەچووین بۆ لای، کاک موخلیس کەسێکی سەروڕیش سپی و هێمن و بە ئاسپایی دەدوا، و هەمیشە لێوی بە بزە بوو. هەرجارەی دەچووینە لای چەند ئایەتێک وحەدیسێکی بۆ باسدەکردین وەك دەرسێکی عەقایدی، لە بیرمە کە زۆر ناوی سەید قوتب و تەفسیرەکەی في ظلال القرآن ی دەهێنا، هەندێ جار بەرگێکی في الظلال یشی بە دەستەوە بوو، نموونەی لەوێوە دەهێنایەوە.

متمانەی نێوان من و کاک موخلیس هێندە پەرەی سەندبوو، سەرەڕای جەوی ئەمنی تۆقێنەری بەعس، و لەو شوێنەی کە خۆی لێ حەشاردابوو، کە لە براکانی بترازێ چەند کەسێکی زۆر کەم و متمانەپێکراو نەبێ کەس پێیان نەدەزانی، من یەکێك بووم لەوانەی پێمدەزانی و بێ ترس و بێ مەوعیدیش سەردانم دەکرد، ئەویش زۆر بە متمانەوە پێشوازی لێدەکردم. حەشارگەکەی لە نزیك نەقلیاتی کۆنی هەولێر و نزیك دائیرەی تەجنید و کەبابخانەی ڕانیەی ناوازە یادی بەخێر، کە نازانم ئێستا ماوە یان نا.

دوایی لە ترسی ڕێوشوێنی ئەمنی بەعس، ڕایکرد بۆ دەرەوەی هەولێر لە دەوروبەری گوندەکانی ڕانیە خۆی حەشاردابوو، من وەك متمانەپێکراوێکی خۆی و کەسوکاری، ئەو کاتەش نەترسام لە پەیوەندی کردن پێی، هەتا چەند جارێك بە تەنیا، و جارێکیش بە یاوەریکردنی خێزانی بەڕێزیان سەردانیم کرد، کە بێگومان سەردانەکان پڕ مەترسی بوون، چونکە لە ناوچەی ئازادکراو بوون.

کاک موخلیس ئاوەڵزاوای مامۆستا کرێکارە، یانی هاوسەرەکانیان خوشکن، سەرەڕای ناکۆکی مەنهەجی نێوان بیروڕای کاک موخلیس و مامۆستا کرێکار، بەڵام پاش دوورکەوتنەوەی کاک موخلیس لە ئیخوان، کە دوایی باسی دەکەم، نزیکییەکی زۆری لەگەڵ گرووپ و کەسایەتیە حەرەکی وجیهادییەکانی کوردستان دروست کرد.

کاک موخلیس یەکێکە لە کۆنترین ئیخوانەکانی کوردستان، دەتوانم بڵێم کۆنترین قوتبیشە. باوکی ڕەحمەتیم کاتێ زانی من دەیناسم وەك مامۆستایەکی ئیسلامی خۆم، بۆی باسکردم، کە لەوەتی کاک موخلیس دەناسێ دەزانێ ئیخوانییە و لۆ ئیسلامەتی هەوڵ دەدا! بە باشی باسی دەکرد.

کاتێ یەکگرتوو لە ١٩٩٤/٢/٦ دامەزرا، مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین بە ئەمینداری گشتی هەڵبژێردرا یان سەپێنرا، نازانم چۆن بوو، کاک موخلیس -وەك بیستمەوە- بەو ئەنجامە ڕازی نەبوو، لە ئاکامدا نەك نەچووە ناو یەکگرتوو، بەڵکو دەستی لە ئیخوانیەتیش هەڵگرت. من زۆرم هەوڵدا هەموو هۆکارەکانی دوای ئەو جیابوونەوەی ئەو بزانم لە خۆی، بەڵام کە هەستم کرد حەز بە باسکردنی ناکات، ئیتر منیش لێیم نەپرسیەوە. بەڵام لە

دەوروبەر زۆر شتم گوێ لێدەبوو، دەیانگووت خۆی بە شایانی سەرکردەی یەکگرتوو دەزانی، بەڕاستیش بڵێم کەمن کاک موخلیس و مامۆستا سەلاحەدینم لە نزیك بینیوە و دواندووە، کاک موخلیس زۆر ڕۆشنبیرتر و بیرفراونتر و باگراوندی فەرهەنگی پتەوتر و بە شەخسیەتر بوو لە مامۆستا سەلاحەدین، هەرچەندە بەداخەوە ڕوحیەتی تورکمانچیەتی زاڵە بەسەری، بەلام وەك دەیانگووت، سەلاحەدین لە ڕێگای ئێرانەوە سەردانی قیاداتی ئیخوانی میسری کردبوو لە خەلیج و شوێنی تریش، توانیبووی متمانەی ئەوان بە دەست بهێنێ بۆ خۆی!

ئیخوانەکان لەبەر سروشتی مافیایی پڕ نەهێنی و چونکە ئەو شتانە بە نهێنی دەهێڵنەوە، بۆیە من ئەوە دەڵێم کە گوێم لێبووە، هەتا ئێستا کەسێکی ئیخوانیم نەدیت بە کاک موخلیسەوەش، باسی سەروبەندی دامەزراندنی یەکگرتوو بکەن، بە درێژی باسی ڕووداوەکان وناکۆکییەکان بکەن، من کە نزیکی کاک موخلیسیش بووم پێێ نەگووتم، جگە لە کۆمێنتی سەلبی وتەعلیق لێدان لە ئەم وئەو، نازانم بۆ حەزی بە باسکردنی نەبوو[67]!

یەکێ لەو قسانەی دەگووترا، کە نازانم تا چەند ڕاستە یان هەڵبەستراوە، ئەوەبوو ئیخوانە یەکگرتووەکان دەیانگووت کاک موخلیس پارەوپولێکی زۆری ئیخوانی لابووە، بەلام ڕادەستی نەکردۆتەوە، پاش ئەوەی ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو و یەکگرتوو لە ڕۆژی یەکەمی لە دایکبوونیەوە!

[67] ٢٠٢٣/٩/١٨

کاتێ لە ساڵی ١٩٩٥ یش کتێبخانەی تەفسیری دامەزراند، ئیخوان واتەواتەکانیان زیاتر کردەوە، ودەیانگووت ئەو کتێبخانەیەی بەو پارانەی حزب کە لەلای بوو دامەزراندووە، دەیانگووت ئەوە هەر کتێبخانە نییە، بەڵکو پڕۆژەیەکی حزبییە بۆ بەرە دەرهێنان لە ژێر پێێ یەکگرتوو.

بەڕاستی منیش چاوەڕوان بووم کاک موخلیس باڵێکی قوتبی تەسحیحی ئیخوان جاڕبدات، بەڵام کاردانەوەکەی بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ئیخوانی بوو. زۆر نزیك کەوتەوە لە بزوتنەوە و دوایی کۆمەڵ و مەلا توندەکان و تا کۆتایی، هەتا یەکەم کەس بوو تەفسیری ڕابەری بزوتنەوە عوسمان عبدالعزیزی بە چاپ گەیاند، کە ئیخوان بەو کارەی زۆر قەڵس بوون!

پڕۆژەی کتێبخانەی تەفسیر بە چاپکردنی تەفسیری قورئانی ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی، شێخ عثمان عبدالعزیز دەستی پێکرد، کە دەڵێن کاریگەرە بە تەفسیرەکەی سەید قوتب. وەك کاک موخلیسیش دەڵێ، هەر لەبەر ئەو پڕۆژەیە ناویان لە خانەی بڵاوکردنەوە و کتێبخانەکە نا تەفسیر[68].

من لە پاش ڕاپەڕینەوە چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ کاک موخلیس سنووردار کردبوو، دەنا دەمتوانی هەموو ڕۆژ لە کتێبخانەکە ببینم، چونکە ڕۆژ نەبوو سەر بە کتێبخانەکان و کتێبفرۆشی سەر شۆستەکان دانەگرم. زۆریش بە گەرمی پێشوازی لێدەکردم، وەك وەفایەك بۆ ڕۆژانی سەردەمی بەعس، بەڵام زۆرجار لە قسەکانی دەربارەی کورد هەستم

[68] https://www.youtube.com/watch?v=1IQDUzpSQR8

بە نەزعەیەکی تورکمانانەی نێگەتیف دەکرد دەرهەق بە کورد، وەك ڕێزێکیش بۆ تەمەنی و مامۆستایەکی خۆم، پێمخۆش نەبوو ناچار بم ڕۆژێك وەڵامی بدەمەوە، بۆیە دوورکەوتنەوەکەم پێ باشتر بوو، دەنا ئەو پێیخۆش بوو من زیاتر لێی نزیک کەومەوە، کتێبی ئیسلامی بۆ وەرگێڕم، دەمتوانی لە کتێبخانەکەشی کاری جیدی بکەم.

یەکگرتووەکان لەوە ڕاستیان دەکرد کە کتێبخانەی تەفسیر، تەنها کتێبخانە نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی زۆر بەهێز یاری دەکات لە گۆڕینی هاوکێشە دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە کوردستاندا.

لە بواری دینیدا توانی لە دژایەتی ئیخوان و یەکگرتوو، ئاڕاستە سەلەفی و نیمچە سەلەفییەکان بەهێز بکات، زۆربەی ڕیسەکەی یەکگرتوو بکاتەوە خوری. توانی دەیەها و سەدەها کتێبی باوکانی توندەڕەوانی وەك سەید قوتب و محمد قوتب، ابو حسن الندوي و شێخە سەلەفییەکانی کەنداو و میسر وەرگێڕێتە سەر کوردی. سەیر لەوەدایە ئەو کتێبە کلاسیکیانەی سەحوەی ئیسلامی عەرەبی، زۆربەیان تەمەنیان لە پەنجا و شەست ساڵ زیاترە، لەناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان ئەو برەوەیان نەماوە و زۆر ڕەخنەیان لێگیراوە، کەچی کتێبخانەی تەفسیر لە بەرگێکی تازە وبریقەدار پێشکەشی خوێنەری عەرەبی نەزانی کوردی دەکات، بۆیە کە گوێ لەلاوانی ئیسلامی کوردی دەگریت، دەڵێی لە ساڵانی سی وچل وپەنجا وشەستی سەدەی ڕابردوو دەژین! چونکە ئەو لاوانە زۆربەیان توانای بەدواداچوون وڕەخنە نووسراوەکان لەو کتێبانە نییە، بۆیە زۆر خراپ چەواشە دەکرێن و لە واقیعدا دادەبڕێن!

## کتێبەکانی سەید قوتب و محمد قوتب و مەلا کرێکار لە کتێبخانەی تەفسیر!

خاوەنی کتێبخانەی تەفسیر نازانم لەبەر خزمایەتی یان هاوباوەڕی، هەتا کتێبەکانی مامۆستا کرێکاریش بڵاودەکاتەوە، هەندێکیان لە ژێر ناوی نجم الدین فرج احمد، و هەندێکیانیش هەر بەناوی کرێکار وەك بڵاوکردنەوەی مەشخەڵی ڕێ و تەفسیری زادی! واتە بە ڕەسمی کتێبەکانی کرێکار بڵاودەکاتەوە بە ئیجازەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەوقاف، لە کاتێکدا ئەو دەزگا خاینی گەمژە و بێ خێرانەی کوردستان، ڕەتیان کردەوە مۆڵەتی چاپ بدەن بە من، بۆ کتێبی باوکانی سەلەفییەت، کە ڕەخنە بوو لە سەلەفیەتی توندڕەو!

یانی کتێبەکانی کرێکار لە هی من سەلامەتتر و بێ کێشەترە! دەشڵێن پارتی ویەکێتی دوو حزبی عەلمانین! سەگ لە خۆتان و عەلمانی بوونتان بەردەم.

کتێبخانەی تەفسیر داینەمۆی گەشەسەندنی حالەتی بە دینکردنی لە سنووربەدەری کوردییە، توانیتی لە ڕێگای ئەو کتێبانەی کە پڕاوپڕن لە بیری توندڕەی، گورزێکی گەورە لە ئاڕاستەی دیموکراتخوازی ومەدەنیەت بدات، توانیویەتی کاریگەری پەروەردەیی وئایدیۆلۆژی لەو دەسەڵاتە دوو زلحزبە بەهێزتر بێت، و بەدیلێکی باشیش ئامادە بکات بۆ جێگرتنەوەیان.

سەدان هەزار نوسخەی قورئان و تەفسیری سیاسیانەی بە خۆڕایی بڵاودەکاتەوە لە کوردستان، سەدان دەوراتی لەبەرکردنی قورئان و حەدیس بە منداڵانی کورد، سپۆنسەر دەکات، ئێستا وەك کاک موخلیس لە چاوپێکەوتنێکی یوتیوب دەڵێ، ئەرکی سەرەکیمان هەر لەبەرکردنی قورئان نییە، بەڵکو تێگەیشتن و بون بە بانگەوازکاریشە بۆی! هیچ پرۆژەیەکی

بە چاپ گەیاندنی کتێبی ئیسلامی نییە، کە کتێبخانەی تەفسیر خاوەنی بیرۆکەکە نەبێ یان پاڵپشتیکەریان نەبێ، بۆیە هەزارەها کتێب ونامیلکەیان چاپ کردووە بۆ ڕەتدانەوەی ئەوەی بچووکترین ڕەخنەی لە ئیسلامی سیاسی ودینی گرتبێت! هەر خۆشی باسی پشتگیری پڕۆژەی ئاستانە دەکات، کە من بۆنی میتی تورکی ئەردۆگانی لێدەکەم، چونکە هەر ناوەکەی ئاستانە تورکی عوسمانییە[69]!

ڕاستە کتێبخانەی تەفسیر لێرەولەوێ هەندێ کتێبی ئەدەبی و زانستی و زمانەوانی وفەرهەنگیش چاپ دەکات، بەڵام ئەو جۆرە کتێبانە لەچاو ئەدەبیاتی سەحوەی ئیسلامی نابنە ٥٪ ش! چونکە زۆربەی کتێبە ئەدەبییەکانیش خراوەتە خزمەت ئاڕاستە دینییە سیاسییەکە. ئەدەبیاتی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد وەك مەحوی و مەولەوی و نالی و سالم و مەلا عبدالكريم مودەڕیس، دەبێ چ کێشەیەکی هەبێ بۆ ئامانجی تەفسیر؟!

ئەوە لە کاتێکدا دەسەڵاتی گەندەڵ و تلیاککێشی بێ ئاگا، هیچ پڕۆژەیەکی نییە هەتا بۆ چاپکرنی ئەو کتێبانەی لە ڕەخنەی ئیسلامی سیاسی دەنووسرێن، نەك ئەوەندەش بەڵکو مۆڵەتی بە چاپ گەیاندنیانی ئەو جۆرە کتێبانەشی، داوەتە دەستی چەند کارمەندێکی ئیسلامی وەزارەتەکان و چەند مەلایەکی نەزانی ئەوقاف، کە لە کادرێکی ئیسلامی تۆقیوترن بە ڕەخنەی ئیسلامی، نەوەك ئیسلامییەکان کافریان کەن!

69 https://www.youtube.com/watch?v=kFYx0jK3i0E

کاتی خۆی سەرەڕای نزیکیم لە کاک موخلیس، کە ویستم کتێبی: ئەدیب و گزیری پۆلیس چاپ بکەم، نەك یارمەتی نەدام، بەڵکو ئەرکی بڵاوکردنەوەکەشی بە ئەستۆ نەگرت، چونکە کتێبێکی ئیسلامی نەبوو! لەو لاوەش بە بەردەوامی داوای وەرگێڕانی کتێبەکانی سەید قوتب و محمد قوتبی لێدەکردم، هەتا هەندێکیانیشم وەرگێڕا، لە لیستی کتێبەکانی داهاتووش پڕوپاگەندەی بۆ دەکرد، بەڵام دوایی ڕام گۆڕی و دوو دڵ بووم لە بڵاوکردنەوەی کتێبێك کە ڕەنگە لە دوارۆژ لێی پەشیمان بمەوە.

خۆزگە دەمزانی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ وبێ ئاگایە، چی باشی هەیە تا لە ئەگەری ڕوخانی خەمی بۆ بخۆین؟! هەزاران کتێبی توندڕەوان بەوپەڕی ئاساییەوە چاپ وبڵاودەکرێنەوە بە کۆششی تاکە کەسێك، کەچی تۆ خاوەن سامانی بەڕوبەحری ئەو وڵاتە بیت، نەتوانی بە قەد کتێبخانەی تەفسیر کتێبی دژە توندڕەوی و بیری چەپەڵی تیرۆریزم بڵاوکەیتەوە، تەگەرەش بخەیتە بەردەمی هەوڵە تاکەکەسییە مەدەنی ودیموکراتی و سێکیولارەکان!

نەتوانی پڕۆژەیەکت هەبێت بۆ پێگەیاندنی منداڵان و گەنجان بە بیرێکی مەدەنی و دیموکراتخواز. نەتوانی وا لە نەوەی نوێ بکەیت کوردستان و زمانی کوردی بخەنە پێش هەموو خاکێك وزمانگەلێك، نەتوانی ڕێگری بکەیت لە بیری ڕەشی شێرپەنجەی دینی، ئەو هەموو منداڵ و نێوجەوانە جوانانەمان وەك هێلکەی پاککراو بخەیتە قورگی پڕۆژە ترسناکەکانی ئیسلامی سیاسی، سەدەها خولی دینی و حەجکردن و مردووشۆری و چۆنیەتی سەربڕینی دوژمنانیان لۆ بکەنەوە!

من هیچ ڕەخنەم لە کاک موخلیس نییە، ئەو کەسێکی دەروێش بە فکری سەید قوتب و سەحوەی ئیسلامییە، بە ئاشکرا پشتگیری هەموو جۆرە ئیسلامییەك دەکات، لەوپەڕی میانڕەوییەوە بۆ ئەوپەڕی توندڕەوی، خزمەتی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی دەکات زۆر شیلگێرانە و لایەنگرانە. ئینجا خۆشی یەکێکە لە سەرسامە سەرسەختەکانی سەید قوتب، لەبیرمە چۆن بە شێوەیەکی عاتیفی و ڕۆمانسی باسی سەید قوتب و محمد قوتبی برای دەکرد، و قسەکانیانی بە نموونە دەهێنایەوە.

تەفسیر هەزاران کتێبی لە وەڵامی بەناو ناحەزان و دوژمنانی ئیسلامی بڵاوکردۆتەوە، ئەگەر تۆزقاڵێك بێلایەنی نیشاندابا، دەبوایە چەند کتێبێکیشی لە ڕەخنەی چەمکەکانی ئیسلامی سیاسی بڵاوکردبایەوە، ئێ خوای کاربەجێ عەلی باپیر گۆتەنی، ڕێگای گفتوگۆی بە شەیتانیش داوە لە قورئان، بە درێژی گفتوگۆیەکانی لە قورئاندا باس کردووە! ئەی باشە کاک موخلیس خۆ تۆ لە خوا دڵسۆزتر نیت بۆ دینەکەی، دە چەند کتێبێکی ڕەخنەیش لە ئیسلامی سیاسی بڵاوکەرەوە خۆدنیا خراپ نابێ، خواش لێت ناگرێ، چونکە خۆی سەرمەشقە بۆت!

بەڵام ئەوە کاری ئەو نییە، خوا و عەبدی هیچ کوو دەبنە یەك؟! ئەوە کاری ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ وپووچە بەناو سێکیولارەیە، کاری ئەو دەوڵەمەندە زلانەیە کە لە پرۆلیتاریاوە

بوونەتە گەورەترین سەرمایەدار! کاری ئەوانەیە کە دەتوانن تەنها بە زەکاتی پارە دزراوەکانیان دە دەزگای وەك تەفسیر لە کوردستان دامەزرێنن[70].

## هەڵوێستە جیاکانی سەلەفی و ئیسلامییەکان لە سەید قوتب

سەید قوتب لەلایەن دوو بەرەی دژەوانی ئیسلامی ئیخوان و جیهادی تەقدیس دەکرێت!

دەتوانم بڵێم کەس بە قەد سەید قوتب هاودەنگی نەهێناوە لەلایەن سەلەفیەتی جیهادی و ئیخوانی پەروەردەیی و هێواش هێواشی! بەڵام بێگومان لەلایەن ڕەوتی سەلەفی مەدخەلیش ئەوەی خراە دەدرێتە پاڵی، تا ڕادە ئینگلیز گۆتەنی دیمۆنایزکردن، واتە بە شەیتانکردن!

سەلەفییەکان دوو هەڵوێستن لە سەید قوتب، هەندێکیان بە گومڕا و سەرلێ شێواو و خاریجی وتەکفیری دەزانن، کە ڕەوتی مەدخەلییەکانە، کە سەلەفییە جیهادییەکان ناویان دەنێن، سەلەفییەکان سوڵتان یان سلفية الولاة. ئەوانە ئەوەی قسەی خراپە دەرهەق سەید قوتبی دەکەن. دەیانەوێ لەسەر حیسابی سەید قوتب توندڕەوی و ئُسوڵیەتی خۆیان بشارنەوە.

لە بەشی نۆیەمی ئەو کتێبە بە ناونیشانی : **سەید قوتب سەلەفیەتی بەرەو توندڕەوی برد یان بە پێچەوانەوە؟!**

بە درێژی باسی هەڵوێستە نێگەتیڤەکانی شێخانی سەلەفیەتی کورد و عەرەب و عەجەمم کردووە لە دژی سەید قوتب.

70 ٢٠٢٣/٩/١٨

دەستەی دووەمی سەلەفییەکان، کە زیاتر مەیلی جیهادیان هەیە، ئەوانە تا پێیان بکرێ پاکانە بۆ سەید قوتب دەکەن و بیانووی بۆ دەهێننەوە، دەیان وتە و قسەی شێخانی سەلەفیەت دەهێننەوە کەگوایە لە ستایشی سەید قوتب گوتراوە!

لە سایتێکی سەلەفیدا بابەتێک بە ناونیشانی:

**وەسف و ستایشی شێخ (ئەلبانی) بۆ مامۆستا (سەید قوتب) - ڕەحمەتی خوایان لێبێت**

بسم الله الحمد لله و الصلاة و السلام على خير خلق الله محمد و على آله وصحب اجمعين

خۆشەویستان هەروەك ئاشكرایە زۆرجار بەناوی لادان لە مەنهەجی سوننەوە چاوسورئەكرێتەوە لە كەسێك كە وەسفی مامۆستا سەید قوتب بكات یەكسەر بەگومڕای لەقەڵەم دەدەن و زۆرجاریش هەجر و دابڕینی قسەكردنی لێ دەكەوێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی وەسفێكی "سەید" ی كردووە

لە كاتێكدا سەید بەڕەحمەت بێت لەسەر ئیسلام سجن كراو هەر لەسەر ئیسلامیش لەسێدارە درا ئازادی بۆ دەستەبەردەكرا ئەگەر هاتبا لەسەر ئیسلام پەشیمانببوایەتەوە بەڵام ئیسلامی هەڵبژارد (خوا بەشەهید قبوڵی كردبێت)

هەروەها زانایەكی جیهانی و فەرموودەناسێكی وەك شێخ ئەلبانی بەوپەڕی ویژدانەوە وەسفی سەید قوتب دەكات بەڵام ئەم وەسفانە بەردەوام لەخەڵكی شاردراونەتەوە و هەوڵی ئەوە دراوە پەردەپۆش بكرێت!!

شێخ ئەلبانی لە کتێبەکەی خۆی بەناوی ( مختصر العلو للعلي الغفار ) - (چاپی یەکەم) - چاپکراوی چاپخانەی (المكتب الاسلامي) لە (دیمەشق - سووریا) - لاپەڕە (٦٠) دەفەرموێت:

"بەڕاستی مامۆستای گەورە (سید قطب) - ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت - کتێبێکی هەیە بەناوی (جیل قرآني فريد)[٧١] کە ئەم کتێب و بانگەوازەی دەستکەوتێکە بۆ تەواوی مێژووی ئیسلامی و تەواوی بەشەریەت"
دوای ئەم قسەیەی بەنزیکەیی ٣ لاپەڕە وتە و قسەکانی سید قطب دەگوازێتەوە پشتگیری دەکات و لە کتێبەکەی باسی دەکات!

پاشان هەر شێخ ئەلبانی لە زنجیرەی (سلسلة هدى و نور) شریتی ژمارە (٧٨٤) بەشی (خولەکی (٤٩) چرکەی (٣٩) بەناونیشانی (ذكر كلام سيد قطب) دەربارەی سید قطب دەفەرموێت:

"ئەم پیاوە کۆمەڵە وتەیەکی ڕاست و درووستی هەیە بەتایبەتی ئەو وتانەی کە لەناو زیندان وتونی وەك ئەوەی ئیلهامێکی بۆهاتبێت!"

پاشان هەر لە زنجیرەی ( سلسلة هدى و نور) شریتی ژمارە (٧٨٤) بەشی (٩) خولەکی (٥٧) چرکەی (١٥) دەربارەی کتێبێکی (سید قطب) پرسیاری لێ دەکرێت کە کتێبەکە ناوی (معالم في الطريق)

شێخ ئەلبانی دەفەرموێت:

[٧١] ئەوە کتێب نییە بەشێکە لە کتێبی معالم في الطريق.

"ئەو کتێبەی سید قطب کە پرسیارت دەربارەی کرد بەشێکی تا بڵێی گرنگ و پڕبایەخی تیایە. وا گومان ئەبەم ناوی بەشەکە لە کتێبەکەدا بەمجۆرە بوو بێت ( لا اله الا الله منهج الحیاة ) (لا اله الا الله بەرنامەی ژیانە) کە بەڕاستی نور و زانست لە وشەکانیدا هەیە وەك ئەوەی کە بەرنامەی ژیان بێت"

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە دوای ئەوەی شێخ بەوجۆرە وەڵامدەداتەوە ئەو کەسەی پرسیارەکەی لێ دەکات پێی دەڵێت:

"ئەی شێخ بەڕاستی تۆ ئەم قسانەت بەتایبەت پێ وتم لە ماڵەکەی خۆمدا نزیکەی ٢٥ ساڵ لەمەوپێش!"

ئەمە واتای ئەوە ئەگەیەنێت کاتێك ئەم پرسیارە لە شێخ ئەلبانی کراوە، شێخ ئەلبانی ٢٥ ساڵ بەر لەو کاتە هەمان بۆچوونی هەبووە!

وە دووبارە لە ( سلسلة هدی و نور) شریتی ژمارە (٧٨٤) بەشی (خولەکی (٥٤) چرکەی (٤٨) هەر بەناونیشانی (ذکر کلام سید قطب)

کاتێك پرسیارکارەکە زۆر پرسیاری "سەید"ی لێ دەکات شێخیش ئەم جۆرە وەڵام دەداتەوە و دەفەرموێت:

"هەرچیەك بێت ئەو پیاوە ئێستا وەفاتی کردووە، وە گەڕاوەتەوە بۆلای ڕەحمەت و فەزڵی خوای پەروەردگار پێشتریش ئامۆژگاریم کردی وتم واز لەکەسێك بێنە کە گەڕاوەتە بۆ ڕەحمەتی خوای گەورە"

ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێت، خوای گەورە لەوان و لە ئێمەش خۆش بێت[72].

کەچی هەر سەلەفییە مەدخەلییەکانیش نموونە دەهێننەوە بە قسەی ئەلبانی لە دژی سەید قوتب، چۆن هەموو تۆمەتە بێ شومارەکانی ڕەبیعی مەدخەلی سەلماندووە لە دژی سەید قوتب! وەك لە بەشی نۆیەم باسم کردووە، ولێرەش دووبارەی دەکەینەوە و دەڵێن:

" شێخ ئەلبانی لە فەتوایەکدا دەربارەی کتێبێکی هادی المدخلي لەسەر سەید قوتب دەڵێت: ئەوەی وتووتە دەربارەی سەید قوتب ڕاست وهەقە! -سەرەڕای ئەوەی مەدخەلی زۆر سوکایەتی دەکات بە سەید قوتب و دەیەها تۆمەتی پێدەکات -!! کە بۆ خوێنەر ئەگەر کەمێك فەرهەنگی ئیسلامی هەبێت دەردەکەویت، کە سەید قوتب شارەزا نەبوو بە ئُسولْ و فروعی ئیسلام. خوا پاداشتت داتەوە بە چاکترین شێوە ئەی برا کەم [ربیع] بۆ هەڵسانت بە ئەرکی نیشاندان و ئاشکراکردنی نەفامی و لادانی لە ئیسلامدا!!"

دوایی هەر هەمان سایت، بابەتێك لەسەر سەید قوتب بڵاودەکاتەوە لە دژی ئەو سەلەفیانەی دەڵێن سەید قوتب تانەی لە هاوەڵانی پێغەمبەر داوە، و چەندین پاساوی بۆ دەهێنێتەوە و دەڵێ:

---

[72] https://dangiislam.org/CatDetail.aspx?id=2893&MapID=8&FolderID=64&FileID=4

**پوختەی هەڵوێستی سەید قوتب دەربارەی هاوەڵان!.**

**هەڵوێستی سەيد قوتب بەسێ قۆناغدا ڕۆیشتووە دەربارەی هەندێك لە هاوەڵان "ڕەزای خوایان لێبێت "**

یەکەم: قۆناغی پێش ڕووکردنە کاری ئیسلامی، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە سەید قوتب کاریگەربوو بە بیر وهزری تەها حوسێن وعەباس مەحمود عەقاد، وە هەردووکیان ـ بەتایبەتی تەها حوسێن ـ هەڵوێستی نەرێنیان زۆربوو لەسەر هاوەڵان، گەیشتە سنوورێك کە جوێن وتەعن وقسەی نەشیاویان پێبڵێت، لەو قۆناغەدا سەید هەندێ وشەی زبری بەکارهێنا دژی موعاویە وعەمری کوڕی عاس "رضي الله عنهما"، ئەوەش لە کتێبەکەی بوو بەناوی "کتب وشخصیات"، هەروەها لە کۆمەڵێك نوسین بەدی دەکرێت لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی وڕەخنەییەکانی کە سەید لەچەند گۆڤارێك بڵاوی کردبوونەوە لەنێوان ساڵانی ١٩٤٢ بۆ ١٩٤٦ز.

سەیری"سيد قطب من الميلاد إلى الاستشهاد"بکە لا:٥٣١ د. صلاح الخالدي

دووەم: سەرەتای دەستپێکردنی کاری ئیسلامی بوو، لەو قۆناغەشدا یەکەم کتێبی چاپکرد دەربارەی هزری ئیسلامی، ئەویش"العدالة الاجتماعية في الإسلام" بوو ئەوەش لەساڵی ١٩٤٨ز، وە لەو کتێبەدا دەردەکەوێت کە سەید هێشتا بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەر بووە بە تەها حوسێن وعەقاد، بۆیە کۆمەڵێك دەربڕینی توند دەربارەی ژمارەیەك لە هاوەڵان دەردەبڕێت، لەوانە عوسمانی کوڕی عەففان" رضي الله عنه"وە ئەوەش وایکرد ڕووبەڕووی وەڵامدانەوە ببێتەوە لەلایەن شێخی زمانی عەرەبی مامۆستای عەللامە مەحمود محەمەد شاکر "رحمه الله"، وە سەید قوتب ئاشکرای کرد - ساڵی ١٩٥٢- وەکو

ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی وەڵامدانەوەکەی شێخ مەحمود شاکر: کە ئەو مەبەستی ئەوە نەبووە کە لە هاوەڵان بدات"رضوان الله عليهم"بەڵکوو مەبەستی بووە بەرگری لە ئیسلام بکات لەوەی شتانەی دەدرێتە پاڵ هاوەڵان لە کتێبەکانی مێژوو وژیاننامەکان.

سێیەم: قۆناغی سەربەخۆبوونی لە لێکۆڵینەوەی مێژوودا، وە لەم قۆناغەدا هەڵسا بە دەرکردنی چاپێکی پوختکراو لە کتێبی "العدالة الاجتماعية في الإسلام" ئەویش چاپی شەشەمی بوو کە دەرچووبوو لە چاپخانەی دار "إحياء الكتب العربية" ساڵی ١٩٦٤، وە سەید لەو چاپەدا هەڵسا بە ڕەشکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە شێخ مەحمود شاکر ڕەخنەی لێگرتبوو، وە دەربڕینەکانی دادپەروەرانەتربوون، وە هەندێ بابەتی تری بۆ زیاد کرد، هەڵوێستی خۆی ڕوونکردەوە دەربارەی هاوەڵان بە دادپەروەری وئینسافەوە، وە ئەوەش زۆر بەڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێ لە کتێبی "في ظلال القرآن"

کاتێك کە مەدح وسەنایەکی جوانی پێشەوا عوسمان وموعاویە وعەمری کوڕی عاس دە کات رضي الله عنهم، هەروەها لە ڕستەیەك مەدح و سەنای بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر صلیَ الله عليه وسلم دوپاتکردۆتەوە، ئەوەش لە کتێبە ناودارەکەی بەناوی "معالم في الطريق"، کاتێك وەسف و سەنای هاوەڵان دەکات رضوان الله عليهم بەوەی کە ئەوان" نەوەیەکی نموونەیی وقورئانی بوون"، وە دەفەرمووێت لەژێر ئەو ناونیشانە(ص١٤):

"لقد خرّجت هذه الدعوة جيلاً من الناس - جيل الصحابة رضوان الله عليهم -، جيلاً مميزاً في تاريخ الإسلام كلّه، وفي تاريخ البشرية جميعه، ثم لم تعُد تخرج هذا الطراز مرةً أخرى"

واتا:

"ئەم دەعوە و بانگەوازی ئیسلامە نەوەیەك لە خەڵكی لێدەرچوو- ئەوانیش هاوەڵانی پێغەمبەر بوون رضوان الله علیهم، سەردەمێكی نمونەیی بوو لە تەواوی مێژووی ئیسلامدا، وە هەموو مێژووی مرۆڤدا، پاشان ئەو سەردەمە وئەو نەوەیە هەرگیز دووبارە نەبوویەوە جارێكی تر[73]"

## ابو حنظلة ی سەلەفی تورکی وەك مامۆستایەك بۆ سەلەفییەكوردەكان!

ابو حنظلة ی سەلەفی تورکی یەك ڤیدیۆی وەرگێردراوە بۆ کوردی، دەیسەلمێنێت کە سید قوتب لە ئیخوان جیابووتەوە! نە ئیخوان سەید قوتبی قبووڵ بووە، نە سەید قوتب ئیخوانی قبووڵ بووە! دەڵێت قەرەزاوی بێ گەورەی ئیخوان دەڵێت سەید قوتب لە سێ بابەت هەڵەی کردووە: لە تەکفیرکردن و جاهیلیەتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و حاکمییەت. دەڵێ کەوابوو هەموو في ظلال القرآن هەڵەیە لە ئەوەلیەوە تا کۆتایی چونکە هەر باسی ئەو سێ شتانە دەکات! دەڵێ ئیخوان زۆر هەلپەرستن کاتێ ستایشی سەید قوتب بکەیت، دەڵێن لە ئێمەیە، کاتێ رەخنەشی لێبگریت، دەڵێن ئێمەش رەخنەمان لێی هەیە لەو بابەتانە!

سەید ماوەیەکی کەم ئیخوان بووە و چونکە ئەو کاتە ئیخوان هەموو گروپێکی سەلەفی وسۆفی و هەتا تەکفیریشی تێدابوو وەك جەماعەتی تەکفیر وهیجرە، خەڵك ئەو کاتە فریویان

[73] https://www.dangiislam.org/CatDetail.aspx?id=3199&MapID=3&FolderID=125&FileID=170
ئامادەکردن و وەرگێرانی: یوسف زیاد
پێداچوونەوەی : م عمر محمد

خواردبوو بە ئیخوان! بۆ نموونە سەید لە تەفسیرەکەی بەردەوام باسی ئەوانە دەکات کە ئیسلامیان قبووڵە بەڵام ئەحکامەکانی تەکفیریان قبووڵ نییە، باشە مەبەستی لەوانە کێیە؟!

بێگومان باسی ئیخوان دەکات، سەید لە ئیخوان زیاتر کێی بینیبوو، چ گروپێکیتری ئیسلامی هەبوو؟! سەید لە تەفسیرەکەی باسی ئیخوان دەکات کە عەقیدەی ئیسلامیان شێواندووە. لەو سەردەمە تەنها ئیخوان وئەزهەر هەبوون. سەید تەنها ماوەیەك لە ئیخوان بووە دوایی کە جیابووتەوە لەگەڵ گەنجەکان شتێکیتریان دامەزراند، بوون بە شتێکیتر وەك گروپێکی جیا.

دوایی لێی دەپرسن مامۆستا دەتوانین تەفسیرەکەی بخوێنینەوە؟ دەڵێ بەڵێ ئەوە یەك لەو تەفسیرانەیە دەتوانین بە ئاسوودەیی بیخوێنینەوە، چونکە سەید تەفسیرەکەی داماڵیوە لە فەرموودەی زەعیف و ئیسرائیلیات و هەڵبەستراو.

تەنها دەبێ ئاگادار بین لە هەڵەیەکی، ئەویش مرۆڤە هەڵەی کردووە لە اسماء وسیفات، لەو بارەیەوە بە تەواوی لەسەر عەقیدەی ئەهلی سوننە وجەماعەت [مەبەستی ئەهلی حەدیس وسەلەفییەتە] نییە. هەندێك لە گوزارشەکانی لەکاتی تەرجەمەکردنی بۆ تورکی هەڵە دەرکەوتن، وەك لە سورەتی ئیخلاس، کە تۆمەتباری دەکەن بە بیرۆکەی وەحدة الوجود. خۆ ئێمە نالێین سەید زانا بووە ئەو تەنها ئەدیبێك بووە و خۆی پێگەیاندووە!

ڕاستە زانا نەبوو بەڵام لە زۆربەی زاناکانی سەردەمی خۆی باشتر بوو، چونکە قورئانی کردە مەنهەجی ژیان، خەڵکی بە مانای الر مەشغول نەکرد، مانای چییە وچ نییە، یان

کەشتیەکەی نوح چۆن چۆنی بوو. لەو شتانە زۆر باشەی کردووە تەنها دەڵێین ئایا زانا بوو؟! نەخێر هەرگیز زانا نەبوو.[٧٤]

ئەوەش وەك دەبینن قسەی هەموو سەلەفییەکانە، هەتا جیهادییەکانیش، کە دەڵێن زانا نەبووە تەنها ئەدیبێك بووە، کەچی ڕەخنە لە ناهاوڕایەتی ئیخوان دەگرێت لەگەڵ سەید قوتبدا لە ٣ خاڵ وبابەتدا.

## سەید قوتب وەك بلوکی ڕوحی کرێکار

یەکێك لەوانەی زۆر سەرسامن بە سەید قوتب، تەواوی بیروژیانی خستبێتە ڕێگای سەید قوتب، و بەتەواوی بیروڕای سەید قوتبی تەقەموس کردبێت لە خۆیدا، وەك پۆشاکێك لەبەری کردبێت، مامۆستا نجم الدین فەرەجە ناسراو بە کرێکار. ئەوچەندین کتێبی سەیدی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، منداڵەکانیشی بەناوی سەید قوتب و کتێبەکانی کردووە!

لە وتارێکدا بۆیم نووسی:[٧٥] چونکە تۆ سەرسامی بە سەید قوتب، کە هەتا منداڵەکانت بە ناوی خۆیی و بەرهەمەکانی کردوە: سید قطب و معالم و ظلال، یەکێکیتریانی ناو ناوە بە ابن تيمية يە!، و کردوتن بە دیلی سەرسامی خۆت بەو بیرمەندە ئیسلامیە، کە من پێموایە کارێکی زیادەڕەویت کردوە، وڕەچاوی هەستی منداڵەکانیشت نەکردوە لەوەدا، چونکە

[٧٤] https://www.youtube.com/watch?v=7c9dvNS8PwE

[٧٥] ئامۆژگاری نامەیەك بۆ مامۆستا کرێکار لە عەبدێکی فەقیر و زەئیلەوە! محەمەد هەریری، ٢٠١٥/١/٢٧

حەدیس لەسەر ئەوەش هەیە کە ناوی چاك لە منداڵەکانتان بنێن، وچاکترین ناویش بەپێی حەدیس عبدالله و عبدالرحمن ە:

عَنْ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ( إِنَّ أَحَبَّ أَسْمَائِكُمْ إِلَى اللَّهِ عَبْدُ اللَّهِ ، وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ ) . رواه مسلم

عومەری کوڕی خەتاب یش کاتێ گەنجێك پرسیار لێکرد هەقی منداڵ لەسەر باوک ودایکی چیە؟ فەرمووی: دایکێکی باشی بۆ هەڵبژێرێت، و ناوێکی باشی لێ بنێت، وفێری قورئانیشی بکات. [أن ينتقي أمه، ويحسن اسمه، ويعلمه الكتاب]

لە پێشەکی چاپی یەکەم دەڵێت:لە ساڵی ١٩٧٢ کە یەکەم جار سەید قوتبی شهیدم ناسی، خۆزگەی ئەوە دەخواست ببمە کرێکاری ئەو چاپخانەیەی کتێبێکی سەید چاپ دەکات. جارێکیتر دەڵێ: کام دوژمنەی ئیسلام لە ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا هەیە بیری ئەتۆمیانەی معالم نەیتۆقاندبێت؟![٧٦] لەو پێشەکییە کورتەی کرێکار بۆت دەردەکەوێ کرێکار چ سەرسامێکی سەختی سەید قوتبە، وەك شانامە بە بەژنی سەید شیعر هەڵدەدات! سەیرەکە لەوەدایە کەسانێکی زۆر هەبوون وا سەرسامی سەید قوتب بوون، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، دوایی کە بیروفیکریان فراوانتر دەبێت، کەمێك لەو سەرسامییە هەرزەکارانە دەردەچن، دەڵێن سەیدیش مرۆڤ بوو، فلان هەڵە وفلان هەڵەی هەبوو، بەڵام کرێکار بەو پایزەی تەمەنیش دەڵێی هەرزەکارەکەی ساڵی ١٩٧٢ تازە سەید قوتب دەناسێت و سەرسامی دەبێت! ئەگەر نەخوێندەوارێک یان نیمچە خوێندەوارێك ناهەقی نەبێ لەو سەرسامیە، ئاگای لەو هەموو ڕەخانەی خودی ئیخوان و ئیسلامییەکان نەبێ لە سەید قوتب، بەڵام

[٧٦] مەشخەڵی ڕێ، بنکەی دیدی نوێ ساڵی ٢٠١٥. ل ٩-١٠ .

کرێکار دەبێ عوزری چی بێت کە باوەڕناکەم کەس بە قەد ئەو کاتی هەبێت بۆ خوێندنەوە؟!

لە پێشەکی چاپی دووەمدا، کرێکار تەنها دەڵێ ساڵی ١٩٨٣ وەرگێڕانی معالم م لە ئۆردۆگای کەرەج تەواو کرد، ساڵی ١٩٨٨ عبدالله عەزامی جیهادی ئیخوانی ئوردنی فەرمانی کرد بە چاپکردنی بەشی یەکەمی! نازانم ئەگەر کتێبەکەی هەموو وەرگێڕابێت، بۆ تەنها بەشێکی لە دوو بەش چاپ دەکەن؟!

هەر لە پاش پێشەکی چاپی دووەمدا، کرێکار لە ناساندنی سەید قوتب بە ناونیشانی: مامۆستای شەهید لە چەند دێڕێکدا، گوایە باسی ژیانی سەید قوتب دەکات، کەچی هەمان پێداهەڵگووتن، دەڵێت هیچ نەگۆڕاوە، کرێکار بەو شێوەیە پڕجۆش وخرۆشە وەسفی سەید قوتب دەکات وەك:

سەیدی شەهید، سەیدی داعی، سەیدی ئەدیب، سەیدی نووسەر، سەیدی شاعیر، سەیدی ڕەخنەگر، سەیدی زانا و هۆشمەند، سەیدی ڕۆژنامەگەری سیاسی ڕاستگۆ، سەیدی موفەسیری قورئان و تا دوایی ستایشەکان![٧٧]

کرێکار هێچ ئاماژەیەك بە بیروڕای سەید قوتبی پێش ئیسلامی بوون ناکات!
وەك زانراوە سەید قوتب بەرلەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەبو ئەعلای مەودودی و ئەدەبیاتی ئیخوان بەگشتی، یەکێك بوو لە گەورەترین ڕەخنەگری ئەدەبی لە میسر، سەرەڕای سروشتی دینداری لەسەر چەندین ڕۆمانی نەجیب مەحفوز نووسیویەتی، کە دووان لەوانە

٧٧ مەشخەڵی ڕێ، ل ١٥.

[اولاد حارتنا ] و [خان الخليلي] هەرای زۆری نایەوە گوایە پڕن لە کوفر، سەید قوتب ڕۆمانی خان خەلیلی "خان الخليلي" نەجیب مەحفوزی لە نووسینەکەیدا زۆر ستایش کردوە، هەرچەندە لەو ڕۆمانە لەسەر زمانی کەسایەتیەکان، قسەی زۆر ترسناك و دژی دینی تێدا کراوە! بۆ نمونە لەسەر زمانی کەسایەتی احمد راشد کە پارێزەرە، هاتووە:

**"هەروەك چۆن دینەکان ڕزگاریان کردین لە وەسەنیەت، پێویستە زانست ڕزگارمان بکات لە دینەکان"**

"**فكما انقذتنا الديانات من الوثنية ينبغى أن ينقذنا العلم من الديانات** "

هەروەها دەڵێت: زانایانی هاوچەرخ دەزانن ئەتۆم چی تێدایە، و لە دوای سیستمی خۆری ئێمە ملیۆنەها سیستمی خۆری تر هەیە، **کەوابوو کوا خوا لە کوێیە؟!** " العلماء المعاصرين يعلمون بما فى الذره من عناصر، وبما وراء عالمنا الشمسى من ملايين العوالم، فأين الله ؟"

هەر ئەوەش نا دەربارەی ڕۆمانی [اولاد حارتنا ] کە میانڕەوەکانیش نەجیب مەحفوزیان تەکفیر کرد لە سەری، وخەریك بوو بە کوشتی بدەن بە دەستی نەزانێك، دەڵێت:

**"ئەو ڕۆمانە ئەفسانەیەکی ئەدەبییە، موستەهەقی ئەوەیە لە قوتابخانەکان بخوێنن!** " إنها أسطوره أدبيه تستحق انها تدرس لتلاميذ المدارس "

سەید قوتب سەرەرای دینداریەکی سروشتی تێدا بوو، بەڵام تا نەچووە ناو ئیخوان و نەکەوتە ژێر کاریگەری چوار زاراوەکەی [المصطلحات الاربعة] ی ابو الاعلى المودودي، ئەو بیروڕایە توندانەی تەبەنا نەکرد. بڵێی سەید قوتب ژیان بواری پێدابایە، پاش قۆناغی نووسینی معالم في الطريق, جارێکی تر خان الخليلي بخوێندبایەوە، هێشتا نەجیب مەحفوزی تەکفیر

بکردبا؟! چونکە نەجیب مەحفوز پاش ئەوەی سەید قوتب بوو بە ئیخوان و زیندانی کرا، سەردانی سەید قوتبی کردوە وەك لە کتێبی [المرايا] باسی دەکات و لەو کتێبە تەواوی نووسینەکەی نەجیب مەحفوزم بڵاوکردۆتەوە، پێی دەڵێت:

-'جێگای داخە کە تۆ وازت لە ڕەخنەی ئەدەبی هێنا .
بە دەم پێکەنینەوە گووتی:
-ئەی لەو ئاواتخوازیە جاهیلیانە!
هەتا رەخنەگرێکی وا گەورەی ئەدەبی لە ماوەیەکی وا کورتدا وا بگۆڕێت!

ئەوە نیشانەی سروشتێکی توندڕەوانەی هەڵەشەییانەیە. وسەید قوتب سروشتی وا حەدی وتوندڕەو بووە، وەك لەو کتێبەی بەردەستت بە درێژی باسی ئەو سروشتە توندڕەوەیم کردووە، لە هەر دەورانێکدا!

کرێکار بەو تەمەنەوە هێشتا ڕەخنەیەکی بچووکیشی لە سەید قوتب نییە، کەچی من گومانم لەوە نیە کە خودی سەید قوتب ئەگەر مەرگ بواری دابا، دوور نەبوو بەو عەقڵیەتە دایناميکیەی، بەو ئاوەزە ئینسکلۆپیدیایەی، پاش دیتنی کارە درندەکان و کارەساتاویەکانی گرووپە جیهادیە سەلەفیە قوتبیەکان، حاشای لەو بیروبۆچانانە دەکرد.

هەر وەك شێخ محمد الغزالي کە بە پێچەوانەی سەید قوتب بوو، لە گەنجی هێرشی کردە سەر ڕۆمانی اولاد حارتنا، کە چووە ناو تەمەن و ئەزموون ڕۆژ بەرۆژ میانڕەوتر دەبوو، کە هێرش کرایە سەر نەجیب مەحفوز لەسەر ئەو ڕۆمانەی کاتی خۆی هێرشی کردبوە سەر، وبە کوفری دانا بوو، ئەوجارەیان شێخ محمد الغزالي بەخۆی سەردانی نەجیب

مەحفوزی کرد لە نەخۆشخانە، وبە توندترین شێوە هێرشی کردە سەر شێخ عبدالحمید کشک، کە جەماوەریترین شێخی میسر بوو، سەبارەت بە نووسینی کتێبێکی دنەدەری تەحریزی لە دژی نەجیب مەحفوز بە ناوی:" **کلمتی فی الرد علی نجیب محفوظ** ."
لەو کتێبەدا ناوی هەموو ئەو شێخ و پیاوە دینیانەی هێنابوو، کە دژی نەجیب مەحفوز قسەیان کردبوو، وبە جاهیل و نەخۆش ناوزەدی کردبوون!

کرێکارم زۆر لەوە بە عاقڵتر دەدیت، کە هێشتا هەر لە قۆناغی بیری پڕ حەماسەتی گەنجانەی سەید قوتب چەق بەستوو بیت، کە گومانم نییە سەید قوتب تەمەن بواری دابا لەو قۆناغە میسالیە پڕ لە خەونی ئاڵا و واڵا نەدەمایەوە، پاش دیتنی ئەو دەرەنجامە کارەسات ئامێزانەی جیهادیەکان بە ناوی سەلەفی ساڵح و سەید قوتب!

قەت بە عەقڵم دانەدەچوو کەسێك لە ئاستی فیکر وهۆشی کرێکار بێت، هەر بەردەوام بیت لەسەر بیرکردنەوە قوتبیەی، بە هەمان شێوەی قۆناغی لاوێتی وحەماسەت وسەرسامی بێ زانیاریدا!

بەو تەمەنەوە هەنگەڵەتێ بە دەست لە پشتدانی میدیای جەزیرەی عەرەبی، کە پێیان خۆشە لەسەر سکرینەکانیان درووود بۆ شێخ ئوسامە بن لادن و زەواهیری و خەلیفە بەغدادی بنێریت!

دەبوایە کرێکار تیۆرستێکی [منظر] ڕیفۆرمخوازی ئیسلامێکی گونجاو بە وەزعی کورد بایە، و لە ئاستی غەنووشی و د. عدنان ئیبراهیم، نەك تا ئەو تەمەنە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی نەبێ

بۆ بیروڕاکانی سەید قوتب، جیهان بە تیرۆرستێکی شوێن کەوتەی فاشیسترین نوسخەی ئیسلامی سەلەفی جیهادی ناوزەدی بکات.
ئێستاش کە سەیر دەکەیتە سایتە فەرمییەکانی مامۆستا کریکار، سەرتاسەری وێنە وباسی سەید قوتبە، یەك تۆزقاڵ لە سەرسامی کرێکار بۆ سەید قوتب نەك کەمی نەکردووە، بەڵکو سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتەی لە فیکری سەید قوتب کەوتەوە، هێشتا کرێکار هەر ئاشقە هەرزەکارەکەی جارانی سەید قوتبە!

## سەید قوتب لە دیدگای قوتبیانەی عەلی باپیرەوە!

هەرچەندە عەلی باپیریش وەك هەر ئیسلامیێکی سیاسی سەرسامی سەید قوتبە، وەك لە بیروڕاکانی دەردەکەوێت، بەڵام وەك کرێکار لە شێوەی سەرسامیێکی ڕاشکاو و سەرسەختی سەید قوتب دەرناکەوێ. وەك ئەو لە هەموو بۆنەیەك ستایشی ناکات، ناوی منداڵەکانی بەناوی قوتب و کتێبەکانی ناکات! من لە هیچ وتارێکی ڤیدیۆیی عەلی باپیرم نەبینیوە ڕاستەوخۆ وەك کرێکار ستایش ولاوانەوە بۆ سەید قوتب بکات.

ڕەنگەش هەشبێ بەڵام من پێی نەگەیشتبم، چونکە بەرهەمی عەلی باپیر هێندە زۆرن هەر لە ژمار نایەن!. تا پێش دیتنی کتێبی: "زانایانی ئیسلام کێن و چۆنن؟" هەر هەستم دەکرد عەلی باپیر، وەك هەر کەسێکی ناو چوارچێوەی ئیسلامی سیاسی لە ناخەوە سەرسامی سەید قوتب بێت، ئەوەی زیاتر ئەو گومانەی لا خەست کردمەوە، ئەو ڕوحیەتە تەکفیریە قوتبیە بوو، کە لە هەندێ لە بیروڕاکانی بە تایبەتی کتێبە بەراییەکانی دەردەکەوێت، بەڵکو

ئێستاش کاریگەری ئەو بڕ کردنەوەی بەسەر ماوە، و هەتا لە هەندێ شوێنی تەفسیرەکەی بە ڕاشکاوی بەدی دەکەیت. کە دوایی باسی دەکەم.

لەو کتێبەی ناوبراودا[78]، عەلی باپیر نەك هەر وەك سەرسامێکی سەید قوتب دەردەکەویت، بەڵکو لەو بەشەی بۆ ستایشی زاناکانی تەرخان کردووە، ستایشی دامەزرینەری ئیخوان موسلمین، حەسەن بەناش دەکات!

بەڵکو خودی دامەزراندنی ئیخوان بەکارێکی پڕشنگدار و جوامێرانەی حەسەن بەنا دادەنێت، کە لە تەمەنی ٢٢ ساڵی ئەو کارە مەزنەی کرد![79]
ئینجا وەك هەر ئیخوانییەك ستایشی مەنهەجەکەی حەسەن بەنا دەکات وەك: شمولیەت و گشتگیری لە تێگەیشتنی ئیسلام و کارۆ کردنی، ئینجا قۆناغەکانی کاروخەبات وەك ناساندن و پێکهێنان و جێبەجێکردن [التعريف، التكوين ، التنفيذ] ل ٢٥١ - ٢٥٢

لە هەمووی گرنگتر ستایشی: بەکارهێنانی هێز و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لای حەسەن بەنا دەکات، ئەوەش گوزارشە لە ڕوحیەتە جیهادیەکەی عەلی باپیر، کە ئێستا لە ژێر فشاری هێز و بەرژەوەندی مادی سەرکووتی کردووە، کەچی ڕەخنە لە ئیخوانیش دەگرێ، کە ئەو خاڵەی بەکارهێنانی هێزی چەکداری بەنایان فەرامۆش کردووە!

[78] **"زانایانی ئیسلام کێن و چۆنن؟"**
[79] زانایاني ئیسلام کێن و چۆنن؟ **عەلی باپیر، چاپی ٢٠٠١، ل ٢٤٩**

ئینجا ستایشی خاڵیکیتری بەرهەمهێنی توندوتیژی دەکات، ئەویش بە ناشەرعی دانانی ڕژێم وحکومەتەکانی وڵاتانی ئیسلامییە، و هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی و هێنانی حوکمێکی ئیسلامی! ل ٢٥٣

هەروەها ستایشی تێڕوانینی جیهادی ڕەهای حسن البنا دەکات، کە خەونی بە داگیرکردنی هەموو جیهان دەبینی و باپیر دەڵێت:

"وەك دەبینن [بەنا] ئامانجی خۆی و حزبەکەی لەوەدا دەدرەوشێنێتەوە، کە سەرەتا لە میسرِ وپاشان وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکەش کیان ودەوڵەتێکی ئیسلامی پەیدا بێت.....دواییش ئاڵای جیهاد هەڵبگرێ و بەیداغی بانگەواز بۆ لای خوا بەرزکاتەوە، هەتا سەرجەم جیهان لە سێبەری یاسا و ڕێساکانی ئیسلام بەختەوەر بێت." ل٢٥٤-٢٥٥

جا ببینە کابرایەکی وەك عەلی باپیر بەو باگراوەندە جیهادییەوە، بەو شێوەیە لە ستایشی حەسەن بەنا بێت، دەبێت چۆن تەقدیسی سەید قوتب بکات؟!

لە ل ٢٧٨ ی ئەو کتێبەی تەرخان کردووە بۆ سەید قوتب بە ناونیشانی: "مامۆستا سەید قوتب رحمة الله تعالى عليه."

باسی ژیانی سەید قوتب و کتێبەکانی دەکات و تا دەگاتە لە سێدارەدانی، و دوعای چوونە بەهەشتی بۆ دەکات. هەر لەدوای ئەوەدا دەڵێت کە شەهید سەید قوتب، لە پاش ابو الاعلى المودودي، بە خاوەنی گەورەترین کاریگەری بەسەر بێداری ئیسلامی لە سەدەی بیستەم دادەنرێ، لە ڕێی هەڵوێستە جوامێر وبوێرەکان ولە ڕێگای بەرهەم و کتێبەکانی بە تایبەت [في ظلال القرآن] و [معالم في الطريق].

باپیر ڕاست دەکات کاریگەری تەفسیری في ظلال ی سەید قوتب بە ئاشکرا دیارە بەسەر بیر وتەفسیری عەلی باپیر، بۆ نموونە:

عەلی باپیر لە تەفسیرەکەیدا بە ڕاشکاوی کاریگەری توندوتیژی و تەکفیری سەید قوتبی بەسەردا دیارە با نموونەیەك وەرگرین:

## "باپیر و ئایەتی جەڵدەلێدان و تەکفیرکردنێکی سەیدقوتبیانە!

لە تەوەرەی حەوتەم بە ناونیشانی: ئایا ئەو سزایە لە هەموو شوێنێك جێبەجێ دەکرێ؟ **عەلی باپیر** فیکرەیەکی زۆر سەید قوبیانی دەردەبڕێت، کاتێ دەڵێ زانایان لەو بارەیەوە ڕای جیایان هەیە، زۆربەیان وەك مالك و الشافعي و احمد و ابو ثور و ابن المنذر دەڵێن سزاکە لە هەردوو واری ئیسلام و واری کوفر [دار الاسلام و دار الحرب] جێبەجێ دەکرێ !

تا ئێستا کێشە نییە، بەڵام عەلی باپیر دەربارەی سەرزەمینی ئیسلام و سەرزەمینی جەنگ یان کوفر کۆپی سەید قوتب دەکات و دەڵێ: " بەڵام ئێستا ئەو دابەشکردنەی جیهان بەو شێوەیە نەماوە، ئەوە بۆ کاتی خۆی بووە، ئێستا نابێ شوێنێك کە موسڵمان نشینە، کۆمەڵێك لە حوکم ڕانانی خۆسەپێن بەسەر موسڵماناندا سەپاندووە پێی بگوترێ [دار الاسلام] چونکە ئیسلامی لی جێبەجێ ناکرێ!"[80] ل ٦٥ - ٦٦

بەڵام ئەوەی سەیرە **عەلی باپیر** دەڵێ ئێستا دار الحرب ی ناموسڵمانان، هێندە موسڵمانی هەڵاتووی لە خۆدا گرتووە و پەنای داون، بۆیە هیچیتر ئەو وڵاتانە واری کوفر وجەنگ

[80] بەرگی ١٨ تەفسیری قورئانی بەرز وبەپێز، سورەتەکانی النور و الفرقان.

نین، بەڵکو واری ئەمن وئەمانن [دار الامن و دار الامان]! بەڵکو موسڵمانان وڵاتەکانی خۆیان کە لێیان ڕایان کردووە واری جەنگ و واری ترسن [دار الحرب و الخوف] ! باپیر وەك سەید قوتب دەڵێت ئێستا وڵاتانی کەنداو و موسڵمانان هەموویان گوێیان بەدەست زلهێزانەوەیە، بۆیە نابنە واری ئیسلام! ل٦٥

ئەوە تێڕوانینی ئیسلامی سیاسی سەید قوتبیانیەیە بۆ نیشتیمانەکانی جیهانی ئیسلام، کە تەنها لە حوکم وسیاسەت کورت دەکرێنەوە، مێژووی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ و ئەو هەموو داب ونەریت و عیبادەت و مزگەوت و خواپەرستی و پابەندبوونی خەڵکە بە فەرمانەکانی دین، لە سفری دەدەن، تەنها لەبەرئەوەی فەرمانڕەواکان سەد دەر سەد حوکمی شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ ناکەن! کەچی وڵاتی ئەو زلهێزانەی کە خۆی دەڵێت هۆکارن لە دژایەتی ئیسلام و ئیسلامییەکان، و گوێی هەموو وڵاتانی خەلیج و ئیسلامیان بە دەستە، بە خانەی ئەمن و ئەمان لە قەڵەم دەدات!

خۆی ئەگەر ڕەخنە لەو چەمکە سیاسی وفیقهییە کۆنەی دابەشکردنی جیهان بۆ دار الاسلام و دار الکفر گرتبا ڕەنگە هاوڕای بام، بەڵام دار الحربی ناموسڵمانان بکەیتە دار الامن و الامان، دار الاسلامی وڵاتە ئیسلامییەکانیش بکەیتە دار الحرب و الخوف، واتە دەبێت جەنگ لە دژیان بەرپا بکرێ ئەوە شتێکی سەیر ونامۆیە، لەو خاڵە دا سەید قوتیشی تێپەڕداوە، کە هەمیشە دوژمنی سەرسەختی وڵاتانی خۆرئاوا بوو[81]!

[81] دۆسێی: عەلی باپیر زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا، نووسینێ محەمەد هەریری https://www.noor-book.com/%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D8%B9%D9%84%D9%8A-%D8%A8%D8%A7%D8%A8%D9%8A%D8%B1-%D8%B3%D8%AC%D9%8A%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AD%D9%84%D8%A7%D9%85-%D9%88-%D8%A7%D9%8A%D9%83%D9%88%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A7-pdf?fbclid=IwAR2fVJO3bSpBF18dcPHw8YvR9mjwWbDyb6FQsw_tHBX9T16hn_NPWydc2xc

ئینجا باپیر باسی دوو قۆناغی ژیانی سەید قوتب دەکات، کە قۆناغی پێش هیدایەتدانی و دوای هیدایەتدانی! کە پێش هیدایەتبوونی سەید قوتب لە نێوان ١٩٢٥ بۆ ١٩٤٠ لە هەندێ لە وێستگەکانی گومڕا وڕاڕا و گومانکەر بوو لە خوا و دینەکان.

ئینجا ئاماژە دەکات بۆ هۆکاری ژن نەهێنانی سەید قوتب، کە باسێکی گرنگە، لە ڕووی شیکردنەوەی دەروونی بۆ سەید قوتب، هەرچەندە عەلی باپیر هۆکاری سادە و بێ ئەهمیەت باس دەکات، و دەیخاتە گەردنی بارودۆخی زیندانی قوتب، بێ ئەوەی باسی ئەوە بکات، کە لە ساڵانی سییەوە سەید گەنج و نووسەر و ڕۆشنبیر و ناسراویش بوو، تا مانگی فێبرایەری، شوباتی ١٩٥٣ کە مێژووی چوونە ناو ئیخوانیەتی، هێشتا سەربەخۆ بوو، نە زیندان و نە هەڕەشەی لەسەر بوو، ئەگەر ویستبای لەو ماوانە ژنی دەهێنا! کەوابوو هۆکارەکانی ژن نەهێنانی دەبێت شتیتر بێ!

کاریگەری بیروڕای سەید قوتب بەسەر عەلی باپیر، زیاتر لە کاتی گەنجی بەسەریەوە دیاربوو، کاتێ هەتا چوونە ناو پەرلەمانی پێ کوفر ولادان بوو لە ئیمان، هەرچەندە ئێستاش ئاسەواری تیادا ماو، وەك هەڵنەستان بۆ سروودی نیشتیمانی کوردستان!. ئینجا لەو نموونەی تەفسیرەی کە هێناومەتەوە، لە بەرهەمە نوێکانیەتی، دەردەکەوێت تا ئەو ساتانەش باپیر لە ژێر کاریگەریەکی بە هێزی سەید قوتب دایە، هەرچەندە عەلی باپیر وەك مامۆستا کرێکار، قوتبی نەکردۆتە تاقە تەوەرە وقوتبی ژیانی فیکری خۆی.

لە باسێکدا عەلی باپیر باسی خاڵە گەش وجوانەکانی کەسایەتی سەید قوتب دەکات، ئەویش "نەفس بەرزی و بێ طەماعیی سەید و ڕەتکردنەوەی خەڵات و بەخششی گومانلێکراو، لەوپەڕی ئاتاجیدا.

ڕوداوەکە لە کتێبی [**سید قطب من الميلاد إلى الإستشهاد**] ی نووسەر صلاح عبدالفتاح الخالدي، دەگێڕێتەوە ودەڵێ، سەید پێویستی بە پارەی دەرمان بوو، نەیبوو تەلەفۆنی بۆ برادەرێکی [احمد عبدالغفور عطار] کرد، چەند جونێیەکی بۆ بێنێت بە قەرز، چونکە پارەی دەرمانی نییە!

دەڵێ کە چووم دیتم کارمەندێکی دیبلوماسی سەفارەتێکی عەرەبی، جانتایەکی پڕ لە هەزاران جونێی هێناوە بۆ سەید قوتب، وەك دیاری، کەچی سەید ڕەتیدەکردەوە وەریبگرێ، سەرەڕای هەوڵی زۆریشی کارمەندەکە، هەر وەری نەگرت و بە تووڕەیی وهەڵچوونەوە پێیگووت:

بە تەئکید من خۆم و بۆچوونەکانم بە ماڵ و سامانی دنیا نافرۆشم....

ئێستا ئێمە باوەڕمان کرد، ئەو ڕووداوە ڕاستە، سەید وا نەفس بەرز بووە، بەڵام سەیر لەوەدایە **عەلی باپیر لە کۆمێنتی لەسەر ئەو ڕووداوە دەنووسێ: " بەڵێ خوێنەرە بەڕێزەکان! پیاوانی ڕەسەنی ئیسلام و پێشەوایانی ڕاست و ساغی موسڵمانان لە بەرانبەر دنیا و طەماع دا ئاوان و هەموو دنیا وەك پووشکە کایەك تەماشا دەکەن، ئەدی پێغەمبەری خوا...نەیفەرمووە: (لو كانت الدنيا تعدل عند الله جناح بعوضة ما سقى منها كافرا شربة**

**ماء) " ئەگەر دونیا هاوتای باڵی مێشوولەیەک بووایە لای خودا، ئەوا قومە ئاوێکی تیادا نەدەدایە بێباوەڕێک." ل ٢٨٥**

**دەیباشە ئەگەرعەلی باپیر پێیوابێ پیاوانی ڕەسەنی ئیسلام و پێشەوایانی ڕاست و ساغی موسڵمانان لە بەرانبەر دنیا و طەماعی هەموو دنیا دەبێ وا بن، ئەی بۆ ئەو پرەنسیپەی لەسەر خۆی و منداڵەکانی و هەتا خزمەکانیشی وەك زاوا کەی، جێبەجێی نەکرد؟! خۆ هەر بەچاو وئەخبار دیارە چەندە دەوڵەمەند بوون، بە پارەی ئەو دەسەڵاتە دز و گەندەڵ و حەڕامخۆرەی، کە قووتی هەتا کەمئەندام ونابینایەکانیش دەدزێ بۆ خۆیان و منداڵەکان و حزبەکانی گۆڕەپانەکە بە حزبی عەلی باپیرەوەش!**

عەلی باپیر سەرسامی دەردەبڕێت، بە چوونی سەید قوتب بۆ ناو ئیخوان، لە مانگی شوباتی ١٩٥٣، دەڵێت: سەید قوتب لە کاتێکدا چووە ناو ئیخوان، کە داروبەرد وئەرزوئاسمان دژی ئیخوان بوون! بەڵام چونکە سەید بە دوای هەق دەگەڕا، گوێی نەدا بەو زیانانەی لە ئەنجامی چوونە ناو ئیخوانەوە پێیدەگات!

**بێگومان ئەو دوژمنایەتیەی بەڕ وبەحر بۆ ئیخوان، تەنها ئەفسانەی خودی ئیخوانە! ڕاست نییە، هێشتا نێوانی شۆڕش و ئیخوان وا تێک نەچووبوو، زلهێزەکانیش دژایەتی ئیخوانیان نەدەکرد، ئینگلیز هەر لە سەرەتاوە پارەیەکی زۆریان بەناوی تەبەڕوعات دایە حسن البنا، ئەمریکییەکانیش ئیخوانیان زۆر پێ چاك بوو، بۆ دژایەتی شەپۆلی شیوعیەت! ئینجا سەید هەر خۆی سروشتێکی ناجێگیری هەبوو، هەمیشە لە گۆڕان دابوو، زۆرجاریش**

**زیادەڕەوی دەکرد لەو واقیعەی کە دەیدیت! وەك لەو کتێبەی بەردەستت بە درێژی باسمان کردووە.**

یەکێك لەو زیادەڕەویانەی، بەڵکو دەتوانم بڵێم درۆ هەڵبەستنانەی سەید قوتب، وەك لەو کتێبە بە درێژی باسم کردووە، ئاهەنگێڕانی ئەمریکا وئەوڕوپایە بە بۆنەی لەناوبردنی حەسەن بەنا!

نامەوێ جارێکیتر باسی کەمەوە، دەتوانی بچیتەوە سەری لەو کتێبە، بەشی [ئەفسانەکانی دەوری سەید قوتب] بەڵام بۆ زەڕوڕەتی باسەکە ناچارم هەندێ شت دووبارە بخوازمەوە. لەمەر ئەو ئەفسانەیە، عەلی باپیریش وەك هەر نووسەرێکی ئیسلامی تێکەوتووە، باوەڕی بەو ئاهەنگێڕانە کردووە بە کوشتنی پیاوێك، کە هەتا لە میسریش هەموو خەڵك نەیدەناسی، ٪۹۹ جیهانی ئیسلامیش زیاتریش کەس نەیدەناسی! چ جای لە خۆرئاوا پزیشك و سستەر و برینپێچ و کلینەر بیناسن! باپیر دەڵێ" شادی دەربڕینی ئەمریکاییەکان و هەم ئەوروپاییەکانیش لە ڕۆژنامەکانیاندا، ڕایدەگەیەنن کە (حسن البنا) مەترسیدارترین پیاوی ڕۆژهەڵاتە و بە کوژرانی لەلایەن ڕژێمی وابەستەیانەوە لە زیان و مەترسی وی قورتاریان بووە"!! ل۲۸۷

ئەو ئەفسانەیە خودی سەید قوتب بۆ ئیخوانەکانی دروست کرد، کە ئیدیعای ئەوە دەکات ئەو کاتەی کوشتنی بەنا لە ۱۹٤۹/۲/۱۲ لە نەخۆشخانە بوو، کەچی بە بەڵگەی ڕەسمی

نێردەی دیپلۆماسی میسری دەرکەوتووە، کە سەید پاش مانگێك زیاتر لەو ڕۆژە چۆتە نەخۆشخانە و نەشتەرگەری کردووە![82]

ئینجا خۆشی ئەو ئەفسانانە ئەوەیە، دەبێتە قالبێکی ئامادە و هەر ڕۆژەی دەدرێتە پاڵ یەکێ، بۆیە لە مێژووی ئیسلامیدا، دەبینیت کەرامەتێك دراوەتە پاڵ دەیان کەس لەوانەی پێیان دەڵێن پیاوچاکان!

ئەو ئەفسانەیەی کە خودی سەید قوتب دروستی کرد بۆ حەسەن بەنا، چالاکوانێکی ئیخوانی بە ناوی احمد مطر، هەمان ئەفسانەی بەرهەمهێناوە بۆ خودی سەید قوتب! گوایە نەجمەدین ئەربەکان سەرۆک وەزیرانی پێشووی حزبی ڕەفاهی تورکی، بەر لە ٥٠ ساڵ، زنجیرەیەك ئاهەنگێڕانی دیتووە لە ئەڵمانیا، پرسیاری هۆکارەکەی کرد، لە وەڵامدا پێیان گووتبوو: ئەمڕۆ تیرۆریستێک بە ناوی سەید قوتب لە میسر لە سێدارە درا، کە هەموو خۆرئاوا لێی تۆقیوە!

ئیسلامییەکان ناسراون بەم شێوەیە ئەفسانە دروست بکەن، بەرهەمیشی بێننەوە بە ناوی کەسانی تر!

ئینجا باپیر ئاماژە دەکات بە هەوڵی سەرۆکی عێراق عبدالسلام عارف کە لە کاتی لوتکەی عەرەبی لە قاهیرە لە ئاداری ساڵی ١٩٦٤، داوا لە سەید قوتب دەکات بێتە عێراق و ببێتە پسپۆری پەروەردە وفێرکردن! بەڵام سەید قوتب ڕەتیدەکاتەوە ودەڵێ: شوێنی سروشتی ئەو میسرە. چونکە لەوێ دا ئەرکی سەرشانی جێبەجێ دەکات! بەڵێ سەید قوتب ئەو جۆرە

[82] بڕوانە بەشی: ئەفسانەکانی دەوری سەید قوتب.

هەڵوێستەی هەبوون، بۆیە بۆتە ئەو کەڵە مامۆستا و پێشەوایەی کە هەموو موسڵمانێکی خاوەن غیرەت خۆشی بوێ"[٨٣]

ئینجا عەلی باپیر باسی پێداچوونەوەی سەید قوتب دەکات بۆ پەیرەوپڕۆگرامی ئیخوان، کە سەید قوتب بە خەتی خۆی نووسیویەتی لە شەش قۆناغ پێك دێت: وەك دەستپێك دەبێ بۆ تێگەیاندنەوەی مانای ئیسلام و چەمکی ئیمان و بەندایەتی بۆ خوا بێ، نەك شتێتر. دووەم پەروەردەکردنی ئەوانەی خاوەن ئەو تێگەیشتنە ڕاستەن، لە ڕووی عەقیدە وعیبادەت و ڕەوشتی وهتد لەسەر بنچینەی ئەو تێگەیشتنە ڕاستە. سێیەم نابێ کاری ڕێکخستن بکرێ، پێش دڵنیابوون لە پەروەردەبوونێکی قووڵی تاکەکان، لە ڕووی عەقیدە و خواپەرستی و ڕەوشت و هۆشیاریەوە!

چوارەم نابێ داوای دامەزراندنی حوکمی ئیسلامی بکریت، تا زۆرینەی گەل لە ئیسلامی هەقیقی تێدەگەن! پێنجەم نابێ حوکمی ئیسلامی بەکودەتا بهێنرێ، بەڵکو لە ڕێگای بانگەواز و تێگەیاندن و ڕاستکردنەوەی بیروڕای خەڵك کە ئیسلام فەرزە لە هەموو بوارێکی ژیان حاکم وبەڕێوەبەر بێ!

لە خاڵی کۆتاییدا، نەزعەی توندوتیژی قوتبی عەلی باپیر دەگاتە چڵە پۆپە، کە سەید قوتب دەڵێ:

شەشەم: **بەڵام لە هەمان کاتیشدا و شان بە شانی ئەم کار وکاروان و ڕەوتە ئیسلامییە، پێویستە هێز و قەڵغانێکی پارێزەریش هەبێ، کە بەرگری لە لەم کار وکاروانە ئیسلامییە**

[٨٣] **"زانایانی ئیسلام کێن و چۆنن؟" ل٢٩٠ - ٢٩١**

**بکات، لە کاتی ڕێ لێگرتن و دەستدرێژی و گێچەڵ بۆ نانەوە. چونکە مادام کۆمەڵ وبزووتنەوە ئیسلامییەکە بە زۆر وبە هێز خۆی ناسەپێنێ، نابێ ڕێگایشی لێ بگیرێ، لە کاتی ڕێگا لێ گیرانیشێ دا هەقی خۆیەتی بەرگری لە خۆی بکات و بایی ڕێکردنەوە چەك وهێز بەکاربهێنێ.**[٨٤]

جا عەلی باپیر ڕەخنە لە خاوەنی کتێبی [**سيد قطب من الميلاد إلى الإستشهاد**]، نووسەر صلاح عبدالفتاح الخالدي ئیخوانی دەگرێت، کە پێیوایە ئەو خاڵە هەڵەیە " **کۆمەڵی ئیسلامی هەرچی لێ بکرێ و پێیبکرێ لەلایەن ڕژێمە طاغووتی و دڕندە و خۆسەپێنەکانەوە، دەبێ هیچ کاردانەوەیەکی نەبێ و سەبر بگرێ و پشووی درێژ بێت، چاوەڕێ بێت تا خوا دەرووی خێری لێدەکاتەوە"!**

عەلی باپیر ئەو ڕەخنەیەی نووسەری پێ هەڵەیە، چونکە کۆمەڵی ئیسلامی " **لە کاتی ڕێگا لێ گیرانیشێ دا هەقی خۆیەتی بەرگری لە خۆی بکات و بایی ڕێکردنەوە چەك وهێز بەکاربهێنێ"**

**سەیر لەوەدایە هۆکاری لە سێدارەدانی سەید قوتب ئەو خاڵی شەشەمە بوو، کاتێ ڕێکخراوێکی چەکداری دروست کرد بۆ پارێزگاری لە بانگەواز وجەماعەت! کەچی باپیر دەیەوێ لە ئیخوانەکانی میسر ئیخوانیتر و قوتبیتر بێت، دەیەوێ بە چەکی سووك و بێ ئەرزشی جەماعەتێکی دینی بەرەنگاری دەوڵەتێکی زەبەلاح و چەکە قورسەکانی بێتەوە! کە دۆڕانی مسۆگەرە.**

---

[٨٤] هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٣-٢٩٤

**سەیر لەوەدایە عەلی باپیر، هیچ ڕایەکی جیاواز و سووکە ڕەخنەیەکیشی لە سەید نییە، کە بە قەد چارەگی کرێکار سەید دۆست و سەید ناس نییە، بێگومان کرێکار، کە بۆتە دەروێشێکی حارگرتووی سەید قوتب، هیچ سەرنجێکیم نەدیتووە لەسەر هیچ لە بیروڕا کانی سەید قوتب، کەچی ئیخوانیە میسرییەکان وەك خاوەنی کتێبی [سید قطب من المیلاد إلی الإستشهاد]** ، واتا نووسەر صلاح عبدالفتاح الخالدي بە ئاشکرا دەڵێ ئەو خاڵەی سەید هەڵەیە، قەڕەزاویش ڕەخنە لە سەید قوتب دەگرێ، سەبارەت بە تەکفیرکردن و بەجاهیلی دانانی کۆمەڵگا. ئینجا بزانە کێ ئەو جوڵانەوەیە ئیسلامیانە بەڕێوە دەبەن!

## ئیخوانیەکان بە گەنج و پیریان لە قۆناغی دەروێشیدان بۆ سەید قوتب! ئیخوانە ئاساییەکان!

ڕۆژێ نووسینی گەنجێکی ئیخوانیم خوێندەوە لەسەر حەسەن بەنا و سەید قوتب، یەك پارچە لاواندنەوە وستایش و شیعرباران. ئەو برادەرانە تا دەشمرن کتێبیکی ڕەخنەیی، نەك نانووسن لەسەر ئەو سەرکردانەیان، تا هەرنەبێ لە هەڵەکانیانەوە فێربن، بەڵکو کتێبێکی ڕەخنەییش ناخوێننەوە کە لەسەریان دەنووسرێ!

سەیر لەوەدایە بەو عەقڵیەتە چەقبەستوو و کلۆڵەوە، دەیانەوێت جیهانی ئیسلامی حوکم بکەن بە دروشمی ئیسلام چارەسەرە! بڵێن و بڵێنەوە!

کە من پێموایە دین بەهیچ جۆرێك چارەسەر نییە بۆ هەموو کێشەکانی ژیانی هاوچەرخ، ئینجا ئەو ئیسلامەی ئیخوان تێیدەگات و دەڵێت تاقە چارەسەرە، نەك هەر چارەسەر نییە، بەڵکو خۆی لە خودی خۆیدا کێشەیە! تۆ لەلایەك لە ترسی تۆمەتی ئیسلامی وسەلەفیان

بلّێی شەریعەت جێبەجێ دەکەم بە دەستبڕین وڕەجمکردن و جەڵدە لێدان، لەلایەکیتریش بتەوێ خۆت مۆدرن نیشان دەیت گوایە پڕۆژەیەکی نیمچە سێکولارت پێیە! چۆن دەتوانیت ئەو هاوسەنگییە بەو دووڕوویەیەوە ڕاگریت؟!

من کتێبێك و زنجیرەیەك وتارم لەسەر حەسەن بەنا و دەیان وتارم بە کوردی لەسەر سەید قوتب نووسیوە، هەرنەبێ ئەوە بخوێننەوە بزانن لەدەرەوەی قەفەسەکەی ئێوە خەڵکیتر چۆن دەخوێنێ!

## موحسین عەبدولحەمید و سەید قوتب!

هەر گەنجەکان وانین، پار نوسینێکی ئیخوانیەکی نیمچەکوردی پیری سەرووی ٧٨ ساڵم [محسن عبدالحميد] ئەمینداری گشتی پێشووی حیزبی ئیسلامی عێراقی [الحزب الإسلامي العراقي] ئیخوانی، لەسەر سەید قوتب خوێندەوە، بەڕوحیەتی دەروێشێکی هەرزەکاری سەرسام نووسیبووی، دەیان شیعر وشانامە و پاکانەی هەتا بۆ بیروڕایە توندڕەوەکانیشی کردبوو. دەیگووت سید قطب هیچ توندرەوی بیری تێدا نەبوو، ئەوە خەڵکن لێی تێنا گەن، ئەوەندە توندیەی کە تێشیدا بووە، لەبەر ئەو ئەشکەنجە سەختە بوو، کە لە زینداندا توشی هاتبوو!

چونکە بە عەرەبی نووسیبووی لە ماڵپەڕی ستاندارد، منیش وەڵامم دایەوە بە عەرەبی، گووتم:[85]

[85] ٢٠١٩/٢/١٥

## سەید قوتب بەو بەرائەتەوەش نەبوو!

بەڕێز محسن عبدالحمید پێویستە جارێکیتر سەید قوتب بخوێنیتەوە، تا هەمان قسە و پێداهەڵگوتن دووبارە نەکەیتەوە، کە ئیخوان لەو ڕۆژەوەی لە سێدارە دراوە دووبارەی دەکاتەوە!

ئەگەر بڵێیت سەید قوتب کەسێکی ڕۆشنبر بوو، بەڵێ ڕاستە بەڵام تابڵێشی توندڕەو بوو لە هەڵوێستەکانی...هەر ڕۆژەی لەگەڵ لایەك بوو. خۆی وەفدییەکی موحافیزکار بوو، هەر کە وەفدی بەجێهێشت، پەیوەندی کرد بە هەرە مونافیس و خەنیمەکەیان کە سەعدیەکان بوو! ئەوجارە بوو بە سەعدییەکی توندڕەو، پاشان پەیوەندی بە شۆڕشی ئەفسەرانی ئازاد کرد، وەك توندڕەوترین دەنگ لەناویان دەردەکەوت!

لە سەرەتای شۆڕشی یان وردتر کودەتای یۆلیۆی ١٩٥٢ عەسکەرەکاندا، بەر لە پێکدادان لەگەڵ عەبدولناسر، شۆڕشگێڕێکی توندڕەو بوو، کە داوای قەدەغەکردنی پەخشی گۆرانییەکانی ام کلثوم و محمد عەبدولوەهابی دەکرد، بە بیانووی ئەوەی ئەوان گۆرانیبێژی پاشا بوون! هەرچەندە خۆشی شیعری بەسەر شا فاروق بڵاوکردبەوە!

لە ڕووداوێکی تری مانگرتنی کرێکارانی هەژار لە قاهیرە، لە جیاتی پشتیوانی لە داواکارییەکانیان بۆ وەرگرتنی مووچەی دواکەوتوویان، داوای لە سێدارەدانی ڕێکخەرانی مانگرتنەکە دەکرد!

که لەگەڵ ئەفسەرەکان دانووی نەکولاَ، لە دژی ئەفسەرانی ئازاد، ئەوجارە پەیوەندی بە ئیخوانەکانەوە کرد، بۆ ئەوەی وەک هەمیشە ببێتە ئیخوانیەکی توندڕەو و سەرپێچیکار هەتا لە پرنسیپەکانی حەسەن ئەلبەناش! سەید قوتب هەنگاوەکانی ئیخوانی زیاتر بەرەو گرژتر و توندڕەوتر ئاڕاستە کرد.

ئایا سەید قوتب، نووسەری تیۆری جیهادی ڕەها لە تەفسیری في ظلال دا، بیرۆکەکەی لە ئیبن القیم وەرنەگرتووە؟! پێموانییە ئەم ئەمریکییەی باسی دەکەیت، بە قسەکانی ئێوە و پاساوەکانی ئێوە بۆ توندڕەوی سەید قوتب قەناعەتی هێنابێت. ئەو بە دڵنیاییەوە موجامەلەی کردوویت، دوایی مرۆڤێکی عەسکەری ئەمریکی دەبێ چ بزانێ لەسەر سەید قوتب؟! ئەوان کەسانێکن ناسراون بە ڕیزنیشاندان و موجامەلە کردن لە کاتی دیالۆگکردن لەگەڵیاندا.

من پێم وایە ئەم پاساو و زمانە و گوزارش و بیانووانە، هیچیتر کاریگەر بن لە بێبەریکردنی سەید قوتب لە توندوتیژی و توندڕەوی لە ژیانیدا، و پێموایە ئەم بیرۆکە توندوتیژانەی سەلەفیزم لە ڕێگەی ئەبو الاعلى المودودي لێکۆڵینەوەکانی وبیروڕا وتەفسیرە سەلەفییەکانەوە بۆی گواستراوەتەوە.

ئەگەر ئەو ئەشکەنجەیەی لە زیندانەدا دووچاری هات، وا پاڵی پێوەنابێت بۆ ئەم ئاستە لە توندڕەوییدا، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەم فیکرە لە دۆخێکی ناسروشتیدا بەرهەم هاتووە، کەواتە بۆچی ئەم هەموو پاساوانەی بۆ دەهێنیتەوە؟! بۆچی نکۆڵی لە زۆربەی ئەو توندڕەوییانە دەکەیت؟! تەنانەت پرسی ئەشکەنجەدانیشی بابەتێکی کێشە لەسەرە![٨٦]

[٨٦] وەك لەو کتێبەی بەردەستدا بە درێژی باسم کردووە.

ئێنجا مامۆستا کە تۆ دەڵێی سەید لە ژێر کاریگەری ئەشکەنجە و زیندان ئەو بیروڕایە توندانەی دەربڕیوە، کەوابوو بیری ئەو لە ژینگەیەکی ناتەندروست لەدایک بووە، هەر شتێک یان بیرێك لە ژینگەیەکی ناتەندروست لە دایك بێت، بیرەکەش ناتەندروست دەبێ، هەرچەندە ساغ بۆتەوە کە ئەو ئەشکەنجەدانەی باسی دەکەن ڕاست نییە. سەرچاوەی نوێ هەن ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەهۆی نەخۆشی درێژخایەنەکەی و بەهۆی هەڵوێستی پێشووی وەک نزیکێك لە سەرکردەکانی شۆڕش، هیچ ئەشکەنجەیەکی ئەوتۆی نەدراوە!

بەڵام بابڵێین ئەشکەنجەکان هەمووی ڕاستن، خۆ ماندێلا لەو زیاتر ئەشکەنجە دراو زیندانیش کرا، بۆ کاتێ بەسەر دوژمنانی سەرکەوت ئەوپەڕی گیانی لێخۆشبوون و لێبوردەیی نیشان دا بەرامبەر سپی پێستە ڕەگەزپەرەستەکان؟[87]!

محسن عبدالحمید بەردەوام دەبێ: لە ئەنجامی دادگادا سزای لە سێدارەدان بە سەید قوتب درا، کاتێک بڕیاری لە سێدارەدانی درا دەمبەخەندە و خۆشحال بوو، چونکە دەگەیشتە لای خودا.

---

[87] **لم يكن سيد قطب بهذه البراءة!**

استاذي الكريم د. محسن عبدالحميد يجدر بكم ان تقرؤا سيد قطب مرة اخرى حتى لا ترددوا ما رددته الاخوان منذ اعدام سيد قطب لحد الان! سيد قطب كما يقول عنه من عايشوه بانه كان دات ثقافة عالية، لكنه سريع و عنيف في التغيرات التي كانت تحدث له، كان وفديا متعصبا، ما ان ترك الوفد وانضم الى السعديين، اصبح سعديا متطرفا، ثم انضم الى الاخوان ليصبح كعادته اخوانيا متطرفا ومتجاوزا لمنهج حسن البنا مجملا، وآخذا بتلابيب الاخوان الى مزيد من التطرف و الشدة. وقد كان في بداية ثورة يوليو قبل الصدام مع عبدالناصر، كان ثوريا متطرفا يدعوا الى منع اذاعة اغاني ام كلثوم و محمد عبدالوهاب بحجة انهم كانوا مطربي الملك! و في حادثة اخرى لاضراب عمال فقراء في القاهرة، بدلا ان يساند مطالبهم في استلام رواتبهم المتأخرة دعا الى اعدام منظمي الاضراب!
اليس سيد قطب صاحب نظرية الجهاد المطلق في ظلاله اخذا الفكرة من ابن القيم؟! انا لا اعتقد ان هذا الامريكي اقتنع بكلامك، وتبريراتك لتطرف رؤى سيد قطب، واظن انه جاملك، وهم قوم معروفون بالمجاملة و اللطف اثناء اي حوار معهم. اعتقد ان هذه العبارات واللغة التبريرية لم تعد تجدي في تبرئة سيد قطب من العنف و التطرف في رؤاه، واعتقد ان هذه الافكار العنيفة والطهرانية قد وصلت اليه اليه من السلفية عن طريق ابي الاعلى المودودي و مطالعاته في تفسيرات السلفية الطابع. لو ان التعذيب الذي تعرض له دفعته الى هذه المستوى من التشدد، هدا يعني ان هذا الفكر قد تم انتاجه في وضع غير طبيعي ، فلماذا تسوقون له كل هذه التبريرات، ولماذا تنكرون معظم هذه التشددات؟! حتى قضية تعذيبه فيه اخذ ورد، هناك مصادر جديدة تفيد بانه بسبب مرضه المزمن و بسبب مكانته السابقة كمقرب من قادة الثورة، لم يكن يتعرض الى اي تعذيب! ثم ان نلسون مانديلا الزعيم الافريقي الاسود قضى معظم حياته في السجن والتعذيب، لكن عندما خرج، خرج بنظرية السلم الشامل والعفوا عن كل جرائم البيض في حقهم، هكدا تكون القادة، لا ان يصوغوا نظرياتهم استجابة لاوضاعهم النفسية و الجسدية. وشكرا لكم
ئەوە کۆمێنتی من بوو لەسەر د.محسن عبدالحمید سەرۆکی پێسووی ئیخوانی موسلمین، کە دەیەوێت بڵێ سید قتب هیچ توندرەوی بیری تێدا نەبوو، ئەوە خەلکن لیی تێناگەن، وئەوەندە توندیەی کە تێشیدایە لەبەر ئەو ئەشکەنجە سەختەیە کە توشی هاتوە لە زیندان!
٢٠١٥/٣/٢٥

دوای بڕیاری لە سێدارەدانی سەید قوتب، زەلامەکانی جەمال عبدالناصر، بۆ ئەوەی سەید قوتب لە ڕێگاکەی لادەن، لەگەڵ خوشکی سەید قوتب پەیوەندی ئەنجام دەدەن و بۆ سەید قوتب نامەیەک دەنێرن، "ئەگەر بڵێی تەواوی ئەو کارەکانی کە تا ئێستا ئەنجامت داوە هەڵە بوون و داوای لێبوردن لە سەرۆک کۆمار جەمال عبدالناصر بکەی سزای لە سێدارەدان بەتاڵ دەکرێت و سەربەست دەبی."

## "من زەلیل نیم کە داوای لێبورن لە ڕۆژئاوا بکەم"

حەمیدە قوتب کە نەیدەویست براکەی لە سێدارە بدرێت، نامە و داوای زەلامەکانی جەمال عبدالناصر بۆ سەید قوتب نارد؛ لە بەرامبەری سەید قوتب ئەو وەڵامەی دایەوە **"ئەگەر من سزای لە سێدارەدانی حەقم کردبێت ئەوە بە پێی فەرمانی خودا دەبێت و من ناتوانم ئیعترازی ئەو شتە بکەم؛ چونکە دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر ئەو شتە ناحەقیە. بەڵام ئەگەر من ببمە قوربانی ستەمی ڕۆژئاوا، ئەو کاتیش من زەلیل نیم کە داوای لێبورن لە ڕۆژئاوا بکەم!"**

ڕەسوولی خودا بە منی وت "ئەو شتەی لە سەر ئەستۆت بوو ئەنجامت دا. شەهیدی لە تۆ پیرۆز بێت."[٨٨]

---

[٨٨] https://ilkha.com/sorani/id=347466

## وتاری قوتبیانەی سەرانی ئیخوانی و یەکگرتوو!
## سەرەڕای ئەو فاک وفیکەش سەلاحەدین بەهائەدین ڤاکسینی لەخۆیدا!

پاش ئەو هەموو قسە بوغزاویانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، لە میدیای کوردی وێنەی سەلاحەدینی ئەمیندار بڵاوبۆیەوە لە کاتی خۆکوتانی بە ڤاکسینی دژە کۆرۆنا! بەخوای ئەو ڤاکسینەت لێ خەسارە، چۆن موسڵمان لە سەربازی خوا دەترسێ؟!
لەبیرتە مامۆستا سەڵاحەدین بەهائەدین لە پەیامێکی کورتبینی بائیسدا سەبارەت بە دەرکەوتنی کۆڕۆنا، پێتوابوو ئەو ڤایرۆسە جەنگی خوایە لە دژی دوژمنانی دەتگووت:

" لەو کاتەدا بەرەی ئیلحاد وبێ خواکان و دەسەڵات پەرستی، عەقڵپەرستی و پارەپەرەستی شکستیان هێناوە، بتە گەورەکان و ڕەمزە شانازییەکانیان دەسەوستانن لەبەرامبەر ئەو دوژمنە نادیارە مەترسیدارەوە، نە زانستەکەیان و نە تەکنۆلۆژییەکەیان فریایان ناکەوێ، نە بۆمبی ئەتۆمی و نە لەشکری تانک و تۆپ. جوڵەی فڕۆکەخانەکان ودام و دەزگای دەوڵەتەکان هەمووی وەستاوە."

ئەوەتا زانست وتەکنۆلۆژیایان تەنگیان بە ڤایرۆسەکە هەڵچنیوە، لە سایەی سەری ئەوانەوە دەیان وسەدان وهەزارانی وەک ئێوەی دژی هاوژیانی و بێ متمانە بە زانست، ڤاکسینی پاراستنی خۆی لێدەدا!

لە بیرتە بە زمانێکی قوتبیانەی ئایدیۆلۆژیی تەسکبین، شادومانی وپێخۆشبوونت نیشان دا بە ڕاوەستانی ژیان لە هەموو جیهاندا بە جیهانی ئیسلامیشەوە! گوتت " شکستیان هێناوە، بتە گەورەکان و ڕەمزە شانازییەکانیان دەسەوستانن لەبەرامبەر ئەو دوژمنە نادیارە

مەترسیدارەوە، نە زانستەکەیان و نە تەکنۆلۆژییەکەیان فریایان ناکەوێ"!!! ئەوەتا زانست و تەکنۆلۆژیایان فریای بێ ئەمەکێکی وەک تۆش کەوت!

لە بیرتە گووتت: " دەستی نزا و پاڕانەوە بۆ خودا بەرزکەینەوە و دەڵێین؛ خودایە سەلماندت بۆ گرۆی مرۆڤەکانی سەر زەوی، هەروەک چۆن پێشتر بۆ قەومی نوح و ثمود و عاد و لۆت و فیرعەونەکانت سەلماندبوو، کە لادان لە ڕێباز و ڕێچکەی خواپەرستی سەرنجامی سەرگەردانی و یاخیبوون و پوچەڵییە...سەلماندت کە فیرعەون و نەمروودەکان بەرگەی سزا ناگرن، ناتوانن بەرامبەر لافاو و کولـلە وئەسپێ و مێشوولەکان خۆیان ڕاگرن...

ناماقوڵییان کرد داوای خوایەتی و باڵادەستی ئەو کەونەیان کرد! سەلماندت کە قاروونەکان و خەزێنەکانیان هیچ کات دادیان نادا، ناتوانێ ئاسوودەیان کات و ڕزگاریان کا لە بڕیاری [فخسفنا به وبداره الارض] ...ئەوان پێی یاخیبوون، لە جیاتی ئەوەی سوپاسی خوا کەن بەکاریان هێنا دژ بە خوا وبەرنامەی خوا."

بەخوای ئەو قسە زلانەم کردبا، بمزانیبا دەشمرم ڤاکسینی ئەو کافرانەم لەخۆ نەدەدا، کورد دەڵێ: بخنکێم لە پردی نامەرد ناپەڕمەوە!

لە بیرتە وەک هەرزەکارێکی تازە دیندار کاک سەلاحەدین بەهائەدین واتدەزانێ ئەو کارەساتەی کۆڕۆنا سەرکەوتنی خوا و بەرەی ئیمان و شاگردانی ، بەسەر مولحید و دوژمنانی بەرنامەی خوا و محمد! دەتگووت: " ئا لەو سات و ئانەی سەرکەوتنی بەرەی ئیمان وشاگردانی محمدە ئەلمستەفا، مافی خۆمانە سەرمان بخەینە سەرخاك وسوژدە بۆ خالیق

بەرین، بڕ بە گەرومان درووود وسەلاوت بۆ ئەو شکۆداره بنێرین اللهم صلي على محمد و آله و صحبه و من اتبعه باحسان الى يوم الدين."

توخوا کام بەرە سەرکەوت؟! بەخوای دەبی باقی عومرت دوعا ونزا بۆ بەرەی ئەوەی بە ناڕەوا ناوت ناوه کوفر وئیلحاد بکەیت، ئەگەر ڤاکسین نەدەنە موسڵمانان، ئەوە ڕەنگە موسڵمان بە تەواوی دوایان بڕێ!

ئەو کاتەش پێگووتی: " سەرکەوتنی بەرەی ئیمانی چی، خەریکە ئەو ڤایرۆسە نوێژیشتان پێ تەرک دەکات، کەعبە و مزگەوتەکانی لی داخستن، سەرکەوتنەکەتان لە کێیە؟! دەبێت دوعا بکەیت ئەو دوژمنانی خوایە تازووە چارەسەری ئەو ڤایرۆسە بدۆزنەوە تا تۆ و ئەمسالی تۆ بەهێزتر دوعایان لێ بکات و جاڕی سەرکەوتنی بەرەی ئیمانی دۆنکیشۆتیانەیان بدەن بەسەریان!"

**بێنە بەرچاوت ئەو پیاوە سەرۆکی ئیخوانەکانی کوردە، بەو عەقڵیەتە قوتبیە سەقەت و پڕ لە دروشمی بەتاڵ و پڕ لە ڕق و قین! خۆزگە خاوەنی قسەی خۆشیان دەبوون، کەوا دژایەتی زانستی خۆرئاوا دەکەن، وەك مشەخۆر سوودیشیان لێی وەرنەگرتبا، ئەوەتا سەلاحەدین بەهائەدین بە زووترین کات، ڤاکسینی کۆرۆنای شارستانیەتی خۆرئاوای، بەرهەمی ئەمریکا وبەریتانیا و ئەڵمانیای لێدا، یانی ژیانی پاراست بە یارمەتی دوژمنانی خوا! ئەدی ئەو هەم فاک وفیکەت لە چ بوو مامۆستا؟!**

## عەلی قەرەداغی و ڕەگەزنامە و تەفکیری قوتبیانە!

ئیسلامییەکان و سەید قوتب دەڵێن: " دوژمنایەتی جووەکان لە دژی ئیسلام هەر لە یەکەم چرکەی دابەزینی وەحی دەستی پێکرد، و جبریل یەکەم دوژمنی ئەوان بوو، چونکە بەپێی ئیدیعای ئەوان، "ئەو وەحی بۆ محمد هێناوە لە جیاتی ئەوان"، ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جوبرایل عایدی وێرانکاری، لەناوچوون، و ئەشکەنجەدانە، بۆیە ئەو دوژمنی ئەوانە! لەکاتێکدا ئەگەر ئەو کەسەی وەحییەکەی هێناوە میکائیل بووایە، ئەوا باوەڕیان پێدەکرد چونکە ئەو عایدی خۆشگوزەرانی و باران و پیت و بەرەکەتیە!."

لە تەفسیری ئایەتی: **" ولتجدن أشد الناس عداوة للذين آمنوا اليهود والذين أشركوا ..." [سوێند بێت دەبینیت خراپترینی خەڵکی بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ بڕواداراندا جولەکە و هاوبەشدانەرانن]**

سەید قوتب لە سەرنجەکەیدا لەسەر ئەم ئایەتە دەڵێت: ئەوەی سەرنجی مرۆڤ بۆ ئەم ئایەتە ڕادەکێشێت، وشەسازییەکەیە، کە بریتی بوو لە یەکەمایەتیکردنی جولەکەکان بەسەر ئەوانەی شیرکیان کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ چڕی دوژمنایەتیان بەرامبەر بە ئیمانداران. ئەمە شتێکە کە بە درێژایی مێژوو سەلمێنراوە، ئەو شەڕەی کە جولەکەکان دژی ئیسلام بەڕێوەیان برد، درێژخایەنتر و بەرفراوانتر بوو لەوەی کە موشریکەکان و تاغوتەکان دژی ئیسلام ـ سەرەڕای دڕندەییەکەیان - لە ڕابردوو و لە ئێستادا.. شەڕەکە لەگەڵ موشریکە عەرەبەکان بە تەواوی لە بیست ساڵ زیاتر درێژ نەبووەوە و بە هەمان شێوە لەگەڵ فارس لە سەردەمی یەکەمدا، بەڵام لە سەردەمی نوێدا، دڕندەیی شەڕی نێوان بتپەرستی هیندستان و ئیسلام دیارە، بەڵام ئەو دڕندایەتیە ناگاتە دڕندەیی زایۆنیزمی جیهانی".

سەید قوتب وەك هەر موسڵمانێكی قووڵی ئایدیۆلۆژی پێیوابوو ئەو سیفەت و ناوناتۆرانەی ئیسلام و قورئان خستۆیەتیە پاڵ جووەكان، نەگۆڕن، لە قسەكانیدا سەبارەت بە سیفەتەكانی جولەكەكان، كە هەموویان لە قورئانی پیرۆزدا ژماردراون، ئاماژەی بەوەدا كە ئەو سیفەتانە بە تێپەڕبوونی كات گۆڕانكارییان بەسەردا نەهاتووە و لە داهاتووشدا ناگۆڕێن، دەڵێت: قورئانی پیرۆز. لە سەردەمی پێغەمبەردا قسەی لەگەڵ كردوون، هەروەک چۆن ئەوان هەمان ئەو جولەكانەی سەردەمی موسا وجێنشینەكانی لەنێو پێغەمبەرەكانیان دابن - وەک یەک دروستكراوبن وایە. تایبەتمەندییەكانیان وەک یەكە، ڕۆڵیان وەک یەكە و هەڵوێستیان لە ڕاستی و خەڵكدا، هەمان هەڵوێستە بە درێژایی زەمەن.
عەلی قەرەداغی پیاوە ناسک و پڕ لە نازونیعەمەتەكەی قەتەر و ئیخوانی جیهانی، وەك قوتابیەكی ئیخوانی قوتبی، لەناكاو پاش ڕوودانی هەڵمەتێكی چەقۆلێدان لە خەڵكی مەدەنی پیرومنداڵ وژن، لە جیاتی قسەیەكی مرۆڤانە بكات، داوای چەقۆوەشاندن وسەربڕینی مەزنی جووەكانی كرد، لە پیناو گەڕانەوەی قودس و ئەقسا!

ئەگەر ئەو دژایەتیەی جووەكان بەو ڕەهاییەوە، تێڕوانینێكی قوتبیانە نەبێت لە دژی زایۆنیزم و جوو، دەبێت چی بێت؟!
ئەخر بۆیە مرۆڤ ناتوانیت باوەر بە ئاشتیخوازی ئەو ئیخوانانە بكات، دەبێت هەردەم چاوەڕێی توندوتیژی لێبكەیت، لە هەر دەرفەتێكی گونجاودا! ئێمە وا پێشبینیمان دەكرد، ئیخوان داوا لە ڕاپەڕینی چەقۆكانی فەلەستین بكات، بەو شێوەیە نامرۆییە پڕ نەدەنە پیر و منداڵ وژن و مەدەنی لەسەر شەقامەكان، چونكە ئەوەی ئەو عەرەبە فەلەستینیانە دەیكەن، هەر چی بێت نەخەباتە و نە جیهاد، تەنها تیرۆرێكی رووتی نائینسانیە، لەوانەیە ببێتە هۆی كەمكردنەوەی هەموو هاوسۆزی جیهانیش، لەگەڵ دۆزی فەلەستین، كەچی مەلا زۆر

کوردەکە بە پۆشاکیکی عەرەبی فەتوای سەربڕینی مەزن دەدات! چی دەمێنێتەوە بۆ میانرەوی؟!

من تێناگەم ئەو پیاوە بۆ باسی بایەخ وگرنگی و پیرۆزی ئامەد ناکات؟! بۆ باسی قوربانیدان ناکات بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان لە باکوور و ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا!؟ ئەوەیە ئەو جۆرە ئیسلامەی لە خزمەتی تورکچێتی و عروبەتدایە. دەبێت جلی ئەوان لەبەر کەیت و سەروڕیش وهەیئەتی ئەوان هەڵگریت، بەزمانی ئەوان بدوێیت و خاکە پیرۆزەکانی ئەوان تەقدیس بکەیت، ومنداڵت هاندەی فێری زمانی ئەوان بن، وکێشەکانی ئەوان لای تۆ بایەخی پلە یەك وەرگرن، تا ببیتە موسڵمانێکی باش! ئیسلامیبوون لای کورد، وەک ئاوی ناو جۆگەیەکە لە هەورازدا هەرد دەبێت بەرەو لیژایی بێگانەپەرستی و عروبەت دابەزێت[91]!

**پەروەردەی قوتبیانە کە دەڵێت ڕەگەزنامەی موسڵمان عەقیدەیە ئەو خاینانەی لێدەکەوێتەوە!**

**بۆچی ئیسلامییەکانی کورد بەگشتی، وا دژی نەتەوە و نیشتیمانی خۆیانن؟! بۆچی دژی هەموو بۆنەیەکی نیشتیمانی ونەتەوەیی کوردن؟! بۆچی تا زمانی بێگانە هەبێت، بایەخ بە زمانی کوردی نادەن؟!**

---

91 ٢٠١٥/١٠/١٩

**بەڕای من وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە لای سەید قوتب دەستدەکەوێت، کاتێ بەشێک لەگرنگترین و مەترسیدارترین کتێبی [معالم في الطريق] تەرخان دەکات بۆ ڕیشەکێشکردنی هەموو هەستێکی بەندیواربوون و ئینتیمابوون بۆ نەتەوە و خاك و کلتوری نیشتیمان، لەژێر ناونیشانی: ڕەگەزنامەی موسڵمان عەقیدەیەتی!٩٢**

لەو بەشەدا لە ژێرناونیشانی: **"جنسية المسلم عقيدته"**

سەید قوتب هیچ ئینتیمایەك بۆ موسڵمان ناهێڵێتەوە، جگە لە ئینتیمای دینی. دەڵێت:

ئیسلام بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ واقیعی پەیوەندی و پەیوەندییەکان هاتە ناو مرۆڤایەتییەوە، ئەو ڕۆژەی کە تێڕوانینێکی نوێی بۆ هێنا بۆ واقیعی بەها و ڕەچاوکردنەکان [الاعتبارات]، بۆ واقیعی ئەو بوونەی کە ئەم بەهایانە و ئەم ڕەچاوکردنانەی لێیەوە وەردەگرێت.

ئیسلام هات بۆ ئەوەی مرۆڤ بگەڕێنێتەوە بۆ لای پەروەردگارەکەی، و ئەم دەسەڵاتە بکاتە تاکە دەسەڵات، کە پێوەر و بەهاکانی لێ وەردەگرێت، هەروەک چۆن بوون و ژیانی خۆی لێ وەرگرتووە و لە پەیوەندییەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆی، هەروەک چۆن ئەو لە ئیرادەی ئەووەوە سەریهەڵدا ودەرکەوت و دەشگەڕێتەوە بۆ ئەو.

هاتووە بۆ ئەوەی بڵێت کە تەنها یەک پەیوەندی هەیە مرۆڤەکان لە خودا پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەگەر ئەم پەیوەندییە پچڕا، هیچ پەیوەندیەك و سۆزێک نامێنێتەوە:

---

[٩٢] جنسية المسلم عقيدته، ل ١٣٦. دار الشروق - بيروت، الطبعة الشرعية السادسة ١٩٧٩.

{ لا تجد قوما يؤمنون بالله واليوم الآخر يوادون من حاد الله ورسوله ولو كانوا آباءهم أو أبناءهم أو إخوانهم أو عشيرتهم } [المجادلة :٢٢]

{کەسانێک نادۆزیتەوە کە باوەڕیان بە خودا و ڕۆژی دوایی هەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دژایەتی خودا و پێغەمبەرەکەی دەکەن دۆست بن، تەنانەت ئەگەر باوک و کوڕ و برا و خێڵیش بوون.} [المجادلة: ٢٢].

هاتووە بڵێت کە تەنها حزبێک هەیە بۆ خودا، حزبەکانی تر هەموویان بۆ شەیتان و تاغوتەکانن:

{ الذين آمنوا يقاتلون في سبيل الله والذين كفروا يقاتلون في سبيل الطاغوت فقاتلوا أولياء الشيطان إن كيد الشيطان كان ضعيفا } [النساء : ٧٦]

{ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ڕێگای خودادا شەڕ دەکەن، وە ئەوانەی بێباوەڕن لە ڕێگای تاغوت و ستەمکاردا شەڕ دەکەن، بۆیە شەڕ لەگەڵ دۆستانی شەیتان بکەن، بەڕاستی پیلانی شەیتان لاوازە.}

هاتووە بڵێ کە تەنها یەک ڕێگا هەیە کە بەرەو خوداتان دەبات، هەموو ڕێگایەکی تر بەرەو ئەوت نابات:

{وأن هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله} [الأنعام : ١٥٣]

{وە ئەمە ڕێگای ڕاستی منە، پەیڕەوی لێ بکەن، دوای ڕێگای تر مەکەون، نەک لە ڕێگای ئەو جیاتان بکاتەوە}

ئیسلام هاتووە بڵێ کە یەک ڕژێم و سیستەم هەیە، ئەویش ڕژێمی ئیسلامییە و هەر ڕژێمێکی تریش نەفامییە:

**{ أفحكم الجاهلية يبغون ومن احسن من الله حكما لقوم يؤمنون }** [المائدة : ٥٠]

**{ئایا حوکمی نەفامییان دەوێت، وە کێ لە خودا باشترە لە حوکمدا بۆ ئینسانگەلێک کە ئیماندارە؟}**

هاتووە بڵێ کە یەک شەریعەت هەیە، کە شەریعەتی خودایە و هەر شتێکی تر جگە لەو شەریعەتە پووچەڵ دەبێتەوە.

**{ ثم جعلناك على شريعة من الأمر فاتبعها ولا تتبع أهواء الذين لا يعلمون }** [ الجاثية : ١٨]

**{ لە پاشان تۆمان خستەسەر شەریعەتێك لە بارەی ئاینەوە تۆش شوێنی بکەوە وە شوێن هەواو ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن}**

هاتووە بڵێ کە یەک هەق و ڕاستی هەیە ، هەر شتێکی تر جگە لەو هەقە گومڕاییە:

**{ فماذا بعد الحق إلا الضلال فأني تصرفون }** [يونس : ٣٢]

**{ لەپاش ڕاستی هیچ هەیە جگە لەگومڕایی دەی چۆن لەڕێگەی ڕاست لادەدرێن؟!}**

وە موسڵمان یەک وار و قەڵەمڕەوی هەیە، ئەویش واری ئیسلامە [دار الاسلام]، ئەو شوێنەیە کە دەوڵەتی ئیسلامی تێیدا دامەزراوە، و شەریعەتی خودا زاڵە بەسەریدا، و سنووروسزاکانی تیادا پیادە دەکرێت، و موسڵمانان پشتوپەنای یەکترن، و هەر شتێکی تر جگە لەوە شوێنی واری جەنگە [دار الحرب]، پەیوەندی موسڵمان لەگەڵیدا یان جەنگە، یان ئاگربەستە بەپێی ڕێکەوتنێکی ئەمان پێدان، بەڵام ئەوە واری ئیسلام نییە، وە هیچ پەیمانێك وەلایەك لە نێوان خەڵکەکەی و موسڵمانانندا نییە:

**{ إن الذين آمنوا وهاجروا وجاهدوا بأموالهم وأنفسهم في سبيل الله والذين آووا ونصروا أولئك بعضهم اولياء بعض والذين آمنوا ولم يهاجروا ما لكم من ولايتهم من شيء حتى يهاجروا وإن استنصروكم في الدين فعليكم النصر إلا على قوم بينكم وبينهم ميثاق والله بما تعملون بصير والذين كفروا بعضهم أولياء بعض إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد كبير والذين آمنوا وهاجروا وجاهدوا في سبيل الله والذين آووا ونصروا أولئك هم المؤمنون حقا لهم مغفرة ورزق كريم والذين آمنوا من بعد وهاجروا وجاهدوا معكم فأولئك منكم } [الأنفال : ٧٢-٧٥]**

{ بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێنا و کۆچیان کرد و تێکۆشان بەماڵیان و بەگیانیان لەڕێگای خوادا وە ئەوانەی (کۆ چەرەکانیان) گرتە خۆیان و کۆمەکیان کردن ئەوانە پشتیوان و دۆستی یەکترین وە ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە وکۆچیان نەکردووە بۆ ئێوە نیە هیچ جۆرە دۆستایەتیەکیان بکەن هەتا کۆچ نەکەن وەئەگەر داوای یارمەتیان لێکردن لە (پارێزگاری) ئاین ئەوە پێویستە لەسەرتان یارمەتی دانیان مەگەر لەدژی گەلێک لەنێوان ئێوە و ئەواندا پەیمان هەبێت (نابێت یارمەتیان بدەن) وەخوا بینایە بەوەی کەدەیکەن، وە ئەوانەی کە

بێ بڕوان هەندێکیان دۆستی هەندێکیانن ئەگەر ئەو (پشتیوانیە) نەکەن لەزەویدا ئاژاوەو فەساد و بەد خویەکی گەورە بەرپا دەبێت، وەئەوانەی کەبڕوایان هێنا وکۆچیان کرد و تێکۆشان لەڕێگەی خوادا ئەوانەشی (کۆچەرەکان) یان گرتە خۆیان و کۆمەکیان کردن بەڕاستی هەر ئەوانەن بڕوادارانی ڕاستەقینە بۆ ئەوانەیە لێ بووردن و ڕۆزیەکی چاک و بەنرخ، وە ئەوانەی لەدوایدا بڕوایان هێنا و کۆچیان کرد و لەگەڵ ئێوەدا تێکۆشان ئا ئەوانە لەئێوەن ...}

بەم ڕوونی و ڕاشکاوییە تەواوەوە، و بەم جەختکردنە یەکلاییکەرەوەوە ئیسلام هات. . هات بۆ بەرزکردنەوەی مرۆڤ، بۆ ڕزگارکردنی لە پابەندیەکانی زەوی و گڵ و گۆشت و خوێن، بۆیە هیچ نیشتمانێک بۆ موسڵمان نییە تەنها ئەو نیشتمانە نەبێت کە شەریعەتی خودای تێدا جێبەجێ دەکرێ! بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو و دانیشتووانەکەی، لەسەر بنەمای پەیوەندیان بە خوداوە دادەمەزرێ، موسڵمان هیچ ڕێگەزنامەیەکی نییە جگە لە عەقیدەکەی نەبێت، کە ئەوەش دەیکاتە ئەندامێك لە ئومەتی ئیسلامی و نیشتەجێیەکی واری ئیسلام. موسڵمان هیچ خزمایەتییەکی لەگەڵ کەس نییە، جگە لەو خزمایەتیەی کە لە باوەڕبوون بە خوداوە سەرهەڵدەدات، بەو شێوەیە ئەو پەیوەندییە دروست دەبێت لە نێوان خۆی و مرۆڤەکانی خوا!. . .

موسڵمان هیچ پەیوەندی بە باوک و دایک و برا و ژن و خێڵەوە نییە، ئەگەر لە سەرەتادا پەیوەندی لە خوای پەروەردگاردا جێگیر نەکرێت... پێش ئەویش ئیمام (حسن البنا) دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین بەهەمان مانا دەڵێت، ئێمە سنووری نیشتیمانی بە عەقیدە دەناسینەوە، ئەوانیتر بە سنووری وشکانی و سنووری جوگرافی دەزانن، هەموو پنتێك کە تیایدا موسڵمانێک هەیە دەڵێت: لا إله إلا الله محمد رسول الله [هیچ خودایەک نییە جگە

لە خودا و محمد پێغەمبەری خودایە]، ئەوە نیشتمانی ئێمەیە،حورمەت و پیرۆزی و خۆشەویستی و پەرۆشی بۆی و جیهاد لە پێناویدای لامان هەیە".. **هەڵوێستی زۆربەی بیرمەندانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە دەوری ئەم بۆچوونە دەسوڕێتەوە، کە پەیوەندی ئیسلامی لەسەر بنەمای عەقیدە و باوەڕ دیاری دەکرێ و ڕەگەزنامەی و ناسنامە و نیشتیمانی بوونی هەر لەسەر پێوەری عەقیدە دەستنیشان دەکرێ! بەدەر لەو پەیوەندییە عەقیدەیەوەش، هەموو پەیوەندی وپابەندبوتێکی تر بەتاڵ و ناشەرعییە!**

ئیسلامییەکان بەگشتی و ئیخوانەکان بە تایبەتی، لە هەموو چالاکی وبیرکردنەوە وکارەکانیان ئەو بنەمایەی سەید قوتب پەیڕەو دەکەن، گوێ نادەنە هیچ پەیوەندیەکیتر! بۆیە کوردێکی ئێران بە شانازییەوە سەری پێشمەرگەی باشوور دەبڕێت، بۆیە عەلی قەرەداغی شین وشەپۆڕ دەکات بۆ غەزە و قودس، کەچی دەستخۆشی لە ئەردۆگانی دوژمنی کورد دەکات بۆ وێرانکردنی لایەکی کوردستانی باکوور وڕۆژئاواو، سەرەڕای بەردەوامی بۆمبارانکردنی باشوور! با هەندێك نموونە باس بکەین:

**لە ئەکاونتی مزگەوتێکی ئیخوانچی هەر بە ناویەوە دیارە، کە ناوی برایەتییە لە بێرمنگهام، بابەتێکیان بڵاوکردیتەوە ڕەنگە تورکێکیش نووسیبای هێشتا گومانم هەبا، چونکە تورک ڕێزێکی زۆر لە ئەتاتۆرک دەنێن، بە یاسا و دەستوریش ئەو ڕێزەیان سەپاندووە هەتا بەسەر ئەردۆگان وحزبە ئیخوانیە فاشیستەکەشی.** ئەو وتارە وەک شیعری ئەو فەقێیەی کە نیشانی شێخ ڕەزای دا، پاش موجامەلەکردنی لەلایەن شێخ ڕەزا و گووتی باشە، فەقێکە گوتی لە ئاودەستیش نووسیمە! شێخ ڕەزا گووتی: هەستم پێکرد! وتاری ئەو ئیخوانانە وەک ئەو شیعرە بۆنی ئاودەستی مزگەوتی لێدێ!

ئەو وتارە هەموو کورد بە خیانەتکردن لە ئیسلام و ئەردۆگان تۆمەتبار دەکات ودەڵێت مێژوو خۆی دووبارە کردۆتەوە!

ئەوە لوتکەی خۆفرۆشی و نەزانینتانە، ئەی ئیخوانچیەکانی نامۆ بە مێژوو و ڕوحی کورد، لەبەر ئەو تورکاندن وعەرەباندنە خۆبەخشەی بەسەرخۆتان هێناوە! تورکاندن وعەرەباندن هەر بە زمان ناکرێت، بەڵکو هەست وبیر و ویژدانیش تەتریک وتەعریب دەکرێت.

ئەوە چ ئاستێکی نزمی خۆفرۆشییە کە کورد تاوانبار دەکەن بە خۆفرۆشی بۆ ئاغەکەتان، ئەردۆگانی نامرۆڤ و کورد کوژ. دەتانتوانی بڵێن فلان وفلان لە کورد خیانەتیان لە خەلیفەی عوسمانی کرد نەک کورد، ئەوە ئەگەر هەڵگەڕانەوە لە خەلیفەیەکی خوێنڕێژی عوسمانی خیانەت بێ!

چونکە بەو پێوەرە بێت ژمارەی ئەو تورکانەی دژی خەلیفەی عوسمانی بوون لە سیاسەتمەداران و سوپا و پیاوماقوڵانی تورک، سەد قاتی ژمارەی کورد بوو. ئەوە ئەگەر یاخیبوون لە سوڵتانی عوسمانی خیانەت حسێب بکرێ!

ئەوەی ئەلف وبێی مێژووی کورد بزانێت، دەزانێ کە لە کاتێکدا هەموو گەلانی ناو دەوڵەتی عوسمانی داوای ئازادی وسەربەخۆیی خۆیان دەکرد، شۆڕشیان دەکرد و ڕاپەڕینیان دەکرد، کورد لە دواوەی هەموویانەوە بوو، ڕاپەڕینێکیشی کردبێت ویاخیش بوو بێت لێرە ولەوێ، وەک کاردانەوەیەک بووە دژی ستەمەکان و گەندەڵیەکانی خەلافەت، نەک شۆڕش لە پێناو لەناوبردنی خەلافەتی عوسمانی !

هەتا شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانیش، یەک لە ئامانجە هەرە پڕهەڵەکانی گەڕانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، ئەوە جگە لە چەندین ڕاپەڕینی تر.

ئەگەر کوردێک هەڵەیەکیشی کردوە، دەبێت بەناوی ئەو کەسە تۆمار کرێ، نەک هەموو کورد بە خیانەتکار بزانیت!

بەڵام لێرەدا پرسیارێک یەخەی ئێوەی نەزان و نقووم بوو لە خۆفرۆشی دەگرێت: ئەگەر وا بەرگری لە خەلافەتی عوسمانی دەکەن ڕەنگە بڵێین لەبەر تەتبیقی شەریعەت بێ، کە لەو بوارەش هێندە باش نەبوو نیوەی زیاتری یاساکانیان لە دەستورە عەلمانیەکانەوە وەرگرتبوو ( بڕوانە کتێبەکەم: دەوڵەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت )[٩٣] بەڵام پێم ناڵێن ئێستا ئێوە بە چ پاساوێک واخۆفرۆشی بۆ ئەردۆگانێکی خاوەن دەوڵەتێکی عەلمانی دەکەن و وڵاتەکەی پڕی قەحپەخانەیە و بودجەی سەرەکی وڵاتەکەی لە سیاحەی جینسی دێت، پاساوتان چییە جگە لە خۆفرۆشی عەقیدەیی قوتبیانەتان؟!

من ئەو کاتە زانیم ئێوە گەورە بچووکان و زانا و نەزانتان و قیادە وقاعیدەتان تۆزقاڵێك خۆشەویستی گەل و نیشتیمان لە دڵتاندا نییە، زانیم خۆفرۆش وترسنۆک وبێ هەڵوێستن، کاتێ سەرانتان وەک عەلی قەرەداغی ڕۆژانە بەڵگەی خۆفرۆشی خۆی بۆ تورک و ئەردۆگان لە میدیاکان بڵاودەکاتەوە، کەچی تا ئێستا یەک ناڕەزایی و یەک ئیستیقالەی مرۆڤێکی شەریف و بەوەفای لێ نەکەوتەوە! خیانەتەکانی قەرەداغی و سەید ئەحمەد لەناو هەر جەماوەرێکیتر غەیری جەماوەری خەساوی ئیخوان نەبا، ئێستا بونیادی ئەو حزبەی هەژاندبوو، بەبێ هەڵوێستی و بێ دەنگیتان هەمووتان دەخاتە ڕیزی خیانەتکاران، ئەوەتە مزگەوتێکی بەناو برایەتی جاشایەتی دەکات بۆ دوژمنانی کورد، لە کاتێکدا لەسەر خێر وسەدەقەی کورد بەڕێوە دەچێ[94]!

---

[٩٣] دەوڵەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت
https://kurdipedia.org/default.aspx?q=20190704160807348563&lng=17;

[94] محەمەد هەریری
٢٠٢٠/٣/٢٦

# هەیبەتی پێغەمبەر و هەیبەتی ئەردۆگان!

ئەگەر بەراوردی هەیبەتی پێغەمبەر لای سەحابە، هەیبەتی ئەردۆگان لای ئیخوانیە کوردەکان بکەیت، دەبینیت ئەردۆگان لای ئیخوان بە هەیبەترە، لە هەیبەتی پێغەمبەر لای ئەسحابەکان!

دەی ئیسلامییەکان خۆ ئەردۆگانەکەی تۆ لە پێغەمبەر بە هەیبەت تر نییە؟!

چەندین ساڵە چاوەڕوانی یەك هەڵوێستی مرۆڤانە و کوردانە و هەتا ئیسلامانە لە ئیخوان وئیسلامییەکان دەکەمین

هەڵوێستی ئیسلامانە نەك ئیسلامیانە، چونکە جیاوازی زۆرە لە نێوان ئیسلام و ئیسلامی! ئەخر ئاساییە بۆ ئیخوانیەکی میسری، سودانی، کوێتی بێ ئاگا و عڕوبە زاڵ بەسەر، کە هەست بە دەرد و ناسۆری کورد نەکات، لەبەر بێ سەوادی و عروبەتی و پێشداوەریەکانی دژی کورد، و لەبەر تێزە سەقەتەکانی ئیسلامیزم، بەڵام بۆ کەسانێکی وەك ئێوەی کە موعاناتی میللەتەکەتان ڕۆژانە دەبینن، شەرمە وەك ئیخوانەکی یا ئیسلامییەکی میسری و کوێ و کوێ چاو بنوقێنیت، لەو هەموو کارەساتەی کە ئەردۆگان بەسەر کوردانی باکور و ڕۆژئاوا وهەتا باشوریشیی هێناوە !

لەو کاتەیدا کە سەربازەکانی ئەردۆگان تاوان نەماوە نەیکەن دژی کورد و خەڵکی مەدەنی لە شارەکانی باکوور و کۆبانێ وعەفرین، بە وێنەیەك هەتا ئیسڕائیل بەرامبەری عەرەبی نەکردوە، تۆ لەو کاتەدا شەرمە وەك موراهیقێکی سیاسی ئەردۆگان فریوت بدات، وبێ دەنگ بیت لەو سەرکردە ڕوحییە خۆفرۆشانەت کە شانامە بەسەر ئەردۆگان دەڵێن!

ئێوە سوود لە ئیسلامیش وەرنا گرن کە شەو و ڕۆژ خۆتان پێیەوە هەڵواسیوە، دەنا نمونەی زۆر باشت لەوێش دەست دەکەوێت لە بایکۆتی ستەمکاران و نزیك نەبوونەوە لێیان، نەك شانازی کردن بە بینینیان! ژیانی شافیعی و ابو حنیفه وسعیدی کوڕی جوبەیر بخوێنیتەوە بەسە بۆ تێگەیشتن لە ترسنا کی نزیك بوونەوە لەو تاغوتانە! تاغوتەکانی ئەوسا زۆر لە ئەردۆگانەکەی تۆ موسڵمانتر و مرۆڤتریش بوون!

بێگومان لە سیرەی پێغەمبەر خوێندوتانەوە کاتێك پێغەمبەر هەموو غەنیمەکانی جەنگی حنین بەسەر قوڕەیش بە ئیسلام و مؤلفه قلوبهم ەوە دابەش دەکات، هیچ بە ئەنسار نادات، ئەنسارِ هەست بە نا عەدالەتی دەکات لەو دابەشە، و مقۆمقۆ دەکەوێتە ناویان، پێغەمبەر کە پێی دەگاتەوە وەك لە دوو سەحیحەکە هاتوە "لە أنس ، لە هەندێ ڕیوایات ئەنسارەکان وتوویانە:

خودا لە پێغەمبەر خۆش بێت، ئەوەی هەیە دەیداتە قوڕەیش و ئێمەش فەرامۆش دەکات، لە کاتێکدا شمشێرەکانمان خوێنی قوڕەیشی لێ دەتکێ! " يغفر الله لرسول الله ، يعطي قريشًا ويتركنا، وسيوفنا تقطر من دمائهم".

دیارە سعد بن عبادەش لایەنگیری ئەو ڕایە بووە، سەرەڕای گەورەیی پێغەمبەر لە دڵیدا، هەر لەگەڵ ماف و هەست وئازاری میللەتەکەی خۆی بوو، لە کاتێکدا ئێوە لە حزور ئەردۆگانێکی ستەمکار و کورد کوژ وا شەرمنن، ناوێرن باسی کوشتنی خوشک وبرا کانی خۆتانیان بۆ بکەن، باسی هەتك کردنی کچی کورد بکەن، کە جەندرمەکان پاش کوشتنیان ڕووتیان دەکەنەوە لەسەر شەقام، سوکایەتی بە جەستەی پیرۆزیان دەکەن!

بۆیە سەعد هەر خۆی چووە لای پێغەمبەر، بەڵام وەک قەرەداغی وسەید ئەحمەد بۆ ماستاوکردن نا، تا بڵێت من لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتیەی قەومەکەم نیم، بەڵکو بۆ گەیاندنی ناڕەزاییەکان بوو و پێیگووت: پێغەمبەر ئەو لقەی ئەنسارڕ دڵیان لێت ئێشاوە، لەبەر ئەوەی کردت بە دابەشکردنی ئەو غەنیمانەی دەست کەوتن لەو جەنگە، کە دابەشت کردن بەسەر قەوم و قیلەت، و بەشی گەورە گەورەت بەخشیە هۆزەکانی عەرەب، هیچت نەدایە ئەو ئەنسارانە .

پێغەمبەر پێیگووت: ئەی تۆ هەڵوێستت چییە لەو باس و خوازە؟! : "وَأَيْنَ أَنْتَ يَا سَعْدُ؟

سەعد هێندە مەرد بوو، هەیبەتی نبوەت و پێغەمبەرایەتی نەیشڵەژاند بۆ پشتکردنە قەومی خۆی، کەچی ئەو کوردە ئیسلامیانە ناوێرن هەیبەتی مونافیقێکی وەک ئەردۆگان تەجاوز بکەن، لەسەر کوشتنی قەومی خۆیان نەک ماف پێ نەدانیان! گووتی: منیش یەکێکم لەوان!

سەعد وەک پیاو و مرۆڤ و لایەنگری دەرد و نیگەرانی میللەتەکەی خۆی کرد، نە خۆشەویستی و نە هەیبەتی پێغەمبەر لە دڵیدا لاواز و بێ شەخسیەتی نەکرد، و بە پێغەمبەری گووت: منیش یەکێکم لە قەوم و قیلەکەم! ما أنا إلا امرؤ من قومي! یانی هەمان ڕام هەیە!

دەی کاکی ئیسلامی هەڵوێستەکی وەك سەعدی کوڕی عیبادەتان بێ، خۆ ئەردۆگانەکەی تۆ لە پێغەمبەر بە هەیبەت تر نەبوو؟!

گوێگرن بۆ دەیەها ڤیدیۆی کوردانی ڕۆژئاوا، چۆن عەفرین تەتریک وتەعریب دەکەن، دەیانەوێ ئەو شارە کوردیەی کە ٨٥% کوردە، ئەردۆگان گووتی دەبێ ئەو ڕێژەیە

دابەزیێ بۆ ٣٥%!!! ئەو شارەی هەموو گوند وشارۆچکەکانیشی داگیرکراوە لەلایەن عەرەبە مریشک دزەکان وچەتەکانی تورکیای ئەردۆگان. لەو شارە تەنها لە ژنان تا ئەو ساتە ٢٠٠ ژن ڕفێنراون جگە لە هەزاران گەنج وپیاو، داوای سەرانە دەکەن بۆ بەردانیان، ئەو شارەی ٣٥ قوتابخانەی وێران کراوە وداگیرکراوە لەلایەن چەتەکانی ئەردۆگان. ئەو شارە دەوڵەتێکی خۆ بە موسڵمان زانی وەک تورکیا هەموو زەیتون و ڕۆنی زەیتوونی و داری زەیتوونەکانیشی لە ڕەگەوە دزی و بای ٧٠ ملیۆن یۆرۆی لێ فرۆشت بە جیهان[95]!

**سەرەڕای ئەو پشتگیرییە بەناهەقەی قەرەداغی بۆ ئەردۆگانی داگیرکەر و دوژمن بە کورد، لاوانێ ئیخوان نزا و کڕوزانەوەی پیرێژنانە بۆ**
**بەرگری لە عەلی قەرەداغی دا دەکەن!**

بەداخەوە کەسانێک وەک پیرەژن وپیرە پیاوکانی سەردەمی سەدامیان لێهاتووە، کە چۆن بە مەعاشێکی بچوکی فەقیرانە شەو و ڕۆژ دەست بە دوعا و پاڕانەوە بوون بۆ سەدام! ئەوانە چینێکی ناهوشیار و هەژار و بێ دەرەتان بوون، لێیان ناگیرا، و تیایاندا هەبوو هەتا کوڕی پێشمەرگە یان شەهید بوو .
ئەوانە لەو کاتانەی دوعایان دەکرد بۆ سەدام، هێزەکانی سوپا و جەیشی شەعبی وئاسایشی کوردستان یان وێران دەکرد! ئێستاش کەسانێکی بەناو ڕۆشنبیر وئیسلامی و هەتا فشەکەری نەتەوەچیش دەیانەوێت بە دوعا و کڕوزانەوەی پیرەژنانەیان بەرگری لە عەلی قەرەداغی و مەلا ئۆردوگانیەکانیتر بکەن!

[95] https://www.facebook.com/448537235615727/videos/171626737092404/

ئەوانە هەمان کردەی پیرەژن و پیرەمێردانی سەردەمی سەدام دووبارە کەنەوە، کە چاوپۆشیان لە هەموو تاوانەکانی سەدام دەکرد لەبەر پارەیەکی چڵکنی فەقیرانە! ئەو برادەرانەش دەیانەوێت بە باسی چەند کارێکی خێرخوازی قەرەداغی، هەموو خیانەتێک وبێ هەڵوێستیەکی عەلی قەرەداغی قەتەری بسڕنەوە، وەک چۆن پیرەکانی کورد بە مووچەیەکی رعایەی ئیجتماعی کەوتبونە هەلەکەسەما و هەموو تاوانی سەدامیان لەبیرکردبوو! بەڵام ئەو قسە بێ بنەما و عاتیفیاتە هیچ لە تاوانی ئەو عەلی قەتەرییە کەم ناکاتەوە. کە لە هەموو بۆنەیەک وکارەساتێکی تورک بەسەر کوردی هێنا بێت هەردەم لایەنگیری تورکی کردوە. ئەگەر کورد کێشەی لەگەڵ ئێران هەبێت، ئەوە دەزگا سونییە تائیفیەکەی هانی دەدەن بۆ قسەگووتن بە ئێران، چونکە قسەکان دەچێتە دژی شیعە، بەڵام ئەگەر خەلیفەی ئیخوان و یەکێتی ئیسلامی زانایانی موسڵمان، ئەردۆگان ئەگەر ناڕاستەوخۆش کۆبانێ کاوڵ کات بە دەستی تیرۆرستانی داعشیش عەلی قەرەداغی و یەکێتییە دوو ڕووە ئەردۆگانیەکەی بەیاننامەیەک دەرناکەن بۆ ئیدانەی داعشیش، چونکە دەزانن سوڵتان وخەلیفەکەیان لە دوای هێرشەکەی داعش بوو بۆ کۆبانێ! ئەگەر ڕاستەوخۆش وەک ئێستا هەوڵی لەباربردنی ڕۆژئاوا بدات، وکورد دەرکات لەسەر زێدی باب وباپیری ئەوە بێدەنگتر دەبن!

کابرایەکی ئیسلامی بەناوی بارزان ئەیوب خۆی وەک هونەرمەند دەناسێنێ، خۆی زۆر پێ کراوە و ئاسۆ فراوانە، بەردەوام باسی فرەژنی دەکات گوایە بە سوعبەت، زۆر جار هەڵوێستی باشیش نیشان دەدات وەک ڕەخنەی لە مەلا لەتیفی سەلەفی لەسەر سکاندالەکەی، ڕەخنەی لە کۆمەڵ، هەتا بەرگری باشیشی کردوە لە ڕۆژئاوا، بەڵام!

نازانم چۆن بەرگری لە ڕۆژئاوا دەگونجێ لەگەڵ بەرگری لە دژە هەڵوێست و یان ئەگەر خاتری بگرین لە بێ هەڵوێستی عەلی قەرەداغی؟!

کاک ئەیوب چونکە هەر ئیسلامیە، و ڕزگاربوون لەتەونی مەعنەوی ئیسلامی بوون هێندە ئاسان نییە وەک خۆی پێیوایە! جارێکیان بە منی گووت من ئیسلامی سیاسی نیم! بەڵام بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ئیسلامی سیاسییە تا سەر ئێسقان!
چووە لەسەر هەمان ستایلی ئیسلامی چیرۆکێکی بوستانی عاریفانی بۆ قەرەداغی داناوە، گوایە قەرەداغی "لەگەرمەی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتیا عەلی قەراخی لەیەکێک لەولاتە عەرەبیەکان ئەچێتە لای مەسئولێکی عەرەب و داوای هاوکاری ماددی لێ ئەکات بۆ منالْ و بێوەژن و کەمدەرامەتانی کورد ، کابرای عەرەبیش زۆر ڕقی لەکورد ئەبێت دەستی عەلی قەراخی ئەگرێت و تفێک ئەکاتە دەستیەوە ئەڵێ ئەوە هاوکاری بۆ کورد، عەلی قەراخیش دەستی ئەهێنێ بەدەم و چاوی خۆیداو بەکابرای عەرەب ئەڵێت ئەوە بەشی من بوو بەڵام بەجدی گەلی کورد هەژار و ستەم لێکراوی زۆرە لەبەرخودا بەشی ئەو مەزڵومانە هاوکاری بکە ، کابرای عەرەب شۆک ئەبێت باوەش بەعەلی قەراخیا ئەکات و داوای گەردن ئازادی لێ ئەکات و پێی ئەڵێ نەتەوەیەک پیاوێکی بەتەحەمولی وەک تۆی هەبێت پێویستە لەدنیاو قیامەت شانازیت پێوەبکەن و هەتا ماون مەمنونت بن کەئاوا لەولاتان سواڵیان بۆ ئەکەیت"

کورە برا چیرۆکەکانی بۆ سەید قوتبیان هەڵبەستوە هەمووی درۆ دەرچوو، دەتەوێ خەڵک بەو چیرۆکە عاتیفیە هەڵبەستراوە باوەڕ بکات؟!

لە قیژکەیەکی تردا دەڵێ قەرەداغی بە فەزڵی خودا و بە زیرەکی و بەهێز وبازووی خۆی گەیشتۆتە ئەو پلە، قەرزاری کەس نییە، دەسەڵاتی کوردی کورد قەرزاری ملیۆنەهای ئەون!

مانگانە موچەی هەزاران منالی بێ باوک و بێوەژن دابین ئەکات..." کورد هێندە هەژار وسواڵکەر نییە بەو چرە پارەیەی شەو ورۆژ بە چاوی دادەنەوە، خوا ڕووی گەندەڵان ڕەشکات دەنا دەبوایە پارەی خێر لە وڵاتی ئێمەدا بۆ هەژاران چوبایە، ئەو خێرەش لە ژێر ئاڕاستەیەکی حزبی وئایدیۆلۆژی دەکرێت، لە بنەڕەتیشدا پارەی سوالی خەڵکی موسڵمانە، کە ئیسلامییەکان زۆر کارامەن لە هونەری سواڵکردن. وەختە بڵێم سواڵکردن ڕوکنێکە لە ئەرکانی ئیسلام و هەموو دینەکان، هەر خودی دین هونەری سواڵکردنی مادییە بە مەعنەوی!

ئینجا لە کروزانەوەیەکی تری پیرێژنانە باسی زانکۆکەی قەرەداغی و هێندە قوتابی کوردی سوری وەرگرتوە، زۆر باسی ئەو بابەتەم کردوە دەزانم ئامانجیش لێی چییە، بەڵام کاک بارزان لای گرنگ نییە بە چ ئامانجێک ئەو کارە دەکرێ، زۆر زۆر دەبنە ئیخوانی وئیسلامی، خۆ خۆشی ئیسلامیشە هێندەش سپۆرت و تەنزبازە!

لە خاڵێکیتردا دیسان باسی خێرەکانی قەرەداغی دەکات بە ڕۆژئاوا، وەك دەڵێت: سەرەڕای زۆرترین جنێوی پێ دەدرێت ڕۆژنامەنوسانی کاسەلێسی حیزب و موڕاهیقان و دەم پیسانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان!

ئەو برادەرە سووکایەتی بە هەموو کوردێکی دڵسوتاو دەکات بۆ ڕۆژئاوا، کاتێ دەبینن میللەتەکەیان بە دەستی ئەردۆگانی هاوڕێی قەرەداغی بە ئاگر وئاسن دەکوژرێن ودەربەدەر دەکرێن، و عەرەب دەهێننە سەر خاک وماڵیان و دەیانەوێت دیموگرافیەتی کوردستان بەتەواوی لەباربەرن ۳ ملیۆن غەوارە لە خاکیان بچێنن، قەرەداغیش کە ڕەنگە تەنها دەنگێکی دینی کورد بێت لەناو زۆرینەی ئیسلامی و موسڵمانانی دنیا بیبیسترێ بێدەنگی لێدەکات، و بە فەزیلەت وچاکەشی دەزانێ کە بێ دەنگە! لەبەر خاتری چەند پەتوێک و خواردەمەنیەک بێدەنگ بن لە بێ هەڵوێستی!

ئەو برادەرە ئیسلامیشە بەڵام نرخی هەڵوێست و وشە نازانێت لە ئیسلامدا! لە ئیسلام جاروبار بە وشەیەک لە مەرگ ڕزگارت دەبێ! نویژنەکەر بۆ نمونە لە شەرعدا هاتوە ئەگەر لێیان پرسی بۆ نوێژ ناکەیت؟

گووتی باوەڕم پێ نییە هەر بە زەوق، دەکوژرێت!

گووتی وەڵڵا لەبەر تەمەڵی وتاقەتم نییە، ناکوژرێ!

شێخی شەعراوی پرسیاری لێدەکرێ دەربارەی ئەدیسۆن ئەو زانایەی ڕوناکی و کارەبای داهێناوە، و ژیانی خەڵکی ڕوناک کردۆتەوە، گەورەترین خزمەتی بە خەڵک کردوە، چارەنووسی چییە؟! دەڵێ لە دۆزەخە بەو هەموو خێرەی بە مرۆڤایەتیشی کردووە! چونکە نەبۆتە موسڵمان !

دەی عەلی قەرەداغیش بە سەدا یەکی ئەدیسۆنی خێری بە مرۆڤایەتی نەکردوە، دە ئەوەندەش خێرات دابەش کات، بەوەندە نایەت لەو ساتە هەستیارەی میللەتی کورد پێیدا تێدەپەڕێ و دووچاری جەنگی لەناوبردن وخاک گۆڕین و تەکفیرکردن بۆتەوە وا بێ دەنگ بێ، لەجیاتی لە دەنگدانی ئەردۆگان وڕیسواکردنی مەرامی شەڕانگێژی، دەیەوێت پەتی ڕزگاربوونی ئابووریە تەپیوەکەی بۆ هەڵدات، و دەیەوێت ئیستانبۆڵ بکاتە پایتەختی ئابووری ئیسلامی!

ئەخر ئیستانبۆڵ پڕی قەحپەخانەی ناو جامخانەیە، و بازرگانی سێکسی گەورەترین سێکتەری بازرگانییە، تۆ لەبەر مەرامێکی مادی وئایدیۆلۆژی نەبێ چۆن بانگەشە بۆ ئەو شەرمەزارییە دەکەیت؟! یان دەتەوێ ئەو سێ چوار ملیۆنەی گوایە لە ڕۆژئاوای سەرف دەکەیت بە هەزار قات تۆڵەی بکەیتەوە بۆ ئەردۆگان؟

!

ئینجا ئەگەر باس باسی ئابوورییە بۆ بە ئەردۆگان ناڵێیت تۆ لە ڕووی ئابوریەوە ملیارەها لە کوردستان قازانج دەکەیت، بە هەزار گزی وفڕ وفێڵ و عەنتەریات، بۆ نایەیت واز لەو شەڕە بهێنیت و کورد لە خەیاڵت دەرکەیت؟!

کاکە بارزان دوا تەنزی ئەوەیە خەڵک حەسودی بە قەرەداغی دەبات بۆیە قسەی پێ دەڵێن! دەک ماڵی تەنزتم ئاوا نەکرد، وەڵڵا هەموو کوردێکی دڵسۆز خۆزگە بە مەرگ دەخوازێ لە شوێنی قەرەداغی نەبێ!

کاکە بارزان دەزانم هەنگاوی باشت ناوە بۆ ڕزگاربوون لە تەونی ئیسلامی سیاسی، بەڵام هێشتا ڤایرۆسی ئیسلامی سیاسی و سەید قوتبیانەت زۆر پێ ماوە بەشی دەپازدە ساڵێتریشت دەکات تا لێی ڕزگار بیت و هەقیقەتەکان وەک خۆیان ببینیت.

## حاجی کاروان، ئێوە حزبی سیاسین یان جەمعیەتی خەیرین؟!

قیاداتی ئیخوانی ویەکگرتوو دەتوانن لەسەر دار وبەرد قسە بکەن، دەتوانن بانگەوازی بکەن بۆ سیاسەت وحزبێکی ئیسلامی سیاسی، دەتوانن سوودی سیاسی لەو بانگەوازیکردنە وەرگرن، و وەبەرییێنن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ وچوونە ناو پەرلەمان وبوونە ئەندام پەرلەمان، کە گەورەترین هێمای سیاسی کوردستانە.

بەڵام کە نۆرە دێتە سەر سیاسەتی ستەمکارانی ناوخۆی دەسەڵاتی گەندەڵان، یان سیاسەتی دەرەوەی حاکمێکی ستەمکاری هەوا ئیخوانی وەک ئەردۆگان و کەڵەگایەتیەکانی تورکیا، حاجی کاروان دەڵێ قسە لەسەر سیاسەت ناکەم! عەلی قەرەداغی خراپتریش پیرۆزباییش لە داگیرکاری و کوشتاری ئەردۆگان لە کورد دەکات!
بە هەردووکیان ناوێرن ڕەخنەیەکی جدی لە دەسەڵاتی پارتی و ئیدانەی ئەو مەحکەمە مەهزەلەیەی هەولێر بکەن. بۆ قەرەبووی ئەو بێ هەڵوێستییە، کەمێک پارە بە قوربانی و ستەملێکراوان دەبەخشن!
ماقولە تورکێکی وەک سەرۆکی قوبرس قسە بکات وئیدانەی خوێنڕێژی ئەردۆگان بکات، کە هەموو موقەدەراتی لە دەستی تورکیا و ئەردۆگانە، کابرایەکی گوایە کوردی وەک قەرەداغی، وقیاداتی ئیخوان نەوێرن بە وشەیەکیش ئیدانەی بکەن؟! بەڵکو بڵێن ئەو داگیرکاریەی تورکیا بۆ بەرژەوەندی ئاشتی و ئاوارەکانە؟!

ئیخوانی و یەکگرتووەکان نەک دەستی جەلاد ناگرن، بەڵکو پاڵپشتیشیان دەکەن، هەوڵیش نادەن دەستیان بگرن بە وشەیەکیش، تەنها چارەسەریان بڕێک یارمەتیدانی پارەیە. وەک علی قەرەداغی، بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ئەردۆگان دەنارد بۆ داگیرکردنی شارەکانی ڕۆژئاوا،

ومیدیای تورکی پڕ کردبوو لە ستایشی ئەردۆگان و دوعای سەرکەوتنی سوپا دڕندەکەی، لەولاوەش بۆ خۆڵکردنە چاوی ساویلکەکان، چڕە یارمەتیەکیشی بۆ قوربانیانی ئەردۆگان، ئاوارە کوردەکانی ڕۆژئاوای دەنارد... ئێستاش حاجی کاروان لە جیاتی ئەوەی خۆی و حزبەکەی ئیدانەی حوکمی قەرەقۆشەی ئەردۆگان بکەن، کەفالەتی مادی هەندێ لە خێزانە ئاوارە کوردەکان دەکەن! ئەرێ حاجی پێمان نالێی: ئێوە حزبی سیاسین یان جەمعیەتی خەیرین؟!

## فەیلەسوفەکەی یەکگرتوو ئەبوبەکر عەلی
## ئەو شینە بۆ ئەردۆگانە نەک کورد!

کاک ئەبوبەکر عەلی لەو بابەتە دەیەوێت بڵێ کە ئەو لە خەمخۆری بۆ کورد داوا لە هەدەپە دەکات کە هیچیتر تا کۆتایی پشتگیری لە جەهەپە نەکەن، چونکە جەهەپە کەمالیستن و هەمیشە دوژمنی دۆزی کورد بوون، کورد لە هیچ کاتێک بە قەد سەردەمی ئەردۆگان و ئاک پارتی ماف ودیموکراتیەتی بۆ دەستەبەر نەبووە!
بۆیە دەبێت هەمیشە بەردەوام بن لە پشتگیری ئەردۆگان، چونکە لیس في الامکان احسن مما کان! لەوەی هەیە چاتر نابێت!

من پێم سەیرە کە جەریئترین ژمارە لەناو یەکگرتوو وا قوتبیانە و ئیسلامیانە بیربکاتەوە! لە جیاتی ڕەخنەیەکی توند لە خیانەتی ئەردۆگان بگرێ بە دۆزی کورد، کە کورد بوون لە قۆناغی فریوخواردن بە ئەردۆگان، پێگەی ئەردۆگانیان پتەو کرد، دوایی گەورەترین زەبری لە کورد دا، ولە جیاتی کورد، چووە هاوپەیمانیەوە لەگەڵ مەهەپەی گورگە بۆرەی

ڕەگەزپەرست، هێشتا کاک ئەبوبەکر کاروانی داوای بەردەوامبوون لە فریوخواردن لە کورد بکات.!!!

کورد هێندە لە ئەردۆگان پەستە وهێندە ڕوخساری دزێوی وحیقدی ڕەشی بەرامبەر کورد ئاشکرا بووە، هەتا ئامادەنەبوون بە قسەی ئۆجەلانیش بکەن لە هەڵبژاردنی دووبارەی ئەستەنبۆڵ، هەرچەندە من دڵنیا نیم لەوەی ئۆجەلان ئەو لێدوانانەی دابێت لە بەرژەوەندی ئەردوگان و حزبەکەی!

منیش دەزانم جەهەپەی کۆن لە ئەردۆگانیش خراپتر بوونبەرامبەر کورد، هەتا ئیمام ئۆغلۆ سوپاسی دەمیرتاشیشی نەکرد لە سەرکەوتنەکەی، بەڵام ئەگەر جەهەپە هیچ گۆڕانێک بە سەر وتاری سیاسی نەهێنێ، لە حالەتێکدا یەکسان بوون لەگەڵ ئەردۆگان لە خراپیدا، یان بابڵێین خراپتریش بوون، هەر لە بەرژەوەندی کورد دایە هێزێکی شۆڤێنستی نەتەوەپەرست بیچەوسێنێتەوە، تا هێزێکی ئیسلامی شۆڤێنێستی هاوپەیمان لەگەڵ شۆڤێنیترین حزبی تورکی، کە حزبەکەی دەوڵەت باخچەلییە !

ئەگەر کورد لەلایەن ئەو تورکەی جەهەپە ستەمیان لێبکرێت، هەرنەبێ ملیۆنەها عەرەب و پاکستانی وهیندی و مالیزی و موسڵمانی تورکی چین و ئەندەنووسی و سۆماڵی و وڵاتی واق واق پشتگیری لە ئەردۆگان ناکەن، لە ستەمەکەی وەک ئێستا دەیکەن؟! تا ئێستا دەیان جار لەگەڵ ئەو موسڵمانە بێ مێشکانە تووشی دەمەقاڵێ بووم، تورک توانیویانە مێشکی زۆربەیان بشۆردنەوە، ئێمەی کورد نەک هەر بە ستەملێکراو نابینن، بەڵکو بە ستەمکار و دوژمنی حوکمی ئیسلامی ئەردۆگانمان دەبینن، چونکە ئێمە کافر و عەلمانی وبەکرێگیراوی سەلیبیەت وزایۆنیزمی جیهانین!!!

خۆزگە خەمەکە هەر لەگەڵ موسڵمانانی غەیرە کورد با، ئەمڕۆ سەدان وهەزاران کوردی ئیسلامی بەوپەڕی بێ هەستیەوە، وەک موسڵمانانی سۆماڵ و پاکستان و تورکستانی چین وکێوکوێ، پشتگیری لە ستەمی ئەردۆگان دەکەن لە دژی کورد، سەرەڕای ئەوەی ئاگادارن بە هەموو ورد و درشتی ستەمەکانی ئەردۆگان لە کوشتن وبڕین و ڕووخان و وێران!

ئەگەر جەهەپەش حوکم بکات دڵنیام، لە هەموو کوردستان دە کەسی خۆبەخشی وەک کاک ئەبوبەکر کاروانی نادۆزینەوە، بەو دڵسۆزیەوەی بەرگری لە ئەردۆگان و ڕژێمەکەی دەکات، بەرگری لە جەهەپە بکەن!

بۆیە کورد نابێ دڵ لە دڵ بدات لە ئەنجامدانی هەر کارێک ببێتە هۆی نەمانی هەژموونی ئەردۆگان و ئیسلامی سیاسی لە تورکیا چونکە ڕەهەندی گۆڕەپانی جەنگەکە تا بچووک بێتەوە چاکترە بۆ کورد.

## ئیسلام و شێواندنی ناسنامەی کوردی!

ئەوەش نموونەیەکی ترە لەو ناخ تەعریبکراوانەی ئیسلامییەکان، کە بەدوای قسە زلەکانی قوتب وکەسانیتر کەوتوون، کە دەڵێ ڕەگەزنامەی موسڵمان عەقیدەکەیەتی!

ئیسلام تەنها دەتوانێ کەسایەتی فەرهەنگی و شارستانی عەرەب بپارێزێت. دینێک هەموو کتێب وسەرچاوە ودەقەکانی عەرەبی بێت، هەتا پاش مردنیش لە مەحشەر و بەهەشت

بە عەرەبی بشتەغلی واتە قسە بکەیت بە کورمانجی، چۆن نابێتە پاریزەری عەرەب و عروبەت؟!

ئەو دینەیە زیاتر لە ٢٠ دەوڵەتی تەعریب کردوە، دەیەها گەلانی گەورەی خاوەن مێژووی وەک شام ومیسر و باکووری ئەفریقیای کردۆتە عەرەب بێ ئەوەی ڕۆژێکیش عەرەب بووبن!

لەبەر ئەو وەلائە عەرەبیەی لەو دینە دایە، ئەوانەی موسڵمانی ساویلکە وسافیلکەی وەک کوردن، هەر زوو لە قوڵایی ناخیان هیچ بایەخێکیان نامێنێ بۆ دۆزی نەتەوەکەیان، لەبەر دروشمی برایەتی ئیسلامی و نەبوونی فەرق وجیاوازی و ئەو شتانە!

ئەوانەشی موسڵمانیەتی بە وریاییەکی نەتەوەییەوە دەکەن، وەک تورک و فارسەکان، سەرەڕای وشیاریشیان هەر دەکەونە ژێر کاریگەری عروبەتی دینی، بێ ئەوەی هەست پێبکەن خزمەتی عروبەت دەکەن لە چەند لایەنێکەوە بەناوی دین. بڕوانە تورکیای ئەردۆگان و ئێرانی شۆڕشی خومەینی ئیسلامی، چ بایەخێک بە زمانی عەرەبی دەدەن، و چۆن سەدان هەزار سەرلەنوێ بە شەوقەوە خۆیان فێری عەرەبی دەکەنەوە، چۆن لەگەڵ ئەو پرۆسێسە دەیان وسەدان بیر و چەمکی عەرەبی بڵاودەبێتەوە بەناو کۆمەڵگاکانیان!

بەڵام تورک وفارس هێشتا ناگەنە ئەو ڕادەیەی وەک کورد، مەترسی لە دەستدانی ناسنامەی نەتەوەییان لێ بکرێت لەبەرامبەر خودی ئیسلامیش، چونکە توانیتیان چەند سنورێکی توند بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان دابنێن. ئەوەی لە ژێر مەترسییە کوردی

موسڵمانی ئیسلامییە، کە نەک بۆ عەرەب و عروبەت هەڵدەخەڵەتێ، بەڵکو بۆ تورک وفارسیش بەناوی ئیسلام ئامادەی فریو خواردنە!

زۆر لە تورکە ئیسلامییەکان لەبەرزترین ئاستەوە سوکایەتی بە سەلاحەدین ئەیوبی دەکەن، چونکە میرنشین ودەوڵەتۆچکە تورکەکانی نورەدین زەنکی تورکی شامی ڕوخاند، و یەک دەوڵەتی بەهێزی یەکگرتووی ئیسلامی لێ دروست کرد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی خاچپەرەستەکان. سەرەڕای ئەو کارە مەزنەی کە دەبێت ئەوەی یەک گەرد باوەڕی بە ئیسلام هەبێت پێی دڵخۆش بێت، بەڵام تورکەکان پێی دڵخۆش نین کوردێک سەرکردایەتی سیاسی و عەسکەری لە تورکێک وەرگرێت با لە پێناو خواش بێت!

ئەوان حەزیان بە چارەی سەلاحەدینیش نییە، بەو هەموو کاریزما مێژووییە ئیسلامیەوە، بەو هەموو سەرسامی موسڵمانانی جیهان پێیەوە، چونکە کورد بوو، کەچی ئیسلامی کورد فریو دەخوات بە ئیسلامیبوونی ئەردۆگانێک، کە هەموو جیهان دەزانێ نەخۆشی کوردۆفۆبیای هەیە، بەو بێ هەموو کورد لەناو ببات بە دۆست و دوژمن و کۆیلەکانیشیەوە، وەک جۆن بۆڵتۆن لە کتێبە نوێیەکەی دەڵێت: پێموایە کوردی چاک لای ئەردۆگان تەنها کوردێکی مردوە !
ئەردۆگانێک ئێستا سەرچۆپی ئەو هەوڵانە دەکات لەگەڵ ئێران وعێراق بۆ لەناوبردنی قەوارەیەکی لاوازی ملشۆڕی ژێر ئەمرو فەرمانی خۆی، کە قەوارەی هەرێمی کوردستانە!

ئەگەر موسڵمانی سادەی تورک وفارس فریو نەخۆن بە ناوی ئیسلام زیان بە خۆیان بگەیەنن، کەچی کورد لەسەر ئاستی نوخبەی دینداری و دەیان دکتۆر و زانای دینی وەک

عەلی قەرەداغی و عوسمان عەلی و مستەفا موسلم، دەیان خاوەن دکتۆرای دینیتر خۆبەخشانە خزمەتی دوژمنێکی گەورەی کورد ئەردۆگان دەکەن لە ژێر ناوی دین!

گوێبگرە بۆ ڤیدیۆی هاوپێچی مصطفی مسلم، کە دەیان بڕوانامەی هێناوەتەوە لە زانستە ئیسلامیەکان، و دکتۆرای لە زانکۆی ئەزهەری ئیسلامی هێناوەتەوە، یەکێکە لە ناودارترین زانای تەفسیری قورئان، و دەیان کتێب و سیمناری دینی هەیە، هێمایەکی گەورەی ئیخوانە، لە جیاتی ئەو زانستە دینیەی ببێتە چەکێک بۆ کورد وناسینی هەقیقەتی ئەرددۆگان، بە پێچەوانەوە داوا لە هەموو کوردی جیهان دەکات پشتگیری ئەردۆگان بکەن!

چونکە سەرۆکێکی موئمن و بسلمانە، و کورد دەبێ مەمنون بێت کە ئێستا دەتوانێ بلێ کوردم و یەک دوو سەعات تەلەفزیۆنی کوردی هەیە، چونکە پێش ٢٠ ساڵ نەیدەتوانی بلێ کوردیشم!
ئەو خۆفرۆشە ئێستا لە تورکیا سەرۆکی زانکۆی زەهرای ئیسلامییە، بۆتە زوڕنایەکی دەوڵەتی تورک، و پڕۆژەی ئیخوانی ئەردۆگانی، هەر لەپاش داگیرکردنی عەفرین بە تەکلیفی دەزگای دیانەتی تورکی، سەردانی عەفرینی داگیرکراوی کرد، تیایدا وەک مورتەزیقەکانی سوپای ئازاد و تورک کە بە کورد دەڵێن کافر و مولحید، وەک قەرەداغی گووتی: خەڵکی عەفرین هەڵەن ٥٠ ساڵە خزمەتی بیری کۆمەنستی دەکەن، دەبێ ڕێگای ئێمەی زانایانی موسڵمان بدەن تا ڕێگایان نیشان دەین، و بیانگەڕێینەوە سەر ڕێگای هیدایەت! لە لێدوانیتر دەڵێ پەیەدە نوێنەرایەتی دە لە سەتا کوردیش ناکەن، خاوەن بیرێکی شەڕانگێژ و خراپن ! هیدایەتی مستەفا موسلیم بەوە دەستی پێکرد، گروپێکی تیرۆرستی چەکدار بەناوی بزوتنەوەی سەلاحەدینی کوردی، چڵکاوخۆری تورکیای لە سێپتەمبەری ٢٠١٨ دروست بوو، کە وێنەی مستەفا موسلیم هەڵدەگرن!

من پێمباشترە سەد ساڵ کۆمەنست و مولحید بم لەگەڵ کورد وبەرژەوەندی کوردستان بم، نەک موسڵمان و ئیخوان بم بۆ ساتێک دژی کورد و کوردستان بم.
ماویەتی بڵێین ئەو زڕتە زەلامە زلە بەو بیرە دژە کوردەوە، بەداخەوە برای سەرکردەیەکی خەباتگێڕ و گەورەی پەیەدە، ساڵح موسلیمە.
چی ساڵح موسلیمی کردە خزمەتکاری میللەتەکەی، وچی مستەفا موسلمی کردە خزمەتکاری تورک و ئەردۆگان؟! بێگومان وەلا وبەڕای قوتبیانەیە کە مرۆڤ دادەماڵێ لە هەموو وەفایەك بۆ گەل وخاك.

## پەروەردەی قوتبی ئیخوانی یەکگرتوو لەوانیتر ترسناکترە!

ئەی نەمگووت جاشی عەقیدەیی و جاشی وەلائوبەڕاء زۆر ترسناکترن لە جاشی پارە و پایە و لاوازی دەروون!
ببینە ئەوەی ئەو گەنجە یەکگرتووە دەیڵێت، هیچ چوارپێیەکی دینداری تورک و عەرەب و فارسیش وا تێنووە بە خوێنی میللەتەکەی خۆی؟!
هاوڕێیەکی بەڕێز ئەو پۆستەی بۆ ناردم کە تووشی شۆکی کردم، کە گەنجێکی کورد بە ناوی دینداریەوە کێرڤی دژایەتی میللەتەکەی خۆی وا بەرزبێتەوە!

ببینە ئەو بیروباوەڕە مونحەریفەی ئیسلامی سیاسی چەندە ترسناکە چۆن مندال و گەنجانمان دەکاتە دوژمنی کەس وکار و میللەتی خۆیان! ئەوەیە جێبەجێکردنی وەلا وبەڕای سەید قوتبیانە، کە هیچ حیسابێك بۆ قەوم و خاك و مێژوو و کلتوری میللەتانی خۆیان ناکەن!

ئەو برادەرە ئاواتە خوازە تورک وعەرەب و داعش و ئێرانیش هەموو کوردی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراقیش لەناو ببات، نەك تەنها عەلمانیەکان! دوایی دەڵێت پێشمەرگە وعەلمانیش!

نەفرەت لە ئەخلاق و ئەو جۆرە دینداریە و دینیشت کەوا دڕندەت بکات ئاواتەخواز بیت هەموو کورد لەناو بچیت لەبەر عەقیدەیەکی بۆگەنی سیاسی دینی جاهیلی کە تەنها ڕقی لێ بەرهەم دێت !

ئەوە دەقی پۆستەکەی ئەو نا ئینسانەیە، کە ئەگەر کەس نەدۆزنەوە ڕقیان لێبێتەوە ڕقیان لە دایك وباوکیان ئەبێتەوە!

"خوایە گیان گەر تورک و داعش و ئێران و عەرەب بە ڕۆژێک هەموو کوردی سوریاو کوردی تورکیاو کوردی ئێران و هەموو پێشمەرگە و عەلمانییەکانی کورد لەناو بەرن سوێند بەناوە پیرۆزەکانت
تەنها بۆ یەک خولەک خەفەتی لێ نەخۆم"

بۆ خەم دەخۆیت خۆ گەلحۆکانی هاوڕێت لەناو داعش سەری پێشمەرگە و شەڕڤانان دەبڕن، خۆ گەلحۆکانی وەك تۆ سەری دایکیان بڕی چونکە عەلەوی بوو!

## بەناو سەربەخۆکانیش بوونەتە قوربانی تیۆری ڕەگەزنامەی قوتب!

## ئەردۆگانیەکی گەرمیانی!

ڕاستە عوسمان عەلی [ناسراو بە ئازاد گەرمیانی] وەك دڵشاد گەرمیانی توندڕەوی سەلەفیەتی زاهیر نییە و وەك قەرەداغی یش ناودار نییە، چونکە ئەفەندییە و بێ عەبا ومێزەری فریودەری دینە، بەڵام وەك لە وتارێکدا گووتم:[ئەو ئەردۆگانیە بناسن، عەلی قەرەداغی لە چاو ئەودا شێخ سەعیدی پیرانە!]. ئەو پیاوە بە ئاشکرا خزمەتی ئەجیندای ئەردۆگان دەکات لە سەرتاسەری کوردستان، دەیەها وتاری بۆ سایتە تورکی و ئینگلیزیەکانی تورك دەنووسێت، کە هەمووی لە بەرژەوەندی سیاسەتی ئەکەپە و ئەردۆگانە بە ڕیعایەتی پارتیش، کە پاش زەواجی پێنجەمی لە خزمانی پارتی زیاتر خۆی کردۆتە گرێدراوی ئەردۆگان، و ئێستا پاداشتیان کردوە و لە زانکۆیەکی تورکیا کردویانە بە وانەبێژ!

ئەوانەی کە دڵخۆشن بە داگیرکردنی عەفرین، هەتا ئەگەر بە گریان و فیغانیش پێ خۆشبوونی خۆیان بشارنەوە، لای کەسانێکی وەك من و زۆربەی خەڵکی دڵسۆز بۆ کورد ناشاردرێنەوە! چونکە مرۆڤ لە تۆن و وشە و شێوازی دەربڕینیدا خۆی ئاشکرا دەکات، بۆیە لە کۆنەوە دەڵێن: کورد بدوێنە شەرحی حاڵی خۆی دەکات!

"ئەو زەلامە زۆر بێ شەرمانە، هەموو قسەکانی موخابەراتی تورکی وئەردۆگان، بە زیادەوە دەسەلمێنێت لە دژی پەیەدە وکوردانی باکووردا...لە وتارەکانی دەڵێت پەیەدە بەکرێگیراوی ئەسەد و ئێرانن، دەرکەوت سوریا و ئێران چۆن تەماشا کەر بوون بۆ عەفرین!

دەڵێت پەیەدە بوو تەقاندنەوەی لە ئەنقەرە کرد! پەیەدە ئەو چەکانەی بە یارمەتی وەریدەگرێت لە ئەمریکا و وڵاتانیتر بۆ پ ک ک ی دەنێرێت! دەڵێت پەیەدە گەریلا

لەکوردستانی سوریا مەشق پێدەکات و دەیاننێرێتە تورکیا! پەیەدە ستەمی کردوە لە عەرەب و تورکان وەك قسەکانی میتی تورکی و ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ!"

عوسمان عەلی [ئازاد گەرمیانی] بە وتارە چەواشەکارە عەرەبی و تورکی وئینگلیزیەکانی بۆ پشتگیری لە ئەردۆگان و کۆمەڵکوژیەکەی، دەشارێتەوە لە بەرگی خەمخۆریدا بۆ کورد! وادەزانێ خەڵك هەمووی ئەو پێڕە ئیسلامییە گێلانەن کە لە دەورویدا زۆر بێ شەرمانە بەو ڕشانەوانەی دەڵێن: دەستخۆش دکتۆر!

لەو وتارەش ناتوانێت پێخۆشحاڵی خۆی بە کەوتنی عەفرین بشارێتەوە و دەیەوێ خۆی وەك ئامۆژگاریکەرێك نیشان بدات، داوا لە سەرکردەکانی کورد لە تورکیا و سوریا دەکات پشت بە هاوکاری دەرەکی نەبەستن [وەك بڵێی زۆر پشتیان پێیان بەستبن!] چونکە قەدەرمان وایە لەبەر جوگرافیا لەگەل تورک بژین و ڕژێمی تورک خاوەن شەعبیەت وهێزی عەسکەری گەورەیە ، دەبێت قیادەی کوردی عەقڵیەتی چەپگەرایی خۆی بگۆڕێ کە لە ژێر هەژموونی چەپی تورکی و هەیمەنەی عەلەویەتە، بۆیەش پاڵی پیوە دەنێن بۆ بەگژچوونەوەی حکومەتی تورکی! یانی حکومەتی تورک عەیبی نییە، ئەو پەکەکە و پەیەدەن پڕی دەدەنێ بە پاڵنەری چەپی تورک و هێزی عەلەویەکانی ناو پەکەکە!

دەڵێت لەبەر ئەجێندای چەپڕەوی تورکی کورد لە باکوور قوربانیان بەو هەلە زێڕینەدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی لەگەل ئەردۆگان، ودەڵێت دەمیرداش هەرزەکار بوو لە سیاسەت! هەموو دنیا دەزانێ کە ئەردۆگان لەیەکەم ساتی کۆتایی هەڵبژاردنەکەوە دژی هەر هاوپەیمانیەک بوو لەگەڵ هەدەپە، ئەو خۆفرۆشە زاکیرەی کورتە یان لەبەر خۆفرۆشی دەبیت بیانوو بۆ ئاغاکان و سوڵتانەکەی بهێنێتەوە. ئەردۆگان تەنها دەتوانێ هاوپەیمانی لەگەڵ

حزبی نەتەوەیی تورکی شۆڤینی بکات، کە ئێستا خۆشی بۆتە ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی ئەجیندای شۆڤێنیەتی تورکی حزبی دەولەت باخچەلی.

ئەو ئازاد گەرمیانییە سووکە کوردە، وەك پیشەی هەر خۆفرۆشێك بەردەوام دەبێت لەسەر هێنانەوەی پڕوپاگەندەی میتی تورکی ودەزگا شۆڤێنییە میدیاکانیان ودەلێت: هەدەپە بە ئەجیندای چەپرەوی توندڕەو چووە ناو هەڵبژاردنەوە و ژمارەیەکی زۆری چەپڕەوی توندڕەو و عەلەوی و کەسایەتی هاوڕەگەزبازیان کاندید کرد، وداوایان لە کوردی موسڵمان کرد دەنگ بدەن بەو شاز و مونحەریفانە [مەبەستی هاوڕەگەزباز وهۆمۆسێکچوالانە]!

ئەو شانامە درۆیەی مەکینەی میدیایی ئەردۆگانی بۆ سەلاحەدین دەمیرتاشیان دروستکردوە، کە ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ بەشێوەیەکی کەسی ئەو قسەیان بۆی هەڵبەست، شەرم ناکەن، هەر خۆشیان پەخشیان کردوە، گوایە دەمیرتاش باسی پێدانی مافی هاوڕەگەزبازانی تورکیای کردوە! سەرەڕای ئەوەی دەمیرتاش خۆشی نکوڵی لە وتنی قسەی وا کرد، بەڵام دەزگا جاسوسی وکەسە جاسوسەکان هەر دەڵێن ودەیڵێنەوە، ئەوە لە کاتێکدا دادگاکانی ئەردۆگان سزای هەر کەسێك دەدەن بەو هۆمۆسێکچوالانە بڵێت مونحەریف چەندین کەیسی وا ڕویداوە لە تورکیا!

هەموو دنیا دەزانێت، کە ئەردۆگان فەشەلی هێنا لەوەی ڕژێمی تورکیا بکاتە سەرۆکایەتی، کاتێ هەدەپ سەرکەوت لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥، بۆیە کەوتە گرتن وکوشتن وڕاونانی هەدەپە، وهەتا لە ڕۆژی هەڵبژاردنی دووبارە دەستدرێژیان دەکردە سەر دەنگدەرانیش، وهەزارەها تەزویر وپێشێلی کرا بە شاهێدی ڕێکخراوە بێ لایەنەکان، کەچی ئەو

گەرمیانییە عەقڵ تورکچییە دەڵێت: هەدەپە لە خولی دوەم چونکە فەشەلی هێنا، گووتی خەتای تەزویر و تۆقاندنی ئەردۆگان بوو!

یانی هەتا چەندین نووسەری تورکە شەریفەکانیش، ئاگاداری ئەو تەزویر وتۆقاندنەن، کە جەندرمەکانی ئەردۆگان کردیان، کەچی ئەو کڵاوخوارەی تورکان پاکانەی بۆ دەکات و هەموو تاوانەکان دەخاتە ملی کورد!

ئەو بەناو ئەکادیمیە چەواشەکارە وا قسە دەکات، تورکێکیش پێی شەرمە وا درۆ بکات، وەك بڵێی پەیەدە هێرشی کردبێتە سەر تورکیا، نەك تورکیا لە سنوور بۆیان پەڕیبێتەوە! دەڵێت: لە عەفرین سەرکردەکانی پەیەدە [یەپەگە] چوونە ناو وەهمێك کە دەتوانن حکومەتی تورکی ئیسلامی بڕوخێنن! بەو کەمە چەکە ی هەیانە وبەو پێڕە مارکسیانەی کە لە ئەوروپاوە هاتنە ناویان، و بە پاڵپشتی وەهمی ئەمریکا وڕووس و ڕژێمی ئەسەد! بۆیە [چوونە] شەڕێکی نابەرابەر، بەر لە کاتی گونجاو لەگەڵ سوپایەکی مەزنی زەبەلاحی ناتۆ، کوردەکان گوتیان عەفرین دەکەنە گۆڕستانی داگیرکەرانی تورك. بەڵام ئەنجامەکەی لەناوبردنی سەرتاسەری زۆربەی لادێکانی کورد بوو، و عەفرینیش لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێك تەسلیم بە سوپای تورک و سوپای ئازاد کرا!

ئەوەیە درۆی مرۆڤی نا موحتەرەم و سووک لە ناخی خۆیدا! کەی پەیەدە لە خەویش بیری لەوە کردۆتەوە حکومەتی ئیسلامی ئەردۆگان بڕوخێنێ؟! کەی یەپەگە گوللـەیەکی دژی سنووری تورک تەقاندوە سەرەڕای ئیستیفزازی بەردەوامی تورکیا؟! ئەخر تورکێکی بێ شەڕەفیش ئەو قسانەی نەکردوە وپێی نەکراوە! کەی کورد لە سوریا چۆتە ناو شەڕی تورکیاوە؟! ئەگەر کورد هێرشکەر بێت بۆ دەڵێن عەفرین دەکەنە گۆڕستانی تورك؟! دوایێ پاش شەست ٦٠ ڕۆژ لە بەرگریەکی بێ وێنە بەرامبەر دووەم سوپای ناتۆ و مریشکدزانی

سوپای جیش الحر، و بێ پشتیوانی هیچ کەسێك ئینجا عەفرین کەوتە دەستیان، کەی لەماوەی کەمتر لە سەعاتێك کەوتوە؟! ئەخر ئەردۆگانیش درۆی وای نەکردوە بڵێ عەفرین بە سەعاتێك کەوتوە!

ئینجا ئەو میتە ئیسلامییە بێ شەرمە دەڵێت پەیەدە دەیتوانی لەو شەڕە خۆی لادا، ئەگەر پاشکسەی کردبا لە کۆمەڵێ سیاسەتی چەوت! خۆی بەدرۆدەخاتەوە کە پێشتر دەڵێ پەیەدە چووە شەڕ دژی تورکیا، کەچی ئێستا دەڵی دەیتوانی خۆی لە شەڕەکە لادا! کەوابوو شەڕەکە ئەردۆگانی سوڵتانت سەپاندوویەتی!

ئەو سیاسەتە چەوتانە چییە کە پەیەدە دەبێت ڕاستیان کاتەوە:

یەکەم: واز لە هاوپەیمانیەتی دیمەشق وتەهران بهێنیت!

دووەم: گرەونەکردنی تەواو لەسەر ڕووس و ئەمریکاییەکان!

سێیەم: وازهێنان لە بیرۆکەی حزبی قائید و حزبەکانی ئەنەکەسە و پێشمەرگەی ڕۆژئاوا بخاتە ناو حکومەت! پێدانی گرەنتی بە تورکیا کە قەوارەی کوردی ڕۆژئاوا هیچ مەترسیەک دروست ناکات لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکی!

یانی بەکورتی ببنە وەک پارتی بۆ تورکیا، سزاشیان دا و لێشیان دا و خەڵکیشیان لێ هاندا، هەر تەسبیحات بۆ ئەردۆگان بکەن!

ئەوانە هەمووی قسەکانی میت و میدیای ئەردۆگانن، ئەگەر پەیەدە وەک نوێنەری کورد لە سوریا، ئەو هاوپەیمانە بووایە لەگەل دیمەشق وتەهران و ڕووس وئەمریکا، ئەو وڵاتانە وا تەماشا کەر نەدەبوون بەرامبەر ئەو هێرشەی تورکیا بە قورسترین چەکی ئەرزی و ئاسمانی!

ئەوەی زەرەیەك ویژدان و ئەخلاق و ئیمانی هەبێت قسەی وا ناكات. نالێت ئەردۆگان بۆتە سۆزانییەک ئامادەیە لەگەڵ ئێران و سوریا و ڕووسیا و ئەمریکا و ئەوروپاش بخەوێت، تەنها لێیگەڕێن کورد تێکبشکێنێ، هێشتا کورد تۆمەتبر دەكات بە خۆفرۆشی بۆ ئەو وڵاتانە!؟

ئینجا وەك خۆی ئاماژەی پێدەكات، دەیەوێ ئەو حزبە خۆفرۆشانەی ئەنەكەسە و پێشمەرگە مریشكدزانەی ڕۆژئاوا كە سەر بە توركیا وپارتین بخاتە ناو حكومەتی ڕۆژئاوا، تا وەك حكومەتی باشوور ببنە پیاوی ملكەچی ئەردۆگان، هەتا ئەردۆگان سواریشیان بێت، ئەوان بروسكەی پیرۆزبایی داگیركردنی عەفرینی بۆ بنێرن![96]

## وتارێکیتر بە ڕوحیەتی جەندرمەیەکی بێ ویژدانی تورکی!

هەر عوسمان عەلی ناسراو بە ئازاد گەرمیانی، وتارێكی بە عەرەبی بە ناونیشانی: "تركیا والولایات المتحد ة والحزب الاتحاد الدمقراطی (PYD) الكردی والافاق المستقبلیة" لە سایتی ستاندارد كورد بڵاوكردۆتەوە، بە ڕوحیەتی جەندرمەیەكی بێ ویژدانی توركی شۆڤێنی نوسراوە، بە یەك وشەش هەتا ئاماژەی بۆ كوژراوە مەدەنیەكانی دەستی شۆڤێنستەكانی خەلیفە خوێن ڕێژەكەی ئەردۆگانی نەكردوە! ئێستا من زیاتر بۆم ڕوونە بۆچی كورد تا ئەمڕۆ وابێ ماڵ و دەوڵەتە و هەر لە ژێر دەستی دوژمنان دایە!

[96] ٢٠١٨/٣/٢٠

ئەگەر دکتۆرە مێژوونووسەکەی، کە دکتۆراکەی لە کەنەدا هێنا بێت، وا بێ ویژدان بێت دژی میللەتەکەی، و ئەو هەموو کارەساتە مێژووەی بەسەر کورد هاتووە لە ئەنجامی نەزانی و خۆفرۆشی نوخبەی ڕۆشنبیری، وانەیەکی فێرنەکات و بە کەمترین نرخ بەخۆڕایی خۆی بفرۆشێت بە ئەردۆگانی شۆڤێنست، وەك جاشێکی عەقیدەیی، ئەی چی لە جاشێکی نەخوێندەواری دوژمنداری بێ ئاگا بکەین؟!

ئەو زەلامە زۆر بێ شەرمانە، هەموو قسەکانی موخابەراتی تورکی وئەردۆگان، بە زیادەوە دەسەلمێنێت لە دژی پەیەدە وکوردانی باکووردا...دەڵێت پەیەدە بەکرێگیراوی ئەسەد و ئێرانن، هەتا ئەمریکاش ئەو قسەیەی بەدرۆخستەوە! دەڵێت پەیەدە بوو تەقاندنەوەی لە ئەنقەرە کرد! پەیەدە ئەو چەکانەی بە یارمەتی وەریدەگرێت لە ئەمریکا و وڵاتانیتر بۆ پ ک ک ی دەنێرێت!

ئەو خۆفرۆشە وەك میتی تورکی، دەڵێت پەیەدە گەریلا لە کوردستانی سوریا مەشق پێدەکات و دەیاننێرێتە تورکیا!

پەیەدە ستەمی کردوە لە عەرەب و تورکمان، وەك قسەکانی ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ!
من لەوتارێکدا بە ناونیشانی:[ نووسین بە ڕوحیەتی ئیسلامی تورکی!] لە دوو ئەڵقەدا ماهیەتی عوسمان عەلی یم بۆ خوێنەرانی کورد دەرخست و لە بەشێکیدا گوتومە: "قەت باوەڕ ناکەم میللەتێك لەو جیهانە هەبێت نوخبە و دەستەبژێرەکانی بە ڕادەی کورد ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەبێت، کاتێك وتاری عەرەبێك یان تورکێك یان فارسێکی شیعی یان سێکیولار، دەخوێنیەوە لەسەر دۆزی کورد، ئێمە چاوەڕوانی هەموو تەزویرو بێ ویژدانی و داڕمانێکی ڕەوشتی و بەهایین لێدەکەین، بەڵام بەداخەوە هەندێك نووسینی بەناو

کوردانێك دەخوێنینەوە، هەست دەکەیت بە ڕوحیەتێکی بێ ڕەحمانە و بێ ویژدانانە، زیاتر لە ڕوحیەتی نەتەوەی سەردەستی تورك یان عەرەب نووسراوە. [٩٧]

عوسمان عەلی، ناسراو بە ئازاد گەرمیانی، خۆی دەزانێت من موجامەلات نازانم، لە گەرمترین کاتی دۆستایەتیم لەگەڵیدا ڕەخنەی خۆمم پێی گوتوە بەوپەڕی دڵسۆزی و ڕیزەوە، بەڵام بەوپەڕی ڕاشکاویەوەش. هیچ کاتێك ئەو پەیوەندیە نا هاوسەنگیەی ئەو و تورکەکانی ئاك پارتی ئەردۆگانم بە دڵ نەبووە، خۆشی ئەو هەقیقەتە دەزانێت.

**لە بیرمە جارێك نامەیەکی پڕ لە ئامۆژگاری نووسیبوو بۆ ئەردۆگان و عەبدوڵلا گوڵ، کە چۆن هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ کورد و دۆزی کورد، کە ئەو کاتە پەیوەندیان لەگەڵ باشوور بە گشتی و پارتیش خراپ بوو، داوای ڕای منی کرد لەسەر نامەکە، منیش وەك کوردێك و برایەکی دینی و لە پرنسیپی الدین نصیحة، دین ئامۆژگاریە، پێیم گووت: ئەو نامەیە ئەگەر ناوی تۆی لەسەر نەبا دەمگووت لە نامەی سەرۆک مستەشارێکی وەك ارشد زیباری دەچێت بۆ سەدام حسێن نووسیبێتی، ئەو نامەیە لە کەسێکەوە نەنووسراوە خەمی دۆز و مافی کوردی هەبێت، بە قەد ئەوەی خەمی باڵادەستی دوژمنی میللەتەکەی بێت لە ژێر هەر پاساوێك و پەردەیەك وبیانوێك بیت! وابزانم ئێستاش نامەکەم لە ئەرشیفێکدا ماوە .ئەوەش هۆکارە زاهیرەکەیە لای ئازاد گەرمیانی لە پاکانەکردن بۆ ئەو هەڵوێستانە، چونکە من هەموو هۆکارەکان نازانم، لەبەر ئەوەیە چونکە حزبە کوردیەکانی**

٩٧

٢٠١٦/٢/٢٨

**باشوور و باکوور سێکیولارن و دژە ئیسلامن، بەڵام دەسەڵاتی تورکیا بۆ نمونە ئیسلامی و هەڵگری پرۆژەیەکی ئیسلامی پەنهانین.**

جارێکیتریش کە بابەتێکی لەسەر کەرکوك و پەیوەندی کورد وتورکمان نووسیبوو، کە من ئێستاش بابەتەکەیم ماوە، لە عەرەبێك و تورکمانێك بەخشندەتر بوو، لە دانهێنان بە وەی کەرکوك پێناسنامەی تورکمانییە یان ناتوانیت بڵێیت کوردیە یان تورکمانی یان عەرەبی، بەڵکو ئەو گومانەی دەخستە پێناسنامەی هەولێریش، وەك توندڕەوترین ئەندامی جەبهەی تورکمانی! منیش وەك سەرنووسەری گۆڤار، ئەو بڕگەیەم لە وتارەکەی بڕی، یەکەم لەبەر سومعەی خۆی، دووەم لەبەر سومعەی گۆڤارەکە و خۆشم وەك سەرنووسەر، بێگومان زۆر توڕە بوو، بەڵام منیش ڕای خۆم پێی گووت، دوایی هەر بە هەمان بڕگەکانی بڵاویکردەوە لە چەند گۆڤار وسایتی عەرەبی، کە وتارەکە مایەی دەستخۆشیەکی زۆری عەرەب و تورکمان بوو!

سەیرم لەوە دێت مرۆڤ نزیکەی بۆ دەساڵێك دەبێت گەرابێتەوە کوردستان، هێشتا بچوکترین گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ئەو نەزعەیە ئیسلامییە سەرەتاییە توندئاژۆیانەی لەو پیاوە دایە نەگۆڕیوە، بە هەمان ڕوحیەتی جاران پشتگیری لە ئەردۆگان دەکات، وادیارە وجودیشی لە ناوچەی پارتی و نزیك بوونەوەی لە بازنەکانی پارتی زیاتر هاندەرە بۆ ئەو ئەردۆگانیزمیستەی کە بەڕای من هیچی کەمتر نییە لە ئەردۆگانیستیەکەی شێخ عەلی قەرەداغی، کە وابزانم کار وابڕوات دەبێتە دیاردەیەك لەناو ئیسلامیەکان لە ژێر ناوی قەرەداغیزم.

بەداخەوە لەو وتارە کاک عوسمان، هەروەك چاوەڕوان بووم یەك تاقە قسەیەکی خێریش بۆ کورد ناکات، من زۆر وتاری تورکەکان بە ئینگلیزی دەخوێنمەوە، لە هەموو ئاڕاستەیەکی

سێکیولاری و ئیسلامی و نەتەوەیی، بە خودای گەورە تورکەکان زۆر مونسیفتر و عادیلتر بوون لە دابەشکردنی ڕەخنەکان، بەسەر ئەردۆگان و پەکەکە!

من لێدەگەڕێم خۆی قسەکان بکات، تەنها وەریدەگێرمە سەر کوردی و دەقە ئینگلیزیەکەش دەتوانن لە لینکی وتارەکە بچنەوە سەری، لەگەل کۆمێنتێکی خۆم: "بریاری نا عاقلانەی هەدەب بە لەکیسدانی هەلی ئەوەی ببێتە نوێنەرێک لە پڕۆسەی ئاشتی، کە لەلایەن ئاک پارتی دەستی پێکرد، ئەویش بە پشتگیری کردنی لە توندوتیژی پ ك ك، بووە هۆی بێ هیوابوونی کورد لە هەدەب، چونکە کورد ئەو پڕۆسێسە بە تەنها ڕێگا بۆ بنیاتنانی ئاشتیەکی هەمیشەیی لە ناوچەکە دەبینێت".

عوسمان عەلی نازانم چۆن تۆمەتی پشتگیری هەدەپ بۆ توندوتیژی پ ك ك وابێ باکانە دەبەخشێتەوە، چونکە ئەگەر وابا ئەردۆگان دەمێك بوو هەدەپی داخستبوو. دووەم سەیرە یەکێك خۆی بە کورد بزانێت لەسەر برین و ناسۆری کۆبانێ باز بدات، کە هەموو جیهان شاهێدی بوو، چۆن ئەردۆگان یارمەتی تیرۆرستانی داعشی دەدا بۆ کوشتنی کورد، چۆن ئەو تەقاندنەوانەی گەنجانی جوانی هەدەپە لە پرسوس و ئامەد و ئەنقەرەت چاوپۆشی لێکرد، کە هەموو جیهان دەزانێت کاری سوڵتانەکەتە!؟

چۆن ئەوە لە بیر دەکات کە هەتا بڕیاری لێدانی داعش لەلایەن ئەردۆگان بۆ لێدانی یەپەگە و پ ک ک بوو، بە شاهێدی هەموو ڕۆژنامە موعتەبەرەکانی جیهان. ئینجا کەی ئەردۆگان ئامادە بووە هەدەپ بکاتە هاوبەش لە دەسەڵات؟! باشە گوتمان هەدەب بریاری بێ عەقڵانەیدا، باشە بۆ ئەردۆگان لەگەل مەهەپ و جەهەپ حکومەتی پێك نەهێنا؟!

جاری وەهمێك هەیە لای ئیسلامیەکانی کورد بەگشتی کەوا ئەردۆگان پرۆسەی ئاشتی دەست پێکردوە لەگەل کوردا!

لە ڕاستیدا تورگوت ئۆزال ١٩٢٧- ١٩٩٣یەکەم سەرۆکی تورکیا بوو، لە حزبی نیشتیمانی دایك [ئەنا پارتی] کە سیاسەتی کرانەوەی کوردی دەست پێکرد لە نەوەدەکان، لە پاش یەکەم دانیشتن لەگەڵ پ ك ك، بڕیاری ئاگربەستی پ ك ك دەرچوو ١٩٩٣/٣/٢٠، ئۆزال کە نیوەی کورد بوو، تا سەر ئێسقان حەزی بە چارەسەری ئەو کیشەیە دەکرد و هەوڵی زۆریشی بۆدا، و مرۆڤێکی تا بڵێی دیموکراتی ڕاستەقینە بوو، بە هانای کوردیش هات لەکۆڕەوە گەورەکە، هێندەی نەبرد لە بارودۆخێکی تەم ومژاویدا گیانی لە دەستدا، زۆربە سیاسەتوان و بیرمەندان و نووسەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە بە دەستی ناحەزانی ئاشتی ڕەشکوژ کرا.

من گومانم نییە ئەگەر تەمەن بواری تورگوت ئۆزالی دابایە، دەمێك بوو کیشەی کورد چارەسەر کرابوو، خەڵکی تورکیش ناچار نەدەبوون متمانەی خۆیان بدەنە دەست ئەردۆگانێک کە تەنها یاری بە کات دەکات و هێزەکانی کۆمەڵگای تورکیا یەك بە دوای یەك سەرکووت دەکات بە نەزعەیەکی ئیسلامی پەنهانی و لە ژێر پەردەیەکی تەنکی دیموکراسیدا، کە هەموو عەورەتی دیکتاتۆریانەی لێوە دیارە. ئەردۆگان بیرۆکەی ئۆزالی برد، بەڵام لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵیکردەوە، ئەردۆگان کارتی کوردی بەکارهێنا دژی سوپا و دادگای باڵای دەستوری تا توانی ئەوان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کە ئەوانی لە پەل و پۆ خست، بایداوە لای کورد ولێیدان، ئێستا دەستی لەگەڵ تاریکپەرسترین هێزی جیهان کە داعشە تێکەڵ کردوە لە پێناولێدانی کورد لە سوریا و تورکیا!

ئەو پیاوە دەساڵ زیاترە مێشکی کاس کردووین بە باسی چارەسەری کێشەی کورد، کەچی یەك هەنگاویش نە چۆتە پێش، بەڵکو گەڕانەوەیەکی خێرا هەیە بەرەو خاڵی سفر! کێ فریو دەخوات بە پرۆژەی چەواشەکارانەی ئەردۆگان جگە لە فریوخواردوە خۆبەخشەکان نەبێت؟!
ئینجا باسی چاکەکانی ئەردۆگان بەردەوام دەبێت، کە کوردستانی کردۆتە دووەم بازاڕی هەناردەی کەل وپەلەکانی! نازانم کێ زیاتر سوود لە کێ وەردەگرێت وکێ دەبێ مەمنوونی کێ بێت؟!

لە دنیای بزنسدا فرۆشیار هەموو جۆرە نازێکی کڕیار دەگرێت، هەتا هەڵەیش بکات، چونکە دەڵێن کڕیار هەردەم لەسەر هەقە، کەچی ئازاد گەرمیانی هێشتا ئەو فرۆشیارە تورکەمان بە چاکە پێ دەفرۆشێتەوە، کە هەموو کاڵای ساختە وبەسەرچوویان بەسەر کوردستانی باشوور ساغ دەکەنەوە، هەر خۆی دەڵێت کاتی خۆی تورکیای ئەردۆگان لە ترسی نفوزی ئێرانی گەمارۆی لەسەر کوردستان هەڵگرت! کەوابوو ئەگەر ئەو مامەڵەیە پڕ قازانجەی ئەردۆگان بە چاکەش لە قەڵەم بدرێت، ئەوە لەبەر ئیسلامەتی وپیاوەتی ئەردۆگان نەبووە، بەڵکو لە ترسی نفوزی ئێرانی بوە!

ئینجا لەسەر شێوازی ئەوانەی هیچ بەڵگەیەکیان نییە دەڵێت: " ئیجماع هەیە لەناو کورددا کە هەدەپە ئەو دەسەڵاتەی کە دەنگدەرانی کورد پێیان دا بەکاری نەهێنا بۆ بەرژەوەندی کورد. دەبوایە هەدەپ ئەو هەلەی بقۆزتایەوە بۆ نیشاندانی لایەنی مەدەنی و دیموکراتی خەباتی کوردی بۆ تورک و بۆ هێزە خۆرئاواییەکان، هەروەها پەکەکەش، لەجیاتی پەنابردنەوە بەر توندوتیژی و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی"

جاریٚ نازانم ئەو ئیجماعەی لە کویٚ هیٚناوە عوسمان عەلی، کە کورد هەمووی وا سەرکۆنەی هەدەپ دەکەن، ئینجا کە دەلٚێم بە ڕوحیەتیٚکی تورکتر لە تورک ئەو وتارە نووسراوە بۆ رازیکردنی دەسەلاٚتی ئاك پارتی و تیٚرکردنی غرووری ئەردۆگان و تورکی فاشیست، هیٚشتا کەمم گووتوە. چونکە هەدەپ کە ڕووی دیموکراتی و نزیکی لە لیٚبڕالیەت نیشان دەدات، هەر ئیسلامیەکانی تورک وکورد دەهۆلٚی پشتگیری لە هاوڕەگەزبازی بۆ لیٚدەدەن، لە کاتیٚکدا ئەردۆگان بە واقیعی دانی بە مافەکانیان دا هیٚناوە !

ئاسایە بۆ تورکیك ئەو هەموو خیانەت و دژایەتیەی ئەردۆگان بۆ کورد نەبینیٚت، بەلاٚم بەخوای بۆ کوردیٚك لە پایزی تەمەن و دکتۆر لە میٚژووی کوردیدا، نەنگییە و ئەوپەڕی بیٚ ئاگایی و بیٚ ویژدانییە، خۆی وانیشاندا پیی نازانیٚت. کە دەلٚێم هەتا تورکەکان کە دەنوسن بە ویژدانتر دەنووسن، ئەو دوو بڕگەیەو وتاریٚکی تورکیٚك دەخەینە ڕوو، کە لە وتاریٚکدا هاتووە، کە خودی ئازاد گەرمیانی لەو وتارەی کۆتەیشنی لیٚ وەرگرتوە، تا بزانین چۆن نوخبەی کوردی زۆر نادادپەروەرتر و نابابەتیانەترن لە دەستەبژیٚری میللەتانی سەردەست لە داگیرکەرانی کوردستان، Soner Cagaptay نووسەری وتاری: تورکیا لە کیٚشەیەکی جیدی دایە، Turkey Is in Serious Trouble ، دەلٚیٚت :

"لە گەرمەی یاخیبوونی پەکەکە دا لە ١٩٩٠ دەکان، چومە تازیەی ناشتنی چەند ئەندامیٚکی خیٚزانیک لە ئۆفیسەری ئاسایش، کە لە شەڕی پ ك ك کوژرابوون. خیٚزانەکە ستایشی ڕۆلٚی حوکمەتیان دەکرد لە بەرەنگاربوونەوەی یاخیەکان، و سوپاسی حکومەتیان دەکرد لە ستایشی ڕۆلٚی خۆشەویستانیان. لە تەموزەوە ٧٠ پۆلیس و سەربازی تورك کوژراون لەلایەن پ ك ك وە، بەلاٚم لە زۆربەی حالەتدا ئەو جەنازانە گۆراون بۆ دژایەتی ئاك پارتی و خۆپشاندان دژی ئەردۆگان. " لیٚرەدا دەردەکەویٚت هەتا تورکەکانیش ئەردۆگان بە موسەبیبی ئەو ئاشتی تیٚکچوونە دەزانن!

لە بەشێکی تری وتارەکەدا باسی ستراتیژیەتی فریودەرانەی ئەردۆگان دەکات، بۆ لێدانی بە نۆرەی هێزەکانی تورکیا، و لێدانی کوردیش لەوەوە دێت کە نۆرەی هاتووە لێیبدرێت: "سەرچاوەی جەمسەرگیری کێشمە کێش هەر ئەردۆگان خۆیەتی. ئەردۆگان زنجیرەیەک هەڵبژاردنی بردۆتەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ وەوە، و عیبادەتی شەخسی بنیات ناوە، وەك جۆرێك لە دەسەڵاتداری موستەزعەف، خۆی وەک قوربانیەك وێنا دەکات، کە ناچار بووە بە توندی لەو [پیلانگێڕانە بدات] کە دژایەتی دەسەڵاتی ئەو دەکەن. لەسەر ئەو بنچینەیە توانی بە سەرکەوتوویی و دڕندایەتیەکی سیاسی سوپای سێکیولاری تورک، و بیزنس و لیبڕاڵەکان و جووەکان و دەنگدەرە چەپڕەوەکان و عەلەویەکانیش بکاتە ئامانج، و ئێستاش کورد!

ببینە ئەو تورکە چەند شەریفتر و شەفافتر شتەکان دەبینێت، کە تۆ لەو چەند دێڕێکت وەرگرتووە، ماقوڵە ئەو ڕەخنانەی ئەویشت نەدیوە؟ !هەر وتارەکە خۆی ناونیشانەکەی زەنگێکی ترسناکە: تورکیا لە کێشەیەکی جیدی دایە!

خۆزگە هەر بەبواری مێژوو خەریك دەبوویت خۆت لە سیاسەت و دەستوورناسی و هەندێ دۆزیتری فیکری هەڵنەدەقورتاند تا نەکەویتە ئەو هەڵە کوشندانە. هیوادارم وتارەکەم ببێتە خاڵێک بۆ بەخۆداچوونەوەت، ئاوڕدانەوەیەک لە نەتەوە و میللەتی خۆت، کە دەبێت لە پێش هەموو کەسانیتر بن دوور لەو عەقیدە ساختەیەی ولاء وبراء ی سەلەفی[98]!

[98] سەرچاوەی وتارەکەی:

# بەشی دوازدەهەم

# سەید قوتب و شۆڕشی ئیسلامی ئێران!

## سەید قوتب وەک ئیلهام بەخشی شۆڕشی ئیسلامی ئێران!

لە بیرمە لە سەروبەندی کۆڕەوە گەورەکەی ساڵی ١٩٩١ کاتێ چوومە کوردستانی ژێردەستی ئێران، سەرەڕای باری نالەباری و ئەو هەموو مەینەتیەی کە لە ڕێگادا تووشمان بوو، لە خەتەری مەرگ و برسی بوون و مردنی منداڵ وژن و پیر لەبەرچاومان، بەڵام کە لەو دیو خەڵکی جوامێری کوردی ئێران، هەتا پیاو بۆ خوا بڵێت خەڵکی ئازەریش تا ڕادەیەك یارمەتی کوردە ئاوارەکانیان دەدا و باوەشیان بۆ کردینەوە، هەر کە هێزم تێدا گەڕاوە سەرم کرد بە کتێبخانەکانی خانە و نەغەدە، تووشی شۆك بووم کە دیتم کتێبەکانی سەید قوتب بە فارسی وبە عەرەبیش بەردەستن و دەتوانیت بیانکڕیت!

دوایی کە لە تەهران وێنە و وتەی سەید قوتبم دینی بەسەر دیوارە گەورەکان، و زانیم هەتا شەقام هەیە بە ناوی و بەڵکو پولی پۆستەی بۆ دەرکراوە، زانیم پەیوەندیەکی تووندوتۆڵ لە

---

http://www.dailysabah.com/op-ed/2015/10/30/the-possible-outcomes-of-the-elections-and-their-effects-on-kurds

٢٠١٥/١١/١٤

نێوان سەرانی شۆڕشی ئێرانی و بیری سەید قوتب هەیە. بۆ من کەمێك جێگای سەرسوڕمان بوو، چونکە ئەوەل وئەخیر ئێران دانی خێر بە ئەسحابەی سوونیش نانێ، چۆن وا سەید قوتب و خالید ئیسلامبۆلی بکوژی سادات گەورە دەکات؟!

دوایی زانیم کە ئیخوانی نێودەوڵەتی لە یەکەم ساتی شۆڕشدا، پشتگیریان لەو شۆڕشە کردووە، بێ گوێدانە هیچ هەستیارەیەکی مەزهەبی، هەتا کاتێ شۆڕشی ئێرانی ڕووی دزێوی مەزهەبی خۆشی نیشان دا، بە لێدانی ئەهلی سونە و هێرش کردنە سەر کوردستان و وێرانکردنی، و گرتنی ڕەوانشاد ئەحمەدی موفتی زادە و ناسری سوبحانی، هێشتا ئیخوان هەر خەریکی پیاهەڵدان بوو بەو ئاخوندە قێزەونە نامرۆڤانە. هەتا خاوەنی کتێبی [الاخوان المسلمون و الثورة الاسلامية في ايران] احمد يوسفی ئیخوانی و ڕاوێژکاری اسماعیل هنية ی حەماس لەو کتێبەدا دەڵێت، پەیوەندی ئیخوان و ئیسلامییە شیعەکان هێندە پتەوە لە سەردەمی ئیمام بەناوە دەستی پێکردووە.[٩٩]

کاریگەری سەید قوتب تەنها لە جیهانی سوننە و عەرەبیدا سنوردار نەبوو، بەڵکو کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئیسلامی سیاسی شیعەش بەجێهێشتبوو، بەتایبەت شۆڕشی ئیسلامی ئێران، وەک لەم وتارەدا ڕوونی دەکەینەوە.

ئەو کاریگەرەی سەید قوتب بەسەر ئیسلامییە شیعەکان، لە یەکەم ساتی بەیەك گەیشتنی، نەواب سەفەوی و سەید قوتب دەست پێدەکات لە ساڵی ١٩٥٤، نەواب سەفەوی باوکی ڕوحی خومەینیشە، هێندە پەیوەندی لەگەڵ ئیخوان بەهێز بوو، هەتا ناویان لە

[٩٩] الاخوان المسلمون و الثورة الاسلامية في ايران. د. احمد يوسف، بيت الحكمة للدراسات و استشارات ٢٠١٠.

ڕێکخراوەکەی فیدائیانی ئیسلامی ئەو دەنا، باڵی ئیخوانی شیعەی ئێران! خۆشی لە سوریا لەبەردەم سەید قوتب و دەیەها سەرکردەی ئیخوانی ڕایانگەیاند:

"هەرکەسێک دەیەوێت ببێتە جەعفەری ڕاستەقینە، با بچێتە ناو ڕیزەکانی ئیخوان موسلیمینەوە."[١٠٠]

بە وتەی ئەمیر تاهیری نووسەری ئێرانی، ئەوە سەفەوی بووە کە "ئایەتوڵڵا خومەینی بە ئیخوان موسلیمین ناساندووە و بیروبۆچوونەکانیانی بۆ باسکردووە" ماوەیەک یاوەری خومەینی بوو لە قوم، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەبووە کە دەبنە سەرکردەی شۆڕش و دەوڵەتی ئێرانی، وەک هاشمی ڕەفسەنجانی و عەلی خامنەیی، کە دان بەوەدا دەنێت کە نەواب سەفەوی، ئەو کەسە بوو کە ئاگری شۆڕشی ئیسلامی لە دڵیدا هەڵگیرساند.

یەکەم ئاشنابوونی جەماوەری ئایینی ئێرانی و عەمامە بەسەرەکان، بە بیری سەید قوتب دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەکانی سەید بۆ زمانی فارسی، کە لەو کاتەدا وەك کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم دەدرا.

بیری سەید قوتب لە کاتێکی زۆر ناسك فریای بیری حەرەکی ئیسسلامی سیاسی ئێرانی کەوت، کە بۆشایی تیۆری هەبوو لە بیری شیعەدا، بە تایبەت بیری ئێرانی، لە قۆناغی

[١٠٠] [(إيران والإخوان المسلمون) عباس خامه يار ص٢٢٥]

پێش شۆڕشدا، پێویستییەکی پڕکردەوە لە چوارچێوەی ئامادەکاریدا بۆ شۆڕشی ئیسلامی ئێران.

وەك گووتمان سەرەتای پەیوەندی فیکری ئیخوان و سەید لەگەڵ شیعە حەرەکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدارەی کە لە میسر لە ساڵی ١٩٥٤ لە نێوان موجتەبا نەواب سەفەوی (کۆچی دوایی ١٩٥٦) و سەید قوتب و ئەندامانی ئیخوان موسلیمین لە لایەکی ترەوە ڕوویدا، سەرەڕای جیاوازی نێوان سەفەوی و قوتب ئەو دوو پیاوە، کە یەکێان تیۆریست وبیرمەند بوو، ئەویتریان واتا سەفەوی مرۆڤی چەك ودەست و جەنگاوەر بوو، بەڵام لێکچوونەکانی نێوانیان، چ لە ڕووی مەزاج و ئاڕاسته یان لە ڕووی ئامانجەوە، ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن.

نەواب سەفەوی لەو سەردانەی بە ئاشکرا ڕووی تیرۆریستی خۆی دەرخست، کاتێ لە کۆڕبەندێک کە بۆی سازکرابوو لە زانکۆی قاهیرە لەلایەن ئیخوانەوە، بە ئاشکرا گووتی ئەو و ڕێکخراوەکەی بەرپرسیارن لە کوشتنی سەرۆک وەزیرانی ئێران ڕەزم ئارا.[١٠١]

سەفەوی لە ساڵی ١٩٤٦دا کۆمەڵەی "فیدائیانی ئیسلام" ی لە ئێران دامەزراند، کە واتە بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی بوو ئامانجی ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەیی بوو لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە ئێران.

[١٠١] الاخوان المسلمون و الثورة الاسلامية في ايران، ل ٢٥.

سەفەوی لە کۆتاییدا بە گوللەبارانکردن لە ساڵی ١٩٥٦ لەلایەن ڕژێمی شا کوژرا، بە تۆمەتی تیرۆرکردنی چەندین کەسایەتی فیکری وسیاسی. لە لایەکی تر سەید قوتبیش لە سێدارەدرا، بە تۆمەتی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەکداری ١٩٦٥.

بەڕاستی دەتوانین لە نووسینەکانی سەیددا هاوتەریبێک لەگەڵ ئەم دەقەی خوارەوەی سەفەوی بدۆزینەوە، کە تیایدا دەڵێت: "بۆ دوژمنان و ناحەزانی حکومەتی ئیسلامی، لە شا و ئەوانەی شوێنی کەوتوون: ئەگەر ئیسلام و یاساکانی جێبەجێ نەکەن، بە یارمەتی خودا، لەناوتان دەبەین، و حکومەتێکی ئیسلامی باش پێکدەهێنین بۆ جێبەجێکردنی ئیسلام لە هەموو پارچەکانی وڵاتدا" دەیان دەقی هاوشێوەی وای سەید قوتب لەبەر دەستە!

ئەم پەیوەندییە پێشوەختەی نێوان ئیسلامییە شۆڕشگێڕەکانی هەردوولا (سوننە و شیعە) ئاماژەیە بۆ فراوانبوونی چالاکیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، لەدژی دەسەڵاتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، هەروەها فۆرمەڵەکردنی "ئیسلامێکی شۆڕشگێڕ" کە سنوورە مەزهەبی و تائیفیەکان تێدەپەڕێنێت و بەدوای گۆڕانکاری سیاسیدا دەگەڕێت، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەرتاسەری سەرزەمینی ئیسلامدا.

کەسایەتی سەفەوی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئیخوانەکاندا هەبوو، هەتا ئیخوانەکان وێنەکانی سەفەویان لە گۆڤار وبڵاوکراوەکانیان بڵاودەکردەوە. کاتێ لە سێدارەدرا، گۆڤاری المسلمون ی ئیخوان شین وشەپۆڕی بۆ کرد ونووسیبووی:

شەهیدی ئازیز نەواب سەفەوی پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەبوو لەگەڵ ئیخواندا، سەردانی ئیخوانی کرد و بووە میوانی بارەگاکەی لە ساڵی ١٩٥٤.[١٠٢]

بیری سەید دواتر ئامادەییەکی چڕ و بەرچاوی لە ئێرانی شیعی بەدەست هێنا، لە ساڵانی شەستەکان و لە سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران.

کاریگەری سەید لەسەر بیری شۆڕشگێڕانەی هاوچەرخی ئێران لە ڕێگەی چەند شتێکەوە دیارە، لەوانە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆ زمانی فارسی، دەرکردنی پولی پۆستەی تایبەت کە وێنەی سەید قوتبی لەسەر بوو، لە دوای شۆڕش، خامنەیی و بەشێک لە سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی، ئەرکی وەرگێڕانی کتێبەکانی سەیدیان بە ئەستۆ گرت.

وەرگێڕانی بەرهەمەکانی سەید بۆ زمانی فارسی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکرد، و لە ئێراندا لە کاتی ئامادەکارییە شۆڕشگێڕییەکان دژی ڕژێمی شا بووە جێی بایەخ، ئەم وەرگێڕانە لەلایەن لاوانی ئیسلامییەوە ئەنجامدەدرا، کە لە دژی ڕژێمی شا چالاک بوون، هەندێکیشیان - دوای سەرکەوتنی... شۆڕش - پۆستی بەرزیان لە ڕژێمی نوێدا وەرگرت.

لە نێویاندا ڕەهبەری ئێستای کۆماری ئیسلامی عەلی خامنەیی (لەدایکبووی ١٩٣٩) بوو، کە ئەوکات هێشتا تەمەنی سی ساڵ نەبوو، پەیوەندی ڕێکخراوەیی بە خومەینیەوە

---

[١٠٢] هەمان سەرچاوە، ل ٢٦

هەبوو، دواتر شوێنی خومەینی گرتەوە وەک ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی وەک دەزانرێت، خامنەیی زیاتر لە کتێبێکی سەید قوتبی وەرگێڕاوە.

لە نێو ئەوانەشدا هادی خوسرەوشاهی (لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٨ و کۆچی دوایی ٢٠٢٠)یش هەیە، کە لە سەرەتای شەستەکاندا کتێبی"العدالة الاجتماعية" "دادپەروەری کۆمەڵایەتی"ی وەرگێڕاوە، پاشان کتێبی"الإسلام والسلام العالمي" "ئیسلام و ئاشتی جیهانی"، دواتر بووە باڵوێزی ئێران لە ڤاتیکان و سەرۆکی بەشی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە میسردا، خوسرەوشاهی پەیوەندییەکی نزیکی بە ئیخوان موسلیمینەوە هەبوو. پێدەچێت ئەم وەرگێڕانە پێش شۆڕشی ئیسلامی و دوای شۆڕشی ئیسلامی، جەماوەرییەکی بەرچاویان هەبووبێت، وەک لە سەرچاوە هاوچەرخەکانی ئێراندا ڕوون دەبێتەوە.

لە نێو وەرگێڕەکاندا محەمەد حوسێنی خامنەیی (لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٥)، برا گەورەکەی عەلی خامەنەییش هەیە، کە دواتر بووە بە یەکێک لە داڕێژەرانی دەستووری کۆماری ئیسلامی، هەروەها کتێبی "خصائص التصور الإسلامي" " تایبەتمەندییەکانی تێڕوانینی ئیسلامی" ی سەید قوتبی وەرگێڕا .
هەروەها لە نێو وەرگێڕەکاندا ئەحمەد ئارام یەکێک لە گەورەترین و بەرهەمدارترین وەرگێڕی هاوچەرخی ئێرانی بوو، لە ساڵی ١٩٠٢ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە، هەندێ لە بەشەکانی في ظلال القرآن ی وەرگێڕاوە.

جگە لە ئەحمەد ئارام، کە وەرگێڕەکی پیشەیی بوو، نزیکەی دوو سەد کتێبی وەرگێڕاوە، کە کتێبی فەلسەفی و زانستی تێدایە، جگە لە ئارام، باقی مەلا وەرگێڕەکانی تری کتێبەکانی

سەید، بە گشتی بەدوای حکومەتێکی ئیسلامیدا دەگەڕان، بە ڕابەرایەتی وەلی فەقیە، بۆیە وەرگێڕانی کتێبەکانی سەید تەنها ئەرکێکی تەکنیکی یان کارێکی کولتووری نەبوون، چونکە:

چاپی فارسی سەید کەرەستەیەکی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشاندن بوو دژ بە ڕژێمی شا، بەشداری کرد لە بڵاوکردنەوەی وێنەی ئیسلامێکی هەمەلایەنە و شۆڕشگێڕ لە هەمان کاتدا، کە ئەمەش ئەوەیە کە - بە ڕوونی - بۆ خامنەیی و ئەوانی دیکە دەردەکەوێت، بەڵکو بیرۆکەی ناوەندیی ئەو وتارانەی کە خومەینی لە ساڵی ١٩٦٩ (واتە ساڵانێک دوای وەرگێڕانی سەید) بە خوێندکارانی زانستە ئاینییەکان لە شاری نەجەف پێشکەشی کرد، لە دەوری هەمان بیرۆکە سەرەکییەکانی سەید دەخولایەوە لە تێڕوانینێکی شیعیدا، کۆی ئەم وتارانە دواتر لە کتێبێك لە ژێر ناوی "حکومەتی ئیسلامی"دا بڵاوکرایەوە .

وەك ئاماژەم پێدا گرنگی فیکری سە ید قوتب- بە شێوە فارسییەکەی- ئەوەبوو کە بۆشاییەکی گەورەی لە فیکری شیعەی ئێراندا پڕکردەوە ، بە تایبەت لە سەردەمی گواستنەوە لە قۆناغی ئیمامی شاراوەی چاوەڕوانکراوەوە بۆ قۆناغی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی و ڕێبەرایەتی ویلایەتی فەقیە.

فیکری سەید بنەمایەکی پێکهێنا کە زەمینەسازی کرد بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی بە سەرکردایەتی وەلی فەقێ، ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە تیۆریزەکردنی فیکری هەبوو بۆ لاهووتێکی ئازادیخواز و ڕزگارکەر لە هەردوو کۆلۆنیالیزم و ستەمکاری، و تیایدا ئیسلام وەک سیستەمێکی هەمەلایەنەی هاوتەریب دادەنرێ، کە دژی ئایدۆلۆژیا ڕۆژئاواییەکان بێت کە لەو کاتەدا زاڵ بوون.

هەرکەسێک وتارەکانی خومەینی بخوێنێتەوە کە لە کتێبی "حکومەتی ئیسلامی" دا کۆکراوەتەوە، دەبینێ چۆن خومەینی لە مشوری داڕشتنەوەی هۆشیارییەکی نوێیە، لە نێو گەنجە عەمامەبەسەرەکاندا، کە لە ڕێگەیەوە تێدەگات، کە ئیسلام سیستەمێکی هەمەلایەنەیە کە ژیان و کۆمەڵگا ڕێکدەخات. خومەینی ئەو تۆمەتەی ڕەت دەکردەوە کە دەڵێت ئیسلام "تەنها بایەخ بە ئەحکامەکانی حەیز و سوڕی مانگانە و نیفاسی دوای منداڵبوون دەدات!."

هاوڕاییەکی سەرنجڕاکێش هەیە، لە نێوان بیرۆکەی خومەینی سەبارەت بە سروشتی ئیسلام، و تێپەڕین لە سەرقاڵییە تەقلیدییە فیقهییەکانی وەك حەیز ونیفاس، لەگەڵ هەندێک لە لێدوان و گوتراوەکانی ئیخوان موسلیمین دەربارەی زەرورەتی تێپەڕین لە "فیقهی حەیز و نیفاس" بۆ فیقهی دەوڵەت.

بانگەوازیکردن بۆ هزری سەید لە چوارچێوەی تائیفی شیعەدا، بە شێوەیەکی کاتی یارمەتیدەر بوو بۆ تێپەڕاندنی نەوەی یەکەمی شۆڕش لە ڕەهەندی تایفەگەریدا، ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت! بەستنەوەی بە چەمکەکانی یەکێتی ئیسلامی و نزیکبوونەوەی نێوان مەزهەبەکان و پەیوەندیکردن بە پرسی فەلەستینەوە، هەرچەندە ئەو حالەتە زیاتر بانگەشەی میدیایی بوو، لەسەر ئەرزی واقیع خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایفی سەفەوی شیعی بوون.

ئیخوان لە سەرەتاوە تا درەنگانێك فریویان خوارد بەو بانگەشانەی کۆماری ئیسلامی شیعی، دوایش خۆیان درێژەیان دا بە خۆفریودان، تا لە ژێر فشاری سیاسیدا شێخ یوسف

قەرەزاوی بە توندی ڕەخنەکانی ئاڕاستەی سیاسەتی مەزهەبی شیعی ئێران کرد، بە تایبەتی پاش داگیرکردنی عێراق و باڵادەستبوونی ئێران، کە بە یارمەتی حزبە شیعییە بەکرێگیراوەکانی، هاتە سەرحازری و عێڕاقی خستە ژێر چەپۆکی لەو ڕۆژەوە وتا ئێستاش!

**ئەحمەد یوسفی ئیخوانی وا باسی هاتنەکایەی دەوڵەتی ئیسلامی شیعی ئێران دەکات:**

**بە بۆچوونی خۆمان، ئێران بەم شێوەی ئێستای، ڕوونترین خاڵی چڕبوونەوە لە ئاسۆی چوارچێوەی ئومەتی ئیسلامی بۆ یەک دەوڵەتی ئیسلامی پێکدەهێنێت، کە پەیامی ئیلاهی وەک پڕۆژە و سیستەمێک بۆخۆی بە پێویستی دەزانێت، بەڕاستی دڵسۆزێکی ڕاستەقینەیە بۆ ئیسلام... ئەو تەحەددایە جدیانەی ڕوبەڕووی جیهانی ئیسلامی دەبنەوە، لە لایەنی عەقیدە و شەریعەتیدا، موسڵمانان ناچار دەکات ئاواتەخوازبن بۆ دامەزراندنی دەوڵەت (هەر دەوڵەتێک)، بەبێ گوێدانە مەزهەب و ئاراستەی فیکری و سیاسییەکەی، پابەند بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددیانە، لەسەر بنەمای بیری ئیسلامی وەک حوکم و شەریعەت و جوڵە.**[١٠٣]

[١٠٣] الاخوان المسلمون و الثورة الاسلامية في ايران، ل 20-19

**"إن إيران، في رأينا الخاص، تشكل في صيغتها الحالية نقطة التكثيف الأوضح في أفق تأطير الأمة الإسلامية في دولة إسلامية واحدة تحتزن الرسالة الإلهية مشروعا ونظاما لها، وأنه فعلا من الإخلاص للإسلام... أن التحديات الخطيرة التي تواجه العالم الإسلامي في عقيدته وشريعته تفرض على المسلمين التطلع إلى إقامة دولة (أي دولة) ، مهما كان مذهبها وتوجهها الفكري والسياسي تلتزم مواجهة هذه التحديات، انطلاقا من الفكر الإسلامي قاعدة وشريعة وحركة."**

دوای داگیرکردنی عێراق، ئەو ڕۆڵەی ئێران کە تێیدا یاریکرد زۆر مەترسیدار بوو، کاتێ بەشداری کرد لە ئاگربەردانە ڕەهەندە تائیفیەکان، وبەرفراوانکردنی شەڕی شیعی وسوونی لە عێراق و سوریا و یەمەن و لوبنان!

کاریگەری سەید قوتب بە نوسخە فارسیە شیعیەکەی هێندە گەورە بوو لەسەر ڕابەرانی شۆڕشی ئیسلامی شیعی ئێرانی، پاش سەرکەوتنی شۆڕش - دواتر - کۆماری ئیسلامی ئێران پولێکی پۆستەی بە وێنەی سەید قوتب دەربکات لە دواوەی شیشبەندی زیندانەوە لە ساڵی ١٩٨٤، واتە لە سەردەمی دەسەڵاتی خومەینی (کە کۆچی داویی کرد لە ١٩٨٩).

کاریگەری سەید لەسەر بیری شۆڕشگێڕانەی ئێران بەگشتی، بەجۆرێک بوو کە هەندێک لە نووسەران بەم شێوەیە گوزارشیان لێدەکرد:"لە ئێراندا کەسێک نییە شان لە شانی یان نزیک بێتەوە لە پایە و کاریگەری سەید قوتب و محمد ئیقبال دا!"

یوسف ئونال، : نووسەرێکی تورکیە خاوەنی کتێبی: تأثیر سید قطب في الثورة الإسلامية الإيرانية یە [١٠٤] بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بیرۆکەکانی سەید "ڕۆڵیان هەبووە لە داڕشتنی گوتاری ئیسلامی ئێران لە قۆناغی پێش شۆڕشی ئێراندا"، بەڵام بە ڕای من کاریگەری سەید قوتب دوای شۆڕشیش هەر بەردەوام بوو، تەنانەت ئەگەر فۆڕمی جیاوازیشی وەرگرتبێت، یان بۆ ئیستیهلاکی ئیعلامی بیت، بۆ نموونە لە ١١ی حوزەیرانی ٢٠١١ ، قاسم سولەیمانی، فەرماندەی پێشووی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران وتارێکی

[١٠٤] یوسف أونال: نووسەرێکی تورکیە خاوەنی کتێبی: تأثير سيد قطب في الثورة الإسلامية الإيرانية یە.

پێشکەش کرد، کە تیایدا وتی: "یەکێک لە کەسایەتییە بەڕێزەکانی نێو زانایانی ئایینیمان سەید قوتبە کە یەکێک لە بەرهەمە هەرە گرنگەکانی ڕێبەری مەزنمان خامینەیی وەرگێڕان و ڕوونکردنەوەی کتێبەکانی بوو"

## پێگەی سەید قوتب لە بیری ئیسلامی هاوچەرخی ئێران دا

لەم وتارەدا کاریگەریی سەید قوتب لەسەر فیکری ئیسلامی هاوچەرخی ئێران لە ڕێگەی دوو تەوەرەوە ڕوون دەکەمەوە:

## یەکەم: کاریگەری سەید قوتب لەسەر خومەینی و خامنەیی

کاریگەری شۆڕشگێڕی سەید قوتب زۆر بە ڕاشکاوی دیارە بەسەر ڕێبەرانی شۆڕشی ئیسلامی شیعی ئێران، هەرچەندە هەندێ لە کەسایەتیە گەورەکانیش ئاماژەیان بەو کاریگەرییە نەکردبێت بە ڕاشکاوی، جا لەبەر هۆکاری فیز و خۆبە گەورەزانی بێ وەك خومەینی و موتەهیری، یان لەبەر هۆکاری تایفی بێت، کە چۆن دەبێت ئاخوندێکی ئایەتوڵلایەکی شیعی بچێتە ژێر کاریگەری بیرمەندێکی ئیسلامی سیاسی سوونی، با لە هەموو ژیانیشی سوونەگەرایەتی نەکردبێت[105]!

سەبارەت بە ڕوحوڵڵا خومەینی (لەدایکبووی ١٩٠٢ و کۆچی دوایی ١٩٨٩) ، کاریگەریی بیری سەید قوتب لەسەری لێڵ و ناڕوون دەردەکەوێت. چونکە خومەینی لە

105 لەو بابەتە سوودی تەواومان لە دوو وتاری معتز الخطیب وەرگرتووە بە دەستکاریەوە: أثر سيد قطب في الفكر الإسلامي الإيراني المعاصر / ترجمة أعمال سيد قطب بوصفها عملا ثوريا

هیچ لێدوان و نووسینێکی ئاماژەی بە ناوی سەید قوتب نەکردووە، باسی نەکردووە و بە ڕاشکاوی وبەڵگەی بە قسەکانی نەهێناوەتەوە. پاشان هەندێک توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتن کە خومەینی سەربەخۆیە بەدەرە لە کاریگەری سەید قوتب.

ڕەنگە هۆکاری ئەم دەرەنجامەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە وەك گووتمان، کە سەید قوتب لە بەرهەمەکانی خومەینیدا باسی نەکراوە، هەروەها بۆ هێمابوون وڕەمزییەتی خومەینیش بگەڕێتەوە، کە لە نێو شوێنکەوتووانیدا خاوەنی پایەکی پیرۆزە. هۆکارێکیتریش بۆ جیاوازی مەزهەبی وعەقیدەیی دەگەڕێتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو خاڵانەش.

من پێموایە کاریگەریی بیرۆکەکانی سەید قوتب لەسەر خومەینی، شتێکی حەتمییە با ئاماژەشی پێ نەکردبێت، لەبەر چەند هۆیەك، وەك بۆ نموونە لە ڕێگەی ئەو وەرگێڕانانەی کە بە دەستی قوتابیانی خومەینی دەکرا بۆ کارەکانی سەید قوتب، مەبەستم عەلی خامنەیی، محمد حوسێنی خامنەیی برا گەورەی و هادی خوسرەوشاهی و چەندینیتر. ماقوڵە خومەینی ئاگاداری وەرگێڕانەکانی ئەو قوتابیانەی خۆی نەبووە؟! هیچ پرسیان پێ نەکردووە، داوایان لێی نەکردووە کارەکانیان بخوێنێتەوە، دانەیەکیان لەو کتێبانە بە دیاری نەداوەتە ئیمامەکەیان؟! بە تایبەت ئەگەر بزانین ئەو قوتابیانە لە بازنەی نزیکی خومەینی بوون، بە تایبەت لە قۆناغی ئامادەکاری بۆ شۆڕش و ڕاهێنان و ئامادەکردنیان بۆ هەڵگرتنی ئاڵاکەی.

ئینجا لە وتارەکانی خومەینی کە لە بەناوبانگترین کتێبی خۆیدا بە ناوی "حکومەتی ئیسلامی" بڵاوکرایەوە، دوای لەسێدارەدانی سەید قوتب و دوای وەرگێڕانی هەندێک لە بەرهەمەکانی لەلایەن قوتابیانی پێشووی خومەینیەوە بۆ زمانی فارسی. لەو کتێبەی

خومەینی "حکومەتی ئیسلامی"، لێکچوونێک لە نێوان بەشێک لە بیرۆکەکانی خومەینی و بیرۆکەی شۆڕشگێڕانەی گشتی سەید قوتبدا دەبینینەوە، ئەگەر ئەو زیادکردنەی پەیوەست بە عەقیدەی شیعە بە گشتی و خومەینی بە تایبەتی (وەک تێزی سەرەکی ویلایەتی فەقیە) بەدەر بکەین لە کتێبەکەی خومەینیدا، **بیرۆکە سەرەکییەکانی لەگەڵ تێزەکانی سەید قوتب زۆر وێك دێنەوە و لێکدەچن وەك باسی: ئیسلام سیستمێکی هەمەلایەنەی ژیانی لەخۆگرتووە، حاکمیەت و حوکمڕانی ئیسلام بەسەر کۆمەڵگادا، کە حاکمیەت یاسای خوداییە. تەنها خودا حاکمە و فەرمانڕەوایە و هەربۆیە خەبات بۆ ئەم حوکمڕانییە دەکەین!**

**هەڵبەتە خومەینی مەبەستی حوکمی ویلایەتی فەقیهە، کە چەمکێکی شیعییە.! هەروەها باسکردن لە نامۆبوونی ئیسلام، و ئەو بۆشاییەی کە ئیسلامی ڕاستەقینە لە تێگەیشتنی باوی خەڵکی گشتی جیادەکاتەوە، و ئەوەی کە هیچ شتێک لە ئیسلام نامێنێتەوە جگە لە ناوەکەی، و ئیسلام گەیشتووەتە کۆتاییەکی کارەساتبار. تەکفیر کردنی ئەو دەسەڵاتانەی بە پێی ئیسلام حوکم ناکەن، ناونانیان بە دەسەڵاتی موشریک. ڕەخنەگرتن لە ڕۆژئاوا و نیشاندانی باڵادەستی ئەخلاقی ئیسلام و موسڵمانان بەسەر ڕۆژئاوای ماتریالیست و چەندین بیروڕای قوتبیانەی تر،** کە لە کتێبی "حکومەتی ئیسلامی" خومەینیدا بەربڵاوە.

## کاریگەری سەید قوتب بەسەر عەلی خامنەیی (لەدایکبووی ١٩٣٩).

سەبارەت بە عەلی خامنەیی، ئەوسەرکردەی دووەمی شۆڕشی ئێرانی شیعیە، کە لە ژێر کاریگەری بیرۆکەکانی سەید قوتبدایە و بە "بیرمەندێکی موجاهید" وەسفی دەکات. خامنەیی لە سەردەمی گەنجی شۆڕشگێڕانەیدا، و تیوەگلانی لە شانە نهێنییەکانی دژبەری ڕژێمی شا لە ئێراندا، لە ژێر کاریگەریی بیری سەید قوتبدا بوو. لە وەڵامی بانگەوازەکەی خومەینی لە ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ حەوزەی عیلمی قومدا جووڵەی کرد، و خامنەیی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ بۆ ١٩٧٥ چەندین جار دەستگیرکرا.

دوایی خامینەیی ڕایکرد لە شاری مەشهەد بەهۆی وەرگێڕانی کتێبی "المستقبل لهذا الدين" "داهاتوو بۆ ئەم ئایینەیە" ی سەید قوتب، کتێبەکە - بە تایبەت پێشەکی و تێبینییەکانی ژێرەوەی کە خامنەیی نووسیبووی - ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەی تێدابوو کە ئایین وەک ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانە دەبینی. لە نێو ئەو شتانەی لە پێشەکییە پڕ لە جۆش و خرۆشی خامنەیی دا هاتووە: «ئیسلام - بە توانا و پێکهاتە سروشتیەکانیەوە - سەرکردایەتی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە دەست، و هەموو هێزەکانی تاریکی و فیرعەونیەکان لە بەردەمیدا شکست دەهێنن، بەجۆرێک ئاڵاکەی بەسەر جیهاندا دەشەکێتەوە"

خامنەیی لە بڕگەیەکیتردا وەك سەید قوتب دەدوێت و دەڵێت:

گوایە پیلانێک لە لایەن دوژمنانەوە هەیە بۆ **"داماڵینی ئایین لە لایەنە دینامیکییە شۆڕشگێڕەکەی، و بێبەشکردنی لە هیچ کاریگەرییەک لەسەر گۆڕەپانی ژیان"** و هەر بۆیە دەبێت "جیهادێکی بەردەوام و ماندوونەناس بەرپا بکرێت، نەترسێت لە بێبەشبوون و

شکست، بۆ ئەوەی خەڵک لەوە تێبگەن کە ئەم تویکڵە بێ بایەخانە ئایین نییە، ئەم دیاردە بەتاڵانە بەرنامە و پەیامی کۆتایی نین بۆ جیهان."

وەرگێڕانی کتێبی "داهاتوو بۆ ئەم ئایینەیە" دەزگا ئەمنییەکانی شای تووڕە کرد، بۆیە دوو بەرپرسی چاپخانەی خوراسان کە کتێبەکەیان چاپکردبوو، دەستبەسەرکران، بەڵام کتێبەکە چاپکرا و لەڕێگەی کەناڵێکی دیکەوە دابەشکرا، دوایی دەزگا ئەمنییەکان توانیان خامنەیی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی کتێبەکەوە دەستگیربکەن، وەک لە ماڵپەڕی فەرمی خامنەیی بڵاویکردۆتەوە.

بە پێی لیستی بڵاوکراوەکانی کە لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆیدا بڵاو کراوەتەوە - خامینەیی ٣ بەرهەمی سەید قوتبی وەرگێڕاوە کە ئەوانەن" :في ظلال القرآن" و "المستقبل لهذا الدين" و "الإسلام ومشكلات الحضارة "

خامنەیی لە ساڵانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دژی شا، خەریکی وتنەوەی تەفسیر ولێکدانەوەی قورئان بوو، لەوەدەچێت لەو قۆناغەدا سوودی لە تەفسیری سەید قوتب وەرگرتبێت، هەروەها کتێبی"داهاتوو بۆ ئەم ئایینەیە" کە پێشتر باسی لێوەکرا، هەروەها کتێبی"ئیسلام و کێشەکانی شارستانیەت" کە وەرگێڕانی بۆ کرد لە ژێر ناوی "حوکمێک لە دژی شارستانیەتی ڕۆژئاوا". هەر لەو ساڵەدا سەید قوتب لە میسر لەسێدارەدرا، سەید نەیتوانی کتێبەکەی بە وەرگێڕانی فارسی ببینێت!

ئەم ڕەخنە زۆرانەی لە شارستانیەتی خۆرئاوا لە کتێبەکانی سەید قوتبدا، ڕەنگی دەدایەوە لە کتێبەکەی خومەینیدا، و هەست بە لێکنزیکبوونەوەی نێوان هزری سەید قوتب و بیری خومەینی و خامنەیی دەکەیت، کە پڕاوپڕە لە ڕەخنەی شارستانیەتی مادی خۆرئاوا!

## کاریگەری وەرگێڕانی سەید قوتب لە نووسینە هاوچەرخەکانی ئێراندا

پەیوەندی لەگەڵ فکری سەید قوتب، وا دیارە بەشێک بووە لە پەیوەندیەکی فراوانتر لە نێوان ئیخوان موسلیمین و فیکری ئیسلامی شۆڕشگێڕی شیعەدا، کە ئاواتەخوازی هێنانەدی گۆڕانی سیاسی گونجاو بوون لەگەڵ خواست و قەناعەتە ئایینی و تائیفییەکانیدا. بەرهەمەکەی ئەو پەیوەندییە پتەوە بوو، لە نێوانیان ئیخوان و شۆڕشی ئیسلامی ئێران، کە بە کۆبوونەوەیەکی نەواب سەفەوی لەگەڵ سەید قوتب و سەرانی ئیخوان دەستی پێکرد.

مۆرکی شۆڕشگێڕانەی بیری سەید قوتب و ڕێبازە دینامیکیەکەی بۆ خوێندنەوەی دەقی قورئان، زەرورەتێکی زۆر پێویست و بۆشاییەکی گەورەی لای ئیسلامییە شۆڕشگێڕەکانی ئێران پڕدەکردەوە، بۆ ماوەیەك هەستیاری تایفەگەری خاوکردەوە، بۆیەش بە گشتی شیعەکانی ئێران و عێراق سوودمەند بوون، لە پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی کە ئیخوان موسلیمین نوێنەرایەتیان دەکرد، و لە بیری سەید قوتب بەتایبەتی.

بۆیە دەست بە وەرگێڕانی سەید قوتب کرا لەلایەن عەمامەبەسەرە شۆڕشگێڕەکان، بە تایبەتی و هەندێ ئەفەندی وسەربەخۆی ئیسلامیش بە گشتی. لە سایەی وەرگێڕانە پڕ لە

ڕوحی شۆڕشگێڕانەدا، سەید قوتب لە زۆرێک لە نووسینە هاوچەرخەکانی شیعەدا ئامادەی هەبوو، و دەتوانین لە چوارچێوەی جیاوازدا هەست بەم بوونە بکەین، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەوە سەرنجم داوە، کاریگەری نووسینەکانی سەید قوتب، بەسەر سێ بواری سەرەکی ئامادەیی هەیە، بەم شێوەیە:

## کاریگەری یەکەم: کتێبەکانی تەفسیر

کتێبی "لە سێبەری قورئاندا" لە ئێراندا گرنگی و بایەخێکی زۆری وەرگرتووە، هەروەک لە تێبینییەکانی مۆرتەزا موتەهەری (١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە) کە لەسەر هەندێک کتێب نووسیویەتی دەردەکەوێ، کە دوایش لە کتێبێکدا بە زمانی فارسی چاپی کردوو.

هەروەها ئەو کاریگەریە دیارە لە کتێبی "نفحات القرآن "لە نووسینی مەرجەعی ئێرانی ناسر مەکارم شیرازی (لەدایکبووی ١٩٢٧)، هەروەها لە کتێبی "مفاهیم القرآن" لەلایەن مەرجەعی ئێرانی جەعفەر ئەلسوبحانی (لەدایکبووی ١٩٣٠)، هەروەها لە تەفسیرەکەی ئیبراهیم ئەلعامیلی و کەسانی دیکە بە ئاشکرا کاریگەری سەید قوتب بەدی دەکرێ.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە کتێبی سەید قوتب "لە سێبەری قورئاندا" لە لیستی ئەو سەرچاوانەدا بوو کە ناسر مەکارم الشیرازی پشتی پێ بەستبوو لە تەفسیرەکەی بە ناوی "الأمثل في تفسير كتاب الله المنزل". " شیرازی، ڕۆڵێکی کارای لە شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا هەبووە و لەلایەن ڕژێمی شاوە دەستگیرکرا، ئەم تەفسیرەی بە هاوکاری ١٠ کەسی دیکە کۆکردەوە، بۆ خزمەتکردنی خوێنەری هاوچەرخ.

شیرازی لە تەفسیرەکەیدا باسی پرسە ماددی و ئەخلاقییە گرنگەکان، بەتایبەتی پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، هەروەها دەڵێ باسەکانی چوارچێوەی "ڕابوون وسەحوەی ئیسلامی هاوچەرخ"دا هاتووە، لە پێناو ڕەتکردنەوەی هەموو "فکرێکی هاوردە" و کێشمەکێشی هەق وباتڵ و ڕوحانیەت ومادیەت، وەك دەبینن ڕۆحی سەید قوتب لەو باسانەدا بە ڕوونی دیارە.

## کاریگەری دووەم: مێژوو

بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەید قوتب، وای لێکرد کە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە لەسەر مێژووی ئیسلامی بگرێتەبەر، سەرەتا لە سەحابەکانەوە، دوایی لە خەلافەتی ئومەوی، لە چوارچێوەی تیۆریزەکردنی گشتی بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان و بۆ سیستەمی سیاسی لە ئیسلامدا. ئەم لایەنە کە سەید قوتب تیایدا لەگەڵ بیری شیعەدا یەکتر دەبڕێت، سەرنجی ژمارەیەک لە ئێرانییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

بۆ نموونە سەید قوتب ڕایدەگەیەنێت کە "هەرکەسێک بە چاوی ئیسلامەوە سەیری بابەتەکان بکات، و بە ڕۆحی ئیسلام هەست بە شتەکان بکات، دەبێت بڕیار بدات کە ئەو شۆڕشە - دژی عوسمانی کوڕی عەفان- بەگشتی تەقینەوەی ڕۆحی ئیسلام بووە. " لە نێو ئەوانەی کە "ڕۆحیان بە ئایین ئاودێرکربوو"، چونکە حوکمڕانی لە سەردەمی عوسماندا لە ڕۆحی ئیسلام دوورکەوتبۆوە، لەگەڵ کەڵەکەبوون و زیادبوونی سامان لە ئەنجامی سیاسەتەکانی عوسمان، گۆڕانکارییەکی زۆر زەبەلاح لە تێڕوانینی خەڵک بۆ ژیان و

حوکمڕانی ڕوویدا، پێیان وابوو کە عەلی کوڕی ئەبو تالیب "هات بۆ گەڕاندنەوە چەمکی حوکمڕانی ئیسلامی بۆ ڕۆحی فەرمانڕەوا و ڕۆحی گەل".

بەشێک لە بۆچوونەکانی سەید قوتب سەبارەت بە مێژووی بەرایی ئیسلامی و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی لە هەندێک لە هاوەڵان وەک عوسمان و موعاویە، ڕەنگە یەکێک لە لایەنەکانی ئەم لێکنزیکبوونەوەیەیان پێکهێنابێت، کە پێدەچوو ئاسانکاری بکات بۆ تێپەڕاندنی ڕەهەندی تائیفی لە ڕێگای پشت بەستن بە بیری سەید قوتب.

سەید قوتب نەیدەویست لێرەدا مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی بنووسێتەوە، بەڵکو دەیویست - بە گوتەی ئەو - مێژووی ئەو شتە بنووسێت کە ناوی دەنێت "ڕۆحی ئیسلامی لە حوکمڕانیدا". ئەو لێدوانە توندانەی لەمەر ئەو بابەتانەوە، وەکو وتەکەی، بۆ نموونە: "سەرکەوتنی موعاویە گەورەترین گورز بوو لە ڕۆحی ئیسلام درا، کە هێشتا دڵەکانی داگیرنەکردبوو".

هەروەها لە وتەکی تر دەڵێت: "ڕەنگە ڕووبەری بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەسەر دەستی موعاویە بەرفراوان بووبێت، بەڵام ڕۆحی ئیسلام تەسك و بچووک بووەوە و شکستی هێنا، بەڵکو کوژایەوە."

**سەید قوتب ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەو قسانە بە هەوای شیعە دێتەوە، بۆیە گووتی: "کە ئەوانە دەڵێم من شیعە نیم، بەڵکو من لە لایەنی ڕۆحی و ئەخلاقییەوە لە پرسەکە دەڕوانم، کەس پێویستی بە شیعە بوون نابێت بۆ پشتگیریکردن لە ڕەوشتی بەرز و دوور لە کلکەقیتێ**

**وماستاوکردن، هەروەها بۆ پشتگیریکردن لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب بەسەر موعاویە و عەمرودا."**

بەشێک لە وەرگێڕەکان لە سەید قوتبەوە زانیان کە سیستەمی حوکمڕانی لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا "گۆڕانکاری و کودەتایەکی تەواو"ی بە خۆیەوە دیت، هەروەها عوسمان لایەنگری ئومەوییەکان بووە و "ڕێگای بۆ دەسەڵاتی ڕەهای موعاویە خۆش کردووە"، پەسندی کردووە بەسەر عەلی کوڕی ئەبو تالیب. بۆ نموونە سەید هادی خوسرەوشاهی -لەگەڵ هاوکارەکەی عەلی ئەحمەد میانجی- ئاماژەیان بە بیروڕاکانی سەید قوتب کردووە لە "پەراوێزەکانی ڕوونکردنەوە"دا، دەربارەی کتێبی "شیعە: دەق دیالۆگ لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناس کۆربان"، کە سەید محەمەد حسێن تەباتەبایی بە فارسی نووسیویەتی. پاشان ئەم بۆچوونانەی سەید قوتب بە شێوەیەکی بەرفراوان قبوڵکران، بوونە جێگای بایەخی هەندێ لە بە شیعەبووەکانی عەرەب.

## کاریگەری سێیەم: تائیفی ڕەخنەگرانە

کۆمەڵێ توێژەر و نووسەر ئێستا باسی وەرزی هەڵوەشاندنەوەی بیری سەید قوتب لە ئێرانی شۆڕشی شیعی دەکەن. بە ڕوونی دیارە فیکری سەید قوتب لە ئێران، لە دوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی دووچاری ڕەخنەی مەزهەبگەرایی بۆتەوە، هەروەک بە ڕوونی لە کۆڕبەندی تاران لە ١٥ی شوباتی ٢٠١٥ کە لە کتێبخانەی نیشتمانی لە تاران، بە بیانووی دووبارە خوێندنەوە و پێداچوونەوە بوو بە بیروڕاکانی سەید قوتب، بە ئامانجی ڕەخنەگرتن لە بیری قوتب ڕێکخرابوو!

ئەم کۆنفرانسە بەلای هەڵوێستی ڕەخنەگرانە لە سەید قوتبدا شکاندیەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کەمێ لە بۆچوونەکان بەرگریان لە سەید قوتب دەکرد. وەك خوسرەوشاهی، کە یەکێکە لەو وەرگێڕە ناودارانەی کتێبەکانی سەید، پشتگیری لە بۆچوونەکانی سەید قوتب کرد سەبارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و حکوومەتی ئیسلامی، هەروەها ڕەتیکردەوە کە سەید هیچ مەیلێکی دژە شیعە لە بیرکردنەوەکانیدا هەبێت.

بەو دواییە پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی یاری مەزهەبییە دینیەکەی بە ئاشکرا خستە سەرشانۆی ناوچەکە و جیهاندا، ئیتر پێویستی بە بیروڕا و تیۆرەکانی سەید قوتب نەما، ئێستا دەگەڕێن بە دوای هەر وشەیەك یان حەرفێك تا کێشەکی مەزهەبی لێ دروست بکەن! هەتا زۆر لە مەلا و بانگخوازی شیعی لەو ڕۆژگارە باسی ئەوە دەکەن، گوایە سەید قوتب سوکایەتی بە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەکات، لەبارەی هۆکاری دابەزینی ئایەتی ٤٣ سورەتی النساء:

{يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِى سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا۟ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَـٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُوا۟ مَآءً فَتَيَمَّمُوا۟ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمْسَحُوا۟ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا} (43)

گوایە سەید لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: دەرهەق بە عەلی کوڕی ئەبو تالیب دابەزیوە، کاتێ بە سەرخۆشی نوێژی کردووە، ئایەتەکانی سورەتی الکافرون ی بە هەڵە خوێندۆتەوە و کوفری تێدا کردووە بەو شێوەیە:

**فقرأ : قل يا أيها الكافرون . ما أعبد ما تعبدون . ونحن نعبد ما تعبدون106!**

ئەوەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی قسەکانی خوسرەوشاهی، لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی بەشێک لەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی سەید قوتب کراوە، لەسەر بنەمای شیعەگەرێتیەوە

---

[106] وروایة الحوادث التي صاحبت مراحل تحريم الخمر في المجتمع المسلم ، والرجال الذين كانوا أبطال هذه الحوادث . . وفيهم عمر ، وعلي ، وحمزة ، وعبدالرحمن بن عوف . . وأمثال هذا الطراز من الرجال . . تشي بمدى تغلغل هذه الظاهرة في الجاهلية العربية . وتكفي عن الوصف المطول المفصل :

يقول عمر رضي الله عنه في قصة إسلامه . . في رواية " . . كنت صاحب خمر في الجاهلية . فقلت لو أذهب إلى فلان الخمار فأشرب " . . .

وظل عمر يشرب الخمر في الإسلام . حتى إذا نزلت آية ) : يسألونك عن الخمر والميسر . قل فيهما إثم كبير ومنافع للناس ، وإثمهما أكبر من نفعهما . . ( قال " : اللهم بين لنا بيانا شافيا في الخمر . . " واستمر . حتى إذا نزلت هذه الآية ) : يا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلاة وأنتم سكارى حتى تعلموا ما تقولون . ( قال : اللهم بين لنا بيانا شافيا في الخمر ! حتى إذا نزلت آية التحريم الصريحة ) : إنما الخمر والميسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه لعلكم تفلحون . إنما يريد الشيطان أن يوقع بينكم العداوة والبغضاء في الخمر والميسر ، ويصدكم عن ذكر الله وعن الصلاة فهل أنتم منتهون . . ( قال : انتهينا انتهينا ! وانتهى . .

وفي سبب نزول هذه الآية ) : يا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلاة وأنتم سكارى ( ترد روايتان يشترك في أحداثهما علي وعبد الرحمن بن عوف من المهاجرين . وسعد بن معاذ من الأنصار .

روى ابن أبى حاتم : حدثنا يونس بن حبيب ، حدثنا أبو داود - بإسناده - عن مصعب بن سعد يحدث عن سعد قال : نزلت في أربع آيات . صنع رجل من الأنصار طعاما فدعا أناسا من المهاجرين وأناسا من الأنصار . فأكلنا وشربنا ، حتى سكرنا ، ثم افتخرنا ، فرفع رجل لحي بعير ]عظم الفك [ فغرز بها أنف سعد . فكان سعد مغروز الأنف . وذلك قبل تحريم الخمر . فنزلت )يا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلاة وأنتم سكارى . . (والحديث بطوله عند مسلم من رواية شعبة .

وروى ابن أبي حاتم : حدثنا محمد بن عمار . حدثنا عبد الرحمن بن عبدالله الدشتكي أبو جعفر . عن عطاء بن السائب ، عن أبى عبد الرحمن السلمي ، عن علي بن أبي طالب قال " : صنع لنا عبد الرحمن بن عوف طعاما ، فدعانا ، وسقانا من الخمر ، فأخذت الخمر منا ، وحضرت الصلاة ، فقدموا فلانا قال : فقرأ : قل يا أيها الكافرون . ما أعبد ما تعبدون . ونحن نعبد ما تعبدون ! فأنزل الله : يا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلاة وأنتم سكارى حتى تعلموا ما تقولون .

ولا نحتاج إلى مزيد من الأمثلة والروايات ؛ لندلل على تغلغل ظاهرة الخمر في المجتمع الجاه

دێت، کە بیرۆکەکانی بە "سوننەگەرێتی" وەسف کرابوون، و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ئێراندا بە کردەیەکی شایستەی ڕەخنەیان ناوزەد کرد، هەندێک کەسی عەمامە بەسەریش، وەک ابو فضل رضوي أردكاني وسيد إبراهيم مولاني - هەندێک ڕەخنەیان لە بیرۆکەکانی سەید قوتب هەبوو، وەک هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی لە فەقێیەکان.

بە بڕوای من ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە نوێیە لە سەید قوتب بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە هەندێک لەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد؛ سەرەڕای ئەوەش کە ئەو پێویستی و بۆشاییەی کە پاڵیانی پێوەنا بۆ بەکارهێنانی هزری سەید قوتب لەمڕۆدا بوونی نەماوە، جگە لەو پێشهاتانەی کە بەناو بەهاری عەرەبی بەخۆیەوە بینی، پاشان سەرهەڵدانی ناوەندگەرایی ئێران لە ژێر ڕۆشنایی کۆنترۆڵکردنی هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکەدا وەک لوبنان و عێراق و سوریا و یەمەنیش، لەگەڵ شکستی یەک لە دوای یەکی ئیخوان موسلیمین لە گەیشتن بە پڕۆژەکەیان، لە کاتێکدا ئێرانییەکان تیۆری "ویلایەتی فەقێ"یان پەرەپێدا و بۆ دەیان ساڵ بەردەوام بوون، کە تێیدا ئەزموونێکی سیاسییان لە پێگەی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە پەرەپێدا.

جگە لەمە بەئاگاهاتنەوە و ڕابوونی ڕەهەندی تائیفی ئێرانی، کە لە قۆناغی ئامادەکاری بۆ شۆڕشدا لە پلەیەکی لاوەکیدا بوو، لەگەڵ پاشەکشەی تێزی لێکنزیکبوونەوەی نێوان مەزهەبەکان، ڕەنگە هەموو ئەمانە بوونە هۆی سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی بیری سەید قوتب. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هەلومەرجە ڕەخنەگرانەدا، ئەو کتێبەم لە ژێر ناونیشانی **"سەید قوتب و پرسی تەکفیر و توندوتیژی"** وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی فارسی و چاپ کردا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەید قوتب هێشتا لە چوارچێوەی ئێراندا ئامادەیە.

# بەشی سێزدەهەم

# تەبەرا کردنی قەرەزاوی لە بیروڕا کانی قوتب!

## قەرەزاوی لەمەر تەکفیرچیەتی سەید قوتبەوە دەدوێ!

گرنگی بیروڕای فەقیهێکی گەورەی ئیخوانی وەك قەرەزاوی لە دوو لایەندایە، یەکەمیان ئەو کاریگەری و ئامادەییە بەرفراوانەی، کە ئەو پیاوە لە نێوەند و بازنە ئیخوانیەکان کە هەیەتی، بەم بۆچوونە لە نێو توێژێکی گەورەی بزووتنەوەی ئیسلامیدا فیکری قوتب تا مەرگ مەحکوم دەکات.

دووەمیان ئەوەیە کە قەرەزاوی تا ڕادەیەك لەو زمانە پڕ لە ستایش و ترسنۆکە تێپەڕی کە ئیخوان مامەڵەی فیکری سەیدی پێ دەکرد.

یەکێك لە یاریدەدەرانی شێخ یوسف قەرەزاوی، د. عصام تلیمة، چیرۆکی نووسینی شێخ قەرەزاوی لەسەر بیروڕا کانی سەید قوتب دەگێڕێتەوە، لە بابەتێکدا لە سایتی الجزیرة بە ناونیشانی: قصة ما كتبه القرضاوي عن سيد قطب والتكفير/ سەربردەی ئەوەی قەرەزاوی نووسی دەربارەی سەید قوتب و تەکفیرکردن![١٠٧]

---

[١٠٧] https://www.aljazeeramubasher.net/opinions/2022/7/22/%D9%82%D8%B5%D8%A9-%D9%85%D8%A7-%D9%83%D8%AA%D8%A8%D9%87-%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%B1%D8%B6%D8%A7%D9%88%D9%8A-%D8%B9%D9%86-%D8%B3%D9%8A%D8%AF-%D9%82%D8%B7%D8%A8

تیایدا دەڵێت چونکە من ئاگاداری ئەو بابەتەم، بەڵکو تەنها شاهێدی ئەو بابەتەم، دەمەوێ باسی بکەم بۆ ئەوەی لە سیاقی زانستی خۆی باسکردنێك باس بکرێ کە لایق بێ بە سەید قوتب و قەرەزاوی.

دەڵێ لە بەشی سێیەمی یاداشتەکانی بەناونیشانی "ابن القرية والكتّاب" قەرەزاوی بە شێوەیەکی ڕاگوزار ئاماژەی بە تەکفیرکردنی سەید قوتب بۆ کۆمەڵگا کرد. ئەو کارەی هەرای نایەوە لەلایەن دوو بەرە، بەرەی دژی بیروڕای سەید قوتب و ئیسلامی سیاسی، ئەوانەی ڕەخنەیان لەو کارەی قەرەزاوی گرت لە ئیسلامییە سەرسامەکان بە سەید قوتب. قەرەزاوی زۆریش ستایشی قوتب دەکات لەو بەشەدا، بەڵام لە کۆتاییدا دەڵێت کە ئەو لەگەڵ زیادەڕەوی سەید دا نییە لە تەکفیرکردنی کۆمەڵگادا!

قەرەزاوی نەیدەویست بە بایەخەوە و بە وردەکاریەوە باسی تەکفیرکردنەکانی سەید قوتب بکات، بەڵام لەبەر کاردانەوەی نیچە خوێندەوارەکانی ناو ئیخوان و ئیسلامییەکان، کە زۆر قسەی زبر و ناشیرینیان ئاڕاستەی قەرەزاوی کرد، قەرەزاوی ئیستیفزاز بوو، لەوانەی دەیانگووت ئێمە کتێبەکانی سەید قوتبمان خوێندۆتەوە، هیچ تەکفیری تێدا نییە! قەرەزاوی پێیگووتم: دەقە تەکفیرییەکانی ناو کتێبەکانی سەید قوتبیان دەوێ؟! من دەیان دەقی ئەوم لایە، کە تەکفیری لێ دەچۆڕێ.[١٠٨]

بۆیە هات بە درێژی دەقەکانی لە کتێبەکانی وەك في ظلال و معالم دەرهێنا، کە تەکفیرکردنی ئاشکرای تێدایە!

---

[١٠٨] ثم كانت المفاجأة حين وجدت الشيخ يقول لي: أتريدون نصا؟ هل تريد نصا يا عصام؟ عندي عشرات النصوص لسيد كلماته فيها تنضح بالتكفير.

لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەناڵی الفراعین شێخ یوسف قەرەزاوی، موفتی ناوداری ئیخوانی گووتی: سەید قوتب لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا سەر بە ئیخوان موسلیمین بووە، هەروەها پەیوەست بوونی بە ئیخوانەکان لەسەر بنەمای خواست و قەناعەتی ئەو بە ئیخوانەوە بووە، ئاماژەی بەوەشکرد کە گۆڕانی بیرۆکەکانی قوتب لە میانڕەوییەوە بۆ تەکفیر لە دوا نووسینەکانی دەرکەوتووە، بەتایبەتی تەفسیرە بەناوبانگەکەی في ظلال القرآن "لە سێبەری قورئاندا" و کتێبە هەرە گرنگەکەی معالم في الطریق "مەشخەڵی ڕێ". جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم گۆڕانکارییە لە کاتی بەراوردکردنی چاپی یەکەم و چاپی دووەمی في ظلال دا، بە ڕوونی دەردەکەوێت، وەک دیارە بە ڕاشکاوی لە چاپی دووەمدا دەستی پێکردووە باسی "الحاکمیة" و "الجاهلیة" دەکات.

قەرەزاوی ئاماژەی بەوەشدا کە ئیخوان سەبارەت بە سەید قوتب و میراتی فیکری ئەو، لە نێوان دوو قوتابخانە و دوو ڕەوتدا دابەش بوون، یەکەمیان بە دڵسۆزی مانەوە بۆ سەید قوتب و میراتە فیکریەکەی و تێڕوانینەکانی، کە لە دەوری تەکفیرکردنی حکومەتە هاوچەرخەکانی عەرەبی و چەواشەکردنیان و ناونانیان بە جاهیلی دەسوڕانەوە. ڕەوتەکەی تر، پێیان وایە کە سەید قوتب زۆر دوور کەوتۆتەوە لە قوتابخانەی ئیمام حەسەن ئەلبەننا، دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین، ئەوانە وادەزانن بیروڕاکانی سەید بەرهەم و بارمتەی ساتەوەختی ئەشکەنجە و زیندان و ئیبتیلا و نەهامەتییەکانە، کە جەماعەت لە میسر تووشی بوون، بە تایبەتی لە سەردەمی ناسریەکاندا و بۆچوونەکانی قوتب ناودەنێن بە "بیری میحنەت" "فکر المحنة"، ئەوەش بیر و بیرکردنەوەیەکە، کە گومانی پەڕگیری وتوندڕەوی و دوورکەوتنەوە لە میانڕەوی لەخۆدەگرێت.

قەرەزاوی جەختیشی لەوە کردەوە، کە ئەو بیرکردنەوانەی قوتب لە دوا قۆناغی ژیانیدا نووسیویەتی پشتڕاستی "دەرچوونی لە ئەهلی سوننەت و جەماعە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەکاتەوە، چونکە ئەهلی سوننەت و جەماعەت زۆر بە وریایەوە مامەڵە لە تەك پرۆسەی ڕاگەیاندنی تەکفیردا دەکەن، تەنانەت لەگەڵ خەواریجەکانیشدا"، دەڵێت ئەهلی سوننە کەس کافر ناکەن تەنها بە "بەڵگە و شتە یەکلاکەرەوەکان نەبێت، کە ئاماژە بەوە بکات کەسێک لە ئاینەکە لایداوە."

قەرەزاوی بەردەوام بوو و گووتی: " باوەڕم وایە کە ئوستاد قوتب لەم بابەتەدا لە ڕێگای ڕاستی ئەهلی سوننە و جەماعە دوورکەوتۆتەوە"، ئەم دووریەی بۆ چەند هۆکارێک گەڕاندەوە کە گرنگترینیان ئەوەیە کە ئەو نووسینانە لە زینداندا نووسراون، ئەو پێی وابووە دەوڵەت بە بەهێزکردنی کۆمۆنیستەکان، دوورکەوتۆتەوە لە ئیسلام.

سەرەڕای ئەم دوورکەوتنەوە لە سوننە و جەماعەت، قەرەزاوی پێیوایە ئەگەر قەدەر ڕێگای دابا قوتب بژی و لە زیندان دەربچێت، و بیرۆکەکانی لەگەڵ خەڵکدا تاوتوێ بکات، ئەوا لە زۆرێکیان پاشەکشەی دەکرد، هەروەک چۆن محەمەد قوتبی برای وازی لە بیرۆکەی تەکفیرکردنی گشتی موسڵمانان هێنا.

# ئایە بەنا ڕێنیشاندەری قوتب بوو؟!

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا سەید قوتب لە قوتابخانەی ئیخوان پۆلێن دەکرێ یان نا، قەڕەزاوی گووتی "سەید قوتب سەرسام بوو بە ئیمام حەسەن ئەلبەننا، کە دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین بوو، هەر ئەویش بابەتێکی دەربارەی نووسی بە ناونیشانی **"حسن البنا وعبقرية البناء" "حەسەن ئەلبەنا و بلیمەتی بیناسازی"**، تیایدا گوزارشی لە توانا ڕێکخراوەییەکانی ئەلبەنا کرد، لە دامەزراندنی جەماعەت و پێکهێنانی هەیکەلی ڕێکخراوەیی."

قەڕەزاوی گووتی بەڵام قوتب هێندەی لە هزری بەنا وەرنەگرتووە، وەک ئەوەی لە شێخ ئەبو ئەعلای مەودودی وەریگرت، قوتب زۆر لە ژێر کاریگەری مەودودی و بیرۆکەی حاکمیەت و جاهیلیەتی ئەودا بوو. کە بەتەواوی ئەو چەمکانەی لێ وەرگرتووە، بەڵام قوتب لە کۆتاییدا بە دەرئەنجامەگەلێك دەرچوو لە تەکفیرکردنی کۆمەڵگادا و بە جاهیلیەت زانینی، کە تەواو جیاوازە لەوەی مەودودی وتوویەتی.

قەرەزاوی باسی لەوەشکرد، ئەو قسانەی کە لە قوتبەوە هێناویەتیەوە سەبارەت بە کافرکردن و جاهیلیەت ونەفامکردنی کۆمەڵگا، ڕوونن و ڕێگە بە هیچ لێکدانەوەیەک نادەن، بە بەڵگەی گێڕانەوەی د.محمد عەبدوڵڵا مەهدی، کە لە ساڵی ١٩٦٥ زیندانی کرابوو لەگەڵ سەید قوتب، وەک خۆی پشتڕاستی کردەوە کە قوتب لای ئەو، دان بەوەدا دەنێت کە ئەو نووسینانەی لە قۆناغی یەکەمی ژیانیدا وەک "العدالة الاجتماعية في الإسلام"، و"السلام العالمي والإسلام"، و"مشاهد القيامة في القرآن"" نووسیویەتی، گوزارش لە بۆچوون و عەقیدەی نوێی ئەو ناکەن ، بەڵام ئەوەی پێی پابەندە و وەئەستۆی

دەگرێت ئەو نووسینانەیە کە لە دوایین کتێبەکانیدا لە زینداندا نووسیویەتی، وەک **"معالم في الطريق" و چاپی دووەمی "في ظلال القرآن" و"هذا الدين" و"الإسلام ومشكلات الحضارة ."**

لەو گفتوگۆیانەی کە لە زینداندا ئەنجامی دەدا، قوتب دانی بەوەدانا کە وەک ئیمامی شافیعی دوو ڕێبازی هەبووە: کۆن و نوێ، بەڵام شافیعی لقەکانی گۆڕی، لە کاتێکدا ئەو - قوتب- بنەماکانی گۆڕی، واتە بنەماکانی عەقیدەیی، و ئەمەش کێشەکەیە[109].

قەرەزاوی لە درێژایی بابەتەکانی دەربارەی ڕەخنەی لە بیروڕا تەکفیرییەکانی قوتب، ناوی سەید قوتب بە شەهید ومەزناتی دەهێنێ، لە سەرەتای هێنانەوەی بەڵگەکانی بۆ سەلماندنی کە سەید قوتب پیاوێکی تەکفیرییە لە سەرەتای پاشگری ژمارە ٣، کتێبی ابن القرية و الكتاب، ل٤٩٣ لە پەراوێزدا دەڵێ: بەخوای گەورە زۆرم پێناخۆشە ئەو دەقە گوزارشکەر وقسەکارانە بخەمە بەردەستی خوێنەران، سوێند بەخوا نامەوێ خراپەیەك بکەم دەرهەق ئەو کەسەی گیانی خۆی لە ڕێگای ئیسلام پێشکەش کردووە، بەڵکو ئەو ئەمانەت وپەیمانەیە کە خودا لە ئەهلی عیلم وەریگرتووە کە شتەکان بە خەڵك نیشان بدەن و نەیشارنەوە لێیان. قسەکەی حافیزی زەهەبی دەربارەی ابن تيمية دووبارە دەکەینەوە کە دەفەرمووێ: شێخی ئیسلام ابن تيمية خۆشەویستمانە، بەڵام هەق لەلامان خۆشەویسترە.

---

[109] https://www.ammonnews.net/article/44276
هل تنتهي سطوة المدرسة القطبية على أوساط إخوانية بإعلان القرضاوي "خروج" أفكارها على أهل السنة والجماعة؟

قەڕەزاوی چەند بەڵگەیەکی ڕاشکاوی تەکفیرکردن لەکتێبەکانی قوتب باس دەکات، بە تایبەتی چاپی دووەمی تەفسیرەکەی في ظلال، بە تایبەتی بەشەکانی دوایی،هەروەها کتێبی معالم کە زۆربەی لە في ظلال وەرگیراوە.

## بەڵگەکانی لە في ظلال القرآن:

**[وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ] الانعام ٥٥**

قەڕەزاوی دەڵێت: تەنها ئەو دەقە ڕاشکاو و گوزارشکەرەی لە فکری شەهید سەید قوتب مان بەسە، بۆ سەلماندنی تەکفیرچیەتی قوتب لە کاتی تەفسیرکردنی ئەو ئایەتە.

قوتب لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەنووسێت: "بەدیارکەوتنی شەڕ وکوفر وتاوان زۆر پێویستە بۆ دەرکەوتنی ئیمان و خێر وچاکەکاری. نیشاندانی ڕێچکەی تاوانباران، ئامانجێکی خوایە لەو ئایەتانە. چونکە هەر لێڵیەك و شوبهەتێك لە هەڵوێستی تاوانباران و لە ڕێگایان، وەك لێڵی و شوبهەت دەشکێتەوە بەسەر هەڵوێستی ئیمانداران و ڕێگایان. چونکە ئەو دووانە دوو لاپەڕەی بەرامبەر یەکن، دوو ڕێگای جیاوازن... بۆیە پێویستە ڕەنگەکان وهێڵەکان ڕوون و ئاشکرا بن.

لێرەدا پێویستە هەموو بزوتنەوەیەکی ئیسلامی دەستبکات بە دیاریکردنی ڕێگای ئیمانداران و ڕێگای تاوانباران/ موجریمان...

پێویستە ناونیشانی جیاکەرەوە بۆ باوەڕداران دابنێت، و نازناو و ناونیشانی جیاکەرەوەش بۆ تاوانباران دابنێت، لە جیهانی واقیعدا، نەک لە جیهانی تیۆری و خەیاڵیدا. تا خاوەنی دەعوەی ئیسلامی و بزوتنەوە ئیسلامییەکان بزانن کێ لە دەوروبەریان ئیماندارنن و کێش تاوانبارانن.

پاش دیاریکردنی ڕێبازی ئیمانداران و بەرنامە و نیشانەکەیان، دیاریکردنی ڕێباز و شێواز و نیشانەی تاوانباران، بەجۆرێک کە دوو ڕێگاکە تێکەڵ نەبن و دوو ناونیشانەکە لەیەک نەچن، ڕوخسار و تایبەتمەندییەکان لە نێوان باوەڕداران و تاوانباراندا تێکەڵ نەبن.

کاتێک ئیسلام ڕووبەڕووی موشریکەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی دەبوەوە، ئەم دەستنیشانکردنە بەڕاستی هەبووە، ئەم ڕوونییەش تەواو لە ئارادا بوو. ڕێگای موسڵمانە چاکەکان و ڕێگای پێغەمبەر و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون. ڕێگای موشریکە تاوانبارەکانیش ڕێگای ئەو کەسانە بوو کە لەگەڵیان نەچوونە ناو ئەم ئاینە. بەم تایبەتمەندی و ڕوونییە قورئان دادەبەزی، و خودای پاک و بێگەرد، بە هەمان شێوەی نموونەکانی پێشووی ئەو سورەتەو بەم دوا نموونەیەشەوە - لتستبين سبيل المجرمين! وردەکاری ئایەتەکانی دەخستەڕوو - بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕێگای تاوانباران!

**بەڵام گەورەترین زەحمەت و مەشەقەت، کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بزووتنەوە ئیسلامییە ڕاستەقینەکاندا دەبێتەوە هیچ کام لەمانە نییە. . بەڵکو کێشەکە بریتییە لە بوونی کۆمەڵێک مرۆڤ لە وەچە و ڕەچەڵەکی موسڵمانەوە هاتوون، لەو وڵاتانەی کە سەردەمانێک واری ئیسلام [دار الاسلام] بوون، سەرزەمینێك کە لەلایەن ئایینی خوداوە کۆنترۆڵ کرابوون،**

و بە شەریعەتی ئەو بەڕێوەدەبران. . پاشان ئەم سەرزەمینە، خەڵك و گەلانی، بە واقیع واز لە ئیسلام دێنن و هەر بە ناو ڕایدەگەیەنن. نکوڵی لە بنەماکانی ئیسلام دەکەن لە واقیعدا. تەنانەت ئەگەر پێشیان وابێت موسڵمانن و باوەڕیان بە ئیسلامە! ئیسلام واتا شایەتدانی أن لا إله إلا الله، ئەو شایەتمانی لا إله إلا الله ش لەباوەڕدا واتای ئەوەیە کە خودا - بە تەنیا - دروستکەر و بەڕێوەبەری ئەم گەردوونەیە. وە خودا - بە تەنیا - ئەو زاتەیە کە دەبێ بەندەکان پەرستنەکانیان و هەموو چالاکییەکانی ژیان پێشکەش ئەو کەن.

وە خودا - بە تەنیا - ئەو کەسەیە کە بەندەکان یاسای لێ وەردەگرن و ملکەچی حوکمڕانی ئەو دەبن لە هەموو بابەتەکانی ژیانیاندا. . وە هەر تاکێک شایەتی لا إله إلا الله - بەم مانایە نەهێنابێت - "هێشتا شایەتمانی نەداوە و نە چۆتە ناو ئیسلام"، بەبێ گوێدانە ناو و پاشناو و ڕەچەڵەکی. هەر زەوییەك شایەدی لا إله إلا الله ی - بەم مانایە – تێدا جێبەجێ نەبێت، ئەو زەویە پەیڕەو لە دینی خودا ناکات، - کابرای سنەیی گووتەنی- هێشتا واریدی ئیسلام نەبووە."

وە لەسەر زەوی ئەمڕۆ کۆمەڵێک کەس هەن کە ناویان ناوی موسڵمانانە. لە بنەچە و نەوەی موسڵمانانن. نیشتمانگەلێك هەن کە سەردەمانێک واری ئیسلام [دار الاسلام] بوون. . بەڵام نە خەڵك و گەلانی ئەمڕۆ شایەتی لا إله إلا الله دەدەن - بەو مانایە - نە نیشتیمانەکانیش سەر بە دینی خودان بە پێی ئەم مانایە.

ئەمە قورسترین شتە کە بزووتنەوە ئیسلامییە ڕاستەقینەکانی ئەم وڵاتانە لەگەڵ ئەم کەسانەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە!

**سەختترین شت کە ئەم بزوتنەوانە بەدەستیەوە دەناڵێنن، ئەو تەمومژاوی و ناڕوونی و سەرلێشێواوییەی لە دەوری مانای لا إله إلا الله "جگە لە خودا هیچ خودایەک نییە" و مانای ئیسلامە لە لایەک . لەگەڵ مانای شیرک و مانای نەفامی / جاهیلیەت لە لایەکی ترەوە.**

سەختترین شت کە ئەم بزوتنەوانە بەدەستیەوە دەناڵێنن، ڕوون نەبوونەوەی ڕێبازی موسڵمانە ڕاستگۆکان و ڕێبازی موشریکە تاوانبارەکانە.

تێکەڵکردنی نیشانە و ناونیشان، وە سەرلێشێواوی ناو و سیفاتەکانە، وەك ئەو بیابانە فراوانەی کە تێیدا نیشانەکانی ڕێگاکە گووم کراون تێکدراون.

دوژمنانی بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش بەم کەلێنە دەزانن، بۆیە خەریکی دەبن بە بەرفراوانکردن و شلوشۆقکردن و سەرلێشێواوندن و تێکەڵ وپێکەڵکردنن. تا وای لێهاتووە قسەکردن بە ئاشکرا دەربارەی جیاکردنەوەی -موسڵمانان وکافران- دەبێتە تۆمەتێک بە دەست وقاچ ڕاپێچ دەکرێیت لەسەری![110]

[110] هذا أشق ما تواجهه حركات الإسلام الحقيقية في هذه الأوطان مع هؤلاء الأقوام!
أشق ما تعانيه هذه الحركات هو الغبش والغموض واللبس الذي أحاط بمدلول لا إله إلا الله ، ومدلول الإسلام في جانب؛ وبمدلول الشرك وبمدلول الجاهلية في الجانب الآخر.

أشق ما تعانيه هذه الحركات هو عدم استبانة طريق المسلمين الصالحين ، وطريق المشركين المجرمين؛ واختلاط الشارات والعناوين؛ والتباس الأسماء والصفات؛ والتيه الذي لا تتحدد فيه مفارق الطريق!

دواجا حوکمی مەسەلەی ئیسلام و کوفر دەبێتە بابەتێک کە مەرجەع تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریت و ڕێکەوتنی خەڵک، نەک بگەڕێتەوە بۆ وتەی خودا و وتەی پێغەمبەری خودا!"[١١١]

هەڵبەتە وەك شێوازە مەلولکەرەکەی سەید قوتب قسەیەکی زۆرتر دەکات هەمان ناوەرۆک بە دەربڕینیتر، پێویست ناکات داینێین، بەڵام لە کۆتاییدا شێخ قەڕەزاوی ئەو کۆمێنتە دەدات:

ئەوەتا ئەو پیاوە (شەهید سەید قوتب) ڕایدەگەیەنێت - یان تەنانەت هاوار دەکات - کە هیچ بوارێک بۆ گومان و ئەگەر ناهێڵێتەوە: ئەو وڵاتانەی کە سەردەمانێک بە "واری ئیسلام" دادەنران و ئەو خەڵك و گەلانەی "لە وەچە و ڕەچەڵەکی موسڵمانن" ئەوانەی کە باوباپیرانیان سەردەمانێک موسڵمان بوون، هیچیتر موسڵمان نین، تەنانەت ئەگەر وا بیربکەنەوە کە پەیڕەو لە عەقیدە و باوەڕی ئیسلام دەکەن، لە کاتێکدا نە لە کردار و نە لە باوەڕدا موسڵمان نین، چونکە هەقی شایەتمانی لا إله إلا الله یان بە مانای ڕاستەقینەکەی خۆی نەداوە، وەک ئەوەی سەید قوتب خۆی دیاری کردووە. لای سەید سەختترین شت کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، ئەوەیە کە ئەم چەمکە نوێیە هێشتا بۆیان ڕوون نەبوونەتەوە: کە ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان بە موسڵمان دەزانن، لە واقیعدا کافرن، ئەو دەیەوێت ئەم بزووتنەوە ئیسلامیانە و بانگخوازانیان، بە دەنگی بەرز قسە بکەن و هیچ بایەخ وگرنگییەك نەدەن بە "تۆمەتبارکردنیان بە کافرکردنی موسڵمانان"!![١١٢]

---

١١١ لە ل ٤٩٤ وە تا ل ٤٩٨ لە کتێبی ابن القریة و الکتاب. یاداشتەکانی قەڕەزاوی. ئەو دەقانەی لە ( في ظلال القرآن) ل ٢٣٨ - ٢٤٠ (چاپی دووەمی چاپخانەی عیسی الحلبي) وەرگرتووە.

١١٢ ها هو الرجل (الشهيد سيد قطب) يصرح - بل يصرخ - بما لا يدع مجالا للشك والاحتمال : أن الأوطان التي كانت تعد في يوم من الأيام "دارا للإسلام" وأن هؤلاء الأقوام "من سلالات المسلمين" أن الذين كان أجدادهم مسلمين في يوم من الأيام : لم يعودوا مسلمين ،

**دووەم: لە تەفسیری ئایەتی: " أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ" (الانعام: ٦٥)**

[یان سەرتان لیٚ بشیٚوێنێت و بتان کات بەچەند دەستە و تاقیٚکەوە جا هەندیٚکتان بە هەندیٚکی ترتان سزاو ئازار بدات ][113]

**سەید دەڵیٚت:**

"ئەمەش دەمانباتە سەر پیٚگەی کۆمەڵی موسڵمانان لەسەر زەویدا. وە پیٚویستی پەلەکردن لە جیاکردنەوەی لە نەفامی وجاهلیەتی دەوروبەری - جاهیلیەتیش هەموو بارودۆخیٚکە، هەموو حوکمیٚک و هەموو کۆمەڵگایەکە، کە بە تەنها بە شەریعەتی خودا بەڕیٚوەناچیٚت، و تیایدا مافی خودایەتی و حاکمیەت تەنها بە خودای گەورە نادات - و پیٚویستی جیابوونەوەی لەگەڵ نەفامی دەوروبەریدا؛ "بەو پیٚیەی کە ئومەتیٚکی جیاواز لەو گەلەی، کە پیٚیان باشترە لە جاهیلیەت بمیٚننەوە، و پابەندی مەرج و یاسا و حوکم و پیٚوەر و بەهاکانی بن."[114]

لە هەموو خاکیٚکدا هیچ دەربازبوونیٚک نییە بۆ گرۆی موسڵمانان لەم ئازار و ئەشکەنجەیەی بەسەریاندا دیٚت:{أو یلبسکم شیعاً ویذیق بعضکم بأس بعض}

وإن ظنوا أنهم يدينون بالإسلام اعتقادا ، في حين أنهم ليسوا مسلمين لا عملا ولا اعتقادا ، لأنهم لم يشهدوا أن "لا إله إلا الله" بمدلولها الحقيقي كما حدده هو . وأشق ما تعانيه الحركات الإسلامية : أنها لم يتضح لها هذا المفهوم الجديد : أن الذين يظنون أنفسهم مسلمين اليوم هم كفار في الحقيقة ، وهو يريد من هذه الحركات ودعاتها : أن يجهروا بكلمة الفصل ولا يبالوا بـ " تهمة تكفير المسلمين!! "

[113] لە ل ٤٩٩ وە تا ل ٥٠٠ لە کتیٚبی ابن القریة و الکتاب

[114] وهذا يقودنا إلى موقف العصبة المسلمة في الأرض . وضرورة مسارعتها بالتميز من الجاهلية المحيطة - بها والجاهلية كل وضع وكل حكم وكل مجتمع لا تحكمه شريعة الله وحدها ، ولا يفرد الله سبحانه بالألوهية والحاكمية - وضرورة مفاصلتها للجاهلية من حولها؛ "باعتبار نفسها أمة متميزة من قومها الذي يؤثرون البقاء في الجاهلية" ، والتقيد بأوضاعها وشرائعها وأحكامها وموازينها وقيمها.

}یان سەرتان لێ بشێوێنێت و بتان کات بەچەند دەستە و تاقمێکەوە جا هەندێکتان بە هەندێکی ترتان سزاو ئازار بدات{. . مەگەر ئەم گرووپە لە ڕووی عەقیدە و سۆز و مەنهەجی ژیان، خۆی لە خەڵکی جاهیلیەت لە قەومی خۆی جیابکاتەوە.

تا خودا مۆڵەتیان دەدات " وارێکی ئیسلام / دار الاسلام" ێك دابمەزرێنێت کە بتوانێت بە توندی دەستی پێوە بگرێت – بە تەوای هەستەوە وابزانیت ئەوە ئومەتی ئیسلامە، ئەوانەی دەرەوە و دەوروبەرت نەچوونەتە ناو ئەو شتەی کە تۆی تیاچوویت، بۆیە جاهیلیەت و ئەهلی جاهیلیەتن. پێویستە ململانێ بکات لەگەڵ قەوم و قیلەی لەسەر عەقیدە و مەنهەجدا، دواى ئەوە پێویستە داوا لە خودا بکات کە بە ڕاستی دەروێك بکاتەوە لە نێوان خۆی و قەومەکەی بە هەق، چونکە خودا باشترینی دەرووکەرەوەیە..[115]
پێداچوونەوە بە مێژووی بانگەواز بۆ خودا لەسەر دەستی هەموو پێغەمبەرانی خودا، دڵنیاییەکی پتەومان پێدەبەخشێت کە فەتح و سەرکەوتنی خودا، و جێبەجێکردنی بەڵێنی سەرکەوتنی پێغەمبەرەکانی و ئەوانەی باوەڕیان هەبووە لەگەڵیاندا. . یەکجاریش نەهاتۆتە دی، پێش ئەوەی کۆمەڵی موسڵمان خۆی جیانەکاتەوە و بەربەرەرکانێ لەگەڵ قەومەکەی نەکات لەسەر باوەڕ و مەنهەجی ژیان - واتە ئایین - و دابڕانی بە بیروباوەڕ و ئایینەکەی لە بیروباوەڕ و ئایینی جاهیلیەت - واتە سیستەمی ژیانی - و ئەمەش خاڵی جیابوونەوە و دووڕیانی بووە لە هەموو بانگەوازەکاندا.[116]

[115] إنه لا نجاة للعصبة المسلمة في كل أرض من أن يقع عليها هذا العذاب : { أو يلبسكم شيعاً ويذيق بعضكم بأس بعض } . . إلا بأن تنفصل هذه العصبة عقيدياً وشعورياً ومنهج حياة عن أهل الجاهلية من قومها - حتى يأذن الله لها بقيام « دار إسلام » تعتصم بها - "وإلا أن تشعر شعوراً كاملاً بأنها هي « الأمة المسلمة » وأن ما حولها ومن حولها ، ممن لم يدخلوا فيما دخلت فيه ، جاهلية وأهل جاهلية" . وأن تفاصل قومها على العقيدة والمنهج؛ وأن تطلب بعد ذلك من الله أن يفتح بينها وبين قومها بالحق وهو خير الفاتحين.

[116] ومراجعة تاريخ الدعوة إلى الله على أيدي جميع رسل الله ، يعطينا اليقين الجازم بأن فتح الله ونصره ، وتحقيق وعده بغلبة رسله والذين آمنوا معهم . . لم يقع في مرة واحدة ، قبل تميز العصبة المسلمة ومفاصلتها لقومها على العقيدة وعلى منهج الحياة - أي الدين - وانفصالها بعقيدتها ودينها عن عقيدة الجاهلية ودينها - أي نظام حياتها - وأن هذه كانت هي نقطة الفصل ومفرق الطريق في الدعوات جميعاً.

**دەقەکە زۆر ڕوونە: نووسەر (شەهید سەید قوتب) کەس بە موسڵمان نازانێ جگە لەوانەی باوەڕیان بەم بیرۆکەیەی ئەو هەبووە، ئەمەش ئەو گروپەیە کە ناوی دەنێت "کۆمەڵەی موسڵمانان""العصبة المسلمة"، و ئەوەی و ئەوانەی لە دەوروبەری بوون، ئەوانە بوون کە نەچوونەتە ناو ئەو قەوارەی کە ئەو چۆتە ناوی: بە جاهیل و ئەهلی جاهیلیەت حسێبن، واتە موشریک و کافرن هیچ پشکێکیان لە ئیسلامدا نییە، تەنانەت ئەگەر نوێژیش بکەن، بەڕۆژوو بن ، زەکات بدەن، و حەجیش بکەن! وەک ئەوە وایە هەموو موسڵمانان وەکو موشریکەکانی مەککە بن، پێش نێردە و پەیامی محمد. هەرکەسێک باوەڕی پێی هەبێت دەچێتە ناو ئیسلامەوە، هەرکەسێکیش باوەڕی پێی نەبێت، ئەوە کافرێکی نەفامە و خوێنی حەڵاڵە.!!**

ڕاستییەکەی ئێمە نەمانبینیوە نە پێغەمبەر، نە هاوەڵان و نە شوێنکەوتووان و نە هیچ کام لە پێشینەکان یان پاشینەکان، وشەی یەکتاپەرستی بەو شێوەیە لێک دەدەنەوە، کە سەید قوتب لێکی داوەتەوە، بەڵکو خەڵکیان بانگ دەکرد، جا عەرەب بان یان غەیرە عەرەب بۆ "لا إله إلا الله"، کە خەڵک بە سروشتی خۆیان ماناکەیان دەزانی، کاتێک مەجوسیەك بانگ دەکرێ بۆ "لا إله إلا الله" هیچ خودایەک نییە جگە لە خودا، تێدەگات کە مانای وازهێنانە لە پەرستنی ئاگر، و باوەڕنەکردنە بە دوو خودا، خوداوەندێکی چاکە و ڕووناکی و خوداوەندی خراپە و تاریکی، دەیزانی دەبێ نوێژ و نزا و دوعاکانی بۆ خوا ئاڕاستە بکات، و بە تەنها ملکەچی بۆ خودا بکات.[117]

---

[117] النص واضح تمام الوضوح : إن الكاتب (الشهيد سيد قطب) لم يَعُدّ مسلما إلا من آمن بفكرته هذه ، وهي الفئة التي يسميها "العصبة المسلمة" وأن ما حولها ومن حولها ، ممن لم يدخلوا فيما دخلت فيه : جاهلية وأهل جاهلية ، أي هم مشركون وكفار ، ليس لهم في الإسلام نصيب ، وإن كانوا يصلون ويصومون ويزكون ويحجون ! فكأنما المسلمون جميعا بمثابة مشركي مكة عند البعثة المحمدية ، وكأنما دعوته بمثابة دعوة محمد صلى الله عليه وسلم ، من آمن بها دخل في الإسلام ، ومن لم يؤمن بها جاهلي كافر حلال الدم !!

والحق أننا لم نر الرسول صلى الله عليه وسلم ولا الصحابة ولا التابعين ولا أحدا من السلف أو الخلف ، فسر كلمة التوحيد بما فسرها به سيد قطب رحمه الله ، إنما كانوا يدعون الناس من العرب أو العجم إلى "لا إله إلا الله" التي يعرف الناس مدلولها بفطرتهم ، فحين يُدعى المجوسي إلى "لا إله إلا الله" يفهم أن معناها أن يترك عبادة النار ، وألا يقول بإلهين اثنين ، إله للخير والنور ، وإله للشر والظلمة ،

کاتێک هیندۆسێک بانگ دەکرێت بۆ "لا إله إلا اللّٰه" "جگە لە خودا هیچ خودایەک نییە"، تێدەگات کە وازبێنێ لە پەرستنی مانگا و ئاژەڵی دیکە و هێزە جۆراوجۆرەکانی سروشت، ومانای ئاراستەکردنی پەرستنی خۆیەتی بۆ خودای پەروەردگاری جیهانەکان.
لێرەدا ئەم دەقە لە پێشەکی سورەتی الانعامەوە دەهێنینەوە، ئەمەش ئەم مانایە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئاماژەمان پێکرد.

خاوەنی في الظلال (شەهید سەید قوتب) دەڵێت:

ئەوانەی دەیانەوێت ئیسلام ئەمڕۆ داڕێژگە و قاڵب بۆ سیستەمێک و یاساکانی ژیان دابڕێژێت... لە کاتێکدا هیچ کۆمەڵگایەک لەسەر ڕووی زەوی نییە، کە بە ڕاستی بڕیاری دابێت بە تەنها حوکمڕانی بە شەریعەتی خودا دەکات، و هەموو شەریعەتێك ڕەت دەکاتەوە جگە لە شەریعەتی خوا، لەکاتێکدا خاوەنی دەسەلاّتن بۆ سەپاندنی ئەمە و جێبەجێکردنی... ئەوانەی دەیانەوێت ئیسلام ئەوە بکات، ئەوان درک بە سروشتی ئەم ئاینە ناکەن، چۆن لە ژیاندا کاردەکات، وەک ئەوەی خودا دەیەوێت.

ئەوان دەیانەوێت سروشت و میتۆد و مێژووی خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی لە سیستەمی مرۆڤ و میتۆدی مرۆڤ بچێت. ئەوان هەوڵ دەدەن پەلە بکەن لە ڕێگا و هەنگاوەکانیدا بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانیان لە دەروونیاندا، کە لە ئەنجامی ئەو شکستە دەروونیەی لە ڕۆحیاندا هەیە بەرامبەر سیستەمی بچووکی مرۆڤایەتی دروست دەبێت.. دەیانەوێت

ويتجه بصلاته ونسكه وتذلله لله وحده . والهندوسي عندما يُدعى إلى "لا إله إلا الله" يفهم منها أن يدع عبادة البقر وغيرها من الحيونات وقوى الطبيعة المختلفة ، ويتجه بعبادته لله رب العالمين.

ئیسلام خۆی لە شێوەی گریمانەکاندا بشکڵێنێ یان فۆرمۆلە بکات، ڕووبەڕووی ئایندەیەکی نەبوو ببێتەوە.[١١٨]"

خودا دەیەوێت ئەم ئاینە وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت بێت...باوەڕێک کە دڵ پڕ بکاتەوە و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ویژداندا بسەپێنێت. عەقیدەیەکە کە مرۆڤەکان تەنها ملکەچی خودا بن، و یاساکان تەنها لە خوداوە وەربگرن. دوای ئەوەی کەسانێک دێنەبوون کە باوەڕیان بەو شێوەیە، و دەسەڵاتیان دەبێت لەکۆمەڵگاکەیاندا، یاسا وشەرع دەست پێدەکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییە ڕاستەقینەکانیان و ڕێکخستنی ژیانی ڕاستەقینەیان.

هەروەها دەبێت لای لایەنگرانی بانگەوازی مەعلوم بێ، کە کاتێک بانگەوازی خەڵک دەکەن بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ئەم ئاینە، "پێویستە سەرەتا بانگیان بکەن بۆ ئەوەی باوەڕ بە عەقیدە بهێنن - تەنانەت ئەگەر خۆشیان بە موسڵمان ناوببەن! و بڕوانامەی لەدایک بوونیشیان پشتڕاستی کردەوە کە موسڵمانن! " دەبێت فێریان بکەن، کە ئیسلام پێش هەموو شتێک دانهێنانە بە باوەڕی: "لا إله إلا الله /هیچ خودایەک نییە جگە لە خودا" بە مانای ڕاستەقینەی خۆیەوە، کە گەڕانەوەی حاکمیەت و سەروەرییە بۆ لای خودا لە هەموو کاروبارەکانیاندا، و دەرکردنی ئەو کەسانەیە کە دەستدرێژیکەرن بۆ سەر دەسەڵاتی خودا،

[١١٨] والذين يريدون من الإسلام اليوم أن يصوغ قوالب نظام، وأن يصوغ تشريعات حياة.. بينما ليس على وجه الأرض مجتمع قد قرر فعلا تحكيم شريعة الله وحدها، ورفض كل شريعة سواها، مع تملكه للسلطة التي تفرض هذا وتنفذه.. الذين يريدون من الإسلام ذلك لا يدركون طبيعة هذا الدين، ولا كيف يعمل في الحياة كما يريد له الله.. إنهم يريدون منه أن يغير طبيعته ومنهجه وتاريخه ليشابه أنظمة بشرية، ومناهج بشرية. ويحاولون أن يستعجلوه عن طريقه وخطواته ليلبي رغبات وقتية في نفوسهم إنما تنشئها الهزيمة الداخلية في أرواحهم تجاه أنظمة بشرية صغيرة.. إنهم يريدون منه أن يصوغ نفسه في قالب فروض، تواجه مستقبلا غير موجود.. والله يريد لهذا الدين أن يكون كما أراده.. عقيدة تملأ القلب، وتفرض سلطانها على الضمير. عقيدة مقتضاها ألا يخضع الناس إلا لله، ولا يتلقوا الشرائع إلا من الله. وبعد أن يوجد الناس الذين هذه عقيدتهم، ويصبح لهم السلطان في مجتمعهم، تبدأ التشريعات لمواجهة حاجاتهم الواقعية، وتنظيم حياتهم الواقعية كذلك.

بە ئیدیعاکردنی ئەم مافە بۆ خۆیان... پەسەندکردنی لە ویژدان و ڕێوڕەسمەکانیاندا، و پەسەندکردنی لە بارودۆخ و واقیعەکەیاندا..[١١٩]

با ئەم بابەتە ببێتە بنەمای بانگەوازکردنی خەڵک بۆ ئیسلام، هەروەک چۆن بۆ یەکەمجار بنەمای بانگهێشتکردنیان بوو بۆ ئیسلام، ئەم بانگەوازەی بۆ ماوەی سێزدە ساڵی تەواو لەلایەن قورئانی مەککەییەوە بانگەشەی بۆ کرا.

ئەگەر کۆمەڵێک کەس بچنە ناو ئەم ئایینە - بەو مانا ڕەسەنەیەوە - ئەوا ئەم کۆمەڵە، شیاوی ئەوەیە سیستمی ئیسلامی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا پراکتیزە بکات، چونکە لەناخی خۆیدا بڕیاری داوە ژیانی خۆی لەسەر ئەم بنەمایە بنیات بنێت، لە هەموو ژیانیدا جگە لە خودا کەس حوکمی نەکات.[١٢٠] "

**دەقەکە ئەوەندە ڕوونە کە پێویستی بە کۆمێنت نییە، نووسەر (شەهید سەید قوتب) سەیری موسڵمانانی ئەمڕۆ دەکات، وەک موشریکەکانی عەرەبی سەردەمی جاهیلیەت لە کاتی پەیامدا، هیچ جیاوازیەك نابینێت لە نێوان ئەمان و ئەوان، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەوانەی ئێستا خۆیان بە موسڵمان ناودەبەن، و ئەمەش هیچ دادیان نادات، بۆیە ئەوانەی بانگەوازی دەکەن: دەبێت سەرەتا بانگەوازی خەڵک بکەن بۆ باوەڕهێنان بە عەقیدە،**

---

[١١٩] كذلك يجب أن يكون مفهوما لأصحاب الدعوة الإسلامية، أنهم حين يدعون الناس لإعادة إنشاء هذا الدين، "يجب أن يدعوهم أولا إلى اعتناق العقيدة- حتى ولو كانوا يدعون أنفسهم مسلمين! وتشهد لهم شهادات الميلاد بأنهم مسلمون -" يجب أن يعلموهم أن الإسلام هو أولا إقرار عقيدة: لا إله إلا الله بمدلولها الحقيقي وهو رد الحاكمية لله في أمرهم كله، وطرد المعتدين على سلطان الله بادعاء هذا الحق لأنفسهم.. إقرارها في ضمائرهم وشعائرهم، وإقرارها في أوضاعهم وواقعهم..

[١٢٠] ولتكن هذه القضية هي أساس دعوة الناس إلى الإسلام كما كانت هي أساس دعوتهم إلى الإسلام أول مرة.. هذه الدعوة التي تكفل بها القرآن المكي طوال ثلاثة عشر عاما كاملة..

فإذا دخل في هذا الدين- بمفهومه هذا الأصيل- عصبة من الناس، فهذه العصبة هي التي تصلح لمزاولة النظام الإسلامي في حياتها الاجتماعية لأنها قررت بينها وبين نفسها أن تقوم حياتها على هذا الأساس وألا تحكم في حياتها كلها إلا الله

**تەنانەت ئەگەر خۆشیان بە موسڵمان ناوببەن، بەڵگەنامەی لەدایکبوونیشیان شایەدی ئەوەیان بۆ بدات کە موسڵمانن![١٢١]**

شەهید، ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە ڕێگا ڕاستەکە لایداوە و زیادەڕەوی دەکات، لە پابەندکردنی هەموو خەڵک بە وشەی یەکتاپەرستی لا إله إلا الله / "جگە لە خودا هیچ خودایەک نییە" و هەموو موسڵمانان لە ماناکەی تێدەگەن: کە هیچ خوداوەندێکی پەرستراوی ڕاستەقینە نییە جگە لە خودا، و عیبادەتیش لای هەموو گەلان ناسراوە، هەندێکیان تەنها ئاراستەی خودا دەکەن، کە ئەوانەش موسڵمانن، وە هەندێکیان لەگەڵ خودادا هاوبەشی بۆ بڕیاردەدەن، ناتوانین موسڵمانەکە هاوتا بکەین لەگەڵ هیندۆسیەك کە مانگا دەپەرستێت، یان ئەو بودابیەی کە (بودا) دەپەرستێت!

کێشەی ئوستاد سەید قوتب ئەوەیە کە تەنها ئیمان یان کوفر دەزانێت، بەڵام چەندین پێگە لە نێوانیاندا هەیە، کە بریتییە لە فسوق وفاسقی یان سەرپێچی، ڕەنگە ئەمڕۆ سەدان ملیۆن موسڵمان هەبن، بەڵام - هەموویان یان زۆربەیان - سنووربەزێن و سەرپێچیکار وگوناهبارن، پێویستیان بە تەوبەکردنە، یان بێ ئاگان لە ئایینەکەیان کە پێویستیانە فێر بکرێن.[١٢٢]

---

[١٢١] النص من الوضوح بحيث لا يحتاج إلى تعليق ، فالكاتب (الشهيد سيد قطب) ينظر إلى مسلمي اليوم نظرته إلى مشركي العرب في الجاهلية تماما عند البعثة ، لا فرق بين هؤلاء ولا أولئك ، إلا أن هؤلاء يسمون أنفسهم مسلمين وهذه لا تغني عنهم شيئا ، ولهذا كان على أصحاب الدعوة : أن يدعوا الناس إلى اعتناق العقيدة أولا ، حتى لو كانوا يدعون أنفسهم مسلمين ، وتشهد لهم شهادات الميلاد أنهم مسلمون !.

[١٢٢] وقد اعتسف الشهيد رحمه الله في إلزامه الناس جميعا بتفسيره لكلمة التوحيد "لا إله إلا الله" والمسلمون جميعا يفهمون معناها : أنه لا معبود بحق إلا الله ، والعبادة تعرفها الأمم جميعا ، فمنهم من يوجهها إلى الله وحده وهم المسلمون ، ومنهم من يشرك مع الله غيره ، ومنهم من يعبد هذا الغير من دون الله ، ولا يمكن أن نسوي بين المسلم والهندوسي الذي يعبد البقرة ، أو البوذي الذي يعبد (بوذا).!
ومشكلة الأستاذ سيد قطب : أنه لا يعرف إلا الإيمان أو الكفر ، ولكن يوجد بينهما منزلة هي الفسوق أو العصيان ، فقد يوجد اليوم مئات الملايين من المسلمين ، ولكنهم - كلهم أو جُلهم - عصاة مفرطون ، في حاجة إلى أن يتوبوا ، أو جهلة بدينهم في حاجة إلى أن يُعلّموا.

ئەگەر ئوستاد سەید قوتب بیگوتبا: هیچ موسڵمانێک نییە لە تێگەیشتن و ڕەفتاردا لە ئیسلامەکەیدا کامڵ بێت، دەکرا قسەکانی قبوڵ بکرابا، بەڵام کە دەڵێت: بە هیچ شێوەیەک موسڵمان نییە، بەڵکو زیاتر گەلانێک هەن لە ڕەچەڵەکی موسڵمانانن، و ئەوەی کە بوونی ئیسلامی لە مێژە کۆتایی هاتووە یان وەستاوە، ئەمە زیادەڕەوییە لە سەیرکردنی ئومەتدا، کە کوفری نەکردووە، نە بە پەروەردگارەکەی و نە بە قورئانەکەی و نە بە پێغەمبەرەکەی، و هێشتا بە ملیۆنان کۆدەبێتەوە لە مانگی ڕەمەزاندا بۆ نوێژی تەراویح، و لە وەرزەکانی حەج و عومرەدا.

کێ ئەڵێت: ئەمانە هەمووی کافرن؟! بەڵکو ئێمە ئەوە دەڵێین کە خودای گەورە فەرموویەتی: [**ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ**] **(فاطر : ٣٢).**

**[لەپاشان ئەم قورئانەمان بەخشی بەکەسانێك کە لەناو بەندەکانماندا هەڵمان بژاردن ئەمجا هەندێکیان ستەمکارن لەخودی خۆیان وهەندێکیان مام ناوەندین و هەندێکی تریان بەفەرمانی خوا پێشکەوتوون بەهۆی چاکەکانیانەوە]**[١٢٣]

**ئایەتێك لە سورەتی ئەنفالەوە: شرۆڤەکردن لەسەر ئایەتی تایبەت بە دابەشکردنی غەنیمەت:**

لە لێکدانەوەی ئەو ئایەتەدا: " **وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ..** " **(الأنفال : ٤١)** (وە بزانە هەر شتێکتان بە غەنیمەت دەست کەوت، یەک لەسەر پێنجی هی خوا و هی پێغەمبەرە...) و ئاماژەکردنی بەو شتانەی کە تێیدا گێڕدراوەتەوە لە ناکۆکی لەسەر دابەشکردنی پێنجیەکی، کە دەمێنێتەوە دوای ئەوەی شەڕڤانان چوار لەسەر

[١٢٣] وەڵامەکەی قەڕەزاوی لە ل ٥٠٠ وە تا ل ٥٠٤ لە کتێبی ابن القرية و الکتاب

پێنجی لێ وەردەگرن، و ئەو وتانەی تێیدا هاتووە، (شەهید سەید قوتب ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

وە ئێمە - بە شێوازی خۆمان لەم تەفسیرەی في الظلال دا - قووڵ نابینەوە بۆ ئەم لقانەی فیقهی کە باشترە لە باسە تایبەتەکانیاندا بەدوایاندا بگەڕێین. . ئەمە بەگشتی. . بە شێوەیەکی تایبەتیش، پرسی غەنیمەت سەرتاسەری بە هیچ شێوەیەک، ئەمڕۆ واقیعێکی ئیسلامی نییە تا ڕووبەڕوومان بێتەوە.

ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم مەسەلەیەکی واقیعیدا نین، لەبەردەم دەوڵەتێکی ئیسلامی، و ئیمامێکی موسڵمان، یان ئومەتێکی موسڵماندا نین کە لە پێناو خودادا جیهاد بکات، غەنیمەت بەدەستبهێنێت پێویستی بە سەرف کردن بێت! کات گەڕاوەتەوە بۆ دۆخی سەرەتایی خۆی، کاتێک ئەم ئاینە بۆ یەکەمجار هاتە ناو مرۆڤایەتی.

مرۆڤەکان گەڕانەوە بۆ سەردەمی جاهیلیەتی پێش ئیسلام کە تێیدا بوون، لەگەڵ خوادا، خوداوەندەی تریان هاوبەش کرد، بەپێی شەرع و یاساکانی ئەوان ژیانیان بەڕێوە دەبرد! ئەم ئاینە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر خەڵک بانگهێشت بکات بۆ ئەوەی بچنە ناویەوە. . گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی شایەتمانی أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله .... بۆ پێدانی خوداوەندی و حاکمیەت و دەسەڵات تەنها بە خودا. وە وەرگرتن تەنها لە پێغەمبەری خودا لەم ڕووەوە! وە بۆ کۆبونەوە لەژێر سەرکردایەتییەکی موسڵمان، کە کاردەکات بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ئەم ئاینە لە ژیانی خەڵکدا، وە پێدانی وەلا بەو کۆمەڵە و سەرکردایەتییە موسڵمانەکەی. لێساندنەوەی وەلا ودڵسۆزیە لە هەموو کۆمەڵگا جاهیلیەکان و سەرکردەکانیان.[١٢٤]

[١٢٤] ونحن - على طريقتنا في هذه الظلال - لا ندخل في هذه التفريعات الفقهية التي يحسن أن تطلب في مباحثها الخاصة . . هذا بصفة عامة . . وبصفة خاصة فإن موضوع الغنائم بجملته ليس واقعا إسلاميا يواجهنا اليوم أصلا . فنحن اليوم لسنا أمام قضية واقعة , لسنا أمام دولة مسلمة وإمامة مسلمة وأمة مسلمة تجاهد في سبيل الله , ثم تقع لها غنائم تحتاج إلى التصرف فيها ! لقد استدار الزمان كهيئته يوم جاء هذا

لەبری ئەوەی ئەم هەوڵانە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی کۆمەڵگای موسڵمانان بدرێت، بەپێی ڕێبازی دینامیکی واقیعی خودی ئەم ئایینە:

**بانگەوازێک بۆ لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله، لە ئەنجامدا دەستەیەك جارێکی تر بچنە ناو ئەم ئایینە - هەروەک چۆن خەڵک بۆ یەکەمجار هاتنە ناو ئایینەکەوە - هەروەها ئەم هاتنە ناو ئایینەکەش لە ئەنجامدا گروپێکی حەرەکی بە سەرکردایەتیەکی موسڵمان، خاوەن وەلایەکی تایبەت و خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ لە کۆمەڵگا جاهیلیەکان....** پاشان خودا بە هەق دەرووی خێر بکاتەوە لە نێوان خۆی و قەومەکەی. پاشان - و تەنها ئەو کاتە - پێویستی بەو جۆرە ئەحکامانە هەیە کە لە سەرەوە باسکران... لە پێناو ئەم تێگەیشتنە بۆ جددیەتی ڕێبازی زیندوو، واقیعی، دینامیکی ئەو ئایینە، ناچینە ناو ئەو وردەکارییە فیقهیانەی کە پەیوەندییان بە دەستکەوتی جەنگ و غەنیمەتەوە هەیە، تا کاتی خۆی دێت کاتێ خودا ویستی، کۆمەڵگای ئیسلامی دروست بوو، ڕووبەڕووی حاڵەتێکی جیهادی ڕاستەقینە دەبێتەوە، کە لە ئەنجامدا دەستکەوت وغەنیمەت پەیدا دەبێ و پێویستی بە ئەحکام دەبێت. [125]

قەڕەزاوی لە کۆمێنتیدا دەڵێت: لێرەدا دەمەوێت بە ئوستاد سەید قوتب بڵێم: ئەو حاکمیەت

---

الدين إلى البشرية أول مرة ; ورجع الناس إلى الجاهلية التي كانوا عليها , فأشركوا مع الله أرباباً أخرى تصرف حياتهم بشرائعها البشرية ! ولقد عاد هذا الدين أدراجه ليدعو الناس من جديد إلى الدخول فيه . . إلى شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله . . إلى إفراد الله سبحانه بالألوهية والحاكمية والسلطان . والتلقي في هذا الشأن عن رسول الله وحده ! وإلى التجمع تحت قيادة مسلمة تعمل لإعادة إنشاء هذا الدين في حياة البشر , والتوجه بالولاء كله لهذا التجمع ولقيادته المسلمة ; ونزع هذا الولاء من المجتمعات الجاهلية وقياداتها جميعاً.

[125] بدلا من أن ينفقوا هذه الجهود في إعادة إنشاء المجتمع المسلم وفق المنهج الحركي الواقعي لهذا الدين نفسه:دعوة إلى لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله ; ينشأ عنها دخول فئة في هذا الدين من جديد - كما دخل فيه الناس أول مرة - كما ينشأ عن هذا الدخول في الدين تجمع حركي ذو قيادة مسلمة وذو ولاء خاص به وذو كينونة مستقلة عن المجتمعات الجاهلية . . ثم يفتح الله بينه وبين قومه بالحق . . ثم يحتاج حينئذ - وحينئذ فقط - إلى الأحكام التي تنظم علاقاته فيما بينه ; كما يحتاج إلى الأحكام التي تنظم علاقاته مع غيره . . وحينئذ - وحينئذ فقط - يجتهد المجتهدون فيه لاستنباط الأحكام التي تواجه قضاياه الواقعية - في الداخل وفي الخارج - وحينئذ - وحينئذ فقط - تكون لهذا الاجتهاد قيمته , لأنه تكون لهذا الاجتهاد جديته وواقعيته! ... من أجل هذا الإدراك لجدية المنهج الحي الواقعي الحركي لهذا الدين , لا ندخل هنا في تلك التفصيلات الفقهية الخاصة بالأنفال والغنائم ; حتى يحين وقتها عندما يشاء الله ; وينشأ المجتمع الإسلامي , ويواجه حالة جهاد فعلي , تنشأ عنه غنائم تحتاج إلى أحكام ! لە ل ٥٠٤ وە تا ل ٥٠٦ لە کتێبی ابن القرية و الكتاب

و حوکمڕانییەی کە پێداگیری لەسەر دەکات و بە ئایەتەکانی قورئان بەڵگەی بۆ دهێنێتەوە، دوو شت دەگەیەنێت: حاکمیەتی بوونەوەری، و حاکمیەتی شەرعی. هەرکەسێک دان بە حاکمیەتی بوونەوەری قەدەری بهێنێت، دانی بە حاکمیەت دا ناوە، و ئەگەر وتەکەی لە ماناکەی لا نەدابێ، واتە هیچ کەسێک گەردوون بەڕێوە نابات جگە لە خودا، ئەگەر خودا هەر بابەتێک بڕیار بدا، تەنها پێی دەڵێت: ببە و دەبێت، و بەڵام ڕەنگە کەسێک دان بە حاکمیەتی شەرعی خودا و دەقەکەیدا بنێت و بەڵام بڕیارەکانی جێبەجێ نەکات. ئەوە پرسی: «پەیوەندی نێوان ئیمان و کار»ە.[126]

ئێمە بە درێژی تاوتوێی ئەو ڕایەی سەیدمان کردووە لە کتێبی "**إحياء الفقه الإسلامي**" نوێکردنەوەی ئیجتیهاد و گرنگی و پێویستی، نیشانیشمان دا کە سەیدی ڕەحمەتی تاك وتەریک وشازە لەو ڕیانەی لە نێوان هەموو زانایانی ئومەت، کە لایەنی توندوسەختگیری لە خەڵکی تەبەنا دەکات، بەڵام ئەو هێشتا باوەڕ بە وجودی ئومەتێك ناکات، بۆ ئەوەی موستەهەقی ئاسانگیری بێت!

ئامۆژگاری خوێنەر دەکەم بگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو کتێبەم: " الاجتهاد في الشريعة الإسلامية " و " الاجتهاد المعاصر بين الانضباط والانفراط ".[127]

**دەربارەی ئایەتی :**

**" اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لا إِلَهَ إِلا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ " (التوبة : ٣١)**

---

[126] وأود أن أقول للأستاذ سيد قطب هنا : إن الحاكمية التي يلح عليها ويستدل عليها بآيات القرآن تعني أمرين : الحاكمية الكونية ، والحاكمية الشرعية . فمن أقر بالحاكمية الكونية القدرية فقد أقر بالحاكمية ، ولم يعطل اللفظَ عن معناه ، بمعني أنه لا يتصرف في الكون كله إلا الله ، إذا قضي أمراً فإنما يقول له : كن فيكون ، علي أن المرء قد يقر بحاكمية الله الأمرية التشريعية وبنصه ولا ينفذ أحكامه . وهي قضية : "علاقة الإيمان بالعمل."

[127] ابن القرية والكتاب ملامح سيرة ومسيرة ، (٣/ ٤٤١ ـ ٤٥٩) ط ٢ ، دار الشروق ، القاهرة ، ٢٠٠٨ م

[زانا و قەشەکانیان کردوە بەپەروەردگار لەجیاتی خوا هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش (یان کردوە بە خوا) لە کاتێکدا فەرمانیان پێ نەدراوە بێجگە لەوەی کەیەک خوا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە بێجگە لەئەو پاک و بێگەردی بۆ ئەو (خوا) یەی لەوەی دەیکەنە هاوبەشی]

(شەهید سەید قوتب) ئەوەی لە ئەحمەد و الترمذی و ابن جریر لە عدي بن حاتم (کە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا بۆتە مەسیحی) گێڕاوەتەوە، کاتێک ئایەتەکەی لە پێغەمبەرەوە بیستووە، گووتی ئەی پێغەمبەری خودا ئەوان نەیاندەپەرستن! فەرمووی: بەڵێ حەڵاڵیان بۆ حەرام دەکردن و حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکردن، ئەوە پەرستنی ئەوانە.

## (شەهید سەید قوتب) لە (في الظلال) دەنووسێت:[128]

لەو دەقە قورئانییە مانا ڕاشکاوەدا، ولە تەفسیری پێغەمبەر کە کۆتایی قسانە، و لە تێگەیشتنی موفەسیرانی بەرایی و دوایی، هەندێك هەقیقەتی زۆر گرنگمان بۆ دەردەکەوێت:

عیبادەت بریتیە لە پەیڕەوکردنی یاساکانی ناو دەقی قورئان و تەفسیری پێغەمبەری خودا - جولەکە و مەسیحییەکان حاخام و ڕاهیبەکانیان بە خودا نەکردبوو، بە واتای باوەڕبوون بە خودایی بوونیان یان پێشکەشکردنی ڕێوڕەسمی عیبادەت بۆیان. سەرەڕای ئەمەش خودا - پاکی و بێگەردی بۆ ئەو - لەم ئایەتەدا مەحکومی کردن بە شیرک - و بە کوفر لە ئایەتێکی تر لە هەمان سیاقدا- تەنها لەبەر ئەوەی یاساکانیان لێ وەرگرتوون، گوێڕایەڵی بوون و شوێنیان کەوتوون. ئەوە بەتەنها - بەبێ باوەڕ و ڕێوڕەسم - بەسە بۆ ئەوەی هەرکەسێک ئەو کارە بکات بە موشریکی لەقەڵەم بدەین، شیرکێك کە لە ڕیزی ئیمانداران

[128] لە ل ٥٠٨ وە تا ل ٥١١ لە کتێبی ابن القریة و الکتاب.

دووری دەخاتەوە و دەیخاتە نێو ڕیزی بێباوەڕان... شیرک دێتە دی تەنها بە پێدانی مافی تەشریع و یاسادانان بە کەسێکی تر جگە لە خودا لەنێو بەندەکانیدا. تەنانەت ئەگەر باوەڕبوون بە خودابوونەکەشی لەگەڵدا نەبێت، یان ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی پەرستنیشی تێدا نەبێت...[129]

ئایینی حەقیقەت کە خودا جگە لەو هیچ ئایینێکیتر لە مرۆڤەکان قبوڵ ناکات، "ئیسلام"ە. . ئیسلامیش بە تەنها شوێنکەوتەی خودایە لە شەریعەتدا - دوای باوەڕهێنان بە تەنها خودایبوونی و پێشکەشکردنی ڕێوڕەسمی عیبادەت بەتەنها بۆئەو- "کەواتە ئەگەر مرۆڤەکان شەریعەتەک پەیڕەو بکەن جگە لە شەریعەتی خودا"، ئەوا ئەوەی دەرهەق جولەکەکان و مەسیحییەکان ڕاست بووە، کە ئەوان موشریکن و باوەڕیان بە خودا نییە – با هەر ئیدیعای ئیمانیانیش بکەن- "چونکە ئەم وەسفە لەسەریان دەسەپێ، هەر کە لەبری خودا یاساکانی بەندەکانیان پەیڕەو کرد، بەبێ ئەوەی ئینکاری بکەن، وبیسەلمێنن کە بە زۆرەملێ ولە ناچارییەوە پەیڕەوی لێدەکەن، هیچ دەسەڵاتێکیان نییە بۆ بەرپەرچدانەوەیان" ڕازیش نین لەو پێشێلکردنەی دەرهەق بە خودای دەکەن.[130]

**ئەوانە موشریکن پەیڕەو لە ئایینی هەق ناکەن، ئەوان خوداوەندیتر جگە لە خودا بە خودا دەگرن. . ئەگەر دوژمنانی ئەم ئاینە بە تامەزرۆییەوە لافیتەی ئیسلام لەسەر ئەم**

[129] أن العبادة هي الاتباع في الشرائع بنص القرآن وتفسير رسول الله - صلى الله عليه وسلم - فاليهود والنصارى لم يتخذوا الأحبار والرهبان أرباباً بمعنى الاعتقاد بألوهيتهم أو تقديم الشعائر التعبدية إليهم . . ومع هذا فقد حكم الله - سبحانه - عليهم بالشرك في هذه الآية - وبالكفر في آية تالية في السياق - لمجرد أنهم تلقوا منهم الشرائع فأطاعوها واتبعوها . . فهذا وحده - دون الاعتقاد والشعائر - يكفي لاعتبار من يفعله مشركاً بالله ، الشرك الذي يخرجه من عداد المؤمنين ويدخله في عداد الكافرين

[130] إن دين الحق الذي لا يقبل الله من الناس كلهم ديناً غيره هو « الإسلام » . . والإسلام لا يقوم إلا باتباع الله وحده في الشريعة - بعد الاعتقاد بألوهيته وحده وتقديم الشعائر التعبدية له وحده - "فإذا اتبع الناس شريعة غير شريعة الله" صح فيهم ما صح في اليهود والنصارى من أنهم مشركون لا يؤمنون بالله - مهما كانت دعواهم في الإيمان - "لأن هذا الوصف يلحقهم بمجرد اتباعهم لتشريع العباد لهم من دون الله ، بغير إنكار منهم يثبت منه أنهم لا يتبعون إلا عن إكراه واقع بهم ، لا طاقة لهم بدفعه" ، وأنهم لا يقرون هذا الافتئات على الله.

**بارودۆخانە و ئەو کەسانە دابنێن؛ ئەرکی پارێزەرانی ئەم ئایینەیە، کە ئەم نیشانە فریودەرانە لابیەن. وە بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەن کە لە ژێرەوەی ئەو لافیتەیە چەند شیرک و کوفر و بە خودا گرتنی جگە لە الله هەیە. . { وما أمروا إلا ليعبدوا إلهاً واحداً لا إله إلا هو سبحانه عما يشركون } {لە کاتێکدا فەرمانیان پێ نەدراوە بێجگە لەوەی کەیەک خوا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە بێجگە لەئەو پاک و بێگەردی بۆ ئەو (خوا) یەی لەوەی دەیکەنە هاوبەشی}**

**لێرەدا قەرەزاوی بە شێوەیەکی جیا لە من، کە وەك نووسەرێکی سەربەخۆ و ڕەخنەگر لە ئیسلامی سیاسی بێزاری خۆم دەربڕیوە لە شێوازی سەید قوتب بۆ گەیاندنی بیرۆکەیەك، کە دەیان جار هەمان بیرۆکە بە شێوازی جیاجیا و بە درێژدادڕیەکی زۆرەوە دووبارە دەکاتەوە! قەرەزاوی هەمان بێزاری دەردەبڕێت، بەڵام بۆ ڕاگرتنی دڵی ئیخوانەکانی بەو جۆرە دەریدەبڕێت:**

**"سەید قوتب یەکێکە لە گەورەترین ئەدیبی عەرەبی، توانایەکی گەورەی هەیە بۆ دەربڕینی یەک بیرۆکە، بە چەندین شێوە و بە شێوازی جۆراوجۆر، سەیر نییە کە "الظلال" پڕە لە بیرۆکەی ناوەندی خۆی سەبارەت بە وەستانی ئیسلام لە زەویەوە، ونبوونی میللەتەکەی لە بووندا، سەرەڕای بوونی سەدان ملیۆن کەس کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام، و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە موسڵمانن![131]**

شەهید سەید قوتب لە "الظلال" دا دەفەرموێت:

---

[131] مشركون لا يدينون دين الحق ، وأنهم يتخذون أرباباً من دون الله . . وإذا كان أعداء هذا الدين يحرصون على تثبيت لافتة الإسلام على تلك الأوضاع وهؤلاء الأشخاص؛ فواجب حماة هذا الدين أن ينزعوا هذه اللافتات الخادعة؛ وأن يكشفوا ما تحتها من شرك وكفر واتخاذ أرباب من دون الله . . { وما أمروا إلا ليعبدوا إلهاً واحداً لا إله إلا هو سبحانه عما يشركون } إن سيد قطب أديب من كبار أدباء العربية ، وله قدرة هائلة على التعبير عن الفكرة الواحدة ، بصيع متعددة ، وأساليب شتى ، فلا عجب أن نرى "الظلال" حافلا بفكرته المحورية عن انقطاع الإسلام من الأرض ، وغياب أمته من الوجود ، برغم وجود مئات الملايين الذين ينسبون إلى الإسلام ، ويزعمون أنهم مسلمون.!
لە ل ٥١١ وە تا ل ٥١٢ لە كتێبی ابن القرية و الكتاب

**ئەو کەسە گەمژانەی کە خۆیان بە "موسڵمان" ناودەبەن، بەم لافیتە وتابلۆیە فریو دەخۆن.. لە نێو ئەو کەسە ساویلکانەش زۆرێکیان لە بانگخوازانی ئیسلامن لە زەویدا! شەرمەندەن پەردە لەسەر ئەو جاهیلیەت و "نەفامی"یەی لە ژێرەوەیدایە لادەن، شەرمەندەن لە وەسفکردنی ئەم بارودۆخانە بە سیفەتی ڕاستەقینەی خۆیان، کە بەم لافیتە و نیشانە فریودەرانەوە تەمومژاوی دەبێت... وەسفی شیرک و کوفر ڕوون و ڕاشکاوە... و شەرم دەکەن وەسفی ئەو کەسانە بکەن کە بە و بارودۆخە و هەل ومەرجانە ڕازین بە سیفەتی ڕاستەقینەی خۆیان بە هەمان شێوە! هەموو ئەمانە ڕێگرن لە دەستپێکردنێکی ڕاستەقینە و تەواو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جاهیلیەت و نەزانییە، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاشکاوانەدا، کە تێیدا هیچ شەرم و تاوانیك لە وەسفکردنیدا وەک واقیعی ڕاستەقینەی خۆیدا نەبێت!**

بەم شێوەیە ئەم لافیتەیە هەڵگری پرۆسەیەکی مەترسیداری بێهۆشکردن و بەنجکردنی جوڵانەوە زیندووکەرەوەکانی ئیسلامییە، هەروەها دەبێتە بەربەستێکی ڕێگر لە هۆشیاری ڕاستەقینە و ڕێگر لە دەستپێکردنێکی ڕاستەقینە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جاهیلیەتی سەدەی بیستەم، کە ئەرکی ڕیشەکێشکردنی، ئەوەندەی ماوە لە ڕەگی ئەو دینەی بە ئەستۆوە گرتووە.[١٣٢]

[١٣٢] والسذج ممن يدعون أنفسهم «مسلمين» يخدعون في هذه اللافتة.. ومن هؤلاء السذج كثير من الدعاة إلى الإسلام في الأرض! فيتحرجون من إنزالها عن «الجاهلية» القائمة تحتها، ويتحرجون من وصف هذه الأوضاع بصفتها الحقيقية التي تحجبها هذه اللافتة الخادعة.. صفة الشرك والكفر الصريحة.. ويتحرجون من وصف الناس الراضين بهذه الأوضاع بصفتهم الحقيقية كذلك! وكل هذا يحول دون الانطلاق الحقيقي الكامل لمواجهة هذه الجاهلية مواجهة صريحة لا تحرج فيها ولا تأثم من وصفها بصفتها الحقيقية الواقعة!
بذلك تقوم تلك اللافتة بعملية تخدير خطرة لحركات البعث الإسلامي كما تقوم حاجزاً دون الوعي الحقيقي، ودون الانطلاق الحقيقي لمواجهة جاهلية القرن العشرين التي تتصدى لسحق الجذور الباقية لهذا الدين . (2)

ئەم مرۆڤە ساویلکانە – لە بانگخوازانی ئیسلام - لە ڕوانگەی منەوە مەترسیدارترن بۆ بزووتنەوەکانی زیندووکردنەوەی ئیسلامی لە دوژمنە هۆشیارەکانی ئەم ئایینە، کە لافیتەی ئیسلام بەسەر ئەو بار و دۆخ و بزووتنەوە و ڕەوت و بیرۆکە و بەها و نەریتانەدا بەرز دەکەنەوە، کە ئەوان دامەزرێنەر و زامنکەرینە بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەم ئاینە![١٣٣]

**مەترسی ڕاستەقینە لەسەر ئەم ئاینە، ئەوەندەی لە هەبوونی دوژمنی بەهێز و هۆشیار و ڕاهێنراودا نییە، ئەوەندەی لە هەبوونی دۆستی بێهەڵوێست و فریودراودایە، کە بێ شەرمەزاری شەرمەزار دەبن، و قبووڵ دەکەن کە دوژمنەکانیان بە لافیتەیەکی فریودەرانەی ئیسلام خۆیان بپارێزن، لە کاتێکدا ئەوان لە پشت ئەم لافیتە فریودەرەوە لە ئیسلام بدەن !**

یەکەم ئەرکی بانگخوازانی ئەم ئاینە لەسەر زەوی، ئەوەیە کە ئەو لافیتە فریودەرانە لەسەر هەلومەرجی جاهیلیەت بەرزکراوەتەوە، دایبەزێنن، کە پارێزگاری لەو بارودۆخ و هەل ومەرجانە دەکەن کە دامەزراون بۆ ڕیشەکێشکردنی ڕەگی ئەم ئایینە لەسەر هەموو زەویدا! خاڵی دەستپێکی هەر بزووتنەوەیەکی ئیسلامی ئەوەیە، کە جاهیلیەت لە جلوبەرگی درۆینەی خۆی داماڵێت و دەرخستنی لەسەر هەقیقەتی خۆی.. شیرک و کوفر... و وەسفکردنی کەسانێک بە وەسفێکەوە کە ڕەنگدانەوەی واقیعی خۆیان بێت، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی بە هێزێکی سەرتاسەری تەواو ڕووبەڕوویان بێتەوە. بەڵکو بۆ ئەوەی ئەمانە خۆیان ئاگاداری ئەو واقیعە بن کە دۆخەکەیان بە چی گەیشتووە و کۆتایی هاتووە

---

[١٣٣] هؤلاء السذج- من الدعاة إلى الإسلام- أخطر في نظري على حركات البعث الإسلامي من أعداء هذا الدين الواعين، الذين يرفعون لافتة الإسلام على الأوضاع والحركات والاتجاهات والأفكار والقيم والتقاليد التي يقيمونها ويكفلونها لتسحق لهم هذا الدين! ....والخطر الحقيقي على هذا الدين ليس كامناً في أن يكون له أعداء أقوياء واعون مدربون بقدر ما يكمن في أن يكون له أصدقاء سذج مخدوعون، يتحرجون في غير تحرج ويقبلون أن يتترس أعداؤهم بلافتة خادعة من الإسلام بينما هم يرمون الإسلام من وراء هذه اللافتة الخادعة!

- کە ئەو واقیعەیە کە ئەهلی کتێب گەیشتوونەتە پێی، وەک ئەوەی خودای پەروەردگاری دانا و زانا دیاری کردووە.[١٣٤]

## دەقێکی تکفیری لە معالم في الطريق

**شەهید سەید قوتب** لە کتێبی

" معالم في الطريق" لە بەشی فصل " لا إله إلا الله منهج حياة " چەند بڕگەیەکی لێ هەڵدەبژێرین:

**شەهید سەید قوتب ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت:**

"بەڵام «کۆمەڵگەی جاهیلی» چییە؟ ڕێبازی ئیسلام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چییە؟ کۆمەڵگای جاهیلی هەموو کۆمەڵگایەک دەگرێتەوە، جگە لە کۆمەڵگای موسڵمان نەبێت! ئەگەر پێناسەیەکی بابەتیانەمان بویستایە دەمانگوت: **هەموو کۆمەڵگایەکە کە بەندایەتی خۆی بە تەنها بۆ خودا بڕیار نادات... ڕەنگدانەوەی ئەم بەندایەتیە لە چەمکی بیروباوەڕدا بێ، یا لە ڕێوڕەسمەکانی پەرستن بێ، یان لە یاسا شەرعییەکاندا بێت..**

---

[١٣٤] والخطر الحقيقي على هذا الدين ليس كامناً في أن يكون له أعداء أقوياء واعون مدربون بقدر ما يكمن في أن يكون له أصدقاء سذج مخدوعون، يتحرجون في غير تحرج ويقبلون أن يتترس أعداؤهم بلافتة خادعة من الإسلام بينما هم يرمون الإسلام من وراء هذه اللافتة الخادعة!

إن الواجب الأول للدعاة إلى هذا الدين في الأرض، أن ينزلوا تلك اللافتات الخادعة المرفوعة على الأوضاع الجاهلية، والتي تحمي هذة الأوضاع المقامة لسحق جذور هذا الدين في الأرض جميعاً! وإن نقطة البدء في أية حركة إسلامية هي تعرية الجاهلية من ردائها الزائف وإظهارها على حقيقتها.. شركاً وكفراً.. ووصف الناس بالوصف الذي يمثل واقعهم كيما تواجههم الحركة الإسلامية بالطلاقة الكاملة. بل كيما ينتبه هؤلاء أنفسهم إلى حقيقة ما انتهى إليه حالهم - وهي الحقيقة التي انتهى إليها أهل الكتاب كما يقررها الحكيم الخبير. ئەو قسانەی سيد قطب لە في ظلال بەشی ١٠ ل ٢١٤-٢١٥ چاپی دووەم، چاپی حيسى الحلبي وەرگیراوە.

**بەم پێناسە بابەتییە، هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی ئەمڕۆ لەسەر زەوی بوونیان هەیە، لە ڕاستیدا دەکەونە چوارچێوەی "کۆمەڵگەی جاهیلی"![١٣٥]**

ئینجا سەید قوتب باسی کۆمەڵگا جاهیلیەکان دەکات وەك کۆمەڵگا شیوعییە مولحیدە مادیيەکان. کۆمەڵگاکانی هیند و ژاپۆن و فلیپین و تەواوی ئەفریقیا کە بە کۆمەڵگای وەسەنی " المجتمعات الوثنية" وەسفیان دەکات! ئینجا کۆمەڵگا جووەکان و مەسیحییەکان! کە لای ئەو موشریکن!

لە کۆتایدا دێتە سەر وەسفکردنی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە جاهیلی وکافر!
سەید قوتب دەڵێ:

**لە کۆتاییدا: ئەو کۆمەڵگایانە دەچنە ناو چوارچێوەی کۆمەڵگای جاهیلی، ئەوانە دەگرێتەوە کە بانگەشەی "موسڵمانەتی" دەکەن!**

**ئەم کۆمەڵگایانە ناچنە ناو ئەم چوارچێوەیە، چونکە باوەڕیان بە خودایی بوونی کەسێکی تر جگە لە خودا هەیە، نە لەبەر ئەوەش کە ڕێوڕەسمی پەرستن پێشکەش بە خودێکی تر جگە لە خودا دەکەن، بەڵکو دەچنە ناو ئەم چوارچێوەیە چونکە ئەوان بەندایەتی تەنها بۆ خودا ناکەن، لە سیستەمی ژیانیاندا- ئەو کۆمەڵگایانە ئەگەرچی باوەڕیان بە خودایەتی هیچ خودێک نەبێت جگە لە خودا- بەڵام تایبەتمەندترین تایبەتمەندی خودایەتی دەبەخشنە کەسێکی تر جگە لە خودا، بۆیە ملکەچی حاکمیەتی جگە لە خودا دەبن، و لەم حاکمیەتەوە**

[١٣٥] ولكن ما هو "المجتمع الجاهلي"؟ وما هو منهج الإسلام في مواجهته؟
إن المجتمع الجاهلي هو كل مجتمع غير المجتمع المسلم! وإذا أردنا التحديد الموضوعي قلنا: إنه هو كل مجتمع لا يخلص عبوديته لله وحده... متمثلة هذه العبودية في التصور الاعتقادي، وفي الشعائر التعبدية، وفي الشرائع القانونية... وبهذا التعريف الموضوعي تدخل في إطار "المجتمع الجاهلي" جميع المجتمعات القائمة اليوم في الأرض فعلا!

**سیستەمی، یاساکانی، بەهاکانی، پێوەرەکانی، داب و نەریتی خۆی... و نزیکەی هەموو کۆڵەگەکانی ژیانی وەردەگرێت![١٣٦]**

هەڵوێستی ئیسلام لەسەر هەموو ئەم کۆمەڵگا جاهیلیانەی لە یەک گوزارشدا پێناسەکراوە:

**ئیسلام ڕەتیدەکاتەوە دان بە موسڵمانبوونی هەموو ئەو کۆمەڵگایانە بێنێت و شەرعیەتیان پێ بدات لە ڕوانگەی خۆیدا.**

ئیسلام سەیری ئەو ناونیشان و لافیتە و نیشانانە ناکات، کە ئەم کۆمەڵگا جیاوازانە هەڵیدەگرن... هەموویان لە یەک ڕاستیدا کۆدەبنەوە... ئەویش ئەوەیە کە ژیان لای ئەواندا لەسەر بنەمای بەندایەتی تەواو بۆ خودا دانەمەزراوە، هەر بۆیەش یەکدەگرنەوە - لەگەڵ هەموو کۆمەڵگاکانی تردا لە یەك وەسفدا، ئەویش وەسفی جاهیلیەتە.[١٣٧] .

**دەقی سێیەم لە کتێبی "العدالة الاجتماعية في الإسلام: "**

سەید قوتب دەڵێ:

[١٣٦] وأخيرا: يدخل في إطار المجتمع الجاهلي تلك المجتمعات التي تزعم لنفسها أنها "مسلمة!"

وهذه المجتمعات لا تدخل في هذا الإطار لأنها تعتقد بألوهية أحد غير الله، ولا لأنها تقدم الشعائر التعبدية لغير الله أيضا، ولكنها تدخل في هذا الإطار لأنها لا تدين بالعبودية لله وحده في نظام حياتها، فهي - وإن لم تعتقد بألوهية أحد إلا الله - تعطي أخص خصائص الألوهية لغير الله، فتدين بحاكمية غير الله، فتتلقى من هذه الحاكمية نظامها، وشرائعها وقيمها، وموازينها، وعاداتها وتقاليدها... وكل مقومات حياتها تقريبا!

[١٣٧] وإذا تعين هذا، فإن موقف الإسلام من هذه المجتمعات الجاهلية كلها يتحدد في عبارة واحدة:
إنه يرفض الاعتراف بإسلامية هذه المجتمعات كلها وشرعيتها في اعتباره. لە ل ٥١٤ وە تا ل ٥١٧ لە کتێبی ابن القرية و الكتاب.
دەقەکانی معالم في الطريق ی لە ل٨٨ -٩٣ طبعة دار الشروق ١٩٦٨ وەرگرتووە.

إن الإسلام لا ينظر إلى العنوانات واللافتات والشارات التي تحملها هذه المجتمعات على اختلافها... انها كلها تلتقي في حقيقة واحدة... وهي أن الحياة فيها لا تقوم على العبودية الكاملة لله وحده، وهي من ثم تلتقي - مع سائر المجتمعات الأخرى - في صفة واحدة... صفة "الجاهلية"] انتهى [٤[

ئێمە داوای دەستپێکردنەوەی ژیانێکی ئیسلامی دەکەین، لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا کە بە باوەڕی ئیسلامی و تێگەیشتنی ئیسلامی بەڕێوە بچێت، هەروەها حوکم بکرێ بە شەریعەتی ئیسلامی و سیستەمی ئیسلامی.

ئێمە دەزانین کە ژیانی ئیسلامی – بەو شێوازە- زۆر دەمێکە لە هەموو قوژبن و کوچێکی زەویدا وەستاوە، واتا "بوونی" خودی ئیسلام بە هەمان شێوە وەستاوە!

لە کاتێکدا ئێمە ئەو ڕاستییە دەدرکێنین- سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی شۆک و ترس و نائومێدیی، بۆ کەسانێکی زۆر کە لەوانەیە کە هێشتا حەزیان لێبێت "موسڵمان"[١٣٨] - !...ئێمە جاڕی ئەو هەقیقەتە نادەین بۆ نائومێدکردنی خەڵك،،،بە پێچەوانەوە پێمان وایە باسکردنی ئەو هەقیقەتە ئازاربەخشە، کە ژیانی ئیسلامی لە زەوی وەستاوە و خودی ئیسلام لە بوون وەستاوە، پێمانوایە ئەو باسکردنە زەرورەتێکی گرنگی زەروراتی دەعوەتکردن بۆ ئیسلامە، هەوڵی دەستپێکردنەوەی ژیانی ئیسلامییە.. وپێویستیەکە ناتوانین دەستبەرداری بین![١٣٩]

---

[١٣٨] قەرەزاوی لە پەراوێزدا دەنووسێ: هم اذن ليسوا مسلمين!! کەوابوو ئەوانە موسڵمان نین! تەکفیر لەوە ڕوونتر هەیە؟!

[١٣٩] نحن ندعو إلى استئناف حياة إسلامية في مجتمع إسلامي تحكمه العقيدة الإسلامية والتصور الإسلامي , كما تحكمه الشريعة الإسلامية والنظام الإسلامي.
ونحن نعلم أن الحياة الإسلامية ـ على هذا النحو ـ قدتوقفت منذ فترة طويلة في جميع أنحاء الأرض ؛ وان "وجود" الإسلام ذاته من ثم قد توقف كذلك!
ونحن نجهر بهذه الحقيقة الأخيرة ـ على الرغم مما قد تحدثه من صدمة وذعر وخيبة أمل للكثيرين ممن لا يزالون يحبون أن يكونوا "مسلمين"!هم اذن ليسوا مسلمين ـ ونجهر بها على هذا النحو في الوقت الذي ندعو فيه إلى استئناف حياة إسلامية , في مجتمع إسلامي , تحكمه العقيدة الإسلامية والتصور الإسلامي كما تحكمه الشريعة الإسلامية والنظام الإسلامي . ولا نرى أن في رؤية تلك الحقيقة والجهر بها كذلك ما يدعو إلى خيبة الأمل ؛ أو اليأس من هذه الدعوة ومن هذه المحاولة . على عكس نرى أن الجهر بهذه الحقيقة المؤلمة ـ حقيقة أن الحياة الإسلامية قد توقفت منذ فترة طويلة في جميع أنحاء الأرض , وأن "وجود" الإسلام ذاته من ثم قد توقف كذلك ـ نرى أن الجهر بهذه الحقيقة ضرورة من ضرورات الدعوة إلى الإسلام , ومحاولة استئناف حياة إسلامية ..ضرورة لا مفر منها.

"پێویستە دان بەم ڕاستییە بە ئازارە بنێین، لەسەری قسە بکەین و لەو نائومێدییە نەترسین کە دەیخاتە دڵی زۆرێک لەوانەی کە حەزیان لە "موسڵمان" بوونە... ئەم کەسانە مافی خۆیانە دڵنیابن: کە چۆن موسڵمان دەبن!

بۆ چەندین سەدە دوژمنانی ئەم ئایینە هەوڵی زەبەلاح و فێڵبازانە و بەدخوازانەیان داوە، و ئێستاش دەیدەن بۆ ئەوەی بەدسوودی وەرگرن، لە ترسی زۆرێک لەوانەی کە حەزیان لە موسڵمانبوونە، لە کاریگەرییەکانی ئەم ڕاستییە تاڵە و لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا لە ڕووناکییدا! هەروەها شەرمەزار دەبن کاتێ ڕایدەگەیەنین کە "بوونی" ئەم ئایینە وەستاوە، بەو پێیەی دوا گروپی موسڵمان لەسەر زەوی، وازیان لە حوکمڕانی شەریعەتی خودا هێنا لە هەموو کاروبارەکانیاندا؛ بەم شێوەیە، وازیان لە بە حاکمکردنی[یان خوداوەندی] تەنها خودا هێنا - چونکە ئەمە هاوواتای ئەویترە، یان هاوشانیەت ولێی دوا ناکەوێت.

ئەم دوژمنە فێڵباز و گڵاوانە بەدسوودی لەو ترس و لەو ئیحراج و شەرمەزارییە وەردەگرن، بۆ سڕکردن وبەنجکردنی هەستی خەڵکێکی زۆر لە سەر زەوی، کە زۆریان پێخۆشە "موسڵمان" بن و دەسخەڵەتیان کەن بەوەی کە لە ڕاستیدا هێشتا "موسڵمانن"! وە "ئیسلام سەلامەتە"! و مرۆڤەکان دەتوانن "موسڵمان" بن بەبێ ئەوەی بە شەریعەتی ئەو ئایینە بەڕێوەبچن؛ بەڵکو بێ ئەوەی باوەڕیان بەوە هەبێت کە حاکمیەت تەنها هی خودایە، هەرکەسێک ئیدیعای بۆ خۆی بکات، ئیدیعای خودایەتی کردووە و کافر بووە و لەم ئاینە چۆتە دەرەوە! بە هەمان شێوە پێویستە بە ئاشکرا باسی ڕاستییە دژبەرەکان بکەین، کە ڕەنگە زۆرێک لەوانەی کە حەزیان لێیە بە موسڵمان حسێب بکرێن، لێی بترسن، یان لە نێو ئەو کەسانەی کە شەرم دەکەن ڕایگەیەنن کە بوونی ئەم ئاینە

وەستاوە... با کاریگەری ئەو "مادەی هۆشبەرە" پووچەڵ بکەینەوە کە دوژمنانی ئەم ئاینە، خۆشەویستانی ئەم ئاینەی پێ هۆشبەر دەکەن!!![١٤٠]

قەرەزاوی دەربارەی ئەو دەقە تەکفیریەی قوتب دەڵێت:

**" کەواتە ئیسلام (بە بۆچوونی شەهید سەید قوتب) لەسەر زەوی بوونی نییە، موسڵمانیش بوونیان نییە، تەنانەت ئەگەرچی زۆرێکیان پێیان خۆشیش بێت موسڵمان بن، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە تاڵەیان بە ڕاشکاوانە پێ بڵێین - ئەگەریش زۆر بە ئازارە -: کە ئەوان موسڵمان نین، کەوابو کافر و موشریکن، و دەبێت جارێکی تر بچنەوە ناو ئیسلام، لەسەر بنەمایەکی نوێ!!!"[١٤١]**

**وەنەبێ هەر قەرەزاوی ڕەخنەی توندی لە بیروڕایە تەکفیریەکانی سەید قوتب گرتبێت، دەیەها زانای ئیسلام و ئیسلامی و کەسایەتیتر ڕەخنەیان لێگرتووە، بەڵام بۆیە باسی قەرەزاویم کرد بە درێژی، چونکە قەرەزاوی موفتی گەورەی ئیخوان بوو، خۆشەویستی وسەرسامیشی هەبوو بۆ سەید قوتب. چاکترین ڕەخنە دوای قەرەزاوی ڕەخنەی**

---

[١٤٠] ويجب أن نقرر هذه الحقيقة الأليمة , وأن نجهر بها , وألا نخشى خيبة الأمل التي تحدثها في قلوب الكثيرين الذين يحبون أن يكونوا "مسلمين" .. فهؤلاء من حقهم أن يستيقنوا : كيف يكونون مسلمين!
إن أعداء هذا الدين بذلوا طوال قرون وما يزالون يبذلون , جهوداً ضخمة ماكرة خبيثة , ليستغلوا إشفاق الكثيرين الذين يحبون أن يكونوا مسلمين , من وقع هذه الحقيقة المريرة , ومن مواجهتها في النور ! وتَحَرُّجُهم كذلك من إعلان أن "وجود" هذا الدين قد توقف , منذ أن تخلت آخر مجموعة مسلمة في الأرض عن تحكيم شريعة الله في أمرها كله ؛ فتخلت بذلك عن إفراد الله سبحانه بالحاكمية ـ [أو بالألوهية] ـ فهذه مرادفة لتلك , أو لازمة لها لا تتخلف هؤلاء الأعداء الماكرون الخبثاء يستغلون ذلك الإشفاق وهذا التحرج لتخدير مشاعر الكثيرين في الأرض , الذين يحبون أن يكونوا "مسلمين" وإيهامهم أنهم ما يزالون "مسلمين" فعلاً ! وأن "الإسلام بخير" ! وأن الناس يمكن أن يكونوا "مسلمين" دون أن تحكمهم شريعة هذا الدين ؛ بل دون أن يعتقدوا أن الحاكمية لله وحده , من ادعاها لنفسه فقد ادعى الألوهية , وكفر , وخرج من هذا الدين . ! وكذلك ينبغي أن نجهر نحن بالحقيقة المقابلة , التي قد يشفق منها الكثيرون ممن يحبون أن يكونوا مسلمين ؛ وممن يتحرجون أن يعلنوا أن وجود هذا الدين قد توقف .. لنبطل مفعول "المخدر" الخبيث , الذي يخدر به أعداء هذا الدين محبي هذا الدين !!! ] ئەو قسانەی سيد قطب لە العدالة الاجتماعية في الإسلام ، ص ٢٤٤ ـ ٢٤٧ ، الطبعة السابعة ١٩٦٧م وەرگیراوە.

[١٤١] الإسلام إذن (في رأي الشهيد سيد قطب) غير موجود على الأرض ، والمسلمون غير موجودين ، وإن كان الكثيرون منهم يحبون أن يكونوا مسلمين ، ولكن يجب أن نصارحهم بالحقيقة المُرّة - وإن كانت مؤلمة - : أنهم ليسوا مسلمين ، هم إذن كفار ومشركون ، ويجب أن يدخلوا في الإسلام من جديد ، على أساس جديد !!! [٧] أ.هـ
ابن القرية والكتاب ملامح سيرة ومسيرة ، (٣/ ٤٥٩ ـ ٤٧٠) ط ٢ ، دار الشروق ، القاهرة ، ٢٠٠٨ م

ابوالحسن الندوی یە لەکتێبی "التفسیر السیاسي للإسلام"، کە نەك هەر ڕەخنە لە سەید قوتب دەگرێت، بەڵکو ڕەخنە لە چەمکی حاکمیەتی مامۆستاکەی سەید قوتب، ئەبو ئەعلای مەودودی دەگرێت، دەڵێت ئەو حاکمیەتەی مەودودی وسەید قوتب بریتییە لە کورتهەڵبڕینی خوا لە دەسەڵات وحوکمی سیاسی! دەڵێ ئەو تەرکیزکردنە سەر دەسەڵات وحوکم، خەڵك ناچارکردنە لە ژیان لە ژێر سایەی شەریعەت و دەسەڵاتی دینی زیاتر تێڕوانینێکی سیاسییە تا دینی.

# بەشی چواردەهەم

# مەودودی بلوکی ڕوحی سەید قوتب و ئیسلامی سیاسی و

## مەودودی بلوکی ڕوحی ئیخوان و حاکمیەتی سەید قوتب

دەتوانین بڵێین هەموو ئیخوان لە دامەزرێنەرەوە تا میانڕەوترینیان سەرسامن بە بیروڕاکانی مەودودی.

ئەگەر بە حەسەن بەنا دەست پێبکەین، کە دامەزرێنەری ئیخوان وئیسلامی سیاسییە، دەڵێن کاتێ حەسەن بەنا کتێبی "جیهاد لە ئیسلامدا" مەودودی خوێندەوە، هەستی بە هاوڕایەکی کت ومتی، نێوان بیروڕاکانی خۆی و مەودودی، سەبارەت بە جیهادەوە کرد، و سەرسامی خۆی پێ دەربڕی.

هەروەها بە هەمان شێوە، پەیوەندییەکی ڕۆحی و فیکری بەهێز لەنێوان مەودودی و سەید قوتبدا هەبووە، تا ئەو ڕادەیەی کە قوتب مەودودیەتی وەك ڕێباز وەرگرتووە. بەگوێرەی ئەوەی کە خەلیل ئەلحامیدی [خليل الحامدي] سکرتێری شێخ مەودودی گێڕایەتەوە، دەڵێت: لە یەکێک لە **ساڵەکانی شەستەکانی زاینیدا، گەنجێکی عەرەب هاتە لای ئوستاد مەودودی و کتێبی "معالم في الطريق" سەید قوتبی پێشکەش کرد، کە لەلایەن مەودودی لە یەک شەودا خوێندیەوە و بەیانی پێی گووتم ئەو کتێبە: "وەک ئەوە وایە من خۆم نووسیبێتم". زۆر سەرسامی خۆی دەربڕی لەو نزیکییە فیکریەی نێوان خۆی وسەید قوتب!**

مەودودی هێندە بێ فیز بووە، هەتا نەیگووتوە کە بیرۆکەکانی منی بردووە ودایڕشتۆتەوە، بێ ئەوەی ناوم بهێنێ بە دەگمەن نەبێ، کە ئەوە یەك لە سیفەتەکانی سەید بوو لە نووسیندا! چونکە خەڵکی موسڵمانی پاکستان و هیندستان سەرنجم داوە، زۆر بە چاوی گەورەیی سەیری عەرەب وعەرەبیزان دەکەن، یان زانیتی و بێدەنگی لێکردووە بۆ بەرژەوەندی دەعوە، یان بە عەقڵی مەودودی دا نەچووە کە سەید قوتب بیرۆکەکانی ئەوی بردبێ!

هەر سکرتێری مەودودی دەڵێت: ڕۆژێک دوای جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی سەید قوتب، چووینە لای مەودودی، ئەویش پێی گوتین کە چۆن لەناکاو هەستی بە پەستی وخنکانێکی توند کردووە، و درکی بە هۆکاری ئەو حالەتە نەکردووە، تا کاتێک کاتی لە سێدارەدانی سەید قوتبی لە ڕۆژنامەکانی پاکستانەوە زانیوە، گووتی: "من تێگەیشتم کە ئەو ساتەی خنکانم هەمان سات بوو کە سەید قوتب هەڵواسرا."

موفتی و فەقیهی ئیخوان، دکتۆر یوسف قەرەزاوی، سەرۆکی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان، بەم شێوەیە ستایش وەسفی مەودودی دەکات: "بیرمەندی نوێخواز و داهێنەر خاوەن تێڕوانینێکی قووڵ، و شیکاری ورد، ڕەخنەگرێکی ئاگا لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا، داکۆکیکاری ڕوونی ڕژێمی ئیسلامی، نووسەری دەیەها کتێب و نامیلکەی کە بۆ دەیان زمان وەرگێڕدراون، ئەو پیاوەی کە بەرەنگاری داکۆکیکارانی (خۆرئاوازەدەیی / التغریب) و دوژمنانی (سوونە)ی بوویەوە. دامەزرێنەری گەورەترین کۆمەڵی ئیسلامییە لە نیمچە ئۆقیانوسی هیندی"[١٤٢]

[١٤٢] ما الذي يجمع بين المودودي والخميني والبغدادي؟ بقلم هدى صالح .نسخة محفوظة 27-01-2024 على موقع العربية:

https://www.alarabiya.net/saudi-today/2016/07/09/%D9%85%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D8%B0%D9%8A-%D9%8A%D8%AC%D9%85%D8%B9-%D8%A8%D9%8A%D9%86-

بیرۆکەی الحاکمیة "حوکمڕانی" کە ئەبو ئەلئەعلای مەودودی بانگەشەی بۆ دەکرد دوای جیابوونەوەی پاکستان لە هیندستان لە ساڵی ١٩٤٧دا، بەدرێژایی ساڵان تووڕەیی هەندێک بیرمەند و زانای وروژاند، و هەندێکی دیکەش وەک بیرمەندی ئیسلامی سەید قوتب، پەسەندیان کرد. حاکمیەت ئەوەیە کە خودا تاکە حاکمە و دەسەڵاتی ڕەهای هەیە، وە لە ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆی دروستکەری گەردوون و مرۆڤایەتییە و شایستەی پەرستن و گوێڕایەڵییە لەم گۆشەنیگایەوە. بەڵکو گوێڕایەڵی مافێکە کە تایبەتە بە خالق، ئینجا لە سنووری خۆیدا دەیبەخشێت بە هەر کەسێک کە بیەوێت.

خودا فەرمانی داوە کۆمەڵگا پەنا بۆ شەریعەتەکەی ببات، کە بە پێی سەرتاسەری ئیسلامییەکان، بۆ هەموو کات و شوێنێک ڕەوایە، و تەنها ئەو شەریعەتە ماف و دەسەڵاتی ڕاستکردنەوە و باشترکردن و سوودگەیاندن بە هەر کۆمەڵگایەکی هەیە، و دەستەبەری بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و سوود و چاکە و دوورکەوتنەوە لە ئارەزووەکانی مرۆڤدا دەکات.

هەروەک زانراوە یەکەم کەسانێك، کە دروشمی حاکمیەتی خودایان بەرزکردەوە، بەو مانایەی کە پێچەوانەی هەر حوکمڕانییەکی مرۆڤ بێت، خەواریجە کۆنەکان بوون، کاتێک دەیانگوت: **"لا حكم إلّا لله" "حوکمێک نییە جگە لە حوکمی خودا"**، هەر کەسێکیان بە کافر دەزانی ئەگەر ڕازی بوونایە بە حوکمی مرۆڤ، هەتا لە پرسێکی سیاسیشدا.. لەو

%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D8%AF%D9%88%D8%AF%D9%8A-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%AE%D9%85%D9%8A%D9%86%D9%8A-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%BA%D8%AF%D8%A7%D8%AF%D9%8A%D8%9F

کاتەدا عەلی کوڕی ئەبو تالیب وەڵامی دانەوە: " كلمة حقّ يراد بها " واتا "وشەیەکی هەقە، بۆ مەبەستی ناهەق دەیلێن! بەڵێ، هیچ حوکمێك نییە جگە لە حوکمی خودا، بەڵام ئەم خەڵکە دەڵێن هیچ ئەمیرایەتیەك و فەرمانڕەوایەك نییە جگە لە خودا.. پێویستە خەڵك ئەمیرێکی هەر هەبێت چاك بێ یان خراپ![١٤٣]

پاشان ئەم دروشمە بۆ چەندین سەدە لە بیری ئیسلامیدا لەبیرکرا، تا ئەو کاتەی سەرلە نوێ زیندوو بووەوە، و زیندوو کرایەوە لەسەر دەستی ئەبو ئەعلای مەودودی. سەید قوتب کەوتە ژێرکاریگەری ئەو چەمکەوە، کە لە مەودودیەوە گواستیەوە بۆ جیهانی عەرەب و ئیسلام!

**پێناسەی مەودودی بۆ حاکمیەت: " بریتییە لە دەسەڵاتی باڵا و دەسەڵاتی ڕەها بە پێی زاراوەکانی زانستی سیاسی لەو ڕۆژگارەدا."[١٤٤]**

**مەبەستیشی لە دەسەڵاتی باڵا و ڕەها خوایە. چونکە خۆی دانەری یاسا وئەحکام وشەریعەتە " بە ویست و خوازی خۆی دایاندەنێ، مرۆڤەکان لە ئاست خوادا هیچ هەق ومافێکیان نییە، هەر یەکێکیش هەقێکی هەبێ، ئەوە بەخششێکە لەوەوە واتا لە حاکمەوە کە خوایە بۆ مەحکومەکەی کە مرۆڤە. ئەگەر ئەو حاکمە هەر ماف و هەقێکیشی لێ بسەنێتەوە، هەر هەقەکە لە خودی خۆیدا لەناودەچێ ونامێنێ، چونکە لە بنەڕەتدا هیچ ماف و هەقێک نابێ ئەگەر ئەو حاکمە، دەسەڵاتە باڵایە بڕیاری لەسەر نەدابێ"![١٤٥]**

---

١٤٣ "إنّها كلمة حقّ يراد بها باطل.. نعم، إنّه لا حكم إلّا لله، ولكن هؤلاء يقولون لا إمرة إلّا لله.. وإنّه لا بدّ للناس من أمير برّ أوّ فاجر".
١٤٤ أبو ألاعلى المودودي، تدوين الدستور الاسلامي ، مؤسسة الرسالة ، د ط ، ١٩٨٠، ص ١٨
١٤٥ هەمان سەرچاوە، ل١٨

**چۆن مەودودی بە سەرچاوەی زیندووکەرەوەی دەستەواژەی حاکمیەت دادەنرێت، هەر ئەویش بە یەکەم کەس دادەنرێت، کە لەسەر بنەمای نەبوونی حوکمڕانی (واتە حاکمیەت و نوێنەرایەتی خودا لەسەر زەوی) بڕیاری بە کافرکردن و جاهیلیەت کردنی کۆمەڵگا موسڵمانەکانی داوە.** مەودودی زۆربەی ئایەتەکانی پەیوەست بە بابەتی حاکمیەت و حوکمڕانی کۆکردۆتەوە و لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆ کردووە بەو دەرئەنجامانەی خوارەوەش گەیشتووە:

- دەرچوون و لادان لە حوکمی خودا و شەریعەتەکەی کوفرێکی ڕاستەقینە و حوکمێکی ناڕەوایە، وەک قورئان دان بەوەدا دەنێت، کە جێبەجێکردنی فەرمانی هەر کەسێک جگە لە خوا، یان حوکمکردن لەسەر زەویەکەی و بەسەر بەندەکانیدا، بەبێ حوکمی خوا، تەنها کوفرێکی ڕوون و بەتاڵ و هیچی تر نییە.

- بنەمای بنەڕەتی حاکمیەتی ئیلاهی کە قورئان لە چەندین شوێندا باسی دەکات، ئەوەیە کە تۆ لە هەر کەسێ ڕازی بیت وەك حاکمێکی ڕەها جگە لە خودا، ئەوە تاغوتە!

- دەرخستنی حەقیقەت و چەسپاندنی دادپەروەری لەسەر زەوی بەدی نایەت، مەگەر بە دامەزراندنی حاکمیەتی ئیلاهی نەبێت، دەڵێت: "حکومەتێکی دروست و دادپەروەر لە سەر زەمینی خودا، ئەو حکومەتەیە کە بەپێی یاسای خوادا دادەمەزرێت، کە خودا لەسەر دەستی پێغەمبەرەکانی ناردوویەتی.

-هەر حکومەتێک بە یاسای دروستکراوی مرۆڤ بەڕێوە دەچێت و لە بنەمای حاکمیەتی ئیلاهی و یاسای ئیلاهی لایداوە، حکومەتێکی نادروست و ناشەرعییە، هەموو ئەو کارانەشی لێوە دەردەچێت ناڕەوا وباتڵە.

ئەم حکومەتانە چەندە جیاواز بن لە یەکتر، لە ڕووی فۆرم و جۆرەوە، هیچ شەرعیەتێک بۆ حوکمڕانیەکەیان نییە، کاتێ خاوەنی ڕاستەقینەی مەملەکەتەکە سوڵتان بوو، کەواتە چۆن دەبێتە حکومەتێکی شەرعی؟

## جاهیلیەتی کۆمەڵگا لای مەودودی!

لە ڕوانگەی مەودودیەوە، هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە شەریعەتی ئیسلامی و حاکمیەتی خودا جێبەجێ ناکەن، کۆمەڵگای جاهیلی و نەفامن. لەم حاڵەتەدا نکوڵی لە موسڵمانبوونی زۆرینەی ڕەهای موسڵمانان دەکات.

مەودودی چەمکی جاهیلیەتی، وەک چەکێکی مەعریفی بۆ ڕەتکردنەوەی بیری ڕۆژئاوایی و فەلسەفەکەی لە دەوڵەتداریدا و سیستەم و دامەزراوەکان و دەسەڵاتی ئایینی دا بەکارهێناوە.

هەروەها ناتۆرەی جاهیلیەتی وەک ئامرازێک بەکار هێنا، بۆ ڕەتکردنەوەی شێوازی ژیان و سیستەمی باو لە وڵاتەکەی (هیندستان) و لە جیهاندا بە هەمان شێوە، وەك ئەوەی بیەوێت ئەزموونی کەسیی خۆی لەناو جوگرافیای هیندستاندا، بسەپێنێتە سەر هەموو جیهان.

## جیاكاری دژی ناموسڵمان وموسڵمان لای مەودودی!

مەودودی لە کتێبی [نظرية الاسلام] "تیۆری ئیسلام"دا، موسڵمانان بەم شێوەیە وەسف دەکات: "هزریان بۆماوەیی و جاهیلیەتە، ئەو بیرە تازەهاتووەش کە لە شارستانیەتی خۆرئاوا وەریانگرتووە، نەفامییەکی نوێ و هاوچەرخە"

**مەودودی تەنها بەکافرکردنی ئەوانەی لەدەرەوەی بازنەی بیروباوەڕی خۆی، لە کۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا نەوەستا، بەڵکوو هەژموونی خۆرئاوادا دەگەڕێنێتەوە بۆ پاشەکشەی خەلافەت، و دوورکەوتنەوەی لە سنووری جوگرافی و کلتووری و سەربازییەکانەوە لە ئەوروپادا، وەک ئاماژەدان بە ڕووخانی بەناو خەلافەتی عوسمانی، کە پێیوابوو لە ڕاستیدا خەلافەتێک بوو بۆ موسڵمانان لە جیهاندا! مەودودی بەو عەقڵیەتە کۆنەپارێزەی سەردەمی داگیرکردن و فتوحاتی ئیسلامی، داوای گەڕانەوە دەکات بۆ بیرۆکەی شەڕ و فەتحکردن و بەزۆر لکاندنی گەل و کلتوورەکانی دیکە بە پێوەری حاکمیەتەکەی، کە پێیوایە ئەو پێوەرانەی ئەو دایناوە سیفەتی**

ئیسلامی پێ دەبەخشێ، و ڕزگاری دەبێت لە کەوتنە ژێر خانەی دەوڵەتی جاهیلیەت!

مەودودی دەوڵەتەکەی بە "دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی بە مانا عەقیدەییەکەی (تیۆکراسی)" وەسف دەکات، چونکە ئەو دەوڵەتە یەکەیەکی ناوچەیی، هەرێمی، نەتەوەیی، یان چینایەتی پێک ناهێنێت، بەڵکو یەکەیەکی عەقیدەیی و ڕۆحی مەعنەوییە و "دەوڵەتێکی هەمەلایەنەیە. کە هیچ بوارێکی گومانی تێدا نییە، چونکە باڵادەست و ڕەهایە، لەسەر بنەمای ئەو یاسایە ئیلاهییەی کە بە فەرمانڕەوای موسڵمان سپێردراوە، لەناو خەڵکدا جێبەجێ دەکرێت" و

بێگومان بەبێ ئەوەی مەودودی لە تیۆرەکەی خۆیدا ئاماژە بە سروشتی ئەم حاکمە و باسی سروشتی و مەرجەکانی هەڵبژاردنی و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی موسڵمانان بکات. وەك بڵێی ئەو کەسە تەنها وایەرێکی گەیەنەرە لە نێوان جاوگی هێز یان خوا و لەنێوان چرا کە کە خەڵکە!

**وەك ئاماژەدان بە سروشتی ماف و ئەرکەکانی ئەو خەڵکەی سەر بەم دەوڵەتە مەودودییەن، مەودودی لە هەموو نووسینەکانی جەخت لە جیاوازی لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمان دەکاتەوە لە لایەک، دوایش بەوەش ناوەستێ تەنانەت جیاوازی لە نێوان خودی موسڵمان و موسڵمانێکیتر دەکاتەوە.**

لەو بارەیەوە مەودودی دەڵێ "هەرکەسێک حوکمڕانی جەماعەت قبوڵ نەکات، هەرگیز بۆی نییە دەستوەردان لە کاروباری دەوڵەتدا بکات، بۆی هەیە لە سنوورەکاندا بژیت وەک ئەهلی زیمە [واتا گاور و جووەکان کە جزیە وسەرانە دەدەن!] و لە هیچ بارودۆخێکدا بەش و بەژداری لە حکومەتدا نییە، چونکە دەوڵەت دەوڵەتی حزبێکی تایبەتە، کە باوەڕی بە عەقیدەیەکی تایبەت و بیرۆکەیەکی تایبەتی خۆی هەیە. کەوابوو لێرەدا شێوازی تێگەیشتنی مەودودی بۆ ئیسلام، لای ئەو پێوەری هاوڵاتیبوون لەسەر ئەساسی عەقیدەیەی سیاسی دینییە، بۆیە لای ئەو خەڵکی هەر وڵاتە لە نێوان موسڵمان و ناموسڵماندا[ئەهلی زیمە] دابەش دەبن! **تەنها باوەڕنەبوونی هەر موسڵمانێك بە بیروڕا سیاسییەکانی مەودودی، ئەو کەسە لە ئیسلام دادەماڵێت و دەبێتە ئەهلی زیمە و دەبێ وەك هەر جوێك ومەسیحیەك و مەجوسیەك جزیەش بدات!**

**سەبارەت بە هەر کەسێک موسڵمان بێت، ئەو مافی خۆیەتی بە تەواوی مافە سیاسییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، بەڵام هەر کەسێک موسڵمان نەبێت، ئەوا تەنها گیان و موڵک و شەرەفی سەلامەت دەبێت. هەرکەسێک لە موسڵمانان دژایەتی ئەو حوکمە بکات، هەموو مافێکی موسڵمانانی لێ دەسەندرێتەوە و بە یەکێک لە ئەهلی زیمە دادەنرێت، ئەوە ئەگەر بە کافرێکی موحاریب حسێب نەکرێت، بە فەتوایەک خوێنی حەلال نەکرێت!**

ئەم بیرکردنەوە ترسناکە و تۆقێنەرەی مەودودی بوو، کە شەرعیەتی بە بونیادگەرا و توندڕەوەکانی دا دژی خەڵک بجەنگێن لە نیشتیمانەکانیاندا.

دوژمنایەتی هەموو سیستمە سیاسییەکان و سیستەمی فیکری و فەلسەفی بکەن، بەو پێیەی ئەم بیرکردنەوەیە مەودودیە، مرۆڤەکان دەکاتە دوو دەستە، بەشێکی ملکەچ سەر بە حیزبی دینی تایبەت بەو نمونەیەی لە بیری مەودودی دایە، بەشێکی دوژمنیش کە سەر بە ڕژێم و سیستم و یاسای تری دونیا و مرۆڤن.

## حاکمیەت وەك بەدیلی دیموکراسیەت!

مەودودی حاکمیەتی وەك بیرۆکەیەکی مەرکەزی و سەرەکی، و وەك بەدیلێکی دیموکراتی خستە ڕوو، مەودودی پێیوابوو حاکمیەت لە سیستەمی دیموکراسیدا، کە دژایەتی دەکرد، حاکمیەت و حوکمڕانی جەماوەرە و واقیعەکەی جێبەجێکردنی هەوا و ئارەزووی خەڵکە، و جەوهەرەکەی زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی چەند کەسێکە بەسەر ئەوانی تردا، و هیچی بەسەر ئیسلامەوە نییە بەهیچ شێوەیەک .. یاساکان ناگۆڕدرێن مەگەر بە بیر و بۆچوونی

خەڵک نەبێ و دەرێشناچن هەر بە عەقڵیان نەبێ! هەر شتێکی تر جگە لەوە پشتگوێ دەخرێت و لە دەستوور بەدەر دەکرێت... لەکاتێکدا حوکمڕانی و حاکمیەت لە سیستەمی ئیسلامیدا، کە مەودودی بانگەشەی بۆ دەکرد تەنها بۆ خودایە... " هەقیقەتەکەی جێبەجێکردنی شەرعی خودایە و جەوهەرەکەی کۆنترۆڵکردنی بەندە دڵسۆز و یەکتاپەرستەکانی خودایە".

## بیروڕاکانی مەودودی مەشخەڵی ڕێی سەید قوتب!

سەید قوتب لە ژێر کاریگەری ڕێبازی مەودودیدا بوو، لەکاتی زیندانیکردنیدا لە سەردەمی دەسەڵاتی جەمال عەبدولناسر، سەرۆکی میسردا، نووسینەکانی مەودودی لە زینداندا دەخوێندەوە.

سەید هەر لە ڕێگەی کتێب"مەشخەڵی ڕێ" معالم في الطريق کاریگەربوونی خۆی بە مەودودیەوە دەربڕیوە، کە زۆربەی بابەتەکانی لە زینداندا نووسرا بوو جا بۆ تەفسیرەکەی في ظلال بێت یان بە تایبەتی بۆ معالم. معالم في الطريق ئەو کتێبە بوو، کە بووە بەڵگەنامەیەکی ئاگرین و ئیلهامبەخش بۆ هەموو گروپە توندوتیژەکان، نەک بە تەنها ئیخوان موسلیمین، بەو پێیەی کە کتێبەکە لەباوەشکەر و لەخۆگرتووی هەموو بیرۆکە سەرەکییەکانی تیۆری مەودودی بوون، کە لەسەر بنەمای حاکمیەتی ئیلاهی و بەندایەتی بۆ خودا و جاهیلیەتی کۆمەڵگای مۆدێرن دامەزراوە.

سەید قوتب لە زیندانەکەیدا بەناوبانگترین کتێبی خۆی (معالم في الطريق)ی نووسی، کە دوای دوو ساڵ لە بڵاوبوونەوەی لە سێدارە درا، و ئەو کتێبە دوا شت بوو کە لە ژیانیدا چاپی کرد.. بیرۆکەکانی مەودودی بەتایبەتی بیری حاکمیەت بە چڕی زاڵە بەسەریدا لەو کتێبەدا بە تایبەتی و کتێبی تریشی تاڕادەیەك.

سەید قوتب بە بانگەشە ناواقیعی و خەیاڵی و قەبەکانی مەودودی فریوی دەخوارد، بۆ نموونە مەودودی ڕەتیدەکردەوە کە ئیسلام بیروباوەڕێکی ئایینی ئاسایی بێت، عەقیدەیەکی ئایینی بێت، یان ئایینێک بێت وەک ئایینەکانی تری ئاسمانی و زەمینییەکان (ئەو ڕایگەیاند کە مەبەست لە باوەڕی ئایینی، کۆمەڵێک بیروباوەڕ و پەرستن و ڕێوڕەسمەکانە، ئەمانەش لە نێوان ئایینە ئاسمانییەکان و ئایینە زەمینییەکاندا هاوبەشن، وەک ئایینەکانی هیندستان و ئایینەکانی چین و ژاپۆن) ئینکار و نکوڵیکردنی ئەوەی کە موسڵمانان، وەك هەر ئومەتێکی تر ئومەتێکن یان ئاینێکن وەک ئاینیەکانی تر، جگە لە چەواشەکاری وخەیاڵێکی پێچەوانەی واقیع هیچیتر نەبوو! کەچی سەید وەك لادێیەکی تێنوو بە دین و ڕوحانیەت چووە ژێرباری، سەید لەو جۆرە باوەڕهێنانە ساویلکانەی دەچێتەوە سەر جیناتی عەقڵیەتی هیندیەکان، کە خۆی دان بەوەدا دەنێت جیناتی هیندیە، و با وباپیرانی لە هیندستانەوە هاتوون بۆ میسر![146]

[146] ئەو زانیارییە لە چەندین سەرچاوەدا هاتووە وەك: [سيّد قطب مِن الميلاد إلى الإستشهاد ] للدكتور صلاح عبد الفتّاح الخالدي.
تحت عنوان أصله هنديٌ.. جاء فيه:
"اختلف الذين كتبوا عن حياة سيّد قُطب في تحديد أصله هل هو مصري الأصل أم هندي فمنهم من نفى كونه هنديّ الأصل ورجّح أنّه مِصريٌ صميم، لكنّ كثيرين أثبتوا أنّه هندي الأصل واعتمدوا في ذلك على كلام سيّد قُطب نفسه.."
ثُمّ يضع عنوان في كتابه: محمّد قطب ينفي هذا.. يقول:
"ورُغم أنّ سيّد قطب قدّم الدليل على أنّ العائلة جاءتْ مِن الهند حيث ذكر اسم الجدّ السادس القادم من هناك، إلّا أنّ شقيقه الأستاذ محمّد قطب نفى هذه الحكاية عندما قابلته في منزله في مكّة المُكرّمة، وقال إنّها مجرّد ظنّ، مبعثه أنّ تقاطيع وجوه العائلة قريبة الشبه بتقاطيع وجوه أهل الهند، فقالوا لعلّ أحد أجدادهم قد هاجر من الهند، وحمل كلام شقيقهِ للندوي على أنّه من باب المُجاملة والدُعابة فقط.."

يقول احمد البدوي في كتاب سيد قطب: (وينتمي سيّد قُطب إبراهيم إلى عائلة مِصريّة ذات أصلٍ هندي استوطنت جنوب مِصر، حيث ولد في بلدة موشا التابعة لمُديريّة أسيوط سنة ١٩٠٦م..) ويقول في الحاشيّة أنّه نقل هذا الكلام بِخُصوص الأصل الهندي لسيّد قُطب عن مُقابلة شخصيّة مُسجّلة لِمحمّد قُطب في المدينة المنوّرة بتأريخ ١٩ رجب ١٤٠٠ هـ
هذه المقابلة الشخصيّة مع محمّد قُطب وجدتُ العديد مِن الكُتّاب ومِن المؤلّفين الذين ألّفوا عن سيّد قُطب نقلوا عنها هذه المعلومة: مِن أنّ محمّد قطب أيّد هذه المعلومة: أنّ أصل أُسرتهم مِن الهند.

یان مەودودی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئیسلام خۆی بەدوورگرتووە لە وشەکانی حرب و جەنگ وشەڕ و وشەکانی تر کە مانای شەڕ دەگەیەنن،

"ئیسلام خۆی لە وشەی (جەنگ) و وشەکانی تر کە لە زمانی عەرەبیدا مانای (جەنگ)یان هەیە، بەدوور گرتووە، و لە شوێنی ئەوان وشەی (جیهاد)ی داناوە، کە مانای کۆشش و هەوڵدان و تێکۆشانی هەیە" مەودودی ئەو خۆپاراستنە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە "وشەی (جیهاد) کاریگەرییەکی بەهێزتری هەیە و لە مانای مەبەستدا گشتگیرترە."

مەودودی دەپرسێت: "چی وایکرد ئیسلام ئەم وشە نوێیە هەڵبژێرێت، ڕووی وەرگێڕێت لە وشە کۆن و باوەکانت؟" وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوە و دەڵێت، ئەوەی من دەیبینم و لێی دڵنیام ئەوەیە کە تەنها یەک هۆکار هەیە بۆ ئەمە، ئەویش ئەوەیە کە وشەی (جەنگ) بەکارهاتووە، و ئێستاش بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەو شەڕەی کە لە نێوان پیاوەکان و حزبەکان و گەلان هەڵدەگیرسێت، بۆ ئامانجی کەسی و مەبەستی خودی و بەرژەوەندی دنیایی. لە پێناو بیرۆکەیەک و سەرکەوتنی پرەنسیپێک نییە. بەو پێیەی جەنگی شەرعی لە ئیسلامدا وەك ئەو شەڕانە نییە، بۆیە پێویست بوو بە تەواوی دەستبەرداری ئەم وشەیە – شەڕ و حرب - بێت.

ئەو جۆرە بانگەشە بێ بنەمایانە و پاساوەکانی مەودودی، سەید قوتبیان سەرسام کرد، بە تایبەتی کاتێک کتێبەکەی مەودودی "جیهاد لە پێناو خوادا"ی خوێندەوە، کە لە ئوردووەوە وەرگێڕدرابوو بۆ عەرەبی [الجهاد في سبيل الله] ، لەناملکەیەکی بچووک چاپکرابوو لە ساڵی ١٩٥٠ لە میسر بڵاوکرایەوە.

هەر دوای ئەوەی سەید قوتب نامیلکەکەی "جیهاد لە پێناو خوادا" دا خوێندەوە، ئاگاداری هزری مەودودی بوو، زوو بە زوو، بە تایبەتی لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٥١دا، کتێبێکی بە ناوی "ئاشتی جیهانی و ئیسلام"بڵاوکردەوە، کاریگەری ئەو نامیلکەیە لە دوا بەشی کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "ئاشتی جیهان" و بە ناونیشانێکی دیکەی ناوخۆیی، "جیهاد لە پێناو خودا" دا زۆر ڕاشکاو و ڕوونە. تەنانەت ئەگەر هەوڵی دابێت ئەو کاریگەرییەی شاردبێتەوەش، و بەشێکی کەمی تیورەکانی مەودودی سەبارەت بە جیهاد بەکار هێنابێت، و بە تەواوی قوتی نەدابێت، وەک ئەوەی دواتر لە تەفسیرەکەیدا " لە سێبەری قورئاندا" لە چاپی دووەمی پێداچوونەوەی خۆیدا کردوویەتی.

سەید قوتب بەر لە مەودودی بەرهەم و ئەدەبیاتی ئیخوانی ئیسلامی دەخوێندەوە، بەڵام هەستی دەکرد ئەو بیروڕایانەی ئەوان پێشکەشی دەکەن، تێزێکی لەڕ و لاوازی ئیسلامییە، لە ئاستی سەردەم دا نییە!.

وەنەبێ خۆشی ئەلتەرناتیڤێکی فیکری بەهێزی پێ بێت، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێ یەکێ لە هاوەڵانی مەودودی و وەرگێڕی کتێبەکانی بۆ عەرەبی، مەسعود الندوي لە سەردانی عێراقدا کتێبی (العدالة الاجتماعية في الإسلام) پێدرا لەلایەن گەنجانی ئیخوان، کە لە ساڵی ١٩٤٩ تازە دەرچوو بوو.

پاش خوێندنەوەی گووتی:" کتێبەکە بە گشتی باشە، نووسەریش موسڵمانێکە لە ڕووی فیکری و کولتوورییەوە شارەزاو بە توانایە، لەوەش گرنگتر جیاوازی دەکات لە نێوان ئیسلام و موسڵمانانداا! خەونی ئەوە دەبینێت کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئایندەدا لەسەر بنەما ڕاستەقینەکانی ئیسلام بەدی بهێنرێت. ئەو فەقیرە نازانێت کە لە هیندستان و

پاکستان کەسانێک هەن، کە سەرقاڵ و نقووم بووی ناو کاری پەرەپێدانی بیرۆکەکانی جێبەجێکردنی کردەیی ئەم خەونەن. ئاگادارکردنەوەی بەو کارانە لە ڕیشە و ناوەرۆکی کارەکانماندایە."[١٤٧]

بەڕاستیش ئەو وەرگێڕە کە وەسفی ئاستی بیرکردنەوە و نووسینی سەید قوتبی کرد بە هەژار وفەقیر، لە ساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٥٣چەندین کتێبی مەودودی لە میسر ڕێگای [لیژنەی لاوانی موسڵمان] و هەروەها لە دیمەشق و بەیروت، لەبەر خاتری سەید قوتبی وەرگێڕا، تا ئەو بۆشاییە فیکرییەی سەید قوتب پڕبکاتەوە، جا ئەوە کارێکی خۆبەخشانە بوو یان بە ئیعاز و فەرمانی لایەنێك بوو بێت، ئەوە ڕوون نییە هەرچەندە جێگای گومانە.![١٤٨]
کاتێک سەید قوتب ئاشنا بوو بە تێزی ئیسلامیی ئُسوڵی مەودودی، ئەو شتەی تێدا دۆزیەوە کە بەدوایدا دەگەڕا، بۆ دابینکردنی پێویستییەکەی و خزمەتکردنی پڕۆژە شۆڕشگێڕیەکەی. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مەودودی - وەک ئەوەی ڕۆژهەڵاتناس ویلفرێد کانتوێل سمیس هەڵیسەنگاندووە - بیرمەندێکی تۆتالیتارییە و خاوەنی ئامرازێکی فیکری شمولیە لە نێو زانایانی ئیسلامی هاوچەرخدا.

کاتێک سەید قوتب ئاشنای کتێبەکانی مەودودی بوو، ئەو لە پرۆسەی خوێندکار یان فێرخوازبووندا نەبوو، بەڵکو بە توندی لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانیدا بوو تا ڕادەی کۆپیکردنیان. ئامادە بوو بە ئاراستەیەکی ئیسلامی توندڕەودا هەنگاو بنێت. لە هەوڵەکانیدا

[١٤٧] «الكتاب في مجموعه جيد، والمؤلف مسلم متمكن فكرياً وثقافياً، والأهم من هذا وذاك أنه يفرّق بين الإسلام والمسلمين، ويحلم بأن يرى العدل الاجتماعي، وقد تحقق في المستقبل على أسس الإسلام الصحيح، ولا يدري المسكين أن هناك في الهند وباكستان مَن انشغلوا وانهمكوا وغرقوا في وضع الأفكار الرامية إلى التطبيق العملي لهذا الحلم. إن اطلاعه على هذا الأمر يدخل في صميم أعمالنا«. من مقال: هل كان سيد قطب في أول إسلامياته مسكيناً؟! علي العميم

[١٤٨] https://aawsat.com/home/article/1396621/علي-العميم/هل-كان-سيد-قطب-في-أول-إسلامياته-مسكيناً؟

بۆ هەنگاونان بەم ئاراستەیەدا، ئەوەی لە بیرۆکەکانی مەودودیدا بەدوایدا دەگەڕا، دۆزیەوە.

گرفتی سەید قوتب، چ لە قۆناغی ئەدەبیدا بێت یان لە قۆناغی ئیسلامیدا، ئەوە بوو کە توانای داهێنان و ئیبداعی نەبوو، هەر بۆیە لە یەکەمیاندا شوێنکەوتەی عەقاد بوو، لە دووەمیانیشدا کۆپی پێستی مەودودی بوو.

هاتنی سەید قوتب و سود وەرگرتن لە تێزی ئیسلامیی بناژۆخوازی ئُسولّی مەودودی بە دوو قۆناغدا تێپەڕی: یەکەم، پەیوەست بوون و سود لێوەرگرتن لێی بە شێوەیەکی سنوردار بەڵام داپۆشراو و پەردەپۆش، وەک لە بابەتی (الإسلام العالم) "ئیسلام جیهان" لە کتێبی(السلام العالمي والإسلام) "ئاشتی جیهانی و ئیسلام" لە ساڵی ١٩٥١دا بڵاوکرایەوە. دووەمیان ئەوە بوو، پەیوەستبوون و سوودوەرگرتن لێی تەواو بوو بۆ سنووری هەرسکردنی تەواو و توانەوەی تەواو لە تێزی مەودودیدا، لەگەڵ تۆزێ دەسکاری و گۆڕانکاری لە فۆرمیدا!.

ئەم قۆناغە لە ساڵی ١٩٥٨ دەستی پێکرد، هەر لەو ماوەیەدا بوو کە نووسینی کتێبەکەی (في ظلال القرآن / لە سێبەری قورئان)دای تەواو کرد و پێداچوونەوەی بەو بەشانەدا کرد کە پێش ئەو بەرواره چاپی کردبوون، هەروەها پێداچوونەوەی بە کتێبی (دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا/ العدالة الاجتماعية في الإسلام) کرد، دوای پێداچوونەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ قۆناغی مەودودی خۆیدا بگونجێت کە تێیدا ئەو کتێبانەی نووسیوە، کە بڵاوکراونەتەوە لە نێوان سەرەتای شەستەکان و ناوەڕاستی شەستەکاندا. لەم قۆناغەدا پەردە و بەرگی لادا لەسەر مەرجەعیەتی مەودودی خۆی!

وەك لەوەو پێش ئاماژەمان پێکرد، کاریگەری مەودودی بە ڕوونترین شێوە لەسەر سەید قوتب دەردەکەوێت، ئەگەر تەفسیری (في ظلال القرآن) چاپی دووەم وکتێبی "مەشخەڵی ڕێ" معالم في الطريق بخوێنیتەوە تا ڕادەی ئەوەی کە مەودودی چاوی بە معالم دا خشاند گووتی دەڵێی من نووسیمە!

## حاکمیەتی سەید قوتب داهێنان بوو یان وەرگێڕان؟!

وەك دەردەکەوێت سەید قوتب " هەر تیۆری مەودودی نەگواستەوە، بەڵکو قوتی دا و هەرسی کرد و دایڕشتەوە، سەرلەنوێ بنیاتینایەوە بۆ تیۆرێکی نوێ، دوای عەرەباندنی، بەو مانایەی کە هاوردەی کرد و پێشکەشی کرد بە عەرەبەکان. کتێبی معالم في الطريق، ڕەهەندێکی تەکفیری-جیهادی بە سەید قوتب بەخشی لە داڕشتنەوەی بۆ چەمکی حاکمیەت کە لە بیری مەودودیەوە وەریگرتبوو وەك کۆپی پێست.

سەید قوتب لەبارەی حاکمیەتەوە دەڵێت:

**" ئەو دینە جاڕدانی گشتی ئازادکردنی مرۆڤە لەسەر زەوی لە کۆیلایەتی مرۆڤ، هەروەها لە کۆیلایەتی هەواوهەوەسی، ئەوەش بە جاڕدانی خودایەتی تەنها بۆ الله و پەروەردگاریەتی ئەو بۆ هەموو جیهان. جاڕدانی پەروەردگاریەتی [ربوبية] تەنها بۆ خودا مانای وایە: شۆڕشی سەرتاسەری بەرپا بکەیت لە دژی حاکمیەتی مرۆڤ لە هەموو شێوە وفۆرم و سیستم و وەزعێکدا، یاخیبوونی تەواو لە هەموو دۆخێك لە زەویدا کە حوکم تێیدا بۆ مرۆڤە بە شێوەیەك لە شێوەکەدا...**

چونکە هەر حوکمێك لە دەستی مرۆڤدا بێت وسەرچاوەی دەسەلآت مرۆڤ بن، ئەوە بەخودا کردنی بەشەرە، و یەکتر بەخوا کردنە جگە لە خوا.

ئەو جاڕدانە مانای ئەوەیە دەسەلآتی زەوتکراوی خودا وەرگرینەوە و بیگێڕینەوە بۆ خودا، ودەرکردنی زەوتکارەکانی دەسەلآتی خوا، کە حوکم بە یاسا و شەریعەتی خودی خۆیان دەکەن، وخۆیان دەکەنە خودای خەڵك، و خەڵکیش دەچنە پایەی بەندایەتی بۆیان، واتا تێکشکاندنی مەملەکەتی مرۆڤە و دامەزراندنی مەملەکەتی خودایە لەسەر زەوی" [في ظلال القرآن ص ١٤٣٣][١٤٩]

## لە هەنگاوێکی تردا بڕیاری کوفری هەموو کۆمەلگاکان دەدات:

" ئەوەی حوکم بە دابەزانراوی خودا ناکات، واتە خوایەتی ڕەت دەکاتەوە، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی خوایەتی حاکمیەتی تەشریعییە، هەر یەکێش حوکم بە غەیری دابەزراوی خودا بکات، خوایەتی خودا و تایبەتمەندەکانی ڕەت دەکاتەوە لەلایەك، لەلایەکیتر ئیدیعای مافی خوایەتی وتایبەتمەندەکانی بۆخۆی دەکات. ئەی کوفر چییە ئەگەر ئەوە نەبێت؟ سوودی چییە بانگەشەکردن بۆ ئیمان و ئیسلام بە زمان، لە کاتێکدا کارەکانیان - کە بەهێزترە لە گووتن - گوزارش دەکات لە کوفر ڕاشکاوتر لە زمان"[١٥٠]

[١٤٩] في ظلال القرآن ص 1433 طبعة دار الشروق

[١٥٠] - [في ظلال القرآن، ص: ٦٩٦-٦٩٧، طبعة دار الشروق]

**وەك دیارە سەید قوتب وەك كۆپی پێست، بیروڕاكانی مەودودی دووبارە دەكاتەوە، پاش داڕشتنەوەی بە جۆرێك وا چۆتە ناو باسەكەی بە دەگمەن ناوی مەودودی ناهێنێت وبە بیری خۆی دەزانێت!**

ئەم توندوتیژییە لە ڕادەبەدەر، بە بڕوای من لە ڕێگەی خوێندنەوەی نووسینەکانی قوتب و مەودودییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئینکاری ئەم فیکرە لە شارستانیەتی مۆدێرن و ڕەتکردنەوەی ئیرادەی مرۆڤ بۆ گەشەکردن و گونجاندن لەگەڵ مێژوودا، "بەڵکو تەکفیر و حاکمیەت ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ پلانێکی کۆلۆنیالیستی کە دەیەوێت دوا کەوتوویی لە نێوان گەلانی عەرەب و ئیسلامدا بەردەوام بکات."[١٥١] چونکە نە مەودودی و نە قوتب گرتنەبەری هیچ ڕێبازێکیان لە بواری ئابووری، کولتوور، پەروەردە و سیاسەتدا ڕانەگەیاند، بەڵکو بنەمای بۆچوونەکەیان بۆ جیهان لەسەر بنەمای خوێن و کوشتن و لەناوبردن دامەزراوە.

قوتب بە خێرایی هەوڵیدا ئەو لایەنە تیۆرییە وەربگێڕێت، کە کورتی کردەوە بۆ لایەنی ڕێکخراوەیی و حزبی، کە لەگەڵ داینامیکیەتی کۆمەڵگادا بگونجێت کە ئیخوان تێیدا چالاک بوو. بەو مانایە قوتب دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ڕێکخراوی تایبەتی نهێنی ئیخوانی موسلیمین بوو، بەپێی دوا چالاکییەکانی سەرپەرشتی چەندین ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی، و هەوڵی تیرۆری کردوە، کە لە ڕێگەی ئەوەوە ویستویەتی چەندین سیاسەتمەدار و سەرکردە بکوژێت.

---

[١٥١] https://alarab.co.uk/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%83%D9%81%D9%8A...
التكفير: الصلة الخفية بين المودودي وسيد قطب

# سەید قوتب و پەرەپێدانی چەمکی حاکمیەت

## بیرۆکەی حاکمیەتی قوتب

سەید قوتب هەمان بیرۆکەی **حاکمیەتی** تەبەنا کرد، کە لەلایەن مەودودی داهێنرا و زیندوو کرایەوە. سەید قوتبی پێش ناسینی مەودودی ودوای ناسینی مەودودی، دوو کەسی تەواو لە یەك جیان، ڕاستە سەیدی پێش ناسینی مەودودی هەندێ ئامادەیی توندڕەوی ئسوڵی تێدا بوو، بەڵام ئاشنابوونی بە ئەدەبیاتی مەودودی، ئەو توندڕەوییەی بۆ سەید قوتب تۆختر و گەورەتر کرد، بەڵکو بۆسەید وەك لە دایکبونێکی تر بوو.

سەید تەواوی مانای چەمکی حاکمیەتی لە ئیلهامی بیرۆکەکانی مەودودی وەرگرتووە، دەتوانی تێبینی بکەیت، کە هیچ ناکۆکی و جیاوازییەک لە بیرۆکەی حوکمڕانی یان حاکمیەت لە نێوان مەودودی و قوتبدا لە جەوهەردا نییە. داڕشتنی قوتب بۆ ئەو بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان بیرۆکە و ئەو مانایانەی کە مەودودی دەربارەی حاکمیەت دایڕشتووە، بەڵام مەودودی بیرۆکەکەی لە چوارچێوەی پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی پاکستان و داڕشتنی دەستوورەکەی داڕشت، لەپێناو دابینکردنی ئەڵتەرناتیڤی سیاسی و یاسایی و دەستووری بوو، بۆ دەستوور ویاسا و تیۆری و فەلسەفەی حوکمی ڕۆژئاواییەکان.

سەبارەت بە قوتبیش بیرۆکەی خۆی لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شتە خستەڕوو کە پێی دەگوت نەفامی هاوچەرخ [الجاهلية الحديثة]، کە دەوڵەت لە میسر پاڵپشتی دەکرد، دەشێ بڵێین حاکمیەت لای سەید قوتب کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر بە ئەزموونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە میسر، بە تایبەتی دەوڵەتی ناسری.

سەید قوتب لەژێر ڕۆشنایی ماناکانی الالوهية /خوداوەندیدا، بە حاکیمیەتی باڵا ناوی دەبات - و پێی وایە کە چەمکی حاکمیەت بە واتای "لابردن و لێساندنەوەی ئەو دەسەڵاتەیە، کە قەشە و شێخی عەشیرەت و شازادە و فەرمانڕەواکان قۆرخی دەکەن بۆ خۆیان، و گەڕاندنەوەی ئەو دەسەڵاتەیە بۆ خودا، دەسەڵات بەسەر ویژدانەکاندا، دەسەڵات بەسەر خێڵەکاندا، دەسەڵات بەسەر واقیعی ژیاندا و دەسەڵات لە پارەدا، دەسەڵاتی لە دادوەریدا و دەسەڵات بەسەر ڕۆح و جەستەدا."[١٥٢]

قوتب بیرۆکەی حاکمیەت / حوکمڕانی لە چوارچێوەی وەبیرهێنانەوەی ماناکانی نەفامی یان جاهیلیەتی هاوچەرخدا هەڵدەسەنگێنێت، و لەسەر بنەمای ئەم دژایەتی و کارلێککردنەی نێوان حاکمیەت و جاهیلیەت، تایبەتمەندییەکانی حاکمیەتی زیاتر بۆ ڕوون دەبنەوە، و لەم دژایەتییەدا مرۆڤ سەرنجی لێکدانەوە و داڕشتنی توندوتیژی قوتب دەدات، کە دەڵێت:

**"جیهان ئەمڕۆ هەمووی لە جاهیلیەت دەژی، هەمووی جاهیلییە لە ڕووی ئەو سەرچاوەیەی کە پێکهاتەکان و سیستەمەکانی ژیان لێیەوە سەرهەڵدەدەن، جاهیلیەتێکە بە بچووکترین شێوە ئەو وەسفەی لێ سووک ناکرێتەوە، بەم لێکدانەوە ماتریالیستییە زەبەلاحانە... ئەم جاهیلیەتە بنیاتنراوە لەسەر بنەمای دەستدرێژی کردنە سەر دەسەڵاتی خودا لەسەر زەوی، و دەستدرێژی لەسەر تایبەتترین تایبەتمەندییەکانی خودا، کە بریتییە لە حاکمیەت."**[١٥٣]

[١٥٢] معالم في الطريق ص٢٦.

[١٥٣] "إن العالم يعيش اليوم كله في جاهلية من ناحية الأصل الذي تنبثق منه مقومات الحياة وأنظمتها، جاهلية لا تخفف منها شيئا هذه التفسيرات المادية الهائلة ... هذه الجاهلية تقوم على أساس الاعتداء على سلطان الله في الأرض، وعلى أخص خصائص الألوهية وهي الحاكمية " معالم في الطريق ص١٠

لای سەید قوتب هەموو کۆمەڵگاکان، جا عەرەب بن یان عەجەم و موسڵمان و ناموسڵمان بن، دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵگا جاهیلیەکان، کاتێک مەرجی حاکمیەت لەدەست دەدەن، لە دانپێدانان و جێبەجێکردندنی حاکمیەتدا! **چونکە پێوەرەکەی قوتب بۆ ئیسلامیبوونی هەر کۆمەڵگایەک، لە سەرچاوەی وەرگرتنی سیستەم و یاسا و بەها و پێوەر و داب و نەریت و هەموو پێکهاتەکانی ژیان دەستنیشان دەکرێ، ئایا لە حاکمیەتی خوداییەوە وەریدەگرن یان نا، ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بوو، ئەوە بەم شێوەیە دەچنە ژێر سایەی حاکمیەت، ولەکۆمەڵگا ئیسلامییەکان دێنە هەژمارکردن، یان ئایا ئەم کۆمەڵگایانە ئەو شتانە لە حاکمیەتی مرۆڤەکانەوە وەردەگرن، و بەندایەتی تەنها بۆ خودا ناکەن، لە سیستەمی ژیانیاندا، بۆیە بەم شێوەیە دەکەونە خانەی کۆمەڵگا جاهیلیەکان، تەنانەت ئەگەر باوەڕیان بە الالوهیة / خوداوەندیش هەبوویێت، هەموو ڕێوڕەسمەکانی پەرستنیش بۆ خودای گەورەش پێشکەش بکەن.!**[١٥٤]

بە بڕوای قوتب، بابەتی هەڵوەشاندنەوە و بەستنەوە، جیاکردنەوە و گرێدانەوە لەسەر چەمکی حاکمیەت بەندە، وەک پێوەرێکی جیاکەرەوە لە نێوان کوفر و ئیماندا.

---

[١٥٤] معالم في الطريق ص ١٠١

# حاکمیەت و شیرك

قوتب پێی وایە شیرک لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕوویداوە بەهۆی هەڵەیان لە زانینی حەقیقەتی خودای گەورە، یان بە هاوبەشکردنی خوداوەندەکانی تر لەگەڵ خودای گەورەدا.[155].. ئەمەش یان لە شێوە ی حاکمیەت وحوکمڕانییە یان شوێنکەوتنە، کە هەردووکیان شیرکن، وەک یەك، کە مرۆڤ بە هۆیەوە لە ئایینی خودا دوور دەخاتەوە و دەردەکات.

بەگوێرەی قوتب، دوو جۆر شیرک هەیە مرۆڤ لە دین دەردەکەن، یەکێکیان باوەڕبوونە بەو بیروباوەڕانەی کە لە ئیسلام و شەریعەتدا باس نەکراون، کە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی بنەمای خوداوەندی الالوهیة، وەک باوەڕبوون بە ژن بۆ خودا، یان کوڕێک، یان هاوبەشێک.

یان لەوانەیە شیرک و هاوبەشیکردنەکە لە پەرستنشدا بێت، وەک سوجدە بردن بۆ هەر کەسێکی تر جگە لە خودای گەورە، و هەموو ئەم فۆرمانەی باوەڕ و پەرستن دەگرێتەوە، واتە لایەنی تێگەیشتنی عەقیدەی.

جۆری دووەم بریتییە لە وێنەی حوکمڕانی وحاکمیەت و شوێنکەوتن، وەک باوەڕبوون بە حاکمیەتی مرۆڤ، و کردنی بە سەرچاوەیەک بۆ یاسادانان، بۆ بەها و ئەخلاق و یاساکان، قوتب ئەو مانایە بەو شێوەیە دەردەبڕێت، دەڵێت: **" هەڵدەگەڕێنەوە بۆ ئەو جاهلیەتەی کە لێیەوە دەرچووبوون، جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ شیرک بە خودا، جا لە باوەڕ و پەرستن بێ، یان لە شوێنکەوتن و حوکمکردن بێ، یان لە هەردووکیاندا"**[156]

---

[155] معالم في الطريق ص ٥٢

[156] معالم في الطريق ص٦٧

بەم پێیە قوتب پێی وایە ڕاگەیاندنی ئولوهیەتی خودای گەورە بەتەنها بەو مانایە دێت "شۆڕشێکی هەمەلایەنەیە لەدژی حوکمڕانی مرۆڤ بەهەموو فۆرم و جۆر و سیستەم و بارودۆخەکانییەوە، و یاخیبوونە لەهەموو بارودۆخێک لەهەر بەشێکی زەویدا، کە تێیدا مرۆڤەکان بە جۆرێ لە جۆرەکان بە غەیری حوکمی خودا حوکم دەکرێن، یان بە واتایەکی تر، خوداوەندییە / الالوهية بۆتە هی مرۆڤەکان بە شێوەیێ لە شێوەکان. چونکە ئەو حوکمەی کە تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤەکان، و سەرچاوەی دەسەڵات تیایدا مرۆڤە، ئەوە مانای بە خودا کردنی مرۆڤەکانە، مرۆڤەکان لە نێو خۆیاندا لەبری خودا دەبن بە خودا بەسەر یەکترەوە.

ئەم جاڕدان و ڕاگەیاندنە بە واتای لێسەندنەوەی دەسەڵاتی قۆرخکراوی خودا و گەڕاندنەوەی بۆ خودا دێت، وە لە دەست دەرهێنانی ئەوانەی ئەو دەسەڵاتەیان زەوتکردووە. کە بە ئارەزووی خۆیان بە یاسای خۆیان، حوکمڕانی خەڵک دەکەن. کەواتە ئەوان جێگەی خواکان دەگرنەوە و خەڵکیش جێگەی بەندە وکۆیلە دەگرێتەوە، واتە لەناوبردنی مەملەکەت و شانشینی مرۆڤەکانە، بۆ دامەزراندنی مەملەکەتی خودا لەسەر زەوی."[١٥٧]

# کۆتایی

**محەمەد هەریری**

Hariri66@yahoo.com

**٢٠٢٤/٥/١٧**

---

[١٥٧] معالم في الطريق ص٦٧. لەو بابەتە سوود لەو وتارە وەرگیراوە: عندما تتلاعب السياسة بالدين.. بين فكر المودودي وسيد قطب. محمد التميمي

# ناوەڕۆك

سەید قوتب پەڕگیری هەمیشەیی!.......................................................... ٢

پێشەکی.......................................................................... ٣

بەشی یەکەم.................................................................... ٥

ئەزموونی نووسین لە نووشتەی گوندەوە بۆ قوتابخانەی عەقاد......................... ٥

باگراوندێکی ژیانی سەید قوتب................................................... ٥

بەشی دووەم................................................................... ١١

سەید قوتب چۆن حەسەن بەنا و ئیخوانی دەدیت؟!.................................. ١١

پەیوەندیەکی لێڵ و گرژ!........................................................ ١١

سەید قوتب حەسەن بەنای بەراورد دەکرد بە ناودارترین تیرۆریست لە مێژوودا، سەباحی حەشاشەکان!.................................................................. ١٦

بیرکردنەوەی باڵی چەکداری ئیخوان لەکوشتنی سەید قوتب!............................ ١٧

چۆن بەنا گۆڤارێکی سەید قوتب دادەخات!........................................ ١٨

بەشی سێیەم................................................................... ٢٠

هۆکارەکانی ئیسلامی بوونی سەید قوتب ............................................ ٢٠

یەکەم: ژیانی منداڵی لەگوند...................................................... ٢٠

دووەم: فەرامۆشکردنی لەلایەن گەورە بیرمەندان وئەدیبانی سەردەم..................... ٢٢

سێیەم: سەرەتای نوسینەکانی دەربارەی قورئان ........................................................ ٢٤
چوارەم: باوەشکردنەوەی ئیخوان و ئیسلامییەکان بۆ سەید قوتب.................................. ٢٥
پێنجەم: عەقاد وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ وەرچەرخانی سەید قوتب بەرەو ئیسلامی سیاسی! ٢٦
بەشی چوارەم.................................................................................................... ٢٨
پەیوەندی سەید قوتب بە عەقاد و قوتابخانەی عەقادەوە............................................ ٢٨
عەقاد وەك یەکەم مامۆستای فیکر و ئەدەبی سەید قوتب! .................................... ٢٨
سەید قوتب: من دەمارگرژم بۆ عەقاد!............................................................. ٣٠
سەید قوتب:عەقاد لە شاعیرە خۆرئاواییەکانیش شاعیرترە!............................................ ٣١
هەڵگەڕانەوەی سەید قوتب لە عەقاد! ............................................................ ٣٢
گلەیی ورەخنەی سەید قوتب لە عەقاد و هاونەوەکانی!............................................ ٣٦
سەید و ڕووکردنە ئیسلامیات نووسی ............................................................. ٣٧
بەشی پێنجەم.................................................................................................... ٣٨
ئایا سەید قوتب بیرمەندو نووسەرێکی گەورە بوو؟!................................................ ٣٨
ڕۆمانی [أشواك] ........................................................................................... ٣٩
لاسایکردنەوەی عەقاد لە ئەدەب و لێکۆڵینەوەدا!.................................................. ٤٢
کتێبی [کتب و شخصیات] ................................................................................ ٤٤
کتێبی [طفل من القریة]................................................................................... ٤٥

**گواستنەوە بە پچڕاوی و بێ سەروبەری!** ........................ ٤٦

کتێبی [نحو مجتمع إسلامي] ........................ ٤٦

**کتێبەکانی سەید قوتب بە شێوازی کۆپی پەیست!** ........................ ٥١

کتێبی [الاسلام و مشكلات الحضارة] ........................ ٥٢

کتێبی [المستقبل لهذا الدين] ........................ ٥٣

کتێبی [هذا الدين] ........................ ٥٥

**سەید قوتب و سێ کتێب بۆ کۆپی پێست کردن!** ........................ ٥٦

کتێبی [خصائص التصور الإسلامي ومقوماته] ........................ ٥٦

کتێبی [العدالة الاجتماعية في الإسلام] ........................ ٥٨

**بەشی شەشەم** ........................ ٦٢

**ئافرەت لە ژیان و دیدی سەید قوتب** ........................ ٦٢

**سەید قوتب و ئافرەت** ........................ ٦٢

**تێڕوانینی سەید قوتب بۆ ئافرەت لە چییەوە سەرچاوەی دەگرت!** ........................ ٦٤

**عەقاد لە کتێبی "هذه الشجرة" ئەم دارە!** ........................ ٦٥

**بۆ سەلماندنی پەسندانی خودا پیاو و بەسەر ئافرەت!** ........................ ٦٧

**ڕۆڵی ئافرەت لەگۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی سەید قوتب** ........................ ٧٠

**بەشی حەوتەم** ........................ ٧٣

بیرۆکە سەرەکیەکانی سەید قوتب لە قۆناغی توندڕەویدا.........................................٧٣
یەکەم: جاهیلیەتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان/ المجتمع الجاهلي.....................................٧٣
دووەم: حاکمیەتی خوا! /الحاکمیة لله..................................................................٧٦
سێیەم: بنیاتنانی پێشەنگێکی ئیماندار..................................................................٧٨
چوارەم: پەیامی جیهادی ڕەها........................................................................٧٩
پێنجەم:هاوکێشەی زانستی خۆرئاوا وبەها بەرزە ئیسلامییەکان! ...................................٨٣
خۆرئاوا هەمووی خەرابات نییە وەك ئیسلامی سیاسی و مەلای گەڕەکێ باسی دەکەن! ......٨٩
بەشی هەشتەم..........................................................................................٩١
ئەفسانەکانی دەوری سەید قوتب......................................................................٩١
ئەفسانەی ئایدیۆلۆژیستەکان!........................................................................٩١
چۆن سەید قوتب بوو بە ئیخوان؟!.....................................................................٩٢
ئاهەنگ گێڕانی خۆرئاوا بە بۆنەی کوشتنی حەسەن بەنا!...........................................٩٢
ئایا سەید قوتب ئەو چیرۆکەی هەڵبەستبوو؟! ......................................................٩٧
بەرهەم هێنانەوەی هەمان ئەفسانە بۆ سەید قوتب!.................................................٩٩
ئەفسانەی توندڕەوی لە ئەنجامی ئەشکەنجەی زیندان..........................................١٠١
ئایا تەحەدای سەید قوتب بۆ مەرگ راستە یان زیادەڕەوییە؟!...................................١٠٣
چیرۆك هەڵبەستن و زیادەڕەوی ئیسلامییەکان لەکۆنەوە! .......................................١٠٧

بەشی نۆیەم.......................................................................................... ١١١

سەید قوتب پەڕگیری هەمیشەیی!.................................................................... ١١١

لە شیعر گووتن بەسەر شا فاروقەوە بۆ شۆڕش لە دژیدا!...................................... ١١١

لە شۆڕشی پەیامی پێغەمبەرایەتییەوە بۆ دژایەتی کردنی!...................................... ١١٥

لە بانگەواز بۆ کەناری ڕووت بەرەو نیقابکردنی خوشککانی!.................................... ١١٦

نەجیب مەحفوز چۆن باسی سروشتی پەڕگیری سەید قوتب دەکات؟!............................ ١١٨

با بزانین نەجیب مەحفوز چۆن سەید قوتبی ناسیوە پۆرترێیەکەی وەك خۆی وەردەگێڕینە سەر کوردی:...................................................................................................... ١٢٢

بەشی دەیەم......................................................................................... ١٣٠

سەید قوتب و سەلەفیەت کێ کێی بەرەو توندڕەوی برد؟!........................................ ١٣٠

موزایەدەی سەلەفیە توندڕەوەکان بەسەر سەید قوتب دا!....................................... ١٣٠

جیهادییەکان و داعشیەکان هەمووی سەلەفی ڕێچکەن؟!......................................... ١٣٢

ڕەخنەی شێخانی سەلەفیەت لە سەید قوتب!...................................................... ١٣٤

بەشی یازدەهەم...................................................................................... ١٤١

کورد و برەودان بە فکری سەید قوتب........................................................... ١٤١

بیروڕا و کەسایەتی سەید قوتب لە ژیانی دینی وسیاسی کوردستان دا....................... ١٤١

کتێبەکانی سەید قوتب لەکتێبخانەی کوردی ................................................... ١٤٥

**کتێبەکانی سەید قوتب و محمد قوتب و مەلا کرێکار لە کتێبخانەی تەفسیر!** ....................١٥٩

**هەڵوێستە جیاکانی سەلەفی و ئیسلامییەکان لە سەید قوتب** ..........................................١٦٣

سەلەفییەکان دوو هەڵوێستن لە سەید قوتب، هەندێکیان بە گومڕا و سەرلێ شێواو و خاریجی وتەکفیری دەزانن، کە ڕەوتی مەدخەلییەکانە، کە سەلەفییە جیهادییەکان ناویان دەنێن، سەلەفییەکان سوڵتان یان سلفیة الولاة. ئەوانە ئەوەی قسەی خراپە دەرهەق سەید قوتبی دەکەن. دەیانەوێ لەسەر حیسابی سەید قوتب توندڕەوی و ئسوڵیەتی خۆیان بشارنەوە................١٦٣

**هەڵوێستی سەیید قوتب بەسێ قۆناغدا ڕۆیشتووە دەربارەی هەندێك لە هاوەڵان "ڕەزای خوایان لێبێت"**..........................................................................................١٦٨

**ابو حنظلة ی سەلەفی تورکی وەك مامۆستایەك بۆ سەلەفییەکوردەکان!** ........................١٧٠

**سەید قوتب وەك بلوکی ڕوحی کرێکار**...................................................١٧٢

**سەید قوتب لە دیدگای قوتبیانەی عەلی باپیرەوە!**......................................١٧٨

**ئیخوانیەکان بە گەنج و پیریان لە قۆناغی دەروێشیدان بۆ سەید قوتب!**........................١٩٠

**وتاری قوتبیانەی سەرانی ئیخوانی و یەکگرتوو!**..........................................١٩٦

**سەرەڕای ئەو فاک وفیکەش سەلاحەدین بەهائەدین ڤاکسینی لەخۆیدا!**.....................١٩٦

**عەلی قەرەداغی و ڕەگەزنامە و تەفکیری قوتبیانە!**........................................١٩٩

**هەیبەتی پێغەمبەر و هەیبەتی ئەردۆگان!**..............................................٢١٠

**حاجی کاروان، ئێوە حزبی سیاسین یان جەمعیەتی خەیرین؟!** .................................٢١٩

**فەیلەسوفەکەی یەکگرتوو ئەبوبەکر عەلی**...........................................٢٢٠

ئەو شینە بۆ ئەردۆگانە نەک کورد!........................................................................٢٢٠

ئیسلام و شێواندنی ناسنامەی کوردی!.....................................................................٢٢٢

پەروەردەی قوتبی ئیخوانی یەکگرتوو لەوانیتر ترسناکترە!............................................٢٢٦

بەناو سەربەخۆکانیش بوونەتە قوربانی تیۆری ڕەگەزنامەی قوتب! ..................................٢٢٨

وتارێکیتر بە ڕوحیەتی جەندرمەیەکی بێ ویژدانی تورکی!...........................................٢٣٣

بەشی دوازدەهەم .................................................................................................٢٤٢

سەید قوتب و شۆڕشی ئیسلامی ئێران! ...................................................................٢٤٢

سەید قوتب وەک ئیلهام بەخشی شۆڕشی ئیسلامی ئێران!............................................٢٤٢

پێگەی سەید قوتب لە بیری ئیسلامی هاوچەرخی ئێران دا...........................................٢٥٣

یەکەم: کاریگەری سەید قوتب لەسەر خومەینی و خامنەیی ..........................................٢٥٣

کاریگەری سەید قوتب بەسەر عەلی خامنەیی (لەدایکبووی ١٩٣٩). ..............................٢٥٦

کاریگەری وەرگێڕانی سەید قوتب لە نووسینە هاوچەرخەکانی ئێراندا ..............................٢٥٨

بەشی سێزدەهەم.................................................................................................٢٦٦

تەبەراکردنی قەڕەزاوی لە بیروڕاکانی قوتب! .............................................................٢٦٦

قەڕەزاوی لەمەر تەکفیرچیەتی سەید قوتبەوە دەدوێ!...................................................٢٦٦

ئایە بەنا ڕێنیشاندەری قوتب بوو؟!..........................................................................٢٧٠

بەشی چواردەهەم.................................................................................................٣٠٠

مەودودی بلوکی ڕوحی سەید قوتب و ئیسلامی سیاسی و........................................٣٠٠
مەودودی بلوکی ڕوحی ئیخوان و حاکمیەتی سەید قوتب..........................................٣٠٠
جاهیلیەتی کۆمەڵگا لای مەودودی!...........................................................٣٠٥
جیاکاری دژی ناموسڵمان وموسڵمان لای مەودودی!..............................................٣٠٦
حاکمیەت وەك بەدیلی دیموکراسیەت!...........................................................٣٠٨
بیروڕاکانی مەودودی مەشخەڵی ڕێی سەید قوتب!..............................................٣٠٩
حاکمیەتی سەید قوتب داهێنان بوو یان وەرگێڕان؟!..............................................٣١٥
سەید قوتب و پەرەپێدانی چەمکی حاکمیەت.....................................................٣١٨
حاکمیەت و شیرك.............................................................................٣٢١
کۆتایی.....................................................................................٣٢٢

## تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون

## لە زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان:

## ژمارەی دۆسێکان:

ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا ( 1 )

ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا! جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! ( 2 )

ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی ( 3 )

پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەك ( 4 )

ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب ( 5 )

ئیمام نەجمەدین توّفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا ( 6 )

فەرهاد پیرباڵ: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! ( 7 )

کورد لە نێوان دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا! ( 8 )

خەلافەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت (9)

عەبدلواحید خولانەوە لە بازنەی سواوەکانی ڕابوونی سەلەفی ( 10 )

عەبدولڕەحمان سدیق ڕیفۆرم یان یاریکردن بە وشە؟! (11)

چەند دیدێك دەربارەی هونەر و ئەدەب و کتێب و نووسین ( 12 )

کورد و ئەفسانەکانی کوشتاری ئەرمەن ( 13 )

حەسەن بەنا: مامۆستای هونەری مەرگ و فەشەل ( 14 )

عەلی باپیر زیندانی ناو خەون و سوپەر ئیگۆ ( 15 )

**دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:** کوردیپێدیا - گەورەترین و پۆلێنکراوترین پەرتووکخانەی دیجیتاڵی کوردی! - (١٣،٧٢٤) پەرتووک <br>لە کوردیپێدیادا تاوەکو ئێستا ١١،٤٣٥،٠٢٥ فایل دابەزێنراوە (kurdipedia.org) !

کوردیپێدیا - محەمەد هەریری (kurdipedia.org)

مكتبة نور اكبر مكتبة إلكترونية عربية مفتوحة للكتب (noor-book.com)

تحميل كتب محمد حريري - Mohammed Hariri pdf مكتبة نور (noor-book.com)

**بەرهەمەکانی تری نووسەر:**

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە ولآتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان... کۆمەڵە چیرۆک

- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەك بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- چەند باسێکی ئیسلامی سیاسی و کلتوری لە چەند دیمانەیەکدا
- میحنەتی خەلقی بوهتان سکاندالەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی
- گەندەڵستان، چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشووری کوردستان
- ڕابوونی مەرگ
- کوشتنی فەرەج فۆدە هەڵوەشانەوەی ئەفسانەی میانڕەوی ئیسلامی
- نەوەیەکی زێڕینی شۆڕش چەند یاداشتێك لە شۆرشی هەنگاریای ساڵی ١٩٥٦ [وەرگێڕان]
- **سەید قوتب پەڕگیری هەمیشەیی! ئەو کتێبەی بەردەستت.**

هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا و مکتبة النور دابەزێنیت لەو دوو لینکەی خوارەوە:

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=%D9%85%D8%AD%DB%95%D9%85%DB%95%D8%AF_%D9%87%DB%95%D8%B1%DB%8C%D8%B1%DB%8C

لینکی دووەم:

مكتبة نور اكبر مكتبة إلكترونية عربية مفتوحة للكتب (noor-book.com)

تحميل كتب محمد حريري - Mohammed Hariri pdf مكتبة نور (noor-book.com)

# Sayyid Qutb,
## Perpetual Extremist




Written by:
Mohammed Hariri


First Edition: May 2024




سەید قوتب تا ئەمڕۆش زیندووە لەناو ئیسلامییە سیاسیەکان و ئیخوان، ئیخوان لە ڕووکەش جاروبار وا نیشان دەدەن کە پەیڕەو لە بیروڕایە تووندەکانی سەید قوتب ناکەن، بەڵام لەناوەخۆدا هێشتا هەر قارەمانی پلە یەك و مولهیم و سرووشبەخشیانە.

بەڕای من هێشتا سەید قوتب نەمردووە، چونکە ئەمڕۆ هەزارەها ئیسلامی بیری جیهادی سەید قوتب ئیلهامبەخشیانە، سەدەها حزب و گروپی ئیسلامی لە جیهان پەیڕەو لە بنەما ئسوڵییەکانی سەید قوتب دەکەن. هێشتا ئیخوان کە بانگەشەی میانڕەوی دەکات، نەیتوانیوە بیروڕاکان و جیهانبینی پڕ لە کێشەی سەید قوتب تێپەڕێنێ، جا چۆن حیزب و گروپەکانیتر دەتوانن تێپەڕێنن؟!

ئەو چەند لاپەڕەی بەردەستت خوێندنەوەیەکی کوردییە بۆ فیکر وبیری سەید قوتب، کە چڕکراوەی دەیان کتێب و سەدان وتارە، ویستم کچان و کوڕانی نیشتیمان سوودی لێ ببینن، ببێتە سەرەتایەك بۆ خۆ ناسین و خەڵك ناسین، تا هیچیتر چەواشە نەکرێین بە بانگەوازی چەواشەکاران لە ژێر پەردەی عاتیفی دینیدا.

هیوادارم سوودی هەبێت

محەمەد هەریری


DESIGN : HADI HUNAR